زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر
Salahaddin university- Erbil

# هونەری گێڕانەوە لەچیرۆكی فۆلكلۆری كوردیدا
# (چیرۆكی منداڵان بەنموونە)

**نامەیەكە**

**پێشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێژی زمان كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر**

**وەكو بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر**

**لە ئەدەبی كوردیدا**

لەلایەن

هێمن جاسم محمد

بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردی

بەسەرپەرشتیاری

پ.ی. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

ئەیلول ٢٠١٥

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتی یە لە هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بەنموونە) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: هێمن جاسم محەمەد

بەروار:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەلەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو:پ.ی. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن                    واژوو:

بەروار: ٢٠١٥/٩/٢

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو:پ. ی. د. ئیدریس عبدالله

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار: ٢٠١٥/٩/٢

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو: پ.ی. عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی

بەروار: /٢٠١٥/٩

هەواڵنامەی کتێب

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: هونەری گێڕانەوەلەچیرۆکــی فۆلکلــۆری کوردیــدا (چیرۆکــی منــداڵان بەنمــوونە) خوێنــدەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (هێمن جاسم محەمەد) بوو، لەناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەب تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا
ئەندام
بەروار: ٢٠١٥/١٠/١٩

واژوو:
ناو: پ.ی.د. شنۆ محەمەد مەحمود
ئەندام
بەروار: ٢٠١٥/١٠/١٩

واژوو:
ناو: پ.ی.د. مەولود ئیبراهیم حەسەن
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: ٢٠١٥/١٠/١٩

واژوو:
ناو: پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان
سەرۆکی لیژنە
بەروار: ٢٠١٥/١٠/١٩

واژوو:
ناو: پ.ی. شادان جەمیل عەباس
ڕاگری کۆلیژی زمان
بەروار:

هەواڵنامەی کتێب

<u>پێشکەش</u>

- بە باوک و دایکم، کە لەژیانیاندا مۆم ئاسا ژیاون، ڕوناکییان بۆ بەرپێی ژیانی ئێمە و توانەوەو تاریکیش بۆ خۆیان.
- بەبراکانم و خوشکە ئازیزەکەم.
- بە هاوســـەری ژیـــانم، کە ئەرک و مانــدووبونێکی زۆری کەوتە سەرشـــان. لەگەڵ منداڵە چاوگەشەکانم (هەژەند و هەرەز).

هەوالنامەی کتێب

## سوپاس وپێزانین

- سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی بەتایبەتی بەڕێز  د. ئیدریس عەبدوڵلا سەرۆکی بەشی زمانی کوردی.
- بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتی نامەکەم (پ.ی.د.مەولود ئیبراهیم حەسەن) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینی و پێشنیازە بەنرخەکانی، بەرچاوی ڕۆشنکردم و هاوکارم بوو بێ ماندوو بوون.
- بەڕێز (پ.ی.د.شادان جەمیل) ڕاگری کۆلێژی زمان کە بە پێدانی سەرچاوەو بەتێبینی و سەرنجەکانیشی هاوکارو یارمەتیدەرم بوو.
- براو خۆشەویستم (د. جبار احمد) کە هەمیشە وەکو برا گەورەیەک جێگەی پرس و ڕای من بووە و هاوکارو یارمەتیدەرم بووە.
- بەڕێزان (مامۆستا تاریق جامباز) و(کاک جەمال گردەسوری)  کە بەلوتفی خۆیان قەرزارباریان کردم لەوەی کە هەمیشە دەرگای ماڵ و کتێبخانەکەیان بۆ خستبوومە سەرپشت و جوامێرانە هاوکارم بوون بۆ وەدەست خستنی سەرچاوەی پێویست.
- کاک (مەریوان جەلال ڕەشید) ی قەدرگران کە پاڵپشتیەکی زۆرم بوو لەخوێندنی باڵادا.
- هاوڕێیانی خۆشەویستم (م. شاخەوان فەرهاد) ،(م. بەهزاد فتاح) ،(سەمیر ئەحمەد)و (کاکە توانا) کە هاوکارم بوون.
- مامۆستایان (عوسمان، هەوار، حەسیبە، دیمەن، ئاوات، ئاوات) کە لەقوتابخانەی ژیاری هاوڕێ و ١١ی ئەیلولی بنەڕەتی و شەهرۆزی بنەڕەتی کچان هاوکاریان کردووم بۆ ئەنجامدانی ڕاوەرگرتنەکە (أستبيان).
- کاکە (هۆمان) کە تەواوی نامەکەی تایپ کردووە و زەحمەتی کێشاوە.

# پوخته

ئەم تـوێژینەوەیە، بەناونیشـانی هـونەری گێـڕانەوە لەچیرۆکـی فۆلکلـۆری کوردیـدا (چیرۆکـی منـداڵان بەنمـوونە)یە، هەوڵـێکە بـۆ ناسـاندنی، بەهـاو نـرخ و پـێگەی گێـڕانەوە لە چیرۆکـی فۆلکلـۆری کوردیـدا، چـونکە دەزانـین گێـڕانەوە مێـژووەکەی دێـرینە و فۆلکلـۆریش بەهەمان شێوە، ئەوە هونەری گێڕانەوەیە کە فۆلکلۆری لەسەر پێپیەکانی خۆی ڕاگرتووە ئەم تـوێژینەوەیە، وەک تـوێژینەوەیەکی (وەسـفی شـیکاری) گرینگـی ئەم لایەنە دەردەخـات و دەچێتە ناو چیرۆکەکان و بەهای گێڕانەوە دیاریدەکات.

توێژینەوەکە، بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە.

بەشـی یەکەم کە لەسـێ پـار پێـک دێـت، لە پـاری یەکەمـدا: زاراوەو چەمـک و پێناسـەی گێـڕانەوە، لەگەڵ ڕەگەزەکـانی هـونەری گێـڕانەوە لەچیرۆکدا، نیشـان دراوە، لەگەڵ ناسـاندنی جۆرەکـانی چیرۆکگێـڕەوە و سـەرهەڵدانی ئەم هـونەرە بەگشـتی و لای کـورد بەتـایبەتی. لە پـاری دووەمـدا فۆلکلـۆر و پێکهـاتەی فۆلکلـۆر دیـاریکراوە، پـاری سـێیەم جۆرەکـانی چیرۆکـی فۆلکلۆر و چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان و جۆرەکانی بەپێی چەند مەرجێک دیـاریکراوە، لەگەڵ نیشـاندانی قۆناغەکـانی تەمەن: قۆنـاغی یەکەم: تەمەنـی (٣-٦) سـاڵ، قۆنـاغی دووەم: تەمەنـی (٦-٨) ساڵ،قۆناغی سێ یەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ، قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ.

بەشـی دووەم: ئەم بەشـە لـە دوو پار پێکهـاتووە، پاری یەکەم: خشـتەی چیرۆکـی قۆناغەکـانە بەپێی تەمەنی دیاریکراو، پاری دووەم:ڕاوەرگرتنە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی دیاریکراو.

بەشی سێیەم: ئەمیش لە دوو پار پێکدێت، پاری یەکەم: لە زمـان و نـاوەڕۆکی چیرۆکەکـان و گونجانـدنیان لەگەڵ تەمەنـی دیـاریکراو، پـاری دووەم: هـونەری گێـڕانەوەی چیـرۆک و گەیانـدنی مەبەسـت و فەرهەنگـی زمـانی چیرۆکەکـانە بەپێـی تەمەنـی دیـاریکراو. لەکۆتایشـدا ئەنجامەکان و پێشنیازو لیستی سـەرچاوە خراوەتەڕوو لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمـانی ئینگلیزی.

هەواڵنامەی کتێب

ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | ناونیشان |
| II | بەڵێننامەی قوتابی |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| IV | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| V | پێشکەش |
| VI | سوپاس و پێزانین |
| VII | پوختەی توێژینەوەکە |
| X -VIII | ناوەڕۆک |
| XI | لیستی خشتەکان |
| ٥-١ | پێشەکی |
| **٨٤-٦** | **بەشی یەکەم هونەری گێڕانەوە لەڕووی تیۆرییەوە** |
| ٦ | **پاری یەکەم:** زاراوە و چەمک و پێناسەی گێڕانەوە |
| ١٦ | ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکدا |
| ٢٢ | چیرۆکگێڕەوە |
| ٢٥ | جۆرەکانی چیرۆکگێڕەوە |
| ٢٦ | سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە |
| ٣٠ | سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە لای کورد |
| ٣٦ | **پاری دووەم:** فۆلکلۆر |
| ٤١ | پێکهاتەی فۆلکلۆر |
| ٤٢ | ئەفسانە |
| ٤٣ | داستان |
| ٤٤ | چیرۆک |
| ٤٥ | گۆرانی |
| ٤٦ | پەندی پێشینان و قسەی نەستەق. |
| ٤٧ | گاڵتەو گەپ |
| ٤٧ | مەتەڵ |
| ٤٩ | **پاری سێیەم:** جۆرەکانی چیرۆکی فۆلکلۆر |
| ٥٠ | چیرۆکی فۆلکلۆری (ئاسایی) |
| ٥١ | چیرۆکی گیانداران |
| ٥٢ | چیرۆکی ئەفسانەیی |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| چیرۆکی خورافی | ٥٣ |
| چیرۆکی هەیاس | ٥٤ |
| چیرۆکی کۆسە | ٥٥ |
| چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان | ٥٧ |
| جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان | ٥٨ |
| قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ٦٠ |
| مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەمانەن | ٦١ |
| زمان | ٦١ |
| ناوەڕۆک | ٦٢ |
| درێژی و کورتی چیرۆک | ٦٣ |
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ٦٥ |
| مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەمانەن | ٦٦ |
| زمان | ٦٦ |
| ناوەڕۆک | ٦٩ |
| درێژی و کورتی چیرۆک | ٧١ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ٧٢ |
| مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەمانەن | ٧٣ |
| زمان | ٧٣ |
| ناوەڕۆک | ٧٥ |
| درێژی و کورتی چیرۆک | ٧٦ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ٧٨ |
| مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەمانەن | ٨٠ |
| زمان | ٨٠ |
| ناوەڕۆک | ٨١ |
| درێژی و کورتی چیرۆک | ٨٣ |
| **بەشی دووەم: خشتە و ڕاوەرگرتنی چیرۆکی قۆناغەکان** | **٨٥-١٢٠** |
| **پاری یەکەم:** خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە:قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ٨٥ |
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ٨٩ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ٩٢ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ٩٦ |
| **پاری دووەم:** ڕاگیری (استبیان) | ٩٩ |
| قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ٩٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ١٠٢ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ١٠٥ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ١١٠ |
| **بەشی سێ یەم: پراکتیزەکردنی چیرۆکەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن** | **١٢١-٢١٤** |
| پێشەکیەک بۆ شیکردنەوەی چیرۆکەکان بەگشتی | ١٢١ |
| **پاری یەکەم:** زمانی چیرۆکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو | ١٢٥ |
| قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ١٢٥ |
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ١٢٩ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ١٣٧ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ١٤٥ |
| ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو | ١٥٢ |
| قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ١٥٢ |
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ١٥٧ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ١٦٢ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ١٦٨ |
| **پاری دووەم:** هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و گەیاندنی مەبەست بۆ تەمەنی دیاریکراو | ١٧٢ |
| قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ١٧٢ |
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ١٨٥ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ١٩٣ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ٢٠٣ |
| فەرهەنگی زمانی چیرۆکەکان بەپێی تەمەن | ٢١٠ |
| قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ٢١٠ |
| قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ | ٢١١ |
| قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ | ٢١٢ |
| قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ | ٢١٣ |
| ئەنجام | ٢١٥ |
| پێشنیاز | N ٢١٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | R٢٢٠- R٢١٩ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی | III-I |

## لیستی خشتەکان


| خشتە | لاپەڕە |
|---|---|
| خشتەی چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ. | ٨٧ |
| خشتەی چیرۆکەکانی قۆناغی دووەم: تەمەنی(٦-٨) ساڵ | ٩٠ |
| خشتەی چیرۆکەکانی قۆناغی سێیەم: تەمەنی(٨-١٢) ساڵ | ٩٣ |
| خشتەی چیرۆکەکانی قۆناغی چوارەم: تەمەنی(١٢-١٥) ساڵ | ٩٧ |
| خشتەی ناوەکانی قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ | ١٠١ |
| خشتەی ناوەکانی قۆناغی دووەم: تەمەنی(٦-٨) ساڵ | ١٠٤ |
| خشتەی ناوەکانی قۆناغی سێیەم: تەمەنی(٨-١٢) ساڵ | ١٠٦ |
| خشتەی ناوەکانی قۆناغی چوارەم: تەمەنی(١٢-١٥) ساڵ | ١١١ |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هونەری گێڕانەوە خودان مێژوو‌ییەکی کۆنەو لەگەڵ یەکەم هەناسەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی، گێڕانەوەش سەریهەڵداوە و دروست بووە، گێڕانەوە لەگەڵ پێگەیشتن و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی هەنگاوی ناوە و قۆناغ بەقۆناغ هاتۆتە پێش، ئەگەرچی ئەم هونەرە وەکو فۆڕمە کۆنەکەی پێشووی نەماوەتەوە، بەڵام مرۆڤ نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت و خۆی لێ ببوارێت. بەردەوام لەژیانی ڕۆژانەیدا هەستی پێکراوە و پەنای بۆ براوە، ئەگەر تەماشا بکەین لەگەڵ ئەوەی زمان هەر هەبووەو لەگەڵ دروست بوونی یەکەم مرۆڤدا خوای گەورە زمانی وەکو وەحییەک بەخشی بەمرۆڤ، بەڵام لەسەردەمی ڕاوەشکاری ئامرزای گێڕانەوەیان (وێنە و هێما) بووە، ئەمیش دیواری پەرستگا و ئەشکەوتەکان باشترین بەڵگەن، کە تیایدا ئەوەی ڕۆژانە بینیویانە و بەسەریاندا هاتووە، لەکاتێکی تردا بەوێنە و هێما لەسەر دیوارەکان نەخشاندوویانە، واتا لەوسەردەمەدا زمانیک هەبووە بۆ گفتوگۆ، بەڵام نوسین نەبووە بۆیە دەبینین چۆنیەتی ڕاوکردن و کوشتنەوەی گیاندارەکانیشیان لەشێوەی هێما و وێنەدا نەخشاندووە، واتا لەو سەردەمەی مرۆڤایەتیدا شێوازی گێڕانەوە خۆی لەنەخش و وێنە و هێمادا بەرجەستەکردووە، لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی و نیشتەجێبوون و دروستبوونی زمانی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا، گێڕانەوە لەوێنە و هێماوە دەگۆڕێ بۆ (پیت و وشە و ڕستە)، واتا بەزمانێک دەتوانن گوزارشت لەکار و کردەوەی ڕۆژانەی خۆیان بکەن و ڕووداو و بەسەرهاتەکان بۆیەکتری بگێڕنەوە، وردە وردە هونەری گێڕانەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، تاوای لێهات ببێتە کۆڵەیەکی بەهێزی داستان و چیرۆک و بەسەرهاتەکان و جێی پێی خۆی قایم بکات، هەر بۆیە ئەوەی فۆلکلۆری بەزیندویی هێشتۆتەوە گێڕانەوەکەیەتی، کە دەماودەم هاتووە و وایکردووە پارێزراوبێ تا بەڕۆژی ئەمڕۆی دەگات، گێڕانەوە بڕبڕەی پشتی ژانرە ئەدەبیەکانی وەک (داستان، چیرۆک، ڕۆمان)ە، چونکە بەبێ ئەم چەمکە ئەوا ئەم ژانرانە کۆمەڵێک ڕستە و وشەی ڕیزکراون.

هەواڵنامەی کتێب

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

ئەگەرچی لەسەر هونەری گێڕانەوە توێژینەوە و کاری ئەکادیمی کراوە و هەوڵ و توانا‌کان لەسەر ئەم هونەرە تاقی کراوەتەوە و زۆر شتی لەبارەوە نووسراوە، بەڵام لەسەر هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا و بەتایبەت چیرۆکی منداڵان کاری زۆر نەکراوە، یاخود ئەگەر کاریش کرابێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لەهەوڵی تاکەکەسی و وتاردا بووە، هەر لەم سۆنگەیەوە باوەڕمان وابوو، کە ئەم بابەتە هەڵبژێرین و کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لایەنە شاراوەکانی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بەتایبەت چیرۆکی منداڵان بەیان بکەین و نیشانی بدەین، کە گەلی کورد لەمێژوویەکی زۆر کۆنەوە لای لەدونیای منداڵ کردۆتەوە و بایەخ و گرنگی پێداوە و خۆی لێ نەبواردووە.

فۆلکلۆر بەرهەمی گەلە لەزەمەنێکی زۆر کۆنەوە وتراوە، بەڵام ئەوەی ئەم بەرهەمەی وەکو خۆی هێشتۆتەوە، بیر و سنگی چیرۆکگێڕەوەکان و خەڵکی بوون.

فۆلکلۆر تەنیا لەڕێگەی گێڕانەوەوە زیندویی خۆی پاراستووە، ئێمەش پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت، کە دەتوانین لەسەر گێڕانەوە کاری پڕاکتیکی لەسەر چیرۆکەکان ئەنجام بدەین و ڕاستیەکان دەربخەین.

**سنووری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا (١٢٢) چیرۆک شیکراوەتەوە، کە لەسنووری (٢٥) کتێب و (٥) گۆڤاردا دیار و نیشان کرابوون، ئەگەرچی ژمارەیەکی زیاتریشیان تێدابوو ئەگەر بێت و زیاترمان وەرگرتایە ئەو سنوورەی توێژینەوەکەمان زۆر فراوان دەبوو، بەڵام ئێمە بەم ژمارەیە کارەکەمان پڕاکتیک کردووە و هەوڵمانداوە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی بەسەر چوار قۆناغدا دابەشیان بکەین.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامـــانجی ئەم تـــوێژینەوەیە دیـــاریکردن و نیشـــانکردنی نـــرخ و بەهـــای هـــونەری گێڕانەوەیە لەنێو چیرۆکە فۆلکلۆریەکاندا، بەتایبەتیش لەچیرۆکی فۆلکلۆری منداڵاندا، ئەوەی مەبەســـتمانە وەکـــو ئامـــانج ئەوەیە، کە دیـــاری بکەیـــن تـــا چەنـــد ئەم هـــونەرە هاوکـــار و یارمەتیـدەری منـداڵە لە پێشخسـتنی گەشـەی عەقڵـی و زمـانی و بیرکـردنەوە و قسـەکردن و تێفکرینی بۆ ژیانی خۆی و داهاتووی و لایەنی پەروەردەیی.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەماندا میتۆدی (وەسفی- شیکاری)مان کردووەتە بنەما، بۆ دیاریکردنی هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکە فۆلکلۆریەکانی منداڵاندا.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتەکـانی بەردەم ئەم تـوێژینەوەیە وەک هەر تـوێژینەوەیەکی تـر بەدەرنـیە لە کەمـی سەرچاوەی پێویست، بەتایبەتیش بەزمانی کوردی، چونکە وەکو دەزانین بەپێی گەورەیی و پێویسـتی خـۆی لا لە فۆلکلـۆر نەکـراوەتەوە و هەوڵـنەدراوە ئەو بەرهەمە سـەرزاریانەی، کە تائێسـتا مـاون بەسـەرزاری خەڵکیەوە بگوازرێنەوە بۆ سـەر ڕووبەری لاپەڕەکان بـۆ ئەوەی لەتوێژینەوەیەکی وادا سوودی لێببینرێت، وەکو پێویست بایەخ بە ئەدەبیاتی منداڵان نەدراوە و تـوێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پێویسـت لەسـەر ئەدەبی منداڵان کەمکراوە، هەربـۆیە ئەوەی کە هەیە لەچوارچێوەی هەوڵی تاکەکەسیدا بووە، بۆیە ئێمە لەم ڕووەوە تووشـی گرفتێکی زۆر بـووین، چـونکە بە ئەنـدازەی پێویسـت سـەرچاوەمان چنـگ نەکەوت لەسـەر چیرۆکـی منـداڵ، ئەگەرچـی چەنـدین جـار سـەردانی شـارەکانی (دهـۆک، سـلێمانی، کەرکووک)مـان کـردووە، هەوڵـی خۆمـان خسـتۆتەگەڕ، بەڵام لەکۆتاییدا توانیمـان ئەوەی مەبەسـتە و پێویسـتمانە، هەتـا ڕادەیەک بیهێنینە بەرهەم، ئەگەرچی کەموکوڕیشی هەیە.

هەوالنامەی کتێب

**پرۆگرامی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە پێشەکی، لەگەڵ سێ بەش و ئەنجام و پێشنیازو لیستی سەرچاوە و کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا دەبینێتەوە. لەپێشەکیدا کورتەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئەو میتۆدەی کەتێیدا پەیرەوکراوە.

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشە بەناونیشانی (هونەری گێڕانەوە لەڕووی تیۆرییەوە)یە، کە خۆی لەسێ پاردا دەبینێتەوە، لەپاری یەکەمدا باسی  زاراوەو چەمک و پێناسەی هونەری گێڕانەوە و ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکدا خراوەتە بەرباس و گرنگی و ڕۆڵی لەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا بەتایبەت لەچیرۆکی منداڵاندا دیاریکراوەو
جۆرەکانی چیرۆکگێڕەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە و سەرهەڵدانی لای کورد پراکتیزە کراوە.

لەپاری دووەمدا باسی فۆلکلۆر و پێکهاتەی فۆلکلۆرمان کردووە و بەشەکانیشمان دیاریکردووە. لەپاری سێیەمدا جۆرەکانی چیرۆکی فۆلکلۆری خراوەتە بەرباس و چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان و جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان بەپێی قۆناغە دیاریکراوەکانی تەمەنی منداڵان دەستنیشان کراون و تیایدا لایەنی زمانی و ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و درێژی و کورتی وەک مەرجی سەرەکی بۆ چیرۆکەکانی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی دیاریکراوە.

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە بەناونیشانی (خشتە و ڕاوەرگرتن)ە، کە بەسەر دوو پاردا دابەشکراوە، لە پاری یەکەمدا: خشتەی چیرۆکەکان بەپێی قۆناغە دیاریکراوەکانی تەمەنی منداڵان پیشاندراوە، قۆناغەکانی تەمەنیش بەمشێوەیەیە: قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ، قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ، قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ،قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ.

لەپاری دووەمدا: ڕاگیریەک ئەنجامدراوە و تێیدا بۆ هەر قۆناغێکی تەمەن چەند منداڵێک دیاریکراوە و بۆ هەر قۆناغێک دوو چیرۆک کراوەتە نموونەی کۆی چیرۆکەکانی ئەو قۆناغە بۆ کارکردن.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە دوابەش و کۆتایی توێژینەوەکەمانە، کە بەناونیشانی (پراکتیزەکردنی چیرۆکەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن) و لەگەڵ نووسینی پێشەکیەک بۆ شیکردنەوەی چیرۆکەکان، ئەم بەشە بەسەر دوو پاردا دابەشکراوە، لەپاری یەکەمدا: زمانی چیرۆکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو، لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو خراوەتە بەرباس، لەپاری دووەمدا: هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و گەیاندنی مەبەست بۆ تەمەنی دیاریکراو لەگەڵ فەرهەنگی زمانی چیرۆکەکان بەپێی تەمەن نیشاندراوە.

لەکۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و پێشنیازو لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەزمانی ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

# بەشی یەکەم هونەری گێڕانەوە لەڕووی تیۆرییەوە

## پاری یەکەم

زاراوە و چەمک و پێناسەی گێڕانەوە

ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکدا

چیرۆکگێڕەوە

جۆرەکانی چیرۆکگێڕەوە

سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە

سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە لای کورد

## پاری دووەم

فۆلکلۆر

پێکهاتەی فۆلکلۆر

ئەفسانە

داستان

چیرۆک

گۆرانی

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق.

گاڵتەو گەپ

مەتەڵ

## پاری سێیەم

جۆرەکانی چیرۆکی فۆلکلۆر

چیرۆکی فۆلکلۆری (ئاسایی)

چیرۆکی گیانداران

چیرۆکی ئەفسانەیی

چیرۆکی خورافی

چیرۆکی هەیاس

چیرۆکی کۆسە

چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان

جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان

مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەمانەن

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم: هونەری گێڕانەوە لەڕووی تیۆرییەوە

### پاری یەکەم:

### زاراوەو چەمک و پێناسەی گێڕانەوە

زاراوەی گێڕانەوە وەرگێڕدراوی (السرد)ی زمانی عەرەبیە، کە ئەوانیش لەزمانی ئینگلیزی، یاخود لەزمانی فەرەنسی وەریانگرتوەو بۆسەر زمانەکەی خۆیانیان وەرگێڕاوە، چۆنێتی دروست بوونی ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە:

[1]Narrate+ logy

سەبارەت بەبڕگەی یەکەم (Narrate) بەمانای گێڕانەوە دێت، جا ئیتر گێڕانەوەکە بۆ قسەیەکی ئاسایی بێت، یان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتێک بێت، یاخود چیرۆکێک یان هەر شتێکی تر بێت، کە بتوانێت لەڕێی گێڕانەوەوە بەخەڵکی بگەیەنێت، هەرچی بڕگەی دووهەمیشە واتا(logy) ، کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بەمانای زانست یاخود لێکۆڵینەوە دێت، ئەم دوو وشەیە هەردووکیان بەسەر یەکەوە، زانستی گێڕانەوە پێناس دەکەن و دیاری دەکەن.

لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مام هەژاردا گێڕانەوە بەمشێوازە نوسراوەتەوە ئەویش: ((گێڕانەوە، گێڕانەوە: باسکردنی قسەی گوتراو یاخود حیکایەت گوتن))[٢] هەڵبەتە لەزاراوەی گێڕانەوەدا ڕوون دەبێتەوە، کە مەبەستی لەگێڕانەوە یاخود بەبیرهێنانەوەی ڕووداوێک یان بەسەرهاتێکە، لەرابردوو ڕوویداوە و ئێستاش بەهۆی هونەری گێڕانەوەوە باسدەکرێت.

سەبارەت بە چەمکی گێڕانەوە، پێویستە باسی سەرەتای دروست بوون، یاخود دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بکەین و بزانین چۆن و لەکوێوە هاتوە، ئایا لەساتەوەختی دەرکەوتنیشیەوە،

---

١-احمد رحیم کریم الخفاجی، المصطلح السردی فی النقد الأدبی العربی الحدیث، رساله ماجستیر، کلیة التربیه جامعه بابل، بابل، ٢٠٠٣، ص٢٠.

٢- هەژار، هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، چاپی/٦، تهران، ١٣٨٨، ٧٤١.




هەولاتامەی کتێب

بەمشێوەیەی ئێستا گرینگی خۆی هەبووە یاخود وەکو هەر وشەیەکی تری سادە بوونی هەبووە و پاشان بەپێی پێشکەوتنی ژیان و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان و چیرۆکی هونەرییەوە وردە وردە گرنگی گێڕانەوە لە بنیاتی چیرۆکدا دەرکەوت، سەرهەڵدانی گێڕانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و پەیوەستە بەدەرکەوتنی یەکەم مرۆڤ لەسەر زەوی کە ئەویش حەزرەتی ئادەمە، کە خوای گەورە لە قورئاندا بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێک ئادەم و حەوای نیشتەجێی سەر زەوی کرد فێری زمانیشی کردن، ئەمەش بەڵگەیەکی تەواو و دروستە کە مرۆڤ سەرەتا زمانی زانیوەو ڕۆژانە چیان بینیوەو بیستووە یاخود ئەو ڕوودا و بەسەرهاتانەی کە بەسەریاندا هاتووە، دواتر لەکاتی پشوداندا بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، واتا گێڕانەوە هەر لەو سەردەمەوە بە بونێکی سەربەخۆوە هەبووە، پاش ئەوەی ژمارەی مرۆڤەکان زۆردەبێ و هەوڵ دەدەن شوێنێک بۆ نیشتەجێ بوونی خۆیان بدۆزنەوە، لەم کاتەدا ئەشکەوت، وەکو پەناگەیەک هەڵدەبژێرن ئیتر لەوکاتەوە مرۆڤەکان ڕۆژانە لە ئەشکەوتەکان دەردەچوون بۆ گەڕان بەدوای خۆراک و پێویستی ڕۆژانەیان پاش ئەوەی، کە دەگەڕانەوە ئەوەی دەیانبینی یاخود بەسەریان دەهات بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە یانیش ئەو دیمەن و وێنانەی، کە بینیبویان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان یاخود ئەو شوینانەی، کە دروستیان کردبوو دەیان خشاند، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو سەردەمەدا نوسین نەبووە ناچاربوون بەوێنە و هێما گوزارشتی لێ بکەن، ئەگەرچی (ئەهرامەکانی میسر) و بەشێک لەپەرستگاکان مێژووییەکی زۆر کۆنیان نیە، بەڵام ئەو هێلکاری و وێنەو هێمایانەی کە لەسەریان دروست کراون یاخود هەڵکۆڵدراون لە نموونە هەرە زیندوەکانن، کە ئەمیش بۆخۆی جۆرێک بووە لەگێڕانەوە، مرۆڤەکان لەوسەردەمەدا لەگەڵ زانینی زمانێک بۆ قسەکردن هێماو ئاماژەشیان بەکارهێناوە بۆ گێڕانەوەی ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆژ ئەمەش دژی ئەو بۆچونانەیە، کەبڕوایان وایە مرۆڤە سەرەتاییەکانی ژیان زمانیان نەزانیوە یاخود زمانێک نەبووە قسەی پێ بکەن، بەڵکو هەر بەهێما کاری گێڕانەوەیان ئەنجامداوە.

هەولێرنامەی کتێب

گێڕانەوە بەپێی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لەهەر قۆناغێکی ژیاندا، هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو قۆناغە بووە، کە تێیدا ژیاوە واتا ئەم هونەرە لە چ سەردەمێکدا بووبێ بوونی خۆی پاراستووە، بەڵام بەپێی دەستوور ڕێساکانی ئەو سەردەمەی تێیدا بووە گێڕانەوەش بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا گەیشتۆتە ئەم ساتە وەختە.

**قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی**




هەندێکیش لە ڕەخنەگران پێیان وایە، سەرەتای سەرهەڵدانی، یاخود دەرکەوتنی زاراوەی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی **((ئەفلاتۆن و ئەرستۆ))**[١] بەڵام مێژووی گێڕانەوە زۆر کۆنترەو پەیوەستە بەسەرەتای مرۆڤایەتی لەسەر زەوی، بەڵام وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی ئەوا لەسەردەمی ئەفلاتون لەیۆنانی کۆندا کاری لەسەرکراوەو دەرکەوتوە، ئەفلاتۆن **((یەکەم کەسە کە لەباسی داستاندا، جیاوازی لەنێوان گێڕانەوەی سادە و لاسایی کردنەوەدا کردووە))**[٢] واتا گێڕانەوەیەکی لا پەسند بووە، کە سیفەتی لاسایی کردنەوە یاخود جوینەوەی شتەکان نەبێ، هەرچەندە ئەفلاتۆن کاری شاعیرانی لا پەسەند نەبووە و هەوڵیداوە لەکۆمارەکەی دەریان بکات، بەڵام داستانە شیعری هۆمیرۆسی شاعیری لاپەسەند بووە بەوەی، کە شاعیر**((بەزمانی خۆی قسە دەکات و ڕووداوەکانمان پێشکەش**

---

١- نفلة حسن احمد العزی (د)، تقنيات السرد وأليات تشكيليه الفنی، دار غيداو للنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠١١، ص١٥.

٢- نەجم ئەڵوەنی (د)، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٥٤.

**دەکات، بەشێوەیەک کە شارەزاییەکی تەواوی هەیە بەوەی کەچی ڕوودەدات بەبێ ئەوەی بەشداری ناو ڕووداوەکانی کردبێت))** [١] ڕەگەزی سەرەکی بۆ بەرهەمێکی سەرکەوتوو، گێڕانەوەیەکی دروستە.

جا شاعیر بەشداربوویی ڕووداوەکان بوبێت، یاخود لەدەرەوەی ڕووداوەکان بێت، بەلاّم بەڕاستگۆیی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی گواستبێتەوە بۆ خوێنەر، دوای ئەوەی **((تزیڤتان تۆدۆرفی بولگاری لەساڵی ١٩٦٩ گێڕانەوەی وەکو زاراوەیەکی هونەری ناساند))** [٢] گێڕانەوە تا پێش ئەم مێژووە تەنیا وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی دەرکەوتبوو، بەلاّم تۆدۆرف توانی گێڕانەوە وەکو زاراوەیەکی هونەری لەنێو ئەدبیاتدا بناسێنێ و بەیانی بکات بەتایبەتی لەکتێبی (یاساکانی دیکامیرۆن)دا،کە باسی زانستەکانی چیرۆک دەکات، هەتا ئەو سەردەمە گێڕانەوە، وەکو چەمکێک، یاخود وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا بوونی هەبوو نەک وەکو هونەری، گێڕانەوە بوو بە سەرەکیترین ڕەگەز لە بنیاتی هونەری چیرۆک و بووە پردێک لەنێو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو، لەگەڵ مرۆڤەکانی زەمەنی ئێستا.

ئەگەرچی بەم چەند پێناسەیە شارەزاییەکی تەواو دەربارەی هونەری گێڕانەوە پەیدا ناکەین، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و دەرکەوتنی زاراوەی ڕەخنەیی و میتۆدی ڕەخنەیی گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە لەگێڕانەوەدا فراوانتر بووە، لەمیانی ئەم فراوانبونەشدا کۆمەڵێک ڕەخنەگر لەسەر ئەم هونەرە، دواون و پێناسەی خۆیانیان بۆ کردووەو باسی گرنگی و بایەخی ئەم هونەرەیان لەنێو بنیاتی دەقی چیرۆکدا ڕونکردۆتەوە، کە بەبێ گێڕانەوە چیرۆک دەقێکی بێ نازو خامۆشە.

گێڕانەوە، وەکو توخمێک بوونی هەبووە لە داستانی سەرزاری و چیرۆکی فۆلکلۆری دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی چیرۆکی هونەری و ڕۆماندا، خۆی خزانۆتە نێو ئەم ژانرانەشەوە،

١- احمد رحیم کریم الخفاجی، المصطلح السردی في النقد الأدبی العربی الحدیث، رساله ماجستیر، کلیة التربیه جامعه بابل، بابل، ٢٠٠٣، ص٩٧.

٢- نفلة حسن احمد العزی (د)، تقنیات السرد وألیات تشکیلیه الفنی، ص١٥.

بەلاَم ئەوەی لای ئـێمە گـرنگە و پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت ئەوەیە، کە فۆلکلـۆر بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بە گێڕانەوە دەبەسـتێت واتـا ئەم هـونەرە زیـاتر لەنێو فۆلکلـۆر خۆی دۆزیوەتەوەو پێگەیشتووە، چونکە فۆلکلۆر دەقێکە پشتاو پشـت مـاوەتەوەو سـەرزارییەو خاوەنەکەی دیار نیە، بەردەوام دەقی فولکلۆری دروسـت دەبێت، ڕەگەزی سـەرەکی چیرۆکی فۆلکلۆر بەگشتی و چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان بەتایبەتی، گێڕانەوەیە.

**((لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا هـونەری گێڕانەوە بەشـێوەکی بـاش گەشـەی کـرد))** [١] بەتـایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنـی بـزوتنەوەی فۆرمالیسـتی ڕوسـی (١٩١٥–١٩٣٠) کە بەشـێوەی دوو بازنە دەرکەوتن، بـازنەی یەکەم پێیـان دەوتـرا ((بـازنەی زمـانەوانی مۆسـکۆ کە کۆمەڵێک لێکۆڵەری گەنج دایان مەزراند، کە لە زانکۆی مۆسکۆ وانەیـان دەوتەوە))[٢]، بـازنە دوهەمـیش پێیـان دەواتـرا **((بـازنەی سـانت پترسـبۆرگ کە لە سـاڵی ١٩١٥-١٩١٦ دامەزرا ئەمـان ئەم کۆمەڵەیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی شیعر دامەزراند))** [٣] پێیان وابوو، دەقی ئەدەبی دەقێکی زمانەوانی داخراوە بەسەر خۆیدا و دورە لەکاریگەرییەکانی (مێژوو، کۆمەلاَیەتی، ئایدۆلۆژی و ژیـانی تـایبەتی نووسـەر) پێیـان وابـوو دەبـێ دەسـتی نووسـەر لەسـەر دەق هەڵگیـرێ، فۆرمالیسـتە ڕووسـەکان لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩١٥–١٩٣٠) گەلێـک کاروچـالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامدا، گەلێک نووسەر و ڕەخنەگری ناوداری ئەوکـات لەدەوریـان کۆبـونەوە لەوانە **((میخائیل باختین، شلۆڤسکی یاکۆبسن، ئیخنباوم، پرۆپ، مەکارۆڤسکی ... هتد))** [٤]

لەگەڵ گەشـانەوە و بەرفراوانبـونی کـاری فۆرمالیسـتەکان گێـڕانەوەش، وەکـو زاراوەیەک لەسـەر دەسـتی ئەم بـزوتنەوەیە هـاتە نێـو کـۆڕی لێکۆڵینەوەیـان و کەوتە بەربایەخیان، هەر چەندە هەندێکیان پێیـان وابـوو زاراوەی گێڕانەوە گوزارشـتێکە لەگوتـارێکی

---

١- اریان عبدالقادر عیمان، تقنیات السرد فی روایات احمد خلف، رسالة ماجستیر، کلیه اللغات، جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٧، ص٦.

٢- بەسـام قطـوس (د)، دەروزاەیەک بـۆ میتۆدەکـانی ڕەخـنەی هـاوچەرخ، وەرگێڕانـی محمـد تاتـانی (د)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، لا٩٣.

٣- سەرچاوەی پێشوو،لا٧.

٤- بەسام قطوس (د)، دەروزاەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی محمد تاتانی (د)، لا٩٢.

تەواو نەکراو، بەڵام لەساڵی ١٩١٨ و لەسەر دەستی ئیخنباوم **((ڕۆمانی وەکو ئەدەبێکی گێڕانەوە ناساند))** [١] ئەگەرچی گێڕانەوە هونەرێکی زۆر کۆنە و مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لەسەر شێوە کۆنەکەی جاران، کە بەگێڕانەوەی ئاسایی(گی دی مۆپاسان)ی ناسرابوو نەماوە، بەڵام باندۆری خۆی لەسەر خوێنەر(وەرگر)هەر هەیە، چونکە خاڵی سەرکەوتنی چیرۆکنووس لەگێڕانەوەکەیدایە، ئەگەر توانی بەگێڕانەوەکەی خوێنەرانی بخاتە نێو دونیای ئەندێشە و خەیاڵ و ڕازی بکات بەوەی، کە دەیگێڕێتەوە بەشێکە لەواقیع و دوورە لە وەهم و خەیاڵ، ئەوا بێگومان کەسێکی سەرکەوتووەو توانیویەتی زۆر جوان مامەڵە لەگەڵ ئەم هونەرە بکات و حەقی خۆی بداتێ، هەروەها بیکاتە چەمکێک بۆ گەیشتنی ئەو پەیامەی کە چیرۆکنووس دەیەوێ لەڕێی چیرۆکەکەیەوە بیگەیەنێتە خوێنەر، ئیتر پاشان هونەری گێڕانەوە لەسەر دەستی ڕەخنەگران و نووسەرانی وەک: (ڕۆلان بارت، جیرار جینێت، گریماس، کریستیڤا .... هتد) پێشکەوت.

سەبارەت بە چیرۆکی منداڵان، پێویستە گرینگیەکی زۆر بەگێڕانەوە بدرێت، چونکە منداڵ لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک بۆی، ئاشنای کتێب و خوێندنەوە دەبێت و بیر و فیکری فراوان دەبێت و فەرهەنگی زمانیشی دەوڵەمەند دەبێت، گێڕانەوە کاریگەری خۆی لەسەر منداڵ جێدەهێڵێت، بەوەی ئاراستەی دەکات بۆ ڕێگای باش و فێری ڕێزگرتن و گوێگرتن و یارمەتی دانی دەکات، هەروەها ڕۆڵی لەهۆشیارکردنەوەو دورکەوتنەوەی لە شتە چەوتەکانی ژیان دەبێت.

گێڕانەوە، دەبێتە داینەمۆیەک بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکە، کە چیرۆکنووس وەکو زنجیرە پێکەوەی بەستوون، چونکە ئەگەر گێڕانەوە

---

١- محمد بلوافی، السرد والاسلوب، انترنیت،٥ ایار ٢٠٠٩، www.diwanalarab.com/spip.php?artictei .8022

نەبوایە ئەوا چیرۆکگێڕەوەش نەیدەتوانی باس لە شتێک بکات کەڕێگەیەک نەبێت بۆ باسکردن و لەوێشەوە پەیامەکەی خۆی بۆ خوێنەر بنێرێت، بۆیە بڕوا وایە چیرۆک چەند

**((هەوڵ بدات لەتوخمی گێڕانەوە و دەوری گێڕەرەوە دوربکەوێتەوە ناتوانێت بەتەواوی دەست لەوان هەڵبگرێت، چونکە لەبناغەدا ڕۆمان و چیرۆک لەسەر بنەمای ئەو دوو توخمە دامەزراون و هەتا ئەو دوو ژانرە ئەدەبیە بەردەوام بن ئەو دوو توخمەشیان تێدا دەمێنێ))**[١]

واتە چیرۆکگێڕەوەو گێڕانەوە دوانەیەکی بەیەکەوە بەستراون و هەرگیز لێک نابنەوە، خاڵی جەوهەری لەکاری گێڕانەوەدا، گواستنەوەی ڕووداوە جا چیرۆکگێڕەوەکە یان بەچاوی سەر بینیویەتی و لەناو لێقەومانەکەدا بووە، یاخود بیستوویەتی و بۆیان گێڕاوەتەوە، بۆیە گێڕانەوە

**((دووبارە باسکردنەوە و خستنەڕووی ڕووداوێکی دوور و نزیکە، لەڕێگەی گێڕەرەوە کەخۆی بەشداربویەکی ڕووداوەکەیە یا بەباشی ئاگای لێیەتی))** [٢].

بەڵام لەچیرۆکی منداڵاندا، چیرۆکگێڕەوە بەهۆی ڕەگەزی گێڕانەوەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و هونەریانە دەگێڕێتەوە، کە نزیک بێت لە ئاستی عەقڵ و فەرهەنگی زمانی منداڵ. ئەمیش وادەکات، کە منداڵان زۆر بەجوانی سەرنجی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە بدەن، کە چیرۆکگێڕەوە بۆیانی گێڕاوەتەوە، چونکە دواتر منداڵانیش هەر لەڕێگەی گێڕانەوەوە **((بۆیەکتری باس دەکەن))**[٣] و کاریگەری لەسەر یەکتری جێدەهێڵن،ئەویش لەڕێگەی ئەو چیرۆکانەی، کە بیستویانە ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری لەسەر جۆری قسەکردن و بیرکردنەوەو زمانپاراوی ئەو منداڵانە دەبێت، کە بەردەوام چیرۆکیان بۆ دەگێڕدرێتەوە، کەواتە گێڕانەوە باندۆری خێراترە لەسەر منداڵ و ئاڕاستەکردنی بۆ داهاتوویەکی تەندروست و باش، تاکو ببێتە تاکێکی بەسوود بۆ

---

١- نەجم خالید ئەلوەنی (د)، بینای کات لەسێ نمونەی ڕۆمانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٧٣.


٢- پەری ساڵح موفتی (د)، گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد اسماعیل)دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩٧.

٣- هیمداد حسین (د)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٦٥.

کۆمەڵگاکەی، هەمیشە هـزری ئەو منـداڵانەی، کە بەردەوام چیرۆکیان بۆ گێڕدراوەتەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە هیچ چیرۆکێکیان بۆ نەگێڕدراوەتەوە، ئەمیش زۆر بەئاسانی لەقۆناغەکانی خوێندن و جۆری پرسیارکردنی لەژیانی ڕۆژانەی هەستی پێدەکرێت، جگە لەوەی دەتوانێ زۆر بەسانایی ڕستە دروست بکات و زمانی دەوڵەمەند بێت بەکۆمەڵێک وشە، کەمنداڵانی تر ئەو وشانە نازانن و نەیانبیستووە.

چیرۆک لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دامەزراوە، کە چیرۆککگێڕەوە لەڕێگەیەوە بەسەرهات و ڕووداوەکانی دەگەیەنێتە خوێنەر (وەرگر) ئەویش ئەوەیە، کە ((**چیرۆکەکە بەسەرهاتێک یاخود، ڕووداوێکی لەخۆگرتبێ و ڕێگەیەکیشی هەبێ بۆ گێڕانەوەی**)) [١]

دیارە لەچیرۆکی منداڵاندا، زۆر بەڕوونی کار لەسەر ئەو لایەنە کراوە، کە چیرۆکەکە هەڵگری پەیامێک بێت بۆ منداڵ و لەمیانی ئەم پەیامەشیدا ئاراستەکردنی تێدابێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە چیرۆکی منداڵان، وەکو چیرۆکی گەوران نیە فرە ڕووداو و بەسەرهاتی چڕ و پڕ بێت، بەڵکو زیاتر لەسەر بابەتێک هەڵوەستە دەکات و دەریدەخات، پاشان وەکو ئامۆژگارییەک منداڵەکەی پێ ئاشنا دەکرێت.




چیرۆککگێڕەوە لەڕێگەی گێڕانەوەوە، ڕووداو لەوێنەوە بۆ گێڕانەوەیەکی زمانی دەگۆڕێت، بۆیە هەندێک لەڕەخنەگران پێیان وایە، کە گێڕانەوە ((**کۆمەڵە ڕستەیەکی یەک بەدوای یەک هاتوو**)) [٢]ەو هیچی تر، بەڵام ئەوەی مرۆڤی لەگیانلەبەرانی تری ژیان جیاکردۆتەوە، زمان و عەقڵەکەیەتی، کە دەتوانێت لەڕێگەی زمانییەوە ئەوەی مەبەستێتی بیڵێت و ئەوەی دەشیبینێت و بەسەریدا دێت یاخود دەیبیستێت بیگێڕێتەوە، ئەگەرچی ئەم

١- حمید لحمدانی(د)، بنیه البض السردی، المرکز الثقافی العربی للطباعه والنشر، لبنان و مغرب، ٢٠٠٠، ص٤٥.

٢- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢١٢.

ڕەخنەگرانە لەو لایەنەوە ئەو قسەیە دەکەن، کە پێیان وایە گێڕانەوە لە ئەسڵدا تەنیا پشت بەزمان دەبەستێت و کەرەستەیەکی زمانییە، بەڵام دەبێت ئێمەش بڕوامان بەوە هەبێت، کە ئەوە گێڕانەوەیە زیاتر نرخی داوەتە لایەنە زمانیەکەو پلەو پایەی بڵند کردووە، ئەگەر ئەم هونەرە نەبێت ئەوکات چیرۆک لەکۆمەڵێک وشەی ڕیزکراو زیاتر هیچی تر نییە.

زمان ناتوانێت بەتەنیا، کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە (وەرگر) جێبهێڵێت گەر بابەتێک نەبێتە هۆی کارتێکردن لەسەر هەست و نەستی وەرگر، واتا بابەتەکە خاوەنی بەسەرهاتێک یان ڕووداوێک بێت و خوێنەرەکەی پەلکێشی نێو ئەندێشە و خەیاڵ بکات، گێڕانەوە لای نووسەرێک بەجوانی لەدایک دەبێت، ئەگەر هاتوو خاوەن خەیاڵێکی ڕەنگین و فراوان بێت بەجۆرێک، کاتێک خوێنەر (وەرگر) دەقەکە دەخوێنێتەوە وا هەست بکات ئەویش کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکانی نووسەرەو پەلکێشی دەکات، گێڕانەوە دونیایەک دەسازێنێت، کە کارەکتەرەکانی مرۆڤی سەر کاغەزن و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لەواقیعەوە هەڵهێنجراون، هەرلەوێ ململانێ دەست پێ دەکات و لەگەڵ کۆتایی هاتنی گێڕانەوەکەدا ئەوا ئەوانیش ژیانیان بەکۆتایی دێت، بەڵام چیرۆکنووس هەر دەمێنێت و ژیانێکی ئاسایی بەڕێدەخات، واتا جیاوازی لەنێوان چیرۆکنووس و چیرۆکگێڕەوە هەیە.

هەندێک لەڕەخنەگران پێیان وایە چیرۆکنووس، ئەوەندە کەسێکی بەتوانا نییە تا بەو شێوەیە باسبکرێت و کارەکەی بەگەورەیی تەماشا بکرێت، بەڵکو ئەو تەنیا کاری ((**گۆڕینی ڕووداوە لەشێوە واقیعیەکەی بۆ شێوە زمانیەکە**)) [١]، بەڵام لەم کارەشدا هونەرێکی بەرزی دەوێت، کە کەسێک هەستێ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە لەوێنەوە بگوازێتەوە بۆ زمان و نەهێڵێت تام و بۆی خۆی لەدەست بدات و جوانیەکەی هەر بمێنێتەوە، لەولاشەوە خوێنەر (وەرگر) سەرسام بکات بەوەی کەئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستە یان بەشێکە لەخەیاڵ، لێرەدا پێگەی گێڕانەوە بۆ خوێنەر بەباشی دەردەکەوێت، کە ئەگەر گێڕانەوە نەبوایە ئەوا ئەو کات

---

١- حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، چاپخانەی عەلاو، بەغدا، ١٩٨٥، ل٨٢.

ڕووداوەکـان لەدوای قەومانـدنیان لەجێـی خۆیـان خـامۆش دەبـوون و لەبیـر دەکـران، زۆر کەسیش پێیان ئاشنا نەدەبوو.

سـەبارەت بەچیرۆکی منـدالان، پێویسـتە ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی چیرۆکـی منـدالان بەشێوەیەک بێت، کە **((ئەو چیرۆکانە بۆ مندالان بگێڕینەوە کە ببێتە مایەی ئازایەتی و بـڕوا بەخۆبوون و جوامێری و چێژی خۆشی و شادی و کردەوەی چاکی پێ بنۆشـن))** [١] واتـا دەبێـت نـاوەڕۆکەکەی بەشـێوەیەک بێـت، منـدال پێبگەیەنێـت و هەر لەسـەرەتاوە تـاکێکی تەندروسـت بـۆ کۆمەلگـاکەی دروسـت بکـات، نەک چیرۆکێکـی بـۆ بگێـڕدرێتەوە، کە تـرس و دلەڕاوکـێ لای منـدال دروسـت بکـات و ببێـتە ماکێـک لەسـەر جەسـتەی ژیـانی ئەو منـدالەو نەهێلێـت کەسـیەتی دروسـت بکـات، هەروەهـا نابێـت چیرۆکـی منـدالان **((قسـەی ڕووت و گێڕانەوەی بێ لەزەت بێ))** [٢]، بەلکو دەبێت چیـرۆکەکە ببێتە مـایەی خۆشـی و دلشـادی بـۆ منـدالەکەو وایلێبکـات، هەمـوو سـاتەوەختێک ئـارەزووی گـوێگرتن لە گێـڕانەوەی چیرۆکـی مندالان بکات.

بەشێوەیەکیش گێڕانەوەکەی بۆ بکرێت، کە لەگەلیدا تێکەل بێت و خۆی بەیەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە بزانێت، لێرەوە دەبێت ئەوە بزانین، کەنابێت ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە ئالۆز و دوور و درێژ بن، بۆ ئەوەی سەری لێ تێکنەچێت و نەبێتە مـایەی بێزاری مندالەکە، دەبێت کـارێکی وا بکرێت، کە چیـرۆکەکە ڕووداوەکـانی کـورت بێت و بەزمـانێکیش بنووسـرێت یـاخود بگێـڕدرێتەوە دووربێـت لەگـرێ و ڕەوانبێـژی چـاکتر وایە **((زمانێـک بەکاربێنێت نزیک بێت لەو زمانەی کە ڕۆژانە بەکاریدێنێت))** [٣] کەواتە نـاوەڕۆکی چیرۆکی مندالان دەبێت بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی مندالان ڕێک بخرێن، چونکە مندالی قۆنـاغی یەکەم

---

١- محمد رحیم رمضان، مندال و چیرۆکی مندالان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، لا٦١.

٢- محمد رحیم رمضان، مندال و چیرۆکی مندالان، لا٦١.

٣- ڕازاو ڕەشـید صـبری، چیرۆکـی منـدالان لەئەدەبـی کوردیـدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، نـامەی ماسـتەر، کـۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، لا٩٣.

دەبێت بەدوور بگیرێت لەناوەڕۆکێک کە ڕەمزی تێدابێت و خاوەن زمانێکی قورس بێت و ڕووداوەکانی تێکەڵ بێت، بەڵام چیرۆکەکانی قۆناغی چوارەم لە ڕووی زمان و ناوەرۆکەوە، تەواو جیاوازە، چونکە بیری منداڵ لەم قۆناغەدا پێگەیشتووەو دەتوانێت، پەی بە بەشێکی شتەکانی دەوروبەرو ژیان ببات وڕووداوەکان لێکبداتەوەو قسەی خۆی لەبارەیانەوە بکات .

## ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوە لەچیرۆکدا

(زمان، دەنگ، جوڵە) بوونی ئەم سێ ڕەگەزە، لای هەر چیرۆکگێڕەوەیەک نیشانەی سەرکەوتنی کاری گێڕانەوەکەیەتی، چونکە منداڵ لەڕێگەی هەستەکانیەوە بەتایبەتی (بیستن و بینین) لە چیرۆکگێڕەوە نزیک دەبێتەوە، چیرۆکگێڕەوەی سەرکەوتوو کەسێکە کە بەجوانی و زیرەکی و لێهاتوویی خۆی لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، ئەم سێ ڕەگەزە لەبەرچاو دەگرێت و لەڕێگەیشیەوە زوتر و باشتر دەچێتە مێشک و دڵی منداڵەکەوە و پەیامەکەی لەدڵیدا دەچەسپێنێت، هەرچەندە هەندێک لە ((**چیرۆکگێڕەوەکان خۆیان لەم خاڵە بەڵام مەرجی سەرەکی چیرۆکگێڕەوەی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە ئەم سێ ڕەگەزە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا لەبیر نەکات .

١- زمان:- بڕبڕەی پشتی گێڕانەوەیە، هەموو دەقێک زمان ئامرازی ناساندنەکەیەتی، واتە ئەگەر زمان نەبوایە ئەوا هیچ کەس نەیدەتوانی لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکات و لەیەکتری بگات بۆیە ((**بەبێ زمان کاری گێڕانەوە پێکنایەت**)) [٢] و دروست نابێت، چونکە هەر زمانە وادەکات مرۆڤەکان ئاشنا بکات بەدەوروبەر و ئەو شتانەی کە لێیان تێناگات بەزمانی حاڵ پرسیاری بکات و وەڵامی زمانی چنگ بکەوێت، لەم نێوەندەشدا زمان دەبێتە هۆیەک بۆ لەیەک گەیشتن، لەگەڵ گۆرانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا زمانەکەشی لەگەڵدا گۆڕاوە، بەڵام

---

١- مظفر مصطفى اسماعيل،ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، لا١١٢.

٢- تانیا ئەسعەد محمد سالح، بینای کات و شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ، ئەژدیها)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، لا١٩٤.

ئەم گۆڕانە واینەکردووە کە گرینگی و بەهای زمان کاڵبێتەوە، بەڵکو نرخەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە و زیاتریش بووە، هەندێک پێیان وایە کە ((**لاسایی کردنەوەی دەنگە سروشتیەکان بونە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی زمان**)) [١].

ئەگەرچی ئەم بڕوایە ڕاست نیەو بەڵگەی لەسەر نیە، بەڵام گێڕانەوە لەساتەوەختی سەرهەڵدانیەوە خاوەنی زمانێکی سادە بووە، زیندوترین نموونەش چیرۆکی فۆلکلۆرییە، کە بەزۆری ئەم چیرۆکانە دەماوودەم و پشتاو پشت دەگێڕدرێنەوەو خاوەنی زمانێکی سادەو بێ گرێن، هەروەها ئەو کەسانەی کە چیرۆکی منداڵان دەگێڕنەوە وەک داپیرە و باپیرەو دایک و باوک و کەسانێک کە بەبەردەوامی کاریان گێڕانەوەی چیرۆکە بۆمنداڵان، دەبینین ئەمانیش خاوەنی زمانێکی سادەن لە کاتی گێڕانەوەدا، بۆ ئەوەی هەر زوو پەیامەکە بگاتە منداڵ و لێتێبگات، ئەم چیرۆکگێڕەوانە دەورێکی گرینگیان هەیە لە فەزای گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵاندا، ئەوەی وای لەمنداڵ کردووە کە زیاتر گوێبگرێت لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا ئەوەیە، کە خۆشەویستیەکی تایبەتی بۆ ئەم چیرۆکگێڕەوانە هەیە، ئەمان هەوڵ دەدەن ئەو چیرۆکانە بگێڕنەوە کە لەخەیاڵ و بیرکردنەوەی منداڵەوە نزیکە، زمانەکەیشی نزیکە لەزمانی منداڵ، ئەمیش دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی زمانییان، بەزۆری چیرۆکگێڕەرەوەی چیرۆکی منداڵان گەورەیە واتا لەتەمەندا تەمەنی لە منداڵەکە گەورەترە و منداڵیش گوێگرە، گەورە چیرۆکێکی منداڵان دەگێڕێتەوەو منداڵیش چیرۆکی منداڵان لەگەورەوە دەبیستێت.

ئاشکرایە گێڕانەوە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە فۆلکلۆردا، چونکە مەرج نیە ئەو چیرۆکەی کە چیرۆکگێڕەوە دەیگێڕێتەوە خوێندبێتیەوە، بەڵکو زۆرجار دەیبیستێت، واتا سیفەتی دیار و سەرەکی چیرۆکی فۆلکلۆر ئەوەیە کە زیاتر بە بیستن ئەو چیرۆکە دەزانێت نەک بەخوێندنەوە، لەوکاتانەی کە چیرۆکگێڕەوە چیرۆک بۆ منداڵ دەگێڕێتەوە منداڵ حەزدەکات

١- نەوزاد علی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٠.

تەنیا گوێبگرێت، چاو نەتروکێنێت، تا لەنزیکەوە دیمەنی چیرۆکگێڕەوەی لەلا ون نەبێت، هەندێ جار شەوان منداڵ ئارەزووی گوێگرتنی چیرۆک دەکات، چونکە لەم کاتەدا لەیاریکردن وەستاوەو دەیەوێت پێش ئەوەی بنوێت گوێ بۆ چیرۆکێکی داپیرەی یاخود باپیرەی یان دایک و باوکی شل بکات، تاوەکو بچێتە نێو خەوێکی خۆش و خەیاڵاوی، زانایانی دەروونناسی بواری منداڵ پێیان وایە، کە منداڵ لەشەودا گوێ بۆ چیرۆک دەگرێت زیاتر مەبەستەکەی ((**بۆکات بەسەربردن**)) [١]ەو هەروەها ئەو کاتەی، کە ماوێتیی هەتا نوستنەکەی بە گوێگرتنی چیرۆکەوە بەڕێبکات و زوو خۆی ئامادە بکات بۆ ڕۆژێکی نوێ، بەڵام کاریگەری خۆشی دەبێ لەسەر جۆری بیرکردنەوە و قسەکردن و تێگەیشتن لەدەوروبەر و لێکدانەوەی شتەکان.

٢- دەنگ: یەکێکی تر لەو ڕەگەزە سەرەکیانەی کە چیرۆکگێڕەوە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا دەبێت ڕەچاوی بکات و وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، دەنگی کارەکتەر و باڵندە و جۆرەکانی تری ئاژەڵە، کە لەنێو چیرۆکەکە دایە، هەڵبەتە چیرۆکگێڕەوە دەبێت بزانێت کە چیرۆک بۆ منداڵ دەگێڕێتەوە، ئەوەی بەرامبەری دانیشتووە چاوەڕێی شتی نوێ و خۆشی لێ دەکات تا سەرنجی ڕابکێشێت بۆ نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە و واهەست بکات کە ئەو ڕووداوانە بەسەرخۆیدا دێن، یاخود یەکێکە لەو کارەکتەرانەی نێو ڕووداوەکان بۆیە باشترین کارێک کە چیرۆکگێڕەوە لەبەرچاوی دەگرێ (دەنگ و تۆنەکانی دەنگە).

چونکە دەنگ ڕەگەزێکی سەرەکیە بۆ ڕاکێشانی هەستی منداڵ بەلای گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە، بەرز و نزمی لەئاستی دەنگی چیرۆکگێڕەوە وا لەمنداڵ دەکات، کە خەیاڵی نەپچڕێت و نەچێتە شوێنێکی تر، بەڵکو هەمیشە تەماشای دەمی چیرۆکگێڕەوە بکات، کە چۆن ئەو دەنگەی لێوە دەردەچێت و دەیڵێت، گۆڕینی ئاستی دەنگ لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵ لەچاوەڕوانی گۆڕانی ڕووداوەکاندا بێت و هەمیشە

---

١- ڕازاو ڕەشید سەبری، کاریگەری چیرۆک لەسەر توانای ئەقڵی منداڵان، گ سایک، ژمارە٦، ٢٠٠٦، ل١٣٧.

چـاوەڕێی کۆتـایی چیـرۆکەکە بکـات و بە ئەنجـامەکەی بگـات، بۆسـەرکەوتن لەم کـارەدا چیرۆکگێـڕەوە ناچـار دەکـات کە **((گـۆڕینی تـۆنی دەنـگ و .... لاسـایی کـردنەوەی دەنگـی ئاژەڵەکـان وەک خۆیـان))** [1] لەکاتی گێڕانەوەدا پشت گوێ نەخـات و بەهەندی وەربگرێت، چـونکە هەرکاتێـک چیرۆکگێـڕەوە بەیەک تـۆن چیـرۆکەکەی گێـڕایەوە، ئەوا دەبێـتە مـایەی تـوڕەیی منـداڵ و وەڕس بـوونی و بـۆیە هەنـدێ جـار هەڵدەسـتێ و دەڕوات، گێـڕانەوە **((بەڕیتمێکـــی گونجـــاو لەگەڵ دەنـــگ))** [2] وا لە منـــداڵەکە دەکـــات تەنیـــا خەیـــاڵی لای چیرۆکگێڕەوەکە بێت و لێی دانەبڕێت، هەربۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕەگەزە وەکو خۆی چیرۆکگێـرەوە سـەرکەوتوو دەکـات، چـونکە چەنـد چیـرۆکەکە بۆخـۆی پەیـامێکی هەیە و کـاریگەری لەسـەر ئاکـار و هەڵسـوکەوت و قسـەکردن وبیرکـردنەوەی منـداڵەکە دادەنێـت، گـۆڕینی تۆنەکـانی دەنگیش کـاریگەری لەسـەر منـداڵەکە دەبێـت، گـوێچکەی ئاشـنا دەبـێ بە بەرزو نزمی دەنگ و لاسایی کردنەوەی دەنگی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە کەوا دەکات ئەویش هەوڵـی لاسـایی کـردنەوەی ئەو دەنگـانە بـدات کە چیرۆکگێـرەوەکە کردوویەتـی، کەوابێـت مەرجـی سـەرکەوتنی چیـرۆک ئەگەر خـۆی لەسـەر دوو پـایە ڕاگرتبێـت ئەوا پایەیەکیـان **((شێوەی دەربڕینە))** [3]، چونکە بەلەبەرچاو نەگرتنی ئەم لایەنە سـەرئەنجام، چیرۆکگێڕەوە هەوڵێکـی بـێ ئەنجـام دەدات و منـداڵانیش بەبێـزارییەوە شـوێنەکە جێـدەهێڵن چیرۆکگێـڕەوە لەکاتی گێڕانەوە و ئەدای دەنگیدا، پێویستە لەناو ڕەگەزی دەنگیەکەیدا (بەرز و نزمـی دەنگ و تۆنی دەنگی و جۆر و مۆسیقی دەنگ) بەجوانی بەجێی بهێنێت، چونکە

**((ئەوەندەی بۆی بکرێ بەرجەستە حیکایەتەکە بگێڕێتەوە، وەک دەنگ هەڵبـڕین و توڕەبوون و لەتافی شەڕو بەرەنگاریدا، سـۆزو نەرم و نیـانی نواندنیش لەکـاتی گفتوگۆی**

---

١- محمد فەریق حسن، منداڵ و چیرۆک، گ. ڕامان، ژ١٦١، ٢٠١٠، لا١٣٤.
٢- احمد نجیب، فن الكتابه الأطفال، مطبعه دار الكتب، القاهرة، ١٩٦٨،ص ٨٢.
٣- محمد ڕەحیم رمضان، منداڵ و چیرۆکی منداڵان، لا٦٣.

**نێوان خۆشەویستاندا، هاوسۆزییەکی زۆریش لەتافی پێشهاتە دڵتەزێنەکاندا تێکەڵ بە گێڕانەوە))** [١]

بکرێت ئەمەش کاریگەریەکی باشی دەبێت لەسەر لایەنی دەروونی منداڵ، چیرۆکگێڕەوە کاتێک کە دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، سەرەتا بەشێوەیەکی ئاسایی و دوور لەخۆتێکدان و گرژی و بەرزی لە دەنگیدا گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، چونکە هێشتا لەسەرەتای ڕووداوەکانە و هێشتا بەسەرهات و ڕووداوەکان نەگەیشتوونەتە ناوەند و کێشەکان سەریان هەڵنەداوە، لەگەڵ گەرم بوونی ڕووداوەکان دەنگی چیرۆکگێرەوەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە دەگۆڕێت، تاوای لێ دێت ڕووداوەکان بەرەو کۆتایی دەچن و دەنگی چیرۆکگێڕەوەکەش دەگۆڕێت، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بابەتی ڕووداوەکە بگونجێت، بەرز و نزمی لەدەنگی چیرۆکگێڕەوەدا هەستی منداڵ وابەستەی چیرۆکگێڕەوەکە دەکات و ناهێڵێت پەرت و بڵاوبێتەوە، یاخود خۆی بەشتی لاوەکیەوە خەریک بکات و ئاگای لەچیرۆکەکە نەمێنێت و لەڕووداو و بەسەرهاتی چیرۆکەکەو چیرۆکگێرەوە دابڕێت، بۆیە چیرۆکگێرەوەی سەرکەوتوو کەسێکە کە ئەم لایەنەی وەکو خۆی لەبەرچاو گرتووە.

٣- کردار (جووڵە): یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی چیرۆکگێڕەوە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، چونکە ئەو جوڵە و گۆڕانکاریانەی کە چیرۆکگێڕەوە لەکاتی گێڕانەوەدا ئەنجامی دەدات دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی منداڵ و ڕایدەکێشتە نێو ڕووداوەکان، چونکە ((**بەکارهێنانی زمانی جەستە و ئاماژە .... پیشاندانی هەستەکانی توڕەبوون، گرژبوون، دەربڕینی هاوسۆزی، نەرمونیانی**)) [٢] وا لەمنداڵ دەکات، زیاتر سەرنجی لای چیرۆکگێڕەوەکە بێت و بەپەرۆشەوە تەماشای جوڵە و کردارەکانی بکات، بەڵام ئەگەر چیرۆکگێڕەوە گێڕانەوەیەکی سادەیی دوور لەکردار و هەڵچوون و جوڵە ئەنجام

---

١- محەمەد فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی،چاپی سێیەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣.
٢- محمد فەریق حەسەن، چیرۆک و منداڵ، ل١٣٤.

بـدات، ئەوا منـداڵ هەرزوو وەرس دەبێـت و خەياڵيـان لای چيـرۆكەكە نامێنێـت و خۆيـان بەشـتێكی لاوەكـيەوە خەريـک دەكەن، كەواتە گێـڕانەوەی بەجـوڵە يەكێكـی تـرە لەو هۆكـارە سـەرەكيانەی، كەدەبێ چيرۆكگێڕەوە خـۆی لەسـەری ڕابهێنێت و سڵی لـێ نەكاتەوە، كاتێک چيرۆكگێڕەوە چيرۆكەكە دەگێڕێتەوە پێويستە منداڵەكان بەشـێوەی **((نيـو بـازنەيەک دابنيشـن و ئەژنۆيان بەيەک بگەيەنن، چونكە ئەگەر جەستەيان لەيەک نزيک بێت ئەوا بيريشيان لەيەک نزيک دەبێت))** [١] و ئينجا چيرۆكگێڕەوە چيرۆكەكە بگێڕێتەوە و لەگەڵ ڕووداوەكاندا كردار و جوڵەی ناوی وەكو خۆی بەرجەستە بكات بۆ ئەوەی منداڵەكان تەنيا فيكر و خەياڵيان لای چيرۆكەكە بێت و دانەبڕێن، پێويستە چيرۆكگێڕەوە **((هەمويانی لێ ديار بێت))** [٢] نەک ڕووی لەهەنـدێک بێـت و لايەكەی تـر پشـتگوێ بخـات، چـونكە سـەرئەنجام ئەو لايە هەسـتێكی ناخۆشيان لادروست دەبێت و زۆر گوێ بۆ چيرۆكەكە نـاگرن و خەياڵيـان دەڕوات، دەبێت لەكاتی گێڕانەوەی چيرۆک ڕووی دەمی لەهەموان بێت وەكو يەک تەماشـايان بكـات، جوڵە و كردارەكانی بەشێوەيەک بێت كە **((ئەو چيرۆكە بۆ منداڵ بكـات بە جيهـانێكی پڕ لە جـوڵە و سەرنجی بەتەواوی‌ڕابكێشێت))**[٣] ئەو كەسەی كە چيرۆک بۆ منداڵ دەگێڕێتەوە دەبێت

**((وەک ئەكتەرێكی سەركەوتوو خۆی وا نزم بكاتەوە تا لەڕادەی بيريانا خۆی ئەگرێتەوەو بەزمانی ئەوان و ڕووگرژ كردن و زەردەخەنە و پرسيار و هەڵوێست و وەستان لەشوێنی خۆيانا بەكاربهێنێ))** [٤]

هەرچەندە وشەی (خۆ نزم كردنەوە)زۆر گونجاو نيە، بەڵام كاتێک چيرۆكگێڕەوە بۆ ئەوەی منداڵ تێبگـات پێويسـتە ئەو جوڵەو كردارو تەمسـيلانەی كە لەنـاو چيرۆكەكەدا هەن وەكـو خـۆی بينوێنێـت، وەكـو كەسـێكی منـداڵ يـان وەكـو يەكێـک لەكارەكتەرەكـانی نێـو ڕووداوەكە خۆی بنوێنێت و نواندن بكات، بە زمـانی ئەوانەوە قسـە بكـات، ئەوان مەبەسـتمان لە كارەكتەرەكانە جا (مرۆڤ بن يـان گيانـدار و باڵنـدە)بن هەوڵبدات لاسـايی دەنگ و جوڵە و

---

١- مظفر مصطفى اسماعيل، ڕوخسار و ناوەڕۆكی چيرۆكی منداڵان لای لەتيف هەڵمەت، ل١١١.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٣- محمد فەريق حەسەن، چيرۆک و منداڵ، ل١٣٤.

٤- محمد رەحيم رمضان، منداڵ و چيرۆكی منداڵان، ل٦٣.

کرداری ئەوان بکاتەوە، بۆ ئەوەی پتر سەرنجی منداڵەکان ڕاکێشێت، هەروەها لەکاتی هەبوونی ڕوگرژی یاخود چاوسوورکردنەوە یان پێکەنینی بەقاقا، یان گریان و هاوار هاوار یان ئازار و نەخۆشی کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە، دەبێت چیرۆکگێڕەوە وەکو خۆی و بەهەمان تۆنی دەنگی ئەوان لەو ساتەوەختەدا لاساییان بکاتەوەو فەرامۆشیان نەکات و پێی وانەبێت کارێکی قورس و (عەیبە)یە، بەڵکو دەبێت بە ئەنجامی بگەیەنێت، چونکە دەبێت پەیامەکە وەکو خۆی بەمنداڵەکە بگات، ئەویش وا هەست بکات بەرامبەر بەڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و ئیتر هەست بەئێش و ئازار و خۆشی و ناخۆشی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە بکات و وای لێبکات کە ژیان گۆڕانکاری تێدایە و لەیەک ئاست و شێوەدا نیە، هەروەها چیرۆکگێڕەوە لەکاتی جوڵە و کرداری گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا دەبێت هەر جوڵەیەک وەکو خۆی و بێ زیاد و کەم بەئەنجامی بگەیەنێت، ئیتر لێرەوە چیرۆکگێرەوە بەئاسانی لەڕێی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و ئەو جوڵە و کردارانەی کە لەبەرچاویان ئەنجامی دەدات بەئاسانی هەست و نەستیان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، وا دەکات ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر مێشکی منداڵەکە هەبێت و هەرگیز لەبیری نەکەن، چونکە گێرانەوەی چیرۆک لەلایەن چیرۆکگێرەوەوە جا هەرکەسێک بێت بۆ منداڵ گەورەترین بەختەوەری و وەدەست هێنانی سامانێکی مەزنە بۆ دواڕۆژی و کاریگەری لەسەر جۆری قسەکردن و زمانپاراوی و بەئاسان دروست کردنی ڕستە دەبێت و وای لێ دێت پۆلەکانی بەرایی قوتابخانە زۆر بەئاسانی ببڕێت و سەرکەوتوو بێت.

## چیرۆکگێڕەوە

چیرۆکگێڕەوە بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی چیرۆک دادەنرێ، واتا بەبێ بوونی گێڕەرەوەیەک کاری گێڕانەوە نایەتە دی، چیرۆکگێڕەوە کەسێکە خاوەن سەلیقەیەکی زور جوان و بەرزەو بەشێکی گرنگی چیرۆکەکە پێکدێنێت، بەتام و چێژەوە ڕوداوەکان یەک لە دوای یەک باس دەکات بەشێوەیەک هەوڵدەدات پاش و پێشی نەکات و پەیامەکەی بگەیەنێت،

چیرۆکگێڕەوە لەگەڵ ئەوەی هەڵدەستێ بەئەنجامدانی گێڕانەوە، لەهەمان کاتیشدا دەبێ گوێگر دڵنیابکاتەوە لەوەی کە بابەتێکی بۆ دەگێڕێتەوە ئەگەر واقیعیش نەبێت بیخاتە نێو ئەندێشەو پرسیاری لا دروست بکات، بەڵام لێرەدا گێڕانەوە بەتەنیا بەس نیە بۆ گوێگر بەڵکو گرنگی چیرۆکگێڕەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە ((**بەسەرهاتێکی سەیرو سەمەرەی ئەوتۆ بگێڕێتەوە، ئەگەر بۆ تاوێکیش بێت سەرنجی گوێدێران بەلای خۆیدا بهێنێت، ڕاستگۆیی تێدا بێت و زانیارییان پێ ببەخشێت**)) [١] گوێگر لەگەڵ ئەوەی گوێی بۆ چیرۆکەکە گرتوە، حەزیش دەکات چێژو خۆشی لەو چیرۆکە ببینێت.

سەبارەت بە چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان، هەروەک دەزانین دونیای منداڵ تایبەتە و جیاوازە لە دونیای گەوران بۆیە ئەو کەسەی کە چیرۆک بۆ منداڵ دەگێڕێتەوە بەتایبەتی (داپیرە، باپیرە، دایک، باوک، یاخود کەسی تایبەت) بەم بابەتە، پێویستە ڕەچاوی چەند لایەنێک بکات، تا منداڵ بەشەوقەوە گوێ بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ئەم چیرۆکگێڕەوەیە بگرێت، چونکە ئەمان لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ، خاوەن لەفزێکی شیرینن و زمان پاراون، دەزانن بە چ شێوازێکی زمانی چیرۆکەکە بگێڕنەوەو وابکەن منداڵەکە تەنیا و تەنیا خەیاڵی لای چیرۆکگێڕەوە بێت، دونیاکەی تری لەبیر بچێتەوە، کەیاریکردنە، پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە بۆ بەم چیرۆکانە دەوترێ چیرۆکی بەرئاگردان؟ بۆ دەبێت ئەم چیرۆکانە هەر لەوەرزی سەرما و سۆڵەدا بگێڕدرێتەوە؟ ئایا وەرزەکانی تر وەرزی چیرۆکگێڕانەوە نین؟ لەوەڵامدا دەڵێین:

**((حیکایەت بەزۆری لەنێو جیهانی جوتیارو پاڵەدا پەرە دەگرێت، کوردیش لەو میللەتانەیە، کە زۆر زوو دێهات و کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی پێکەوە ناوە))** [٢].

خەڵکی بەتایبەتی جوتیار لەوەرزی زستاندا زیاتر بێ کار دەبوو،چونکە بەفرو باران و سەرما بواری نەدەدا بۆ کاری کشتوکاڵ کردن، جگە لەمەش ئەو کشتوکاڵەی کە

---

١- محەمەد فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، لا١٦.
٢- محەمەد فەریف حەسەن، مەملەکەتی ماسی، لا ١٩-٢٠

لەگوندەکاندا دەکران زیاتر بەرهەمانێک بوون، کە لەوەرزی هاویندا پێدەگەیشتن، جوتیار لەوەرزی زستاندا هیچ ئیش و کارێکی نەبوو، بۆیە ئەوەی بینیبووی یاخود بەسەریدا هاتبوو، وەکو چیرۆکێک دەبوو بە (( **باس و خواسی و شەوچەرەی زستان و شەوگارو ڕۆژگاریان، بۆ پەند لێ وەرگرتن و بۆ خوشی و خۆش ڕابواردنی نێوانیان پەنایان بۆ ئەبرد**)) [١]

جگە لەوەی بە گوێگرتن لە چیرۆک شەوانی درێژی زستانیان پێ بەڕێدەکرد، لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێک وانەو پەندو ئامۆژگاریان لێ دەبینی، بۆمان ڕوندەبێتەوە کە لەکاتی خۆیدا (( **گێڕانەوەی هەقایەت بەزۆری شەوانی زستان بوو، یاخود لەشەوانی مانگی ڕەمەزاندا لە دوای نوێژی تەراویحان پێشکەش دەکرا**)) [٢] بەهۆی ئەوەی جوتیار لەوەرزی زستاندا بێ کار دەبوون و شەوانی زستانیش بۆ خۆی درێژە ماوەی گێڕانەوەی چیرۆک دەبوو، هەروەها لەمانگی ڕەمەزانیشدا خەڵکی زیاتر خەریکی خواپەرستی و هاتوچۆی مزگەوت دەبوون.

سەبارەت بە گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ، ئەوەی هانیان دەدا، کەزیاتر گوێ بۆ گێڕانەوەی چیرۆک بگرن،خۆشەویستیانە بۆ چیرۆکگێڕەوە، منداڵ لەوکاتەی کە چیرۆکی بۆ دەگێڕدرێتەوە حەزدەکات کەسی چیرۆکگێڕەوە باسی چیرۆکێکی بۆبکات، بیخاتە نێو دونیای خەیاڵ، سەرئەنجامیش خۆشی و پێکەنین بخاتە سەر لێوی و پاشان، بە دڵخۆشیەوە بکەوێتە خەوێکی خۆشەوە،لەبەرامبەریشدا چیرۆکگێڕەوە هەوڵدەدات سەرنجی منداڵەکە بۆلای خۆی ڕابکێشێت و وای لێ بکات، تەنیا چاوی لەسەر ئەو بێت هەروەها جۆرە جوڵانەوەیەک بکات کە پێشتر منداڵەکە نەیبینیوە.

---

١- محمد رەحیم رمچان، منداڵ و چیرۆکی منداڵان، لا٥٨.

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : دەستنوسێکی بڵاونەکراوەیە، لە ئەرشیفی پارێزەر تارق جامباز وەرگیراوە، ئەویش لەکاتی خۆیدا داوای لە کەریم مستەفا شارەزا کردوە کە لەسەر (هەقایەتخوانی) کە ئێمە لەتوێژینەوەکەماندا پێی دەڵێین (چیرۆکگێڕەوە) بابەتێکی بۆ بنوسێ، سەرئەنجام لە ١٩٨٩/٩/٢٤ ئەم بابەتەی بۆ نوسیوە، کە لە ٣ لاپەڕە پێکهاتووە.

## جۆرەکانی چیرۆکگێڕانەوە

بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، سێ ڕێگای چیرۆکگێڕانەوە هەیە، کە چیرۆکگێڕەوە گێڕانەوەی پێ ئەنجام بدات ئەوانیش:

**١- ڕێگەی ڕاستەوخۆ.**
**٢- ڕێگەی خود گێڕانەوە.**
**٣- ڕێگای بەڵگەنامەکان (دیکۆمێنت)** [١].

ڕێگای ڕاستەوخۆ: چیرۆکگێرەوە، لەدەرەوەی ڕووداوەکانەو زانیاری لەسەر تێکڕای بەسەرهات و کارەکتەرەکان هەیە و شوێنی بزرە لەناو ڕووداو و بەسەرهاتەکان، بەڕاناوی کەسی سێ یەمی تاک (ئەو) قسە دەکات، زانیاری لەتێکڕای کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە زیاترە، سەبارەت بەچیرۆکی منداڵانیش ئەم ڕێگایە لەهەموو ڕێگاکانی تر بەربڵاوترە کە زۆربەی چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی منداڵانی کورد بەم ڕێگایە گێڕدراونەتەوە، واتا چیرۆکگێرەوەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ گێڕانەوەکەی ئەنجام داوە بۆیە زۆرتریش لەمنداڵان نزیکە، چونکە **((ڕووداو و وێنەکان لەزەینی منداڵاندا نزیک دەکاتەوە))** [٢]. ڕێگای خودگێڕانەوە: تێیدا چیرۆکگێرەوە لەناوەوەی ڕووداوەکانەو گێڕانەوەکە لەسەر زاری ئەو دەگێڕدرێنەوە، کە بە زۆریش خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، ئاستی زانیارییەکانی یەکسانە بەزانیاری کارەکتەرەکانی تری نێو چیرۆکەکە، بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسە دەکات. ئەم ڕێگایەش لەچیرۆکی منداڵاندا بەکارهاتووە، جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕێگاکەی پێشوو ئەوەیە، کە لەم جۆرەیاندا هەندێ جار منداڵ بەشداری پێ دەکرێت لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و پێشبینی کردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، ئەمەش ڕیگا خۆش دەکات کەخۆیان هەوڵی بەدەست خستنی زانیاری بدەن و بەشدار بن، نەک کەسێکی دوورە پەرێز و تەماشاکەر.

---

١- احمد عبدالمجيد خليفه الدندراوی (د)، أدب لأطفال فی العالم العربی، دار الهداية، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٣، ص١٩٠.

٢- هیمداد حسین(د)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، لا١٦٥.

ڕێگـای بەڵگەنـامە: ڕێگـای یاداشـتی ڕۆژانەیە، کە بەڕێگـای سـێیەم ناسـراوە، ئەگەر چـی ئەم ڕێگایە پەیوەندی بەبابەتەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام وەکو بەرچاو ڕوونییەک ئەم ڕێگایە زیاتر چیرۆکنـووس هەوڵ دەدات سـوود لەو بەڵگەنـامە و دیکۆمێنـت و وتـارانە ببینێت و بیانکـاتە کەرەسـتەیەک و چیـرۆکەکەی لـێ دروسـت بکـات. لەچیرۆکـی منداڵانـداو ئەوەی کە کـاری گێـڕانەوەی پـێ ئەنجـام دەدرێـت زیـاتر دوو ڕێگـاکەی پێشـوون، کە بەڕانـاوی (ئەو) و (مـن) کاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدەن، چونکە لەکاری گێڕانەوەدا، بیر و هـزر و لێکدانەوەی منداڵ جیـاوازە لە گەوران و بـۆیە زیـاتر ئەو چیرۆکـانە، بەم دوو ڕێگەیە گێـڕدراونەتەوە تـا منـداڵ لەکاری گێڕانەوەی چیرۆک وەڕس نەبێت.

## سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە

سـەرەتای سـەرهەڵدانی گێـڕانەوە، لەژیـانی مرۆڤایەتیـدا، بەپێـی قۆناغەکـانی ژیـان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتا هەر لەوکاتەی مرۆڤ لەسەر زەوی خۆی دۆزیوەتەوەو ژیاوە گێـڕانەوەش هەبـووە، بەڵام بەمشـێوە هـونەرییەی ئێسـتا نەبـووە، بەڵکـو گێـڕانەوە تەنیـا ئەو قسـەوباس و خواسـانەی لەخـۆ گرتـوە کە ڕۆژانە مرۆڤەکـان لەنێـو خۆیانـدا ئەنجامیـان داوە، سەبارەت بەسەرهەڵدانی زاراوەی گێڕانەوە

**((ئەم زاراوەیە لاتینیە و ڕەگ و ڕیشەی بۆ یۆنانیە کۆنەکان دەگەڕێتەوە بەتـایبەتی بۆ سەردەمی ئەفلاتون(٤٢٨-٣٤٨) ، ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢)پ.ز))** [١]

بەڵام هەنـدێکی تـر پێیـان وایە گێـڕانەوە، مێژوویەکـی کـۆنتری هەیەو سـەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ((**سەدەی (١٧) پ.ز**)) [٢] ئەگەرچـی بەڵگەی تەواو لەژێر دەست نین ، بەڵام دیارە کە ئەم زاراوەیە زۆر لە پێشتریش هەبووەو لە سەردەمی ئەفلاتـون و ئەرسـتۆوە وەکو

١- یان مانفرید، علم السرد (مدخل الى نظريه السرد)، ت: أمانى أبورحمه، مطبعه دار نينوى، دمشق- سورية، ٢٠١١، ص٥٣.

٢- احمد رحيم كريم الخفاجي، المصطلح السردى فى النقد الأدبى العربى الحديث، ص٢٤.

زاراوەیەکی ڕەخنەیی دەرکەوتوە، بەڵام وەکو کارپێکردن و بەکارهێنان ئەوا مێژووەکەی بۆ سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بەبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و قسەکردن و زانینی زمانێک بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ و توانای گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ڕۆژ، ڕاو و بۆچوونی جیا هەیە، لە نێو ئەو ڕایانەشدا دابەش بوونێک هەیە ئاخۆ مرۆڤ کاتێک لەسەر زەوی حۆی دۆزییەوە زمانی دەزانی؟ واتا دەیزانی قسەبکات و ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕۆژانەی بگێڕێتەوە؟دەیانتوانی لەنێو خۆیاندا وتوێژ بکەن و لەیەکتری بگەن؟

لێرەدا دوو ڕا دەخەینە ڕوو.

لە یەکەمدا بەپێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە بەڵگەیەکی تەواو و یەقین و چەسپاوە ئەوەیە کە **(( شانازی پەیدابوونی زمانی ئادەمیزاد دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە زمان وەحییەکی خواییەو هاتۆتە خوارەوەو خەڵکی فێری قسەکردن و ناوی شتان کردووە))** [1]

هەر بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: **((وعلم ادم الاسماء کلها.......))**[2]ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروست کردووە فێری زۆر شتی کردووە لەوانەش، زمانی قسەکردن و وتوویژو گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی ڕۆژانە، هەروەها خوای گەورە لەزمانی (ئادەم) پێغەمبەرەوە بۆمانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: **((قالا ربنا ظلمنا انفسنا وان لم تغفرلنا وترحمنا لنكونن من الخسرين))** [3]لێرەدا قورئان، وەکو بەڵگەیەک، یاخود وەکو گەواهیدەرێک ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە لەدوای ئەوەی خوای گەورە ئادەم و حەوای لەبەهەشت دەرکرد و نیشتەجێی سەر زەوی کردن، لەبەرامبەر ئەم کارەیاندا ئادەم و حەوا داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەن بەوەی کە بێ ئەمری ئەویان کردووەو فەرمانی ئەویان شکاندووە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کەسەرەتا

---

١- عبدالواحد الوافی (د)، زانستی زمان، وەرگێڕانی: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (د)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٧، ل١٢٤.

٢- القران الكريم، سورة البقرة، أية٣١.

٣- القران الكريم، سورة الأعراف، أية٢٣.

خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە زمانیشی پێ بەخشیوە تا ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خۆی پێ بگێڕێتەوەو کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێکبخات، هەر بۆیە ئادەم و حەوا بەزمانی خۆیان داوای بەخشینیان لە خوای گەورە کردووە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕاست و دروستە کە سەرەتا مرۆڤ زمانی زانیوە هەروەها ئەوەی کەدەشیبینێ لەکاتێکی تردا بیگێڕێتەوە، ئەمە لەدونیای ژیانی مرۆڤایەتیدا هەنگاو بەهەنگاو پێش دەکەوێ، زمانەکەش دەوڵەمەند دەبێت و توانای گێڕانەوەشی باشتر دەبێت، بەڵام لەبەرامبەرداو بەپێی تیۆری زانایانی دونیای ماتریالیزم بڕوایان تەنیا بەشتە هەست پێکراوەکانەو پێیان وایە کە زەوی ئەوەتەی مرۆڤی لەسەر دەژی هەیە بڕوایان بەهێزێکی شاراوە نیەکە ئەم گەردونەی ڕێکخستبێت، ئەمەش تەنیا لەسەر بنەمای گریمانە ئەم قسانە دەکەن، ئەگەر نا هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروستیان پێ نیە بەڵکو ئەوان لەڕێگەی (٥)هەستەکەی مرۆڤەوە لێکدانەوە بۆ تەواوی ژیان دەکەن هەر لەم بارەیەوە کانتی فەیلەسوف زۆر **((لەئاستی دۆزینەوەی ڕاستەقینەی ئەودیو فینۆمینەوە ڕوناک بین نیە، لەو باوەڕەدایە مرۆڤ خاوەنی ئەو دەسەڵاتەی زانینە نیە تاکو نۆمینە بناسێت)).** (١)

ئەمان زیاتر بڕوایان وایە سەرەتا مرۆڤەکان زمانێک نەبووەکەگوزارشتی پێ بکەن، بەڵکو بۆ ڕایی کردنی ژیانی ڕۆژانەیان جا ئیتر ئەوەی دەیبینین، یاخود دەیبیستین سەرەتا هەر بەئاماژەو جوڵەی تایبەتیەوە واتا بەڕێکەوت فێری زمان و دەربڕین بوونەو کاری گێڕانەوەیان ئەنجامداوەو یەکترییان تێگەیاندوە، ئەمەش تەنیا لە قسیەکی بێ بەڵگە زیاتر هیچی تر نیە، چونکە زانست تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم ڕاستیە بسەلمێنێت، هەر بۆیە فەیلەسوفی یۆنانی (دیموکرات) بڕوای وایە، کە**(( زمان بە داهاتن و دروستکردن و بەڕێکەوتن لە خۆوەو بە دانان پەیدا دەبێ))** (٢) واتا مرۆڤەکان هەر لەڕێگەی هەستی بینینەوە ئەوانەی دەوروبەریان، وەکو فۆرمێک بینیوەوناسیویانە پاشان بەپێی گۆڕانی قۆناغەکانی

---

١- محمد کەمال (د)، فینۆمینۆلۆجی، چ/ بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، لا١٥.

٢- عبدالواحد الوافی (د)، زانستی زمان، وەرگێڕانی: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (د)،لا١٢٥.

ژیـانی مـرۆڤە سـەرەتاییەکان هەسـتی گـوێگرتن لایـان کامـڵ دەبێـت و دەتـوانن ئەوەی، کەلەژیـانی ڕۆژانەیانـدا گوێیـان لێـی دەبێت و دەبینـین بیگێـڕنەوە، ئەگەرچـی لەچوارچێـویەکی سادە، بۆیە دەبینین مرۆڤەکـان ((**کاتێ لەڕاو وشـکار گەڕاونەتەوە بۆ نـاو ئەشـکەوتەکان و دەستیان کردووە بە وێنەکێشانی ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانەی کەلێیان ترساون یان هۆگریان بوون))**. [١]یاخود کوشتویانەو خواردویانە.

بەبڕوای ماتڕیالیەکان، وێنە و ڕەمز و هێما پێش زمان دەکەوێ، کە ئەمـیش هەڵەیەکی زەقە و هیچ بەڵگەیەکی زانستییان نیە، بەڵام دواتـر بەهـۆی فێربـوونی زمـان و فێربـوونی هێمـا و ئاماژە و زمانی جەستە، کاری گێڕانەوە لای مرۆڤەکان زۆر ئاسانتر دەبێت، زمـانی جەسـتە و هێمـا و وێـنە بـۆ خـۆی کـارێکی قورسـە بـۆیە سـەرەتا مـرۆڤ فێـری زمـان بـووە ئینجـا توانیویەتی بەوێنە و ئاماژەو ڕەمز گوزارشـت بکـات لەو ڕوداوانەی کە سـەرنجیان ڕاکێشـاوە، چونکە مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا نوسینیان نەزانیوە بۆیە پەنایـان بـردووەتە بەر وێـنە کێشـان و نەقش و هەڵکۆلین.

لەئەنجامـدا بۆمـان ڕوونـدەبێتەوە کەبەپێـی ئایەتەکـانی قورئـان کە فەرمـودەی خـوای گەورەن مرۆڤەکـان زمانیـان زانیـوەو لەمبارەیەشـەوە حەزرەتـی ئـادەم و دایکە حەوا بەڵگەی دروستن، بەڵام ڕاو قسەی تیۆرییەکان زیاتر لە کۆمەڵێک گریمانەو قسەی بێ بەڵگە هیچـی تـر نین.

سـەبارەت بە گێـڕانەوە لای میللەتـانی ڕۆژهەڵات، بەتـایبەتی لای میلەتـانی زمـان هیندۆی ئەوروپی، ئەوا زوو گەشـەی کردووە و سـەریهەڵداوە، چـونکە ئەمـان دوای ئەوەی لە قۆناغی ڕاو و شکاری و شوانکاری دەربازبوون، کشتوکاڵیان داهێنـاو گونـدیان دروسـت کـرد، بەمەش مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی خۆیان پێکەوە ناوە ئیتر مرۆڤەکـان کە لەمـاڵ دەردەچـوون بەدرێژایـی ڕۆژ ئەوەی بینیبویـان ئێـواران دەیـانگێڕایەوە، کەواتە گێـڕانەوە هەنگـاوێکی تـری

---

١- پەری ساڵح موفتی(د)، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد اسماعیل دا،لا١٠.

بـڕی و چـووە قۆنـاغێکی نوێـووە بەوەی مرۆڤەکـان ئەم ڕوداو و بەسـەرهاتانەیان لەشـێوەی داستان و چیرۆک و سەربردە دروست کردو وایان لێکرد تەکانێکی تر بدەنە کاری گێڕانەوە، ئیتر سەرزاری نەقڵ بێت لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و لەوڵات و شوێن و مەملەکەتێکەوە بۆ یەکێکی دی، بۆیە دەبینین داستانی هیندی و سۆمەری و چینی ئەو ژانرە ئەدەبیەیە کە پانتـاییەکی زۆری لە دونیـای میلەتـانی ڕۆژهەڵاتـدا گرتـووەو پشـتی بەهێـزی ئەم ژانـرەش گێـڕانەوەیە، بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە کە خـاوەنی کـۆنترین ئەدەبیـاتی گێـڕانەوە میللەتـانی ڕۆژهەڵاتـن، ئەگەرچـی فۆلکلـۆر و ئەفسـانە و ئەدەبیـاتی میللیشـیان بەهەمـان شـێوە سـوودی لەهونەری گێڕانەوەوە وەرگرتووە و بەردەوام بووە .

## سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە لای کورد

گێڕانەوە لای کـورد، مێژوویەکـی دێرینـی هەیە، هەڵکەوتەی شـوێنەکەی لە جوگرافیـای ناوچەکە و بوونی دەیان شوێنی مێژوویی، بەڵگەی بـوونی ئاوەدانی و ژیانی بەردەوام بـووە، ئەشـکەوتی شـانەدەر هەر لە زووەوە بەدەیـان هەزار سـاڵ مـاڵی ئـاوەدانی مرۆڤـی نیادەرتـاڵ بووە، واتا لەدەمی ئەو ئەشکەوتەوە، ژیانی مرۆڤایەتی و شارستانیەت سـەری هەڵداوە، کورد خـاوەنی فەرهەنـگ و کەلتـوور و فۆلکلـۆرێکی دەوڵەمەنـدە، هەر ئەمەشـە وایکـردووە کە ڕۆژهەڵاتناسـان زۆر بە وردی کـاری لەسـەر بکەن و نهێنیەکان ئاشکرا بکەن، بۆیە بەشـێکی زۆریـان باوەڕیـان وایە، کە ((**کـورد لە چیـرۆک و ئەفسـانەی کۆنـدا زۆر دەوڵەمەنـدە، بەڵام کۆنەکراوەتەوە و نەنوسراوە هەر شتێک هەبووە هەر دەما و دەم گێڕدراوەتەوە**)) [١] ئەمە بەڵگەیەکـی دروسـتە بـۆ دەوڵەمەنـد بـوونی کەلتـوور و ئەدەبیـاتی کـوردی، ئەگەرچـی سـەرزاریش بـێ یـاخود دەمـاو دەم گێـڕدرابێتەوە، هەرچەنـدە فۆلکلـۆری کـوردی لەچەنـد فـۆرمێکی جیـاواز پێکـدێ، بەڵام بەزۆری گێـڕانەوە ڕەگەزێکـی سـەرەکی ئەو فۆرمـانەیە، کە هەریەکەیان بەشێوە تایبەتیەکەی خۆی مینۆڕسکی دەڵێت: ((**لای ئاشوورییەکانی چیا گۆرانی**

---

١- عەلائەدیینی سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات کردستان، سنندج، ایران، ١٣٩١، ل١٢٣.

**کوردی وتن و چیرۆکی کوردی گێڕانەوە بووەتە عادەتێکی گشت لایێ))** [١] ئەدەبی کوردی بەدەم گێڕانەوەوە سنووری جوگرافیای کوردستان دەبەزێنێت و دەچێتە لای میلەتانی تر و دەبێتە جێی سەرنج ڕاکێشانیان، هەروەک گەزنەفۆن باسی دەکات، کاتێک بە هونەری هەڵاتن لەدەستی کوردەکان ڕزگاریان دەبێت و دەڵێت:

**((دواجار ئێوارەیەکی ڕۆژە پایزییەکان لەخوارەوەی خۆمان لەقەراغ ڕوباری (سان تری تس- خابور) خۆمان بینی هەناسەیەکی خۆشیمان هەڵکێشا و چونکە خواردنێکی زۆرمان هەبوو شەو بەچاکی و خۆشی و گوتن و بیستنی ئەفسانە لەبارەی کوردەکانەوە ڕۆژمان کردەوە))** [٢]

گەورەیی ئەفسانە و فۆلکلۆر و دەوڵەمەندی فەرهەنگی کوردی، گەزنەفونی یۆنانی و خەڵکی یۆنان سەرسام دەکات و وایان لێ دەکات لەنێوانی خۆیان و لەدانیشتنەکانیاندا باسی بکەن، بەڵام ئەوەی ئەم کارەی گەورەتر و جوانتر کردووە گێڕانەوەیە، چونکە بە گێڕانەوە ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەندییەکەی لەخاکی کوردستانەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناو وڵاتی گریک، ئەگەر گێڕانەوە نەبێت ئەوا کەس ئاشنای ئەم جوانی و ئستاتیکایەی فەرهەنگی کوردی نەدەبوو، هیچ کاتێک کورد لەڕووی پێشکەوتنی بابەتی میللی و فۆلکلۆری دواکەوتوو نەبووە، بگرە زۆر پێشکەوتووشن لەچاو هەندێ لەو وڵاتانەی دراوسێ کاری گێڕانەوە لای کورد ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تا مێژوویەکی نزیک بەیەک شێوە نەبووە، بەڵکو گێڕانەوە **((لەناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردی، مێژوویێکی کۆنی هەیە و بەچەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە))** [٣]بەڵام زۆر بەدرەنگی گەوهەری ئەم چەمکە ڕەخنەییان بۆ دەرکەوتوەو لە نرخ و بەهاکەیان زانیوە، کەمتریش سودیان لێ بینییوە هەروەک لە(( **چیرۆکی گوێ ئاگردان و چیرۆکی پەند ئامێز و تەنانەت**

---

١- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی سێ یەم، هەولێر، ٢٠١٠، لا١٤.

٢- مەولود ئیبراهیم حەسەن، گەران بەدوای نەمری دا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، لا٨١.
٣- محسن ئەحمەد عومەر(د)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،٢٠١٢، لا ٢٤١.

**چیرۆکی منداڵان و دڵداری و ئەمانەش لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی عەقڵی کوردەواریدا پەرەی سەندوە))** [١].

کوردیش وەکو نەتەوە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، قۆناغەکانی ژیانی لە ڕاووشکارییەوە گۆڕاوە بۆ شوانکاری و پاشان بۆ زەمەنی دروستکردنی گوند و کشتوکاڵ کردن بەپێی دیکۆمێنتە مێژووییەکان یەکەم گوند کە شۆڕشی کشتوکاڵی تێدا کراوە گوندی (چەرمۆ) بووە دەکەوێتە نزیک چەمچەماڵ، گێڕانەوەش لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا مۆرکی ئەو سەردەمەی لەسەرە، بۆیە دەبینین کورد لەسەردەمی گوندنشینیدا پەرەیەکی تر دەدا بە گێڕانەوە، چونکە ئەوەی لە ژیانی ڕۆژدا دەیبینێت ئێواران یاخود لەکاتی بێ کاریدا دەبێتە قسەو باس و خواسی مەجلیس و دیوەخانی پێ گەرم دەکرا، جا ئەوەی دەگێڕدرایەوە ڕووداوی ڕاستەقینە بێت یاخود ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەن کەبەشێوەی سەرزاری مابونەوە، هەندێ جاریش لەنێو ئەو دانیشتنانەدا منداڵانیش دادەنیشتن و گوێیان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتی چیرۆکگێڕەوە دەگرت، ئەگەرچی کورد گێڕانەوەی بەشێوەیەکی سادە و ساکارانە کردووە، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ لەناو فۆلکلۆرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوەو بەکاری هێناوە، گێڕانەوە بەتەنیا بەگێڕانەوەی قسە و بەسەرهات و ڕووداو و چیرۆک و داستان و شیعر نەوەستاوە، بەڵکو دایک کاتێک منداڵەکەی دەخەوێنێت جۆرە لایلایەکی بۆ دەکات، کە لەهەناویدا کۆمەڵێک وشە و ڕستەی جوانی تێدایە، کە دایکەکە بۆ ئەوەی منداڵەکەی بخەوێت ئەوا دێت **((لەناو ئەو دونیا پڕ لە میهرەبانی و ئارامی و سۆزی خۆیەتی لەخۆشەویستی یاخود دەرد و مەینەتیەکانی بۆ کۆرپەکەی دەڵێ و دەگێڕێتەوە))**[٢] جا ئەوەی دایکەکە دەیگێڕێتەوە، لەشێوەی لایلایە حەتمەن بەسەرهاتێک یاخود ڕووداوێکە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاهەنگی ڕیتمدار وئاوازدار، کە وابکات منداڵەکە بە ئاسودەیی بخەوێت، ئەم کارەی دایک

---

١- زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی (شێوە و شێواز و بونیاد)، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، لا٣٧٥.

٢- شوکریە ڕەسول (پ.د)، نرخ و بەهای لایلایەی دایک لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢، لا١٠.

مێژوویەکــی کــۆنی هەیە، هەروەک چــۆن گەوران گــوێ لە چیرۆکگێــڕەوە دەگــرن بــۆ چیرۆکەکەی، ئەوا منداڵیش لەڕێی گوێ لێ بوونی ئەو لایلایەوە کە دایکەکە بۆی دەکات و ڕۆژانە وەکو چیرۆکێک بۆی دەگێڕێتەوە منداڵەکە دەچێتە خەوێکی خۆشەوە، بۆیە گێڕانەوە لای کورد جۆری هەبووە بۆ منداڵی ساوا، بۆ منداڵ و مێرد منداڵ، بۆ گەوران، وەنەبێت گێڕانەوە تەنیا لەسەر ڕووداو و بەسەرهاتی ڕاستەقینە چڕ بکرێتەوە، بەڵکو بۆ چیرۆکی ئەفسانە و خورافی و دێو درنج و شتی لەم جۆرەش دەکرا، بەڵام ئەوەی کارەکە جوانتر دەکات ئەوەیە کە چیرۆکگێڕەوەی سەرکەوتوو **((دەتوانێ چاو و گوێی و دڵی گوێگر بەزار و دەمی خۆیەوە وەنوسێنێ، ئەویش بەهونەری گێڕانەوە و دەنگ و جوڵەی دەست و پاراوی زمان و وەسفی ڕون و زمانی شیرین))** (١)

بارتەقای گرینگی گێڕانەوە ئەوەیە، کە چیرۆکگێڕەوە بتوانێت لەڕێگەی گۆڕینی تۆنی دەنگ و گۆڕانی دەم و چاو و هەڵچوونی دەروونی لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە، سەرنجی گوێگر بۆلای خۆی کێش بکات و بیخاتە ئەو دونیا خەیاڵاویەوە،کە چیرۆکگێــڕەوەکە ســازاندوویەتی، واهەســت بکــات بەشــێکە لە چیــرۆکەکە و یەکــێکە لەکارەکتەرەکان،پێش ئەوەی چیرۆکگێڕەوە دەست بکات بە گێڕانەوە، پێویستە تەواو خۆی ئامادە بکات نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە لەزەمانی کۆندا **((مەبەستی سەرەکی گێڕانەوە ئەوەبوو کەچی دەگێڕایەوە و بۆ کێی دەگێڕایەوە))** (٢) ئیترشێوازی گێڕانەوە وردە وردە لەو قۆناغە سادەیەی خۆی دەرچوو چ وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، چ لەو شوێنەی، کەکاری گێڕانەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرا.

دوای ئەوەی چیرۆکگێڕەوە دەچێتە دیوەخانی (خان و بەگ و میرەکان) ئیتر شێوەی گێڕانەوە و شوێنی دەگۆڕێت و هەندێک لەو ئاغا و میرانە چیرۆکگێڕەوەی تایبەتی خۆیان

---

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن، قەدەغە شکێنی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٩١.

٢- زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی (شێوە و شێواز و بونیاد)، لا٣٧٨.

هەبـووە و تەنیـا کارێکیـان ئەوە بـووە کە چیرۆکیـان لە دیوەخـان بـۆ بگێـردرێتەوە ((**هەر ئاغایەک دانگەملکێک، کۆنە دیوەخانێک، قوڵە بارگینێک، کەچە زینێک، پیرە تاژییێکی هەبایە، خۆشخوانی ڕادەگرت کە شـەوانە لە دیوەخـان بەیت و بـاوی بۆ بڵێ لەوەختـی نووسـتندا حیکایەتی بۆ بکا))** [١]

ئەم قۆناغەی ژیانی کوردەواریش ئەوە دەردەخات، هەروەک چۆن ڕۆژانە خەڵکی دێ هەمـوو سـەپان و نـۆکەر و بێگـاری ئاغـا بـوون و لەخزمەتیـدا بـوون، شـەوانیش دەبـێ دیوەخانیان بۆ گەرم بکردایە و وجودیـان هەبوایە لە حزوری ئاغـادا، چیرۆکگێڕەوە هەمیشـە بەچانس تر بووە لەچاو کوێخا و سەرکار و پاڵەو خوڵامکاری ئاغا، چونکە دەیتوانی، یاخود

**((هەقی بوو لەدیوەخان لەسەر چۆک دابنیشێ، خەنجەر بچەقێنێ و دەگەڵ مام میرزا لەسەر یەک سینی دادەنیشت و بەرماو خۆر نەبوو))** [٢]

ئیتـر ئەم بـایەخەی چیرۆکگێڕەوە لەدیوەخـان و کـاری گێڕانەوە درێـژەی هەبـوو بـۆ چایخـانە و قاوەخانەکـان تـا جەنگـی جیهـانی یەکەم، واتـا تـا ئەو کـاتەی بەچـاوێکی گەورە و بەهێزەوە تەماشای فۆلکلۆر دەکرا و سوود و لەزەتی لێ دەبینـرا، بەڵام دوای جەنگـی جیهـانی یەکەم ئیتر ڕۆڵی گێڕانەوە چووە قۆناغێکی تر و چیرۆک گۆڕانی گەورەی بەسـەردا هـات، لەو قۆنـاغە کۆن و سـادەیەی خـۆی نەمـایەوەو گۆڕاو بەر شـەپۆلی گۆڕانکـاری ئەورووپـی کەوت، کە ئەدەبیاتی ناوچەکەی گرتبویەوەو پێی کاریگەربوون.

پـــاش ئەوەی تەکنۆلۆژیـــاش پێشـــکەوت و هۆیەکـــانی ڕاگەیانـــدن، وەک قەوان و ڕادیۆ....هتـد پەیـدابوون بەتـایبەتی((**گرامـافۆن لەقاوەخـانەی شـارو دیوەخـانی ئاغـا**)) [٣] دەرکەوت و گڵـۆڵەی عـومری چیرۆکگێـڕەوە و کـاری گێـڕانەوەی خسـتە لێـژی، گێـڕانەوەش

---

١- ئۆسکارمان،تحفەی مظفریە، پێشـەکی و سـاغکردنەوە و هێنـانە سـەر ڕێنوسـی کوردی هێمن موکریـانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ٢، ٢٠٠٦، هەولێر، لا١٤.

٢- سەرچاوەی پێشوو،لا١٤.

٣- ئۆسکارمان،تحفەی مظفریە، پێشەکی و سـاغکردنەوە و هێنـانە سـەر ڕێنوسـی کوردی هێمن موکریـانی ، لا١٧

لەسەر شێوە سادەکەی خۆی نەمایەوە و گۆڕانی بەسەردا هات و جۆری چیرۆکگێڕەوەش دابەشی سەر سێ بەشی سەرکی بوون، ئەوانیش: چیرۆکگێڕەوەیەک **((لەسەر زمانی نوسەرەکە خۆیەوە.... لەسەر زمانی یەکێک لەکەسانی چیرۆکەکەوە... لەشێوەی نامەنوسیندا))**[١].

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد گێڕانەوەی چیرۆک لەزەمەنی ڕابردوودا، گێڕانەوەیەکی سادەو ئاسۆیانە بووە، واتا کاتێک چیرۆکگێڕەوە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکرد، لەسەرەتاوە دەستی پێ دەکرد تا دەگەیشتە لوتکەو پاشان بەرەو کۆتایی، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاریەکان کە بەسەر ئەدەبی ناوچەکەدا هات، کاری لەسەر ئەدەبی کوردیش کردو شێوەی گێڕانەوەکە وەک شێوە کۆنەکەی جاران نەما و چیرۆکنووس بۆی هەبوو پێش و پاش بەو گێڕانەوەیە بکات و زنجیرەی ڕووداوەکانی لێک هەڵوەشێنێتەوە، ئیتر بەمشێوەیە گێڕانەوە هەروەک ستایلی ئەوروپی درێژەی دا بەگێڕانەوە و بەردەوام بوو تا ڕۆژگاری ئەمرۆ.

لەگەڵ سەرهەڵدانی چەند ڕەگەزێکی تر لەناو گێڕانەوە وەک (وەسف، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ) کە ئەمانیش ڕۆڵی گێڕانەوەیان باشتر و جوانتر کرد وایان لێکرد کە باندۆری گێڕانەوە لەسەر (وەرگر) باش دەربکەوێت و کاریگەری خۆی لێ بکات کەشایانی بەرزی گێڕانەوەکە بێت، وەکو هونەرێکی دێرین.

---

١- حسەین عارف، نوسینەکانم لەبواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا (وتارو لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١،ل١٦٧

## پاری دووەم: فۆلکلۆر

هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە وەک پاشماوەیەک لە زەمەنێکی کۆندا بۆمان ماونەتەوەو تا ئێستاش سودیان لێ دەبینرێت، بوونی ئەم پاشماوانە زیرەکی و ئازایەتی و لێهاتوویی مرۆڤەکانی ئەو دەمە نیشان ئەدات کە بۆ ژیانی خۆیان ئەوپەڕی توانای عەقڵی و جەستەییان خستۆتە کار، بەرهەمی سەرزاریش ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەی ژیان بووە کە مرۆڤەکان تێیدا بوون و بەزیرەکانە ژیانی ئەو سەردەمەیان بۆ گواستوینەتەوە.

فۆلکلۆر زاراوەیەکی زانستیە لەزمانی ئەڵمانیەوە وەرگیراوە، وشەی فۆلکلۆر لەدوو بڕگە پێک هاتووە: (Folk) بەمانای خەڵک، یان گەل دێت، (lore)یش ، کە بڕگەی دووهەمە بەمانای چیرۆک، زانست، ژیری، هونەر دێت، بۆیە بڕوا وایە کە فۆلکلۆر بەهەموو ئەو سامان و کەلەپورە کۆنانە دەڵێن، کە بەدرێژای مێژوو دەست کرد و دروست کراوی خەڵکی بوون، جا ئەو بەرهەمانە سەرزاری بن، یاخود بەرهەمی دەستی و شان وباڵ و بازوی مرۆڤەکان بن.

سەرەتای کارکردن لەبواری فۆلکلۆردا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە سەرەتاییەکانی هەردوو برا **((یاکوب گریم و ولیەم گریم))** [(١)] کە چەندین بابەتی فۆلکلۆریان کۆکردەوەو لەدوو توێی چەند کتێبێکدا لەساڵی ١٨١٢ بڵاویان کردەوە ئەگەرچی ئەوان لەبری وشەی فۆلکلۆر وشەی**((volkskunde..ڤۆڵکسکۆندە))** [(٢)] یان بەکارهێناوە، هەر بۆیە زانایانی بواری فۆلکلۆرناسی لەو باوەڕەدان، کە وشەی فۆلکلۆر وەرگێڕدراوی وشەی (ڤۆڵکسکۆندە)ی ئەڵمانی بێت، کەبەمانای **((ژیری گەل یاخود داستانی میللی یان ئەفسانەی میللی))** [(٣)]دێت.

---

١- دورسن (د)، نظريات الفلكلور المعاصره، ت: محمد الجوهرى (د)، (حسن الشامى) (د)، مطبعه بورسعيد، الأسكندريه (مصر)، ١٩٧٢، ص١٢٠.

٢- عبدالحميد يونس (د)، معجم الفلكلور، مطبعه الهيئة المصريه العامة للكتاب، مصر، ٢٠٠٩، ص٤٠٦.

٣- ئەحمەد حەیران، فۆلکلۆر لەنێوان چەمک و زاراوەدا،گ / کاروان، ژ٢٣٥، لا ٤١.

ئەم دوو بـرایە بەکارەکانیـان لەسـەر ڕۆشـنبیری میللـی و کەلەپـوری میللـی، کـاریگەریەکی زۆریان بەسەر زانا و نووسـەرانی وڵاتـانی وەک ڕوسـیا و فەرەنسـا و وڵاتـانی ئەسکەندەناڤیا جێهێشت و وایانکرد ئەوانیش چـاو لەکارەکـانی ئەمـان بکەن و دەست بکەن بە کۆکردنەوەی بەرهەمی سەرزاری کۆنی وڵاتەکانیان و لەسەر هەر کتێبێک ناوێکیان لێ دەنا تا ڕۆژی

**((٢٢، ئابی ساڵی ١٨٤٦ شوێنەوارناسی بەناوبانگی ئینگلیزی ویلیەم جۆن تۆفر لەپێشنیارێکدا بۆ گۆڤاری ئەپینیۆم (Atheneaum) داوایان لێ دەکات لەبری وشەی عادات و تەقالید و خورافیات وشەی فۆلکلۆر بەکاربهێنن))** [١]

تـا ئەم ڕێـکەوتە وشـەی فۆلکلـۆر نەبیسـترا بـوو تـا ئەو کـاتەی ولـیەم جـۆن تـۆمز ڕاینەگەیاند ئینجا وردە وردە وشەکە بڵاوبوویەوە بە وڵاتان و وایلێهات، کە بۆ یەکەمجار

**((لە زانستگەی هەلسنکی لەساڵی ١٨٨٨دا، دانی پێدانرا کە زانستێکی سەربەخۆیە و چەسپی ناو بەرنامەکەی کرا، هەروەها لەزانستگاکانی سوێد، نەرویج، دانیمارک، ئەڵمانیا، بەلجیکا، نەمسا یوگسلافیا، ڕۆمانیا، ڕوسیا، کەنەدا، ئەمریکا، دانی پێدانرا بەم جۆرە بەهەموو وڵاتێکی جیهاندا بایەخێکی تەواو دەدرێت بەکەلەپوری نەتەوایەتی))** [٢].

خوێندنی فۆلکلۆر لەزانستگاکانی ئەوروپا دەرگای لەسـەر وشـەی فۆلکلـۆر واڵا کـرد، تـاوەکو وەک زاراوەیەکـی زانسـتی بناسـرێت، هەنـدێک لەزانایـان و فۆلکلۆرناسـان لەو باوەڕەدان کە **((پەیدابونی زانستی فۆلکلۆر خۆی بەندە بە سەردەمی ڕێبازی ڕۆمانسی و دیارە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمیش سەرەنجام و ئاکامێکی تەواوی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسی دەخاتە بەرچاو))** [٣].

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی باشتر لا لە فۆلکلۆر کرایەوەو هەوڵدرا پاسـاوێکی یاسـایی بۆ بدۆزنەوە، تـاکو لەو ڕوانگەیەوە کـاری کۆکردنەوە و تـوێژینەوە لەبەرهەمە کۆنەکـان بەیاسـا ڕێکبخەن، ئەوە بـوو لەسـاڵی ١٩٢٧ لە (عصـبە الأمـم) فۆلکلـۆری وەکـو زانسـتێک ناسـاندو و

---

١- دورسون(د)، نظريات الفلكلور المعاصرة، ت: محمد الجوهری(د) و حسن الشامی(د)، ص ١٣-١٤.

٢- کۆمەڵێک نوسـەر، سـەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلـۆری کـوردەوە، چاپخـانەی ئـاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣٧.

٣- خالد جوتیار، بەرەو فۆلکلۆر، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٤، ل٩٧.

واپیشـاندرا، کە ڕەگ و ڕیشـەی وەهـای تێـدایە کە هەمـوو گەلانـی جیهـان بەشـدارن لێـی، هاوبەشـی ژیـان لەنێو گەلانـی سـەرزەوی بەدیـار دەخـات، فۆلکلـۆر تـا سـاڵی (١٩٤٨) جێگە و پێگەی خۆی قایم کرد و ناسرا.

کـاری دەسـتیش کە بەشـێکی تـری فۆلکلـۆرە ڕووی ڕاسـتەقینەی شـێوەی ژیـانی هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکات و نیشانی دەدات، کە پلەی شارستانیەتیان چەندە پێشـکەوتوو بـووەو لەکـاری پیشەسـازیدا چەنـدە لێهـاتوو سـەر مەشـق بـوونە، لەپێناسـەی فۆلکلـۆردا زانایـان و نووسـەران لەسـەر چەمکـی ناسـاندنەکەی، بەشـێوەی جیاجیا پێناسـەیان کـردووەو لێکیـان داوەتەوە، بەڵام ئەوەی گـرینگە ئەوەیە، کە نـاوەڕۆکی فۆلکلـۆر نـاکۆکی لەسەرە، نەک وشەی فۆلکلۆر بۆیە هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەک بخەینەڕوو.

یـۆری سـۆکۆلۆڤ پێـی وایە: ((**فۆلکلـۆر و ئەدەبـی میللـی هەریەک بـابەتن تەنیـا جیاوازیان ئەوەیە کە میللی خاوەنەکەی دیارە و فۆلکلۆر خاوەنەکەی دیار نیە، بەڵکو خەڵک بەگشتی خاوەنیەتی**)) [١].

ئەگەرچـی لەم پێناسـەیەدا فۆلکلـۆرو ئەدەبـی میللـی وەکـو یەک پێناسـکراوە، بەڵام جیـاوازی گەورەی نێوانیـان جـگە لەخاوەنـداریێتی فۆلکلـۆر، لایەنـی بیـر و کـاری دەسـتی دەگـرێتەوە، چـونکە ئەدەبـی میللـی تەنیـا ئەو بەرهەمە ئەدەبییە دەگـرێتەوە کە بەسـەر زاری خەڵکیەوەن ئەویش زیاتر خۆی لەشیعری میللی دا دەنوێنێت و خاوەنەکەی دیارە گۆرگی

دەڵێت: ((**بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆرە واتە لە ئەدەبی خەڵکدایە فۆلکلۆر کەرەستەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەمـوو شـاعیران و نووسـەران ئەگەر بەباشـی لەڕابردوو بگەین بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین دەبێت و ئەوسا زۆر بە وردی لەگرینگی فۆلکلـۆر دەگەین**)) [٢].

---

١- محمود العبطه المحامی، الفلکلور فی بغداد، مطبعه الأسواق التجارية، بغداد، ١٩٦٣، ص٣٥.

٢- عیزەدین مستەفا ڕەسـووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلـۆری کوردی، چاپخـانەی ئـاراس، چـاپی سـێیەم، ٢٠١٠، ل١٣٧.

لێرەدا گۆرگی سەرچاوەی ئەدەبی هەر میلەتێک، دەگەڕێنێتەوە بۆ فۆلکلۆری میلەتەکە خۆی، چونکە هیچ میلەتێک نیە لەسەر زەوی، کە فۆلکلۆری نەبێت بۆیە پێی وایە فۆلکلۆر، ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندەیە، کە خەونی شاعیران و نووسەرانی لێ دێتە دی بەوەی کەخاوەن کەرەستەیەکی خاوی زۆر دەوڵەمەندەو هێشتا زۆر لایەنی فۆلکلۆر هەیە، کە کاری لەسەر نەکراوەو نهێنیەکانی ئاشکرا نەکراون و جوانیەکانی دەرنەخراون، وەکو پێویستیش لای لێ نەکراوەتەوە، هەروەها هۆبتمان سەبارەت بەناساندنی فۆلکلۆر دەڵێت: ((**ئەدەبی فۆلکلۆری لەناو جەرگەی کاری گەلێ سەردەمان و وەچەی ئادەمیزادهەڵقولاوە**)) [١].

ئەم پێی وایە، کە فۆلکلۆر مێژوویەکی زۆر دووری هەیە و خاوەنی ناناسرێتەوە، بۆیە تەنیا و تەنیا خاوەنی فۆلکۆر گەل خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەی فۆلکلۆر ئاوڕی لەهەموو چەمکێکی ژیانی مرۆڤایەتی داوتەوەو لای لەهەموو شتێک کردۆتەوە منداڵیشی لەبیر نەکردووە و هەمیشە جێگەیەکی بۆ هێشتۆتەوە، کە بەئەندازەی قەبارەکەی بێت، بۆیە ماکسیم گۆرگی دەڵێت:((**فۆلکلۆر گۆشکەری منداڵانە بەزمانی دایک و بەئاگا هێنی چێژی جوانناسیانە**)) [٢].

دەتوانین دوای ئەو پێناسانەی سەرەوە، کە بۆ فۆلکلۆر کراون بڵێین:ئەو ئەدەبە سەرزارییە دەگرێتەوە، کە وەکو میراتێک لەنێو ئەو بەرهەمە زۆر و زەوەندەی میللەتان بۆمان ماوەتەوە و سوودی لێ دەبینین، فۆلکلۆر دەریایەکی قوڵە لەژێر دەریاکەدا پڕیەتی لە دوڕ و مەرجان، بەدۆزینەوەی هەر پارچەیەک دونیایەک زانیاریمان چنگ دەکەوێت و دەرگایەک لەسەر نهێنیەکانی ژیانی ڕابردووی مرۆڤەکان والا دەبێت، بۆیە فۆلکلۆر بەردی

---

١- کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،١٩٨٤، لا٣٠.

٢- ڕێواس ئەحمەد، سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی وەرزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، لا٨٧.

بناغە و سەرچاوەی ئەدەبی هەموو گەلێکە، هەر بابەتێکی فۆلکلۆر هەڵگری ئێش و ئازار و ڕەنگدانەوەی دۆخی ژیان و گوزەرانی ڕابردووی مرۆڤەکانە.

ئەگەرچی زۆرجار لێکچوونێک لەنێوان بەرهەمی میلەتانێک هەیە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە سەرەتاییەی کە هەیانبووە، چونکە هەموویان لەژیاندا چون یەک وابوون و شێوەی ژیانیان لەیەکدی چووە جگە لەوەی، کە مەودای عەقڵیان سنووردار بووە، بەڵام دەبینین بەرهەمەکانیان لێک نزیکی پێوە دیارە ئەمیش پەیوەندی بەجۆری ژیانیانەوە هەبووە.

سەبارەت بە فۆلکلۆری کوردی: ئەوا ڕوونە، کە کوردیش خاوەنی بەرهەمی فۆلکلۆری خۆیەتی، ئەگەر لە بەرهەمی فۆلکلۆری دراوسێکانی زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نیە، بەزۆریش بەسەر زارەوە ماوەتەوە ئەمیش بۆخۆی بەڵگەی ئەوە نیشاندەدات، کە کورد بەدرێژایی مێژوو لەژێر چەپۆک و هێزی داگیرکاری دابووەو نەیهێشتووە پێشبکەوێت و ڕێگری لێ کردووە، بووەتە هۆی درەنگ سەرهەڵدانی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لای کورد.

گومان دەکرێت بەشێک لەو فۆلکلۆرەی، کەلەسەر زاری خەڵکەکە بوو بێ بەهۆی تۆمار نەکردن و نووسینەوەوە لەناوچووبێت، بەڵام دوای ئەوەی ڕەنگی داگیرکاری لەسەر کوردان بەرەو کاڵبوونەوە چوو، نووسین و هۆیەکانی چاپەمەنی دەرکەوتن وردە وردە ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریانە تۆمارکران، نابێ هەوڵ و تەقەلای ڕۆژهەڵاتناسان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسی نادیدە بگرین، چونکە دەورێکی ئێجگار گەورەیان نواندووە لەدیاری کردن و دەرخستنی سەنگی فۆلکلۆری کوردی لەناوچەکەدا هەریەکەیان بەپێی ئەو ڕێکەوتەی، کە هێناویەتیە کوردستان لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر کورد و فەرهەنگ و زمان و فۆلکلۆرەکەی کردووە و لەدوو تویی کتێبدا بڵاوی کردۆتەوە، ئەلکسەندەر ژاپای ڕووسی کاتێک بەکاری دیپلۆماتی دەینێرنە وڵاتی تورکیای عوسمانی، لەوێ لەماوەی کارکردنیدا و بەیارمەتی مەلا محمودی بایەزیدی کارێکی زۆر لەسەر فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی دەکەن، پاش ئەوەی لە کتێبێکدا دەینووسێت و بڵاوی دەکاتەوە، هەوڵی وەرگێڕانی بۆسەر زمانەکانی

فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزیش دەدات وا دەکات، کە خەڵکێکی زۆر ئاشنای ئەو سامانە دەوڵەمەندەی کورد بێت و شارەزایی لەسەر کورد و وڵاتەکەیان پەیدا بکات.

هەر لەم بارەیەوە هەردوو برا د. ئۆردۆخان و د. جەلیلی برای دەڵێن: ((**لەفۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگدانەوەی میللەتی کورد دەردەکەوێ... فۆلکلۆر پەیوەستە بەچارەنووسی کوردەوە، لەناویا ڕووخساری هونەری ی و فەلسەفی میللەت دەرئەکەوێ**)) (١).

لەگەڵ ئەم دەوڵەمەندی و برشتییەی فۆلکلۆری کورد وا دەکات، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان بگەنە ئەو بڕوایەی، ئەگەر یەکێک بیەوێت لەسەر گەلانی ڕۆژهەڵات توێژینەوە بکات و لەئەدەب و زمان و فۆلکلۆرەکەیان بگات، ئەوا ڕووبکاتە وڵاتی کوردان.

## پێکهاتەی فۆلکلۆر

فۆلکلۆری کوردی، وەکو فۆلکلۆری هەر میللەتێکی تر خاوەن تایبەتمەندی و خاسیەت و جیاوازی خۆیەتی، چونکە هەر میللەتێک بەچەند سیفەتێک لەوی دیکە جیادەبێتەوەو مۆرک و ڕەسەنی خۆی دەپارێزێت، کوردیش هەوڵی پاراستنی ئەم ڕەسەنایەتیەی داوە، دەتوانین بەمشێوەیە فۆلکلۆری کوردی پۆلێن و دابەش بکەین، ئەگەرچی ئەم جۆرە دابەشکردنەش کۆنەو ئێستا شێوزای دابەشکردنی فۆلکلۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەچەند فۆرمێکی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئێمە دەرگا لەسەر دابەشکاری نوێ داناخەین. بۆیە دەڵێین ئەم دابەشکردنە تا مێژوویەکی نزیک گوزارشت لەژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کورد دەکات.

١- شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم (د)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤،لا٤٧.

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر:-

١- ئەفسانە
٢- داستان
أ-داستانی ئەڤینی- دڵداری
ب-داستانی قارەمانێتی
٣- چیرۆک
٤- گۆرانی
٥- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق.
٦- گاڵتەو گەپ
٧- مەتەڵ[١].

**١-ئەفسانە**

ئەفسانە یەکێکە لە فۆڕمە دیارەکانی فۆلکلۆر، بەرزترین ئاستی عەقڵی مرۆڤایەتی بووە لە سەردەمی کۆندا، ئەگەرچی بۆ ناساندنی ئەفسانە بیرو ڕاو لێکدانەوەکان، وەکو یەک نین، بەڵام ئەفسانە بەبەرهەمی قۆناغی سەرەتایی ئادەمیزادی سەر زەوی دادەنرێت، سەبارەت بەپێناسەی ئەفسانە هەر توێژەرێک، یاخود هەر نووسەرێکی لەمەڕ بابەتی ئەفسانە لەدیدو ڕەهەندی جیاوازەوە ئەفسانە باس دەکەن، لەوانە (جیمس فرەیز) دەڵێت:

**((ئەفسانە پەیوەندی بەباری قۆناغی سیحری ئادەمیزادەوەیە لەقۆناغە بەراییەکاندا هاوشانی سیحرە و بەپێی گۆڕانی باری تێگەیشتن و پێشکەوتنی سیحریش چەمکی ئەفسانە بەرەو پێش دەچێ))**[٢].

بەڵام (ئەلیکساندەر کراب) پێی وایە، کە ئەفسانە و زانست هەردووکیان لەیەک چاوگەوە هەڵدەقوڵێن،کە ئەویش عەقڵە بۆیە دەڵێت: **((ئەفسانە هەروەکو زانست بەرهەمی عەقڵە))** [٣].

---

١- ابراهیم حەسەن حەمەد (د)، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢،ل٣٦-٣٧.
٢- سەید مەولود بێخاڵی، ئەفسانە و داستان لەفۆلکلۆری کوردەواریدا، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر، ٢٠١٣،ل٤٢.
٣- مەولود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمری دا، ل٣٠.

لێـرەوە بۆمـــان دەردەکەوێـت، کە زانایـــانی بـــواری ئەفسانەناســـی و نووســـەران و ڕەخنەگران تا ئێستا،لەسەر پێناسـەیەکی گشتگیر و نزیک لەیەکتر کۆک نین.

## ٢- داستان

داسـتان یەکـێکە، لە فـۆرمە دیـار و گرینگەکـانی ئەدەبـی فۆلکلـۆر ئەوەی داسـتان لە شـــیعر جیادەکـــاتەوە ئەوەیە، کە داســـتان لەناخیـــدا چیرۆکێکـــی لەئـــامێز گرتـــووە، واتـــا گێڕانەوەیەکـی چیـرۆک ئـامێزە، بـۆیە : **((داسـتان ڕەگەزێکـی ئەدەبـیە، بە شـیعری درێـژ داڕێژراوە باسی ڕووداو و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە))** [١].

ئەوەی لە داستاندا باس دەکرێت، ڕووداوی ڕاستین و نموونەیـان لە کۆمەڵگادادا هەیە کە دەتوانین داستانی (مەم و زین) و (خەج و سیامەند) بکەینە نموونەیەکی زینـدوو. هەروەهـا لە پێناسەیەکی تری داستاندا بەمشێوەیە دەناسرێت:

**(( داسـتان گێڕانەوەیەکـی شـیعری یە کە چیرۆکێـک لەهەناویـدا خـۆی حەشـارداوە، خاوەن گوتارێکی باڵایە، ئەگەرچی خاوەنی نادیارە بەڵام، ڕەگ و ڕیشەی هەر پەیوەندی بە مێژوی سەرەتای مرۆڤایەتیەوە هەیە ))** [٢].

لەگەڵ ئەوەی گوزارشتێکی ڕاسـتەوخۆ بـووە لە ژیـان و بەسـەرهاتی ڕاسـتەقینە، بەڵام بەڕای هەندێک فۆلکلۆرناسـان:

**(( داسـتان کە وەک ژانرێکـی ئەدەبـی زیـاتر لە ئەفسـانە نـزیکە، لەڕووی مێـژووی سەرهەڵدانیەوە ڕەنگە کۆنترین ژانری ئەدەبی بێ سەرەتا وەک ئەدەبێکی میللی و فۆلکلۆری دەرکەوتوە پاشان لە ئەدەبی نوسراو))** [٣].

ئەگەرچی لەم پێناسـەیەدا وا دەردەکەوێت، کە داسـتان کۆنترین ژانـری ئەدەبی بێت، بەڵام لە هەر دۆخێکدا بێت بەڵـگەی تەواومـان لەژێـر دەسـتدا نـیە، بەڵام بـڕوا وایە کە کـۆنتر

---

١- عبدالحميد يونس (د)، معجم الفلكلور،ص٤٥٨.

٢- إبراهيم فتحی، معجم المصطاحات الأدبيه، مطبعه التعاضديه العماليه، تونس، ١٩٨٦،ص٣٤٤.

٣- موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١٩.

بێت لە فۆڕمەکانی تری فۆلکلۆر لەبەر ئەوەی داستان بەشیعر وتراوە، سیفەتی سەرەکی شیعریش ئەوەیە بەئاسانی لەبەر دەکرێت و بە ئاسانی لەسەر زار دەگوازرێتەوە و خاوەن پەیامێکی دیاری کراوە.

### ٣- چیرۆک

چیرۆک قۆناغێکی پێشکەوتوترە لە ئەفسانە، ئەگەرچی هەردووکیان فۆڕمێکی گێڕانەوەییان هەیە، بەڵام چیرۆک ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لەناو ژیانی ئادەمیزادەوە هەڵدەهێنجێت و دەیگێڕێتەوە، چیرۆکنووس بەسوود وەرگرتن لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدەن ئەم سوودیان لێ دەبینێت و وەکو هەوێنێک دەیکاتە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و بەرهەمێکی بەپێزی لێ دروست دەکات، چیرۆکی فۆلکلۆری (( **لەساڵی ١٨٨١ لەلایەن سێبیۆ بەئەدەبی زارەکی لە قەڵەم دراوە))** [1].

هەرچەندە پێش ئەم مێژووەش چیرۆکی فۆلکلۆری خۆی سەرزاری بووە، گێڕانەوەش ڕۆڵی خۆی بینیوە لەم نێوەندەدا و زیاتر برەوی داوە بە چیرۆکی فۆلکلۆری وجوانتری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە و بەرهەمی عەقڵ و ژیری تاکی کۆمەڵگایە، ناوەڕۆکی چیرۆک بەرهەمێکی ڕاستییە جا ناوەڕۆکەکە (ئاینی، کۆمەڵایەتی، مێژوو...) بێت، بەڵام خەیاڵ وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی لەبینا هونەریەکەیدا ڕۆڵ دەبینێت بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆک (( **فۆڕمێکی گێڕانەوەییە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕاستەقینەن، یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لەبیری هەقایەتخوانەکە بەسوود وەرگرتن لە خەیاڵەوە بە پڕۆسەیەکی عەکسیەوە بەرهەمی هێناوە، ڕەگەزە ئەدەبیەکانی وەکو سۆز و خەیاڵ و بیر دەوری جوان دەبینن لە داڕشتنەوەی مەبەستی چێژبەخشین و واتا گەیاندنە بە خەڵکی))** [2].

---

١- موحسین ئەحمەد عومەر (د)، فەرهەنگی ئەدەبی، ل٢٨٤.

٢- ئیدریس عەبدوڵڵا (د)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢٧.

سەبارەت بەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردی ئەوا ((**حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی بەشێکی گەورە و فراوانی ئەدەبی فۆلکلۆرە، کە دەماودەم و پشتاوپشت بە ئێمەگەیشتووە، لەشێوەی پەخشانێکی هونەریدا گێڕاوەتەوە خاسیەتەکان ومێژوی دێرینی خۆی لە ئەقڵیەتی کۆمەڵگەدا پاراستوە**)) [١].

بەهەمان شێوەی گەلانی ناوچەکە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکی فۆلکلۆری سەرزارییە، کە سەردەمانێک خەڵکەکەی گێڕاویانەتەوەو سەرزاری لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراوەتەوە.

## ٤-گۆرانی

گۆرانی بەیەکێک لە فۆرمە کۆنەکانی فۆلکلۆری کوردی دادەنرێت، مرۆڤەکان لەسەردەمی کۆندا بۆ ڕایی کردنی کاروباری ڕۆژانە و پشوودان، لە دوای کارێکی زۆر یاخود بەڕێکردن و هەرەوەز کردن، گۆرانی وتوە تا بەهۆیەوە خۆی لەو ماندوبوون و بارە قورسە ببوارێت بۆیە (( **لەناو فۆلکلۆری کوردیدا گۆرانی بە دەوڵەمەندترین بەش ئەژمێرێ لەڕووی زۆری بڵاوبونەوە... هۆی ئەمەش تەنها ئەوەنیە کە ئەدەبیاتی نوسراو نەختێک درەنگ لەناو کوردا پەیدا بووبێت بەڵکو ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆرانی زوو بە زوو لەم وێنەدا بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە**)) [٢].

لەڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە، گۆرانی بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەکرێت:

د. شوکریە ڕەسوڵ لەڕووی ڕوخسارەوە گۆرانی بەم جۆرە دابەش دەکات:

**١- بەیت.**
**٢- حەیران ولاوک.**
**٣- گۆرانی، دیلۆک، بەستە، دیلانێ، نارین.**
**٤- هۆرە.**
**٥- سیاچەمانە ا- سیاچەمانە ب- کنا لەیل**

---

١- شوکریە ڕەسول (د)، حیکایەتی فۆلکلۆری گیانداران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا٩٧.
٢- شوکریە ڕەسول ئیبراهیم (د)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، لا٨٧.

**٦- مەقام** [١].

لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە بۆ ئەم بەشانەی دابەش کردووە:

**١-گۆرانی کارکردن.**

**٢- گۆرانی بۆنە.**

**٣- گۆرانی ڕۆژانە**[٢].

( د. ئیدریس عەبدوڵڵا) بەمجۆرە ناوەڕۆکی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی دابەش کردووە:

**١-گۆرانی ئاینی**

**٢-گۆرانی ژنهێنان**

**٣-گۆرانی ئەڤینی**

**٤-وەسفی سروشت**

**٥-گۆرانی یاریکردن**

**٦-گۆرانی منداڵان**

**٧-گۆرانی باران بارین**[٣].

## ٥-پەندی پێشینان و قسەی نەستەق

پەندی پێشینان، یەکێکە لە فۆرمە دەوڵەمەندەکانی فۆلکلۆری کوردی، خەڵکی لەکۆندا بۆ هەر ڕوداو و بەسەرهات و دیاردەیەک کە مایەی تێڕامان و قسە لەسەرکردن بوبێت، ئەوا قسەی خۆی لەسەرکردووە، بۆیە دەبینین هەر کاتێک ئەو قسەو کردارانە دوبارە ببێتەوە، خێرا ئەو پەندە، یاخود ئەو قسە نەستەقەی بۆ دەهێننەوە، بۆیە هەر پەندێک لە دایک بووی سەردەمی خۆیەتی، کە پێویستی ئەو ڕۆژگارە هێناویەتیە بەرهەم **(( پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراون، مەعنایەکی بەرزیان تێدایە، لەزەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتونەتە سەر زمانی کوردی چۆنێتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕیان چە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چە لەباری ڕەوشتی خێزانی و کەینو بەینی ژیانی تێکڕایی، چە لەباری دەوڵەمەندی و هەژاری و پایەی دونیایدا پیشان ئەدەن))** [٤].

---

١- شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم (د)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب٢، ل١٠٧-١٠٩.

٢- شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم (د)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب٢، ل١١٦-١١٧.

٣- ئیدریس عەبدوڵڵا (د)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی سێیەم، ل١٢١-١٢٩.

٤- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل١٣٩.

لێرەوە دەردەکەوێ پەنـدی پێشـینان فـرە ڕەهەنـدی بـوە و قسـەی لەسـەر تێکـڕای کایەکـانی ژیـان هەبـوەو کـردوە، چـونکە نـاوەڕۆکی پەنـدەکان بەزۆری کـارکردنە لەسـەر وشـیارکردنەوە و ئاڕاسـتەکردنی مـرۆڤ، لەسـەر چـاکە و دورکەوتـنەوە لە خـراپە و هۆشداریدانە لەسەر هەر بابەتێکی خراپ.

## ٦- گاڵتە و گەپ

گـاڵتە و گەپ یەکێکی تـرە لە فـۆرمە دیارەکـانی فۆلکلـۆری کـوردی، ئەگەرچـی وەکـو پێویست و بە باشـی کۆنەکراونەتەوە، بەڵام هەمیشـە جێگەی خـۆی پاراسـتووە، لە سـنوور و مەیدانی ئەدەبی سەرزاریدا، گاڵتەوگەپ ڕەگەزێکی خۆش و بەچێژە، دەبێتە مایەی دڵخۆشی و شادی و جۆرێک لە ئارامی و نەوایی بە مرۆڤەکان دەبەخشێت. بۆیە گـاڵتەگەپ ((**کۆمەڵێک باس، یان حیکایەتی کورتن، شێوازێکی کۆمیدیان هەیە، مەبەستیانە واقیعێکی خراپ لە ڕووێک لە ڕووەکانەوە زەقتر بکەنەوە، بە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا شۆڕبوونەتەوە**)) [١].

لە ئەدەبـی نوسـراوی کوریـدا یەکەم هەنگـاو کە بـۆ نوسـین و بڵاوکـردنەوەی قسـەی خۆش و گاڵتەوگەپ نرا ((**گۆڤاری گەلاوێژ**)) [٢] (١٩٣٩ – ١٩٤٩) بوو، چونکە بە درێژایی ئەم (١٠) سـاڵەی دەرچـونی، بە زۆری لە ژمارەکـانی دا جێگەیـان بـۆ قسـەی خـۆش و گـاڵتەوگەپ کردبووەوە.

## ٧- مەتەڵ

مەتەڵـیش هەروەک فۆرمەکـانی تـری فۆلکلـۆری کـوردی بە سـەرزاری بەئـێمە گەیشـتووە، بەڵام پـاش ئەوەی تۆمـارکراون و نوسـراونەتەوە، بەشـێکییان لەفەوتـان ڕزگـار کراون. لەکۆندا مەتەڵ لە کۆڕ و مەجلیسـی شـەوان و دیوەخـانی ئاغـادا بـۆ زاخـاوی مێشـک و کات بەڕێکردن بووە، مەتەڵ (( **ئەو کورتە وتارە پرسیار ئامێزەن، بە ڕەمز باس لە شتێک**

---

١- ئیدریس عەبدوڵلا (د) ، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ، بەرگی دووەم ، لا ١٩٧ .

٢- جەمال بابان ، گاڵتەوگەپ و دانسقەی کوردەواری ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، لا ٩ .

**دەکەن))** [١] ، هەروەها لە پێناسەیەکی تردا مەتەڵ **((بریتی یە لە بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەسەن نەک وەکو هەندێک وا ئەزانن کە چەند وشەیەکی سادەیە))** [٢].

ئەوەی مەتەڵی پێ جیا دەکرێتەوە لە فۆرمەکانی تر ئەوەیە، کە هەمیشە کەسێک مەتەڵەکان دەڵێت و وەکو پرسیار ئاڕاستەی بەرامبەری دەکات، جا بەرامبەر یەک کەس بێت یان پتر، مەتەڵ جۆرێکە لە مێشک گوشین و بیرکردنەوەشی تێدایە و وەرزشی بیر و مێشکە هەروەک دەڵێن :-

**- ئەگەر ئەزانی عەقڵت لەبیرە لەناو مەلەکان کامیان بەشیرە؟ (شەمشەمەکوێرە)** [٣] .

---

١- ئیدریس عەبدوڵلا (د) ، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ، بەرگی یەکەم ، لا ٢٧١ .

٢- کامەران موکری ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەشی یەکەم ، لا ١٠٢ .

٣- مەولود ئیبراهیم حەسەن ، زیاتر لە عەشقێک ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، لا ٤٢٠ .

## پاری سێیەم:               جۆرەکانی چیرۆکی فۆلکلۆر

هەمـوو میللەتـانی سـەر زەوی، خـاوەن فۆلکلـۆری تـایبەت بە خۆیـانن، هەر یەکەیـان بەپێی قەبارەی خۆی، بەرهەمی فۆلکلۆری و سەرزاری بۆماوەتەوە و بووەتە سـەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و لەبن نەهـاتوو بۆ ئەدەبیـاتی ئەو میللەتە، میللەتی کوردیش سـامانێکی زۆری لە فۆلکلـۆر بـۆ بەجێمـاوەو تـا ئێسـتاش سـوودیان لـێ دەبینێت هەروەهـا بـووەتە سـەرچاوەی ئیلهامی گەلـێ لە دەقە شیعری و پەخشـانیەکان، ئەوانەی کە ئێسـتا کاریـان لەسـەر دەکرێت و بەردەوام شـتی نوێیـان لەسـەر دەدۆزرێـتەوە، ئەو بەرهەمە سـەرزارییانەن کە لە شـێوەی (هـۆنراوەی فۆلکلـۆری ، چیـرۆک و داسـتان و ئەفسـانە ، گـاڵتەوگەپ و مەتەڵ و پەنـد و سەرگوزشتە .... هتد) خۆیان دەنوێنن، لە چیرۆکیشدا چەند جۆرێکیان دیاری کراون.

بەبڕوای د.مەولـود ئیبـراهیم حەسـەن جۆرەکـانی چیرۆکـی فۆلکلـۆری کـوردی بەم  شـێوەیە دابەش دەبن :

**١- چیرۆکی فۆلکلۆری (ئاسایی) .**
**٢- چیرۆکی گیانداران .**
**٣- چیرۆکی ئەفسانەیی .**
**٤- چیرۆکی خورافی .**
**٥- چیرۆکی هەیاس .**
**٦- چیرۆکی کۆسە**[١] **.**

سەبارەت بە جۆری (٦،٥) واتا چیرۆکی هەیـاس و چیرۆکـی کۆسـە، ئەگەرچی لەسـەر چاوەکاندا وەکو چەشنێکی سەربەخۆی چیرۆکی فۆلکلـۆری بـاس نەکـراون و پۆلێن نەکـراون، بەڵام د.مەولود ئیبراهیم حەسـەن : (( **لەکـاتی وانەکـانی خوێنـدنی ماسـتەر، کۆرسـی دووەم، لەمانگی ٥ ساڵی ٢٠١٤**)) [٢].

---

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن، ئەدەبی میللی، پرۆژە، بڵاونەکراوە.
٢- مەولود ئیبراهیم حەسەن(د)، محازەرەکانی خوێندنی ماستەر، کۆرسی دووەم، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٤.

ڕای وابوو، که هەیاس، وەکو چیرۆکێکی فۆلکلۆری سەربەخۆ بەیان بکەین، چونکە چیرۆکگەلێکی زۆریان لەسەر هەیە و لەناو فۆلکلۆردا زۆر باس کراوە و ناویان هاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاریان لەسەر نەکراوە و سیفات و خەسڵەتی تایبەتی هەردوو کارەکتەرەکە زۆرباس نەکراوە، ناویشیان زۆر بە باشی نەزانراوە بۆیە، ئەوەی باسی دەکەین دەربارەیان تەنیا، لە ئەنجامی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی کەسێتیانە لەناو دەقی چیرۆکەکاندا، بۆیە تەنیا لەو ڕووەوە دەتوانین خوێندنەوەیەک بۆ هەردوو کەسێتیەکە بکەین..

## ١- چیرۆکی فۆلکلۆر (ئاسایی) :

چیرۆکی ئاسایی ئەو چیرۆکانەن، کە بە شێوەی دەماودەم و سەرزاری بە ئێمە گەیشتوون و باس لەو ڕووداو و بەسەرهاتانە دەکات، کە لەو زەمەنەدا ڕوویداوە و سەرزاری و نەوە بە نەوە بۆ ئێمە هاتووە، ناوەڕۆکی چیرۆکەکان، وەکو هەر چیرۆکێکی ئاسایی (کۆمەڵایەتی،ئایینی ،ڕەوشت ودڵداری ..) لە خۆ دەگرێت، چیرۆکی ئاسایی

**((بریتیە لەو چیرۆکەی کە خەیاڵی گەل یاخود میللەت ئەیچنێ و باسی ڕووداوێکی مێژوویی یاخود باسی پاڵەوانێک دەکات کە بەشدارە لە دروست کردنی مێژووی میلەتێک و پاشان خەڵکی زۆر بە شانازییەوە گوێی بۆ ڕادێرن و سەرزاری و دەماودەم بۆ نەوەکانی دوای خۆیانی دەگێڕنەوە))** [١].

بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە چیرۆکی ئاسایی زیاتر بابەتێک ناوەڕۆکێتی، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینە، یان بەسەرهاتی پاڵەوان و قارەمانێکی ڕاستەقینە بەیان دەکات، وا لە خوێنەر یاخود گوێگرەکەی دەکات بەوپەڕی باوەڕبونەوە بیهێنێتە قەناعەت و وای لێبکات ئەوەی بۆی باس دەکات دەشێ لە ژیانی ڕۆژانەدا نموونەی هەبێت، بە زۆری ناوەڕۆکی ئەو جۆرە چیرۆکە پەیامێکی لە پشتەوە هەیە و ئاڕاستەی بەرامبەری دەکات، کە بەزۆری لە قارەمانێتی و ئازایەتی و چاونەترسی و دەست پاکی و ڕەوشتی بەرزەوە بەرجەستە دەبێت .

---

١- مريم سليم (د) ، أدب الطفل و ثقافته ، مطبعه : دار النهضه العربية ، لبنان ، ٢٠٠١ ، ص١٨٨ .

## ٢-چیرۆكی گیانداران

ئەوەی چیـرۆک لە ئەفسـانە جیادەكـاتەوە ئەوەیە، كە هەمیشـە چیـرۆک كەرەسـتە و ڕووداو و بەسـەرهاتەكانی لەنـاو ژیـانی خەڵكیەوە وەردەگرێت و پێی دروست دەبێت، بـۆ چیرۆكـی گیانـدارانیش ئەگەرچـی ئەمـیش بەرهەمـی خەیـاڵی خەڵكـی بـووەو كـارەكتەر و كەرەستەی ڕودانی ئەم جۆرە چیرۆكەش، هەر لە ژیانی ئاسایی خەڵكیەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام لەسەر زمانی گیانداران و باڵندە دەگێڕدرێتەوە، واتا لێرەدا گیاندارو باڵندە دەبنە كارەكتەرو ڕۆڵ و ئەركی خۆیان دەبینن لە نێو بەسـەرهات و ڕووداوەكاندا، بەزۆریش ئەو گیاندارانەی ڕۆژانە دەبینـرێن، وەک(بـزن، مەڕ، مانگـا، مریشـک، كەڵەشـێر، كەروێشـک،قاز، قەل.....هتـد)، كە هەریەكەیـان بەگـوێرەی پێویسـت ڕۆڵـی خۆیـان دەبیـنن و بەدیـار دەكەون، ئەو ڕوداو و بەسـەرهاتانەی، كە لەڕێگەی ئەمـانەوە نمـایش دەكرێت سـەرچاوەی لەواقیعەوە وەرگیـراوە، بەڵام لەپشت ئەم چیرۆكەوە پەیامێک، یاخود مەغزایەک هەیە و پڕیەتی لە ئامۆژگاری و پەند و حـیكمەت، دیـارە چیرۆكـی گیانـداران بـۆ گەوران و منـداڵان جیـاوازییەكی هەیە ئەویـش ئەوەیە، كە چیرۆكی گیانداران بۆ گەوران مەبەستێكی قوڵ و حیكمەتێكی گەورەی تێدایە و وەكـو وانەیەكـی ئامۆژگـاری و ئاڕاسـتەكردن وایە بـۆ گەوران، بەڵام بـۆ منـداڵان زیـاتر نیشـاندانی ئەو ئـاژەڵانەیە، كە هەمیشـە لای منـداڵ خۆشەویسـتن و لەبەردەسـتن و مـاڵین، هەندێک جار ناوەڕۆكەكەی باسی وانەیەكی سادە دەكات، كە منداڵ فێری دەست پاكی و ڕاستگۆیی و هاوكاری دەكات، كتێبی (كەلیلە و دیمنە)ی فەیلەسوفی هیندی (بەیدەبا) كە

داناوە(( **پڕی كردووە لە چیرۆكی بەنرخ و قسـەی خۆش و نەستەق و ڕامیاری تەواو و زانین و ئامۆژگاری بۆ هەموو كاروبارێكی مرۆڤ و لەسـەر زمـانی باڵندە و گیاندار ئەو شتانەی وتوە))** [١] .

تێكڕای ڕووداوەكان، لەسـەر زمانی گیانداران دەگێڕێتەوە،بەڵام هەمـوو ڕووداوەكـان پڕن لە پەند و وانەی حیكمەت و ئامۆژگاری و قسەی پڕ مانـا، كە گیانداران بە زمـانی خۆیـان

---

١- بەیدەبا، كەلیلە و دیمنە، و: عومەر تۆفیق، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٧.

دەیگێڕنەوە، لە فۆلکلۆری کوردیشدا چیرۆکی گیانداران هەبووە و لەسەر زمانی ئەوانەوە، ڕووداو و بەسەرهاتەکان باسکراوەو چیرۆکگێڕەوە گێڕاویەتیەوە، کاتێک ئاماژە بەناوی گیانداران کراوە و ناویان هێنراوە گومانی تێدانیە، کە نموونەی ئاکار و سیفەت و هەڵسوکەوتی ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا هەبووە.

## ٣- چیرۆکی ئەفسانەیی

ئەوچیرۆکەیە، کە کەرەستە و کات و شوێن و ڕووداوەکانی بەرگێکی ئەفسانەیی پێوەیە، کە مرۆڤەکان بە ئاسانی ناتوانن باوەڕی پێ بکەن و لەگەڵ عەقڵی ئەوان یەکناگرێتەوە، دروست بوونی ئەفسانە هەر لەگەڵ دروست بوونی ئادەمیزاد لەسەر زەوی پێکەوە گرێدراون، ئێش و ئازارەکانی ژیان وای لە مرۆڤەکان کردووە، کە هەوڵ بدات لە دەوروپشتی و ئەو ژینگە و سروشتەی، کە تێیدایە لێی تێبگات و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، بۆیە بڕوا وایە(( **ئەفسانە بەوە خۆی لە چیرۆکەکانی دی جیادەکاتەوە کە هەندێ کەسێتی و کەرەستە و ڕووداو و شوێن و کاتی ئەفسانەیی دەگرێتە خۆ کە........ بەڕووتی بۆ مرۆڤ لە گەروو ناچنە خوارێ و عەقڵ ناتوانێ هەبوون و ڕوودانیان هەروەها ڕەپ و ڕاست بەو شێوەیەی کە دەیبستێ قبوڵ بکات و دان بەهەبوونی ئەو کەسیەتی و کەرەستە و شوێن و کاتە ئەفسانەیی یانەدا بنێ**)) [١].

هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە لە نهێنیەکانی سروشت بگات، بۆیە دەبینین (( **بیرۆکەی زۆربەی چیرۆکەکانیش لەوێوە ڕێچکە دەگرن کە مرۆڤ هەردەم بە دروست کردنی دنیا و هەسارەکان و ڕووداوەکانی سروشت وەک (باران، لافاو، گەوارە، بروسک، بوومەلەرزە، گرکان، ڕۆژ، مانگ، ئەستێرەکان) سەرسام بووە و هەوڵی کردنەوەی گرێ کوێرەکان و نهێنیەکانی گەردونی داوە و چارەنوسی خۆی لەگەڵ هێزە گەورەکانی دەرەوەی سنوری خۆی یا گەورەتر لە دەسەڵاتی خۆی بەستاوەتەوە**)) [٢].

بۆیە بەردەوام مرۆڤەکان هەوڵیانداوە گرێ کوێرەکان بکەنەوە و بزانن لە پشت ئەم گرێیانەوە چی هەیە، زۆر مێشکیان هەژاندووەو تەواو شەکەت و ماندوو بوونە هەر بەو

---

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن، قەدەغە شکێنی، ل١٣٧.

٢- جەلال سنجاوی، حەکایەتی خورافی لە دیوەخانەکانی کوردەواریدا، گ. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٥)، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٢٠.

نیـازەی، ئەنجـامێكی بـاش وەدەسـت بێـنن و سروشـت و ژینگە بەویسـتی خۆیـان ڕام بـكەن بەشێوەیەک، كە لە قازانجیان بشكێتەوە.

## ٤- چیرۆكی خوڕافی

چیرۆكـی خـوڕافی، چەشـنێكی تـری چیرۆكـی فۆلكلـۆرە، وەكـو چیرۆكێكـی سـەربەخۆ لەئەدەبیـاتی سـەرزاری هەمـوو میللەتێكدا هەیە، گەلانـی سـەرزەوی بەجیـاوازی بیركـرنەوەو جۆری ژیانیـان، بەڵام بەڕێژەیەكیش هاوبەشـی لەنێوانیاندا هەبـووە هەر بۆیە خـورافە، وەكو دیاردەیەكی هاوبەش بەشێک بووە لەژیانیان، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەلیكسـاندەر كراب پێیـوایە، كە چیرۆكی خوڕافی (( **جۆرێكە لە چیرۆكی گەلانی سەرەتایی**)) [١].

واتـــا ئەو مرۆڤـــانەی، كە لە ژیـــانی نێـــو ئەشـــكەوتەكانەوە دەركەوتـــوون و زۆر بەسـادەیی ژیـاون و هەمیشـە خوڕافیـات بەشـێكی گرنگـی ژیـانی ئەوان بـووە پاشـان، لەگەڵ بەرەو پێشـچوونی ژیـانی مرۆڤەكـان، ئەم فـۆڕمەش گەشـەی كـردووە لەمبـارەیەوە( فـردریش فۆن دێرلاینی ئەڵمانی) دەڵێت:

**(( چیرۆكی خوڕافی لای هەموو گەلان ناسراوە، واتا لەسەرانسەری جیهانی ئاوەدانی جا هەر لە چاخی بەردینی نوێوە، پاشان وردەوردە گەشەی كرد بەتایبەتی لەسـەدەی (٦) پ.ز لە هەردوو وڵاتـــی هینـــد و گریـــک، دواتـــر و لەســـەردەمی جەنگـــی خاچپۆشـــان گەشانەوەیەكی زۆری بەخۆیەوە بینی))** [٢].

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، كە ئەمجۆرە چیرۆكە لای هەمـوو گەلان بوونی هەیە، سـەری هەڵداوە، گەشـەی كـردووە، ناسـراوە، چـونكە ژیـان و بیركـردنەوە و هەوڵدانیان بـۆ گەیشـتن بەمانا شاراوەكانی ژیان لێک نزیک بووە و شتانێكی زۆر هاوبەشیان لەنێواندا هەبووە.

---

١- علی الجزیری، الادب الشفاهی الكردی، ج٢، مطبعة خانی،دهوک، ٢٠٠٨، ص ٥٢.
٢- علی الجزیری، ألادب الشفاهی الكردی،ج٢، ص٥٢-٥٣.

## ٥- چیرۆکی هەیاس

چیرۆکی هەیاس، وەکو چەشنێکی سەربەخۆ و جیاوازی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی دیاریمان کردووە، ئەم جیاوازییەش لەمیانی ئەو چیرۆکانەوەیە، کە دەربارەی هەیاس هەیە و دەگێڕدرێتەوە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر ئەم کەسێتیە و بەسەرهاتەکانی هەیە، بەڵام زۆر بەکەمی ژمارەیان لەپەنجەی دەستێک تێپەرناکات، بۆیە بە باشمانزانی پەردە لەسەر لایەنە نادیار و شاراوەکانی ئەم کەسێتیە هەڵدەینەوە و تیشک بخەینە سەر قسە پڕ مانا و بیرکردنەوە جوانەکانی و پەند و ئامۆژگاری و هۆشە فراوانەکەی، بەدیار بخەین و زیرەکی و دانایی هەیاس باس بکەین، بڕوا وایە کە هەیاس ڕاوێژکار و شرۆڤەکاری سوڵتان محمود غەزنەوی بووبێت، هەمیشە بەقسە و پەند و ڕێنماییەکانی ئاراستەی بیرکردنەوە و فەرمانڕەوایەتی سوڵتانی بۆ باشە گۆڕیبێت، تائێستا بەڕوونی لایەنەکانی ژیانی نەخراوەتە بەر باس کە مەبەستمان لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردییە، سەبارەت بەناو و بنەچەو کونیەی هەیاس د. ئیدریس عەبدوڵلا دەڵێت:

**(( کونیەی هەیاس ئەبو نەجم بووە، کوڕی ئیمالک بووە، بەبنەچە تورک بووە، سەرچاوە مێژووییەکان زۆر بەدرێژیان لەسەر نەنوسیوە ئەوە نەبێ، کە عەروزی سەمەر قەندی و فەریدەدین عەتار لەبارەیەوە نوسیویانە))** [١].

واتا تەنیا دوو کەس هەندێ لایەنی ژیانی هەیاسیان دەرخستوە، جگە لەم دوو کەسە زیاتر هیچ کەسی تر لەسەری نەنوسیوە و زۆربەی ژیانی هەروا بە ناڕوونی ماوەتەوە و خەڵکی بەم مرۆڤە ئاشنا نەبووە، لێرەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە هەیاس تورک بووبێ، بەڵام لەچەند شوێنێکی تر ئاماژە بەوەکراوە، کە ناوەکەی دەبێ یان لە**(( ئییاز، ئییاسی فارسیەوە وەرگیرابێ.... یاخود لە(ئەیاسی) عەرەبیەوە وەرگیرابێ))** [٢].

---

١- ئیدریس عەبدوڵلا (د)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی یەکەم، ل٢٥٦.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

هەیــاس بەزۆری لەو چیرۆکــانەدا دەردەکەوێــت، کە وەکــو ڕاوێژکــار لە کۆشــکی دەســەڵاتدا لە خزمەتــی پاشــادا بووبێت، چــونکە خــاوەن زیرەکیەکــی بەرز و بەتوانــا بــووە و هەمیشــە بەفریــای پاشــا کەوتــووە و لەو تەنــگ و ناخۆشــیەیی کە بەرۆکــی گرتــووە ڕزگــاری کــردووە، ئەگەرچــی لــوغزی قســەکانی هەیــاس پێویســتیان بەشــرۆڤە و تێڕامــانێکی زۆر هەیە، بەڵام هەمیشــە بە قســەکانی لایەنــی باشــەی ســەرخســتوەو لای خراپــی نەگرتــووە و وای لە پاشــاش کــردوە لەکــاری خــراپە و تونــدوتیژی و زولــم و زۆرداری خــۆی بەدوور بگرێــت، ئەو چیرۆکــانەی کە دەدرێــنە پــاڵ هەیــاس هۆکــارەکەی ئەوەیە(( **کە لە دەســەڵات دوور و نزیــک بووە))** [1].

بەو مانــایەی هەمیشــە دوورە پەرێــز بــووە لە دەســەڵات و حەزی پێــی نەبــووە، کە نــزیکیش بــووە ئەوا پێویســتی ئەوان بــووە بە هەیــاس تــا هاوکاریــان بێت لەچارەســەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ گرفتەکان.

## ٦-چیرۆکی کۆسە

چیرۆکــی کۆســە، وەکــو چەشــنێکی ســەربەخۆ لەچیرۆکــی فۆلکلــۆری دەردەکەوێــت، ئەگەرچی بیــروڕا وایە، کە کۆسـە، وەک مــرۆڤ یــاخود وەک تــاکێکی ئــادەمیزاد بــوونی نەبێت، بەڵکو ئەوە ئاکارو ڕەوشــت وســیفەتێکەو دراوەتە پــاڵ ئەو مرۆڤــانەی کە هاوشــێوەی کۆســەن لەبیرکــردنەوەو جوڵانەوەو گوفتــاری ئەو لەژیــانی ڕۆژانەدا، وەکــو دەزانــین خێــزان و کۆمەڵگــا دوو فلتــەرن، کە کــاریگەرییەکی زۆر لەســەر تــاک جــێ دەهــێڵن و مرۆڤەکــان دەگــۆڕن، چــونکە هەمــوو مرۆڤەکــان لەسروشــتی دەروونــی بیرکــردنەوەو هەڵســوکەوتدا وەکــو یەک نــین، مــادام جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە ئەوا ئاکاریشــیان وەک یەک نابێــت و حەتــمەن مرۆڤــی بــاش و خــراپیش دەبــێ و وەک یەک لەکۆمەڵگــادا بوونیــان دەبێــت، جــگە لە خێــزان و کۆمەڵگــا،

---

١- پیرداود مەخموری، سۆرێ چاوشین، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل١٦٩.

سروشت و ژینگە و سەردەمیش کاری خۆیان بەسەر کەسەکانەوە جێ دەهێڵن و مرۆڤی خراپەکار و هەڵپەرست و خۆپەرست و بەتەماع و باش و بەویژدان و چاک .... هتد لێ پەیدا

دەبێت، کەسێتی کۆسە لەکۆمەڵگادا وا وێنا دەکرێت، کە ((**هەمیشە کەسێکی خراپەکار و فێڵاوی و ناڕاستە! پابەندی هیچ یاسا و ئایین و ڕەوشتێکی کۆمەڵ نیە، هەرچی لەقازانجی خۆی بێ ئەوە دەکات، یاسا بەلای ئەو ئەو یاسایەیە کە قازانجی ئەوی تێدا بێ حەقیش ئەوەیە پشتگیری ئەو بکات، بۆیێ دەست لەدزی ناگێڕێتەوە و دەم لەدرۆ ناگرێتەوە درۆ بەدرۆ پاساو دەداتەوە! دزی بە دزی دادەپۆشێ**)) [1].

تا ئێستاش کۆسەکان لەکۆمەڵگادا هەرماون و بەردەوامیشن لەکارەکانیان، چونکە مرۆڤەکان، وەک یەک بیرناکەنەوە بۆیە ئەو مرۆڤانەی، وەکو کۆسە دەژین و دەجوڵێنەوە هیچ شتێک لای ئەوان نرخی نیە تەنیا ئەوەی ئەمان نەبێت، دەبێت هەموو شتێکی باش و چاک و بەنرخ بۆ ئەمان بێت، نابێ یاسا لێیان بپێچێتەوە، پابەندی هیچ ڕێسا و عادات و تەقالیدێکی کۆمەڵگا نین، بۆیە هەمیشە ئەم جۆرە مرۆڤە هەوڵدەدات شتەکان بە قازانج و ویستی خۆی بشکێننەوە، گرنگ نیە خەڵکی زەرەر دەکەن و تووشی گرفت دەبن، بەڵکو ئەوەی گرینگە لای کۆسە ئەوەیە، زۆرترین ئامانج و دەستکەوت بەدەست بێنێت هەمیشەش بەو خەیاڵەوە دەژی.

---

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن، قەدەغە شکێنی، ل٢٤.

# چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان

یەکێکە لە چەشنە دیارەکانی فۆلکلۆر، هەمیشە ئەدەبیاتی هەر میللەتێک بەئەندازەیەک لای لە منداڵ و ئەدەبیاتی منداڵ کردۆتەوەو ئەدەبیاتی میللەتەکەی خۆی پێ جوان و ڕەنگین

کردووە، چونکە ((**بەشێکی گرنگ لەئەدەبی زارەکی هەر میللەتێک تایبەتە بە منداڵ و هەر لەسەرەتاوە بۆ منداڵ گوتراوە، لەمەشدا تەمەنی منداڵ و مەبەستی دەقەکە لەبەرچاو گیراوە**)) [١].

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش هەوڵ دەدەین ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵ جیا بکەینەوە، کە لەناو فۆلکلۆردا هاتوون و تایبەتن بەقۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵ، هەموومان دەزانین لە پشت هەر چیرۆکێکی فۆلکلۆری، مەغزایەک و کۆمەڵێک وانە و پەند و ئامۆژگاری هەیە، ئەمە بۆ گەوران زۆر بە ئاسانی لێی حاڵی دەبن و لە گرنگی پەیامی چیرۆکەکە دەگەن، بەڵام بۆ منداڵێک ئاسان نیە لەو هەموو پەند و ئامۆژگارییە بگات، کە لە پشتی چیرۆکەکەوە خۆیان حەشارداوە، کەواتە دەبێ بگەڕێین بەدوای ئەو چیرۆکانەی کە لایەنی دەروونی منداڵ و تەمەنی منداڵیان لەبەرچاو گرتووە، یاخود لێوەی نزیکە و لەگەڵیان دەگونجێت، بۆیە شارەزایان و توێژەرانی ئەم بوارە هەوڵیانداوە ئەو جۆرە چیرۆکانەی، کە ناوەڕۆکیان لە جیهانی منداڵەوە نزیکەو جۆراوجۆرە نیشان بکەن و پۆلێنی بکەن، بەڵام سەرەتا قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵی پۆلێن دەکەین، لەم ڕووەوە پۆلێنکاری چەند توێژەرو نوسەرێکی بواری تایبەت بە منداڵ دەخەینە ڕوو، پاشان جۆری ئەو چیرۆکانەش دیاری دەکەین، کە بۆ تەمەنی منداڵی ئەو قۆناغە دەگونجێت.

---

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن، ئەدەبی میللی، پرۆژە، بڵاونەکراوە.

## جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان

نووسەران و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، هەریەکەیان بەجۆرێک چیرۆکی منداڵانیان دابەش کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لێکچوون و هاوبەشی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت لەوانە:

ڕازاو ڕەشید صبری لەنامەی ماستەرەکەیدا بەمشێوەیە جۆرەکانی چیرۆکی منداڵانی دابەش کردووە:

**١- چیرۆکی ئەفسانەیی**
**٢- چیرۆکی فۆلکلۆری**
**٣- چیرۆکی ئاژەڵان**
**٤- چیرۆکی خەیاڵی**
**٥- چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەرچڵیەکان.**
**٦- چیرۆکی ڕیالیست**
**٧- چیرۆکی ئایینی**
**٨- چیرۆکی زانستی**
**٩- چیرۆکی گاڵتە و گەپ**
**١٠- چیرۆکی مێژوویی**[١]

(هادی نعمان الهیتی) نوسەرو توێژەری بواری تایبەت بەمنداڵ بەمجۆرە چیرۆکی منداڵان دابەش دەکات:

**١- چیرۆکی گیانداران**
**٢- چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەرەچڵی**
**٣- چیرۆکی لەڕادەبەدەر (الخوارق)**
**٤- چیرۆکی گاڵتە و گەپ.**
**٥- چیرۆکی مێژوویی**
**٦- چیرۆکی زانستی**
**٧- چیرۆکی ئەفسانە**
**٨- چیرۆکی (فۆلکلۆری و خورافی)**[٢]

---

١- ڕازاو ڕەشید صبری، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، لا٩٨-١٢١.
٢- هادی نعمان الهیتی (د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، مطبعه دار الحریه، بغداد، ١٩٧٧، ص(١٤٨-٢٠٦).

د. (مريم سليم) ی نوسەریش بەمجۆرە چیرۆکی منداڵان دابەشدەكات:

**١- چیرۆكی جنۆكە و سیحربازی**
**٢- چیرۆكی ئەفسانە**
**٣- چیرۆكی گیانداران**
**٤- چیرۆكی فۆلكلۆری.**
**٥- چیرۆكی مێژوویی.** [١]

بەڵام ئێمە بڕوامان وایە، كە بەپێی قۆناغەكانی تەمەن (زمان و ناوەڕۆك و كورتی و درێژی) چیرۆكەكە دیاری بكەین نەک ئەو چیرۆكانەی، كەلە قۆناغێكی دیاری كراودا منداڵ ئارەزووی دەكات، چونكە وەكو دەزانین لەفۆلكلۆردا ئەوە جیا نەكراوەتەوە، كە ئەم چیرۆكە بۆ چ قۆناغێكی تەمەنی منداڵ دەگونجێت، بەڵام ئەوە توێژەرو نووسەرو دەروونناسانی بواری تایبەت بە منداڵن، كە لە ئەنجامی بەدواداچوون و توێژینەوەیان و خوێندنەوەیان بۆ لایەنی دەروونی منداڵ و حەز و ئارەزووەكانیان، قۆناغەكانی تەمەنیان دیاری كردووەو لە هەر قۆناغێكیشدا خاسیەتی تایبەتی خۆیانیان دیاری كردووە، وەكو ئاشكرایە منداڵ حەز بە هەموو شتێک دەكات و داوای دەكات، بەڵام لەهەر قۆناغێكدا گۆڕانی بەسەر دادێت و دەگۆڕێت، لەئەنجامی خوێندنەوەمان بۆ قۆناغەكانی تەمەنی منداڵی وامان بەباشزانی كە تەمەنی منداڵ بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بكەین، ئەم دابەشكردنەش پشت بەستووە بەو تایبەتمەندیانەی، كە لەچیرۆكەكانیاندایە و ئارەزووی دەكەن، ئەو تایبەتمەندیانەش، وەكو پێشتر ئاماژەمان بۆی كرد زمانی چیرۆكەكە و ناوەڕۆكی چیرۆكەكە و كورتی و درێژی چیرۆكەكەیە، لەم سێ ڕوانگەیەوە هاتووین قۆناغەكانی تەمەن دیاری دەكەین ئەوانیش ئەم قۆناغانەن.

---

١- مريم سليم، أدب الطفل وثقافته،ص (١٧٥-١٩٢).

### ١-قۆناغی (٣-٦) ساڵ.

ئەم قۆناغە، بەسەرەتای ژیانی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت، جیهانێکی تەسک و تایبەتە، منداڵ لەم قۆناغەدا تەنیا لەسنووری خانەوادەکەی دا دەجولێت و هەڵسوکەوت دەکات، جگە لەدایک و باوک و خوشک و برا و هەندێک خزم و کەس و کار، دوکاندارەکەیش دەناسێت کە ڕۆژانە دەچێتە لای و شتی لێدەکڕێت ، بەڵام ئەگەر چووە دایەنگە و باخچەی ساوایان ئەوا بازنەی پەیوەندییەکانی فراوان دەبێت و خەڵکێکی زیاتر دەناسێت، زیاتر ئاشنای ژینگەی ماڵی خۆیەتی، ئەو ئاژەڵانەش دەبینێت و دەیانناسێت، کە ڕۆژانە لەبەرچاوێتی، ساڵ بەساڵ مێشکی فراوانتر دەبێت، بەڵام هەمیشە بەپرسیارە، هەرگیز چاوەڕێی وەڵام ناکات و پرسیاری تر دەکات، ئەگەرچی بەردەوام خەریکی یاریکردنن و لەیاریەکانیشدا بەو خەیاڵە سادەیەی کە هەیانە هەمیشە ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە ئەنجامی دەدەن، وەک دارێک دەخاتە نێو قاچی و دەیکاتە ئەسپەکەی و لێی دەخورێت، یان سەرە دەفرێک دەکاتە سوکانی ئۆتۆمبێلەکەیی و شۆفێری دەکات، هەوڵ دەدا بەمشێوەیە ئەوەی بەبیری دا جێ بەجێ ی بکات و لەدڵی خۆیدا نەیهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر ئارەزووی گوێگرتنی هەیە بۆ چیرۆک و لەناویشیاندا چیرۆکی گیانداران، کە بەردەوام بۆی بگێڕیتەوە لێی تێر نابێ و وەڕس نابێت.

چونکە کاتێک **((گوێ لەچیرۆکێک دەگرێ... بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ناتوانێ خۆی لەکارتێکردنی ڕاستەوخۆی چیرۆکەکە و پاڵەوانەکانی ڕزگار بکات))** [١].

بۆیە هەمیشە (چیرۆک و گێڕانەوەی) ڕۆڵێکی باش دەبینین، لە پەروەردە کردنی منداڵ و دەوڵەمەندکردنی توانای عەقڵی و بیرکردنەوەیدا.

---

١- ئازاد عبدالواحید، مناڵ و ئەدەبی مناڵانە، گ. نوسەری کورد، ژمارە (٣)، ١٩٨٠، ل٩٧.

**مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە :-**

١- زمان: زمانی چیرۆک لەم قۆناغەدا، دەبێت زمانێکی سادە و ساکاربێت، دووربێت لەگرێ و ڕەوانبێژی و وشەی قورس، زمانێکی پوخت و پاراوبێت، بەشێوەیەک کە منداڵەکە بەبێ بیرکردنەوە لەو ووشەیەی، کەگوێی لێ دەبێت لێی تێبگات و ئەزبەری بکات، زمانێک دووربێت لەوشەی وەرگێڕدرا و لێکدانەوەی قورس، چونکە هێشتا منداڵ ئاشنای خوێندنەوەو نووسین نەبووە و پیت و وشە و ڕستە نازانێت و لێی تێناگات، هەروەها فەرهەنگی زمانیشی سنووردارە، هەربۆیە منداڵ بەئاسانی لەو وشانە تێناگات، کەجێگەی

بیرکردنەوەن یان پێشتر گوێی لێ نەبووە، چونکە **((زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا ئاوەژووی شتە بەرجەستەکانی دەوروبەرەکەی دەکاتەوە و لەو سنوورە تێناپەڕێ، مانای وشە زەینییەکان تێناگات و پەیان پێ نابات و بەکاریشیان ناهێنێ بۆ نموونە وشەی (سۆز، ئازادی، یاد، سەربەستی، پەیوەندی... هتد) تێناگات و ئارەزووی نابزوێت))** [١].

لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە خاوەن زمانێک بێت، کەخۆی بەدوور بگرێت لەوشەی (واتایی) ، چونکە منداڵ نازانێت سەربەستی چیە یان مەردایەتی یا جوامێریی، بەڵکو دەبێت وشەیەک بەکاربهێنرێت لەلایەک منداڵەکە بەئاسانی لێی تێبگات و لەلایەکی تریش فەرهەنگە زمانیەکەی پێ دەوڵەمەند بکات، کەواتە دەبێ زمانی داڕشتنەکەی هەمان ئەو زمانە بێت کە لەجیهانی منداڵەکەدایە و قسەی پێدەکات، هەروەها کاتێکیش گفتوگۆ لەگەڵ منداڵ دەکرێت بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، دەبێت زۆر بەئارامی و لەسەرخۆیی بێت، چونکە وەکو وتمان هێشتا هەستی بیستنی، وەک هەستی بینینی بەهێز نیە، جیاوازی لەنێوان بیستن و بینینی ئەم قۆناغە لای منداڵ، ئەوەیە زۆر بەباشی دەوروپشتی خۆی و دەرەوە و شتەکان دەبینێت، بەڵام ناتوانێت ناوی هەر هەموویان بێنێت، چونکە نازانێت و فەرهەنگی زمانی و بیستنی هێشتا دەوڵەمەند نەبووە، بەڵام ساڵ بەساڵ ئەم

---

١- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، لا٥٥.

فەرهەنگە دەوڵەمەند دەبێت و وشـە و گـرێ و ڕسـتە دروسـت دەكـات و وای لێدێت هەتـا تەمەنـی (١٦) سـاڵی بیردەكـاتەوەو بەزمـان دایـدەڕێژێت، هەربـۆیە جیـاوازی زمـانی لەنێـوان تەمەنی (٤) ساڵی و (٥) ساڵی و (١٦) ساڵیدا هەیە، چونكە لەهەر ساتێكدا منداڵ وشـەی نـوێ فێر دەبێت و قسـەی پێ دەكات، بەمشێوەیە ژمارەی وشـەو گەشـەی زمانی بەرەو سـەرەوە دەچێت و دەگۆڕێت، هۆیەكەشی ئەوەیە، كە مێشكی منداڵ نەشوونما دەكات.

بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی، ئەم خشتەیە ڕوونی دەكاتەوە، كە زمانی منداڵ دەوڵەمەند دەبێت و گەشە دەكات.

| ساڵ | ژمارەی وشەكان | زیادە |
|---|---|---|
| ٤ | ١٣ | ١٠ |
| ٥ | ١١٠٥ | ٩٢ |
| ٦ | ١١٣٢ | ٢٧ [١] |

ئەگەرچـی ئەم خشـتەیە مێـژووەكەی دەگەڕێـتەوە بـۆ (٢٩)سـاڵ پـێش ئێسـتاو لەگەڵ زەمەنـی ئێسـتا زۆر گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، بەڵام دەكرێت بەدەست كـارییەك لە ژمـارەو دانەی وشـەكان و سـاڵی تەمەن نزیک ببینەوە لەو مەبەسـتەی كە دەمانەوێت، ئـاخۆ منداڵ لە هەر ساڵێكدا فەرهەنگی زمانی چۆن دەگۆڕێت و چی بەسەردێت.

٢- نـاوەڕۆک: نـاوەڕۆكی ئەو چیرۆكـانەی، كە لەم قۆنـاغەدا بـاس دەكـرێن و بـۆ منـداڵی دەگێڕنەوە، زیاتر باسی گیاندار و ئەو درەختانە دەكات، كە ڕۆژانە دەیانبینێت، مەبەستم لەو گیانـدارانەیە، كە مـاڵین و منـداڵ ڕۆژانە بەچـاوی خـۆی دەیانبینێـت و هەنـدێ جـاریش لێیـان ناترسـێت وەک (كەروێشـک، مریشـک، كەڵەشـێر، مەڕ، بـزن، چێـڵ.....) دەبێـت بەشـێوەیەک نـاوەڕۆكی ئەو چیرۆكـانە بـۆ منـداڵ بگـونجێن، كە لەئاسـتی بیـر و هزریـدا بێـت و دوربێـت

١- عبدالستار طاهر شریف (د)، وشە و ڕستە لای منداڵ (لەتەمەنی ١-٦) ساڵ، گ. گۆڤاری زانیاری عێراق، بەرگی ١٤، ١٩٨٦، لا١١٦.

لەناوەڕۆکی ترس و تۆقین، واتا باسی چیرۆکێک نەکەین، کە ببێتە مایەی ترس بۆ منداڵی ئەم قۆناغە، چونکە هێشتا خەیاڵ و ڕاستی لێک ناکاتەوەو دواتریش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر منداڵەکە جێدەهێڵێت، کە تا گەورەش دەبێت باندۆری خراپی لەسەر دەهێڵێتەوە، بۆیە زۆر بەهەستیارییەوە باسی چیرۆکێک بکرێت، کە منداڵەکە ئارەزوویەتی، بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە کۆتاییەکانیان، بە دڵخۆشی و شادی و پێکەنین دەبێت و لەهەمان کاتیشدا وانەیەکی بچووکی تێدایە، کە باس لەگوێ ڕایەڵی و پاک و خاوێنی و خۆپارێزی و و خۆدورگرتن لەدرۆ و ... هتد دەبێت، لێرەوە هەوڵدەدرێت لەڕێی چیرۆکەوە کەسێتی منداڵی ئەم قۆناغە ڕێک بخرێت و ئاراستە بکرێت، هەروەها لەئەنجامی ناوهێنانی گیاندارانی، وەک (بزنە ڕەش و بەرخە سپی و مریشکە سور و پشیلە بۆر و ڕێویە زەرد...) ئیتر وردە وردە ڕەنگەکانیش دەناسێتەوە و لەبەریان دەکات بەشێوەیەک، کە هەرگیز لەبیری ناچێتەوە، هەرکاتێک باسی ڕەنگی سپی بکرێت خێرا ئەوەی لەبەرچاوە، کە بەرخەکەی ناو چیرۆکەکە سپی بووە، لەمەوە ڕەنگەکانی لێ ون نابێت پاشان ژمارەش فێردەبێت، چونکە کاتێک لەچیرۆکێکدا باسی (تیتلە و بیبلە)ی بزنەکە دەکرێت و دەڵێن دوو کاری هەبوو، لێرەوە ژمارەی دووش لەبەر دەکات، یان باسی پشیلەیەک دەکرێت خێرا ژمارەیەکیش لەبەر دەکات و بەمشێوەیە چەند گیاندار باس بکرێت بەژمارەوە لەبەری دەکات، ئەگەرچی بەنووسین نەزانێت، بەڵام ئەو هەر لەبەریێتی.

٣- درێژی و کورتی چیرۆک: پێویستە ئەو چیرۆکەی، کە بۆ منداڵی ئەم قۆناغەی دەگێڕینەوە ڕستەکانی کورت بن، سادەبن، چونکە دەزانین منداڵی ئەم قۆناغە، زوو لە شتەکانی دەوروبەری بێزار دەبێت و دەیانگۆڕێت، ئاشکراشە چیرۆک کاریگەریەکی زۆرباشی لەسەر بیرکردنەوەی منداڵ هەیە، بۆ ئەوەی لێی بێزار نەبێت و لەبەرچاوی نەکەوێت ئەبێ ئەو لایەنە ڕەچاو بکەین و چیرۆکی کورتی بۆ هەڵبژێرین، لەهەمان کاتیشدا

باسی ئەو بابەتانەش بکات، کە ئارەزوویەتی، چونکە ((**ڕادەی ئاگایی منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر کورتە و پێویستە چیرۆکەکە کورت بێ و زوش بگاتە ئەنجام))** [١].

واتـا ئەنجامێـک، کە لەگەڵ حەزی ئەودا یەکـانگیرە، ئەویـش دڵخۆشـی و سـەرکەوتنی پـاڵەوانەکەیە ئەو چیرۆکـانەی، کە لەم قۆنـاغەدا دەگێـڕدرێنەوە، یـاخود بـاس دەکرێن و منـداڵ ئارەزووی دەکـات چیرۆکـی باڵنـدە و گیانـداران، بەشـێوەیەکی گشـتیش ((**ئەم چیرۆکـانە زۆر کورتن، ناوەڕۆکێکی سادەی هەیە، کارەکتەرەکانی لەسێ کەس زیاتر نین، تەنیا یەک ڕووداو باس دەکات))** [٢].

وەک دەزانین چەند کارەکتەر هەبێت، ئەوەنـدە دیـالۆگ زۆرتـر دەبێت و ڕووداوی لـێ دەکەوێتەوە و بنیاتی چیرۆکەکە درێژ دەبێت، بەڵام ئێمە ئەوەمـان لەبەرچـاوە، کە چیـرۆکەکە بۆ منداڵێکی (٣-٦) ساڵەیە، دەبێت ڕووداوەکـانی ئـاڵۆز نەبـن و کارەکتەرەکـانی زۆر نەبـن، بـۆ ئەوەی بەئاسـانی لەیەکتریـان جیابکـاتەوەو بیانناسـێتەوە، هەر بـۆیە ژمـارەی کـارەکتەری چیرۆکی ئەم قۆناغە لەسـێ کەس تێپەڕ ناکـات و منداڵیش لای خـۆیەوە بەئاسـانی ناوەکانیـان لەبەر دەکات، هەروەها بەهۆی کورتی چیرۆکەکەوە، منداڵ دەتوانێت خێرا و لەئەنجـامی چەنـد بـارە کـردنەوەدا چیـرۆکەکە لەبەر بکـات و پاشـان بیڵێـتەوە هەر بـۆیە منـداڵ ((**لەم قۆنـاغەدا مەیلـی گێـڕانەوە و لاسـایی کردنـی هەیە ئەو چیرۆکـانە تەقلیـد دەکـاتەوە کە گـوێی لـێ**

ئەمیش بەهۆی ئاسانی وشەکانی و کورتی چیرۆک، کەوا دەکات منداڵ ڕستەکانی نێو چیرۆکەکە لەبەر بکات و بیگێڕێتەوە و لاسایی کارەکتەرەکانی نێو ئەو چیرۆکەش بکاتەوە، کەگوێی لێ بووە لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پێویستە چیرۆک بۆ ئەم قۆناغە هێندە درێژ نەبێت، کە منداڵەکە تاقەتی لێ بچێت، بەڵکو دەبێت کورت و شێوازێکی ئاسانی هەبێت و

١- هادی نعمان الهیتی (د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٢٩.

٢- مریم سلیم (د)، أدب الطفل وثقافته، ص١٨٩.

٣- هادی نعمان الهیتی،ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٢٣.

زووش پەیامەکەی بە منداڵەکە بگات و وێنەیەکی جوان و کاردانەوەیەکی خێرا لای منداڵەکە پێک بهێنێت و ماندووی نەکات، هەروەها وروژانێک لای منداڵەکە دروست بکات بەرامبەر بە چیرۆک.

بۆ ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ، کە لەڕووی (زمان و ناوەرۆک و کورتی و درێژی چیرۆک) چیرۆک هەڵبژێرین ئەوا لە چیرۆکی **(زنگ و بەنگ)** [١]و **(پڵنگ)** [٢]و **(ڕەزڤان)** [٣]دا، زۆر بەئاسانی دەتوانین سادەیی زمان و ناوەڕۆکێکی نزیک لەبیر و هزری منداڵ و سادەی و کورتی چیرۆکەکە بکەینە نیشانێک و منداڵی ئەم قۆناغە بە ئاسانی لێی تێبگات و دڵی بەڕووداو بەسەرهاتەکانی خۆش بێت.

**٢- قۆناغی (٦-٨) ساڵ.**

ئەوەی ئەم قۆناغە، لەقۆناغەکەی پێشووی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە منداڵی ئەم قۆناغە لە سنووری ماڵەوەو خانەوادەکەی دەردەچێت و دەچێتە ناو کۆمەڵگاوە، پاش ئەوەی لە باخچەی ساوایانەوە ڕووەو قوتابخانە هەنگاو دەنێ، ئیتر منداڵ وردە وردە ئاشنای شوێنی نوێ و دیمەنی تازە و هاوڕێی تازە دەبێت و دەچێتە دەرەوەو شەقام و باخچە و شوێنی گشتی دەبینێت و هەروەها جۆری یاریکردنیشی لەتاکەوە دەگۆڕێت بۆ یاریکردنی بەکۆمەڵ، ئەگەرچی لەقۆناغەکەی پێشوو منداڵ جۆرێک لەگۆشەگیری پێوە دیاربوو، بەڵام لەم قۆناغەدا ئەو گۆشەگیرییە نامێنێ، چونکە هاوڕێ و هاوەڵی زۆری لەدەوروپشت دەبێت و پێکەوە گەمە دەکەن و ناهێڵن بەتەنیا بێت لەم قۆناغەدا، منداڵ جۆرێک لەسەربەخۆی وەردەگرێت بەوەی بەتەنیا و بێ هاوکاری، لەگەڵ هاوڕێکانی دەچێتە قوتابخانە، متمانە بەخۆ پەیدا

---

١- عبدالرحمن نقشبندی، هەبو... نەبو، مطبعە شفیق، بغداد، ١٩٨٠، لا١٠١.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٩.

٣- عبدالرحمن نقشبندی، هەبو... نەبو، مطبعە شفیق ، لا١٦٥.

دەکات، ئەمە جگە لەوەی بەچاکی قسە دەکات، بەجوانیش گوێ دەگرێت، دەتوانێت وانە بەهاوکاری مامۆستاکەی بخوێنێت و بڕوات و بێت و بچێتە کۆڵان، لەم قۆناغەدا منداڵ لەخەیاڵەوە بەرەو واقیع هەنگاو دەنێت و لەشتەکان دەگات و دەزانێت، کە **((سەگ گەز دەگرێ و هەنگ پێوە دەدات، پشیلە چڕنووک دەگرێ و مانگا سوریش شیر دەدات، هەروەها ئاگریش دەمانسوتێنێ، ئەمیش پێچەوانەی قۆناغەکەی پێشوو کە هیچ هەستێکی ڕاستەقینەی بەرامبەر بەم حەقیقەتە و ڕاستیانە نەبووە))** [١].

لەم قۆناغەدا، منداڵ سەرەڕای ئەوەی، کە پرسیار دەکات چاوەڕێی وەڵامیش دەکات و حەز دەکات، هەموو شتێک بزانێت و بپرسێ و وەڵامی چنگ بکەوێت، هەندێ جار دەپرسێ دەربارەی **((سێکس و منداڵ بوون و زاوزێی گیانداران))** [٢] لەم قۆناغەدا، منداڵ زۆر خۆ هەڵقورتێنە، لەهەموو شتێک نزیک دەبێتەوە، گوێ بۆ هەموو شتێک دەگرێت و دەیەوێ بزانێت لەدوای ئەو کارە چی ڕوودەدات و ئەنجامی چی دەبێت، بەڵام هەندێ ترسیشی هەیە.

**مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە:-**

١- زمان: زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا، گۆڕانی بەسەردا دێت و زۆر شت فێردەبێت، چونکە ماڵەوەی جێهێشتووە و بەسەر باخچەی ساوایانەوە تێپەڕیوە و گەیشتوەتە قوتابخانە کاتێک کە دەگاتە قوتابخانە ئاشنای خوێندن و پیت و وشە و بڕگە و ڕستەی سادە دەبێت، بەم هۆیەوە گۆڕانێکی تەواو لەفەرهەنگی زمانی منداڵەکە دروست دەبێت و وردە وردە فەرهەنگەکەی، وشەی زۆر دەبێت و دەوڵەمەند دەبێت

**((منداڵ لەم قۆناغەدا هەست بەکیانی خۆی دەکات و وردە وردە بیرکردنەوە لێکدانەوەی زەینی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕواڵەتەکان و ڕووداوەکان بەکاردەهێنێ، فەرهەنگی زمانی لەفراوانبوندا دەبێت و هەتا لەتەمەنی شەشساڵیدا نزیکەی دوو هەزار وشە فێر دەبێت و کە**

---

١- هادی نعمان الهیتی (د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٣٣.

٢- هادی نعمان الهیتی (د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)،ص٣٣.

**دەگاتە کۆتایی قۆناغی سەرەتایی نزیکەی حەوت هەزار وشە، هەرچەندە وشەکان لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا هەموویان واتای خۆیان بەتەواوی لەلای نابەخشن))** [١].

بەڵام ئیتر منداڵ لەگەڵ ناوهێنانی وشەکە، فۆرم و واتای بەیەکەوە لەبەردەکات و تاوای لێ دێت هەرشتێک، کەناوی دێنن خێرا، وەکو فۆرم دێتە بەرچاوی، واتا ((**چاویش بەکاردێنێ بۆ فێربوون و فێری زمانی چاو دەبێت))** [٢] لەم قۆناغەدا، زمانی منداڵ فراوان دەبێت و ((**ئاخاوتنیشی ڕەوان و سفت دەبێ))** [٣].

ئیتر بەئاسانی لەقسەی دەگەیت و وشە ناجوێت، ئەگەرچی ئەو قسە و وشانەی، کە لەدەمی دەردەچن هێشتا ناتوانێت بەقوڵی لەماناکانیان بگات و بزانێت چ واتایەکی هەیە، بەڵام دەزانێت ناویان بهێنێت و لاسایی گەوران بکاتەوە، کەچۆن قسە دەکەن و چۆن وشەکان لەدەمیان دەردەچێت منداڵ لەم قۆناغەدا ڕووبەڕوو، لەگەڵ مامۆستا قسە دەکات و گوێی لە وشە و ڕستە دەبێت بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدات، کە قسە بکات و فێری وشەی نوێ و ڕستە بێت، تاکو لەقوتابخانە لەگەڵ هاوڕێ و مامۆستاکانی وتوویژ بکات و قسەی خۆی بکات و بەشداری ئاخاوتنیان بکات لەم قۆناغەدا منداڵ ئارەزوویەکی زۆری بۆ چیرۆک هەیە، بەڵام چیرۆکێک کە لێی تێبگات و نزیک بێت لە بیر و خەیاڵی منداڵی ئەم قۆناغە، ڕاستە منداڵ چووەتە قوتابخانە، بەڵام هێشتا نووسین و خوێنەواری زۆرباش نیە تاگوێیی لەهەر بابەتێک بێت لێی تێبگات، بۆیە پێویستە لەچیرۆکدا ((**وشە قەبە و نامۆ و گرانی ئەوتۆ بەکارنەهێنرێت کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم تێگەیشتنی منداڵی ئەم قۆناغە))**[٤].

---

١- فاضل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٧٧.

٢- هادی نعمان الهیتی (د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٣٦.

٣- حەمە کریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، ل٥٩.

٤-ڕزگار عبدالقادر سعید، بینای هونەری چیرۆکی منداڵان لەچیرۆکەکانی گۆڤاری هەنگ دا (١٩٩٣-٢٠٠٠)، ل٧٤.

بۆیه چەند بەزمانێکی سادەی دوور لەگرێ بنووسرێت، ئەوەندە منداڵ ئارەزووی گوێگرتنی زیاتر دەبێت، هەرکاتێکیش **((توشی ڕستەیەکی گران یان وشەیەکی نامۆ هات هیچ دوور نیە تاقەتی لەتەواوکردنی بچێت))** [١].

چەند زمانەکەی ڕەوان بێت، ئەوا هێزی منداڵ بۆ گوێگرتن و خۆشەویستی چیرۆک زیاتر دەبێت، مەرجیش نیە لەنێو چیرۆکێک وشەیەک یان دوان و زیاتر هەبوون و منداڵ نەیتوانی لێیان تێبگات ئێمە نەیخوێنینەوە بۆ منداڵ و دوری بخەینەوە، بەڵکو هەوڵ بدرێت بۆ منداڵەکە باس بکرێ، چونکە **((ئەمەش مانای ئەوە نیە کە وشەیەک منداڵ نەیبیستبێ بەهیچ جۆرێک بەکارنەهێنرێت، چونکە وشە لەڕستەدا بەکاردێت و بەیارمەتی وشەکانی تری ڕستەوە واتای ئەویش فێر دەبێ))** [٢].

چەند منداڵ گوێی لەوشەی نوێ بێت و مانای فێربێ ئەوەندەی تر زمانەکەی دەوڵەمەند دەبێت، ژمارەی ئەو وشانەی، کە دەیزانێت پتر دەبێت بەشێوەیەک، کە بەڕەوانی و بێ وەستان قسەی خۆی دەکات، ئەوەشمان بیر نەچێت، کە منداڵ زۆر **((حەزی لەزمانێکی ڕوون و سادەیە))** [٣].

نەک تەنیا لەچیرۆکدا، بەڵکو لەقسەکردنی ڕۆژانە و وتوێژی نێوان خۆی و مامۆستا و خانەوادەکەی، دەبینین هەندێ جار، کە وتوێژێک لەگەڵ منداڵی ئەم قۆناغە دەکرێت، کە لە وشەیەک تێناگات داوای دووبارەکردنەوەت، لێ دەکات بەمەش دەزانرێت، کە هێشتا مانای هەندێ وشەی لاڕوون نیە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە هێشتا ئەم قۆناغەی منداڵ فەرهەنگەکەی بەو ئەندازەیە دەوڵەمەند نەبووە کە بتوانێت بێ بەربەست لەقسە و گوفتار و گێڕانەوەی چیرۆک و شیعردا، بەئاسانی تێبگات و زاڵببێت.

---

١- حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، لا ١٣٤.

٢- فاضل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردی دا، لا ١٧.

٣- حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، لا١٣٤.

٢-ناوەڕۆک: ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵانی ئەم قۆناغە، لەگەڵ گۆڕانی قۆناغی تەمەنەکەیان، ناوەڕۆکەکەیشیان دەگۆڕێت بەشێوەیەک، کە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخ و واقیعە بێت، کە منداڵەکەی تێدایە، چونکە ناکرێت باسی چیرۆکێک بکەین، کە دووربێت لەتەمەن و واقیعی ژیانی منداڵی ئەم قۆناغە (( **بۆیە وا پەسەندە ئەدەبی منداڵان لەم قۆناغەدا لەژیانی ڕۆژانەی منداڵەوە نزیک بێ و لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریدا ئاشناییان هەبێ))** [١].

بەزۆری منداڵی ئەم قۆناغە، ئارەزووی چیرۆکی **((دێو و درنج و حۆری و فریشتە و چەتەوڵەکان دەکەن))** [٢]

ئەگەرچی ئەمە ڕێک لەگەڵ حەز و ئارەزووی منداڵی ئەم قۆناغەدایە، چونکە خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و بێ سنوورن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئەم جۆرە چیرۆکانە کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر دەروونی منداڵەکە جێدەهێڵن و وای لێ دەکەن هەمیشە بترسێت، بەتایبەتی لەشەوانی تاریک و لەشوێنی چۆڵ و بێ دەنگ، بۆیە واباشترە کە ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵانی ئەم قۆناغە بەدووربێت لەم جۆرە بیرۆکانە، هەروەها نابێت

**((منداڵ حەزی لە هەر شتێک بوو بخرێتە بەردەستی یاخود ئارەزووی هەر جۆرە چیرۆکێکی کرد بۆی بگێڕدرێتەوە چونکە ناوەڕۆکی ئاڵۆزی هەندێ چیرۆک و باسکردنی بۆ منداڵ باندۆری خراپی لێدەکەوێتەوە بەشێوەیەک کە دواتر هەست بە مەترسیەکانی دەکەین))** [٣]

بۆیە وا باشترە چیرۆکی ئەم قۆناغە، ناوەڕۆکەکەی بەشێوەیەک لەگەڵ منداڵەکە بگونجێت، کە هیچ جێی مەترسی نەبێت و ئاڵۆزیش نەبێت لەڕووی دارشتنەوە، چونکە **((منداڵ لەم تەمەنەدا ناتوانی بەجارێ لەسێ چوار بابەت تێ بگات))** [٤]

---

١- حەمە کریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، لا ٦٠.

٢- خالیدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩٠)،چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، لا ٧٥.

٣- هادی نعمان الهیتی (د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٣٥.

٤- فاضل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردی دا، لا١٨.

کەواتە هەوڵبدرێت چیرۆکی ئەم قۆناغە سادەبێت، یەک بابەتی سەرەکیش بنیاتی چیرۆکەکەی لەسەر دامەزرابێت و دووربێت لەجەنجاڵی و ژمارەی کارەکتەرەکانیشی لە (٣-٤) کارەکتەر زۆرتر نەبێت، وەکو دەزانین چەند کارەکتەر زۆربێت لەچیرۆکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی ڕووداویش زۆربێت، ئەمیش هۆکارێکی دیکەیە بۆ درێژکردنەوەی چیرۆکەکە، چونکە گێڕانەوەو بەسەرهاتی کارەکتەرەکان ئەوە دەخوازێت، کە ژمارەی ڕووداوەکانی زۆر بکرێن بەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووبەری نووسینی چیرۆکەکە فراوان بێت و کاتی گێڕانەوەشی درێژتر بێت، بۆیە باشتر وایە ژمارەی کارەکتەرەکان کەم بن، هەروەکو دەزانین منداڵی ئەم قۆناغە، زیاتر **((ئارەزوویان لەو چیرۆکانەیە کۆتاییەکەیان بەلایانەوە سەیر بێت، یان بیانهێنیتە پێکەنین))** [١]

چونکە قۆناغەکە وا دەخوازێت و هەمیشە کەیفیان پێ دێت، کە کەروێشکەکە لەدەمی ڕێویەکە ڕزگاری دەبێت و جوتیارەکەش کلکی ڕێویەکە دەکات بەداردا و هەڵیدەواسێت، بەمە منداڵ دڵی خۆش دەبێت، کە کەروێشکەکە ڕزگاری بوو لەهەمان کاتیشدا بەلایەوە سەیر بوو، کە چۆن جوتیارەکە بەکلکی ڕێوییەکەی هەڵواسی، پێویستە ناوەڕۆکی چیرۆکی ئەم قۆناغە زیاتر لەسەر گیانی هاوکاری و یارمەتی دان و گوێ ڕایەڵی و ڕێزگرتن بێت، نابێت ناوەڕۆک بە ئەندازەیەک منداڵ بێتاقەت بکات، کە دڵتەنگی و ناخۆشی بخاتە دڵیەوە تووشی دڵەڕاوکێ و دوودڵی و ترس بێت، واباشترە ئەو چیرۆکانە کۆتاییەکەیان بە خەندە و پێکەنین بێت، هەروەها باشترە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکان کەسانێک بن، منداڵ بیانبینێت و بەوێنەی جوان نیشانی منداڵ بدرێت، بۆیە **((باشتر وایە لەتەمەن و ئازەی منداڵانی ئەم قۆناغەدا بن))**[٢]

واتا کارەکتەرەکان، هەمان تەمەنی منداڵانی ئەم قۆناغەیان هەبێت تا ئەمانیش زۆر بەئاسانی لەپەیام و قسە و جوڵەی کارەکتەرەکان بگەن و پێویستیان بەوە نەبێت کەسێک

---

١- حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، ل١٣١.

٢- حەمە کریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، ل٦٠.

بۆیان ڕاڤە بکات، هەروەها لەکاتی گێڕانەوەی ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانە، دەبێت بەزمانێکی بێ هەڵە، بەڵام نزیک لەزمانی منداڵی قۆناغەکە کاری گێڕانەوەکە بکرێت، چونکە گێڕانەوەی زمانەوانی بەهەڵەو پەیڕەو نەکردنی لایەنی زمانی دروست، کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت بەسەر منداڵەکەوەو ئەویش بەهەڵە وەریدەگرێ و دەیگێڕێتەوە، بۆیە باشترین ڕێگە گێڕانەوەیەکی ڕاست و دروست و بێ هەڵە بێ، هەروەها گیانی گورج و گۆڵیش لای منداڵی ئەم قۆناغە زیندوو بکرێتەوە، چونکە ئەم قۆناغە بۆ منداڵ، بە قۆناغی بزێوی و زۆر جوڵەیی ناسراوە.

٣- درێژی و کورتی چیرۆک :- سەبارەت بە کورت و درێژی ئەو چیرۆکانەی، کە بۆ منداڵی ئەم قۆناغە گونجاوە ئەوەیە، کە نابێ چیرۆکەکان ئەوەندە درێژ بن منداڵ تاقەتی گوێگرتنی نەبێت و جێیبهێڵێت، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی حەوسەڵە و ماوەی ئاگایی منداڵ بکرێت بە شێوەیەک، کە نابێت ئەو ماوەیەی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە داندراوە زیاتر بێت، هەروەکو دەزانین ((**منداڵی ئەم قۆناغە دەتوانێ کەمێک خۆڕاگرتر بێ لە چاو قۆناغەکەی پێشوو هەروەها بە ئاگاتر بێ**)) [١]

بەڵام ئێمە نابێت ئەمە بکەینە هەڵێک و وابکەین، کە چیرۆک لە بەرچاوی منداڵ بخەین، بەڵکو دەبێت چیرۆکەکە ماوەی دیاری کراو بێت و ئەوەندەش دێر و وشەکانی زۆر نەبن، کە منداڵەکە نەتوانێت بۆی لێک بکرێتەوە، هەروەکو زانراوە، کە منداڵی ئەم قۆناغە زیاتر ئارەزوویان بۆ چیرۆکی گیانداران و باڵندە و هەندێ جاریش چیرۆکی دێو و درنج و سیحر و جادوو هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم قۆناغە، لە قۆناغەکەی پێشوو جیاوازە هۆیەکەشی ئەوەیە، کە منداڵەکە چوارچێوەی ماڵەوەی بەجێ هێشتووە و هاتووەتە ناو کۆمەڵگا، بۆیە ئەمان زیاتر ئارەزووی ((**کورتە چیرۆک و زنجیرە چیرۆک**)) [٢]

---

١- هادى نعمان الهيتى (د) ، أدب الأطفال ، (فلسفته ، فنونه ، و سائطه) ، ص٣٤ .

٢- مصدر السابق، ص٣٨ .

که زیاتر باس له پێکەنین و خەندە و گەنجەفە دەکات و هەر یەکێک لەو زنجیرە چیرۆکانەش بە گرێیەک دەست پێ دەکات و پاشان بە ئەنجامێکی دڵخۆش بە کۆتا دێت، کەواتە نابێت باسی چیرۆکێک بکەین، کە ئەنجامی نەبێت، هەروەها ئەوەی زانراوە کورتە چیرۆک ماوەکەی لە نێوان (١٢–١٥) خولەکە، واتا منداڵی ئەم قۆناغە، دەتوانێت بۆ ماوەی (١٥) خولەک بەبێ پچڕان چیرۆکی بۆ باس بکەین و ئەویش گوێمان لێ بگرێت، بەڵام ئەگەر زیاتر بوو ئەوا هەر زوو وەڕس دەبێت و ئاگای لە چیرۆکەکە نامێنێت و خۆی بە شتی لاوەکیەوە خەریک دەکات، باشترین هۆکارێک کە وا بکات منداڵەکە نەپچڕێت و وەڕس و بێزار نەبێت، چیرۆکی کورتی سەرنج ڕاکێشیان بۆ بخوێندرێتەوە بە جۆرێک کۆتایی بێت، کە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بێت کەی چیرۆکێکی تری بۆ بخوێندرێتەوە، لە هەرسێ چیرۆکی گیانداران (**شێر و ڕویڤی**)[1] ، (**مریشکا کوفی خوار و رویڤی**)[2] ، (**دیکل و رویڤی و گزیر**)[3] دا نموونەی زمان و ناوەڕۆک و کورتی و درێژی چیرۆک لەم چیرۆکانەدا بەدی

**٣- قۆناغی (٨–١٢) ساڵ.**

دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لەژیانی منداڵ، ئەگەر لەقۆناغەکانی ڕابردوو منداڵ خەیاڵ و ڕاستیەکانی تێکەڵ کرد بوو، ئەوا لەم قۆناغەدا بەرگی خەیاڵ دادەکەنێت و بەرەو ڕاستی و واقیعیەت هەنگاو دەنێت، هەمیشە هەوڵ دەدات لەخەیاڵ دورکەوێتەوەو باسی ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە بکات، کە ڕاستین و جۆرێک لەپاڵەوانێتی و ئازایەتی و سەرچڵی تێدایە، لەم قۆناغەدا منداڵ بیر و هۆشی تەواو پێدەگات و هەست بەڕاستی و دروستی شتەکانی دەوروبەری دەکات و تاڵی و شیرینی لێک دەکاتەوە، منداڵ حەزدەکات لەماڵەوە دانەنیشێت، بەڵکو هەر لەدەرەوە بێت و خەریکی یاریکردن و تێکەڵاوبوون بێت لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی، زۆر ئارەزووی ئەو بەسەرهات و فیلم و چیرۆکانە دەکات، کە باسی

---

١- خالد دێرەشی ، شەڤبێرییان زارۆکان، چاپخانەی حاجی هاشم ، دهۆک ، ٢٠٠٦ ، لا ٢٧ .
٢- سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦١ .
٣- سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٦٣ .

پاڵەوانێتی و ئازایەتی و سەرچڵی دەکەن، بەڵام ڕاستی نەک خەیاڵی و دروستکراو کاتێک گوێی لێ دەبێت، یاخود دەیبینێت ئەمیش ئارەزوو دەکات، وەک ئەوان بێت حەزدەکات ڕۆژێک لەڕۆژان وەکو ئەوان ببێتە مایەی سەرنجی خەڵکی و تەماشا بکرێت، بۆیە هەندێک جار لەبەرچاوی هاوڕێکانی جۆرە یارییەک، یاخود نمایشێک دەکات، کە ڕەنگە ئازارێک بەجەستەشی بگات، بەڵام بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەر بۆخۆی ڕابکێشێت و خۆی وانیشان بدات، کە ئازاری نیە و دەیەوێت ئازایەتی و جەربەزەیی خۆی نیشان بدات و پێیان بڵێت من هەم، زۆرجار بەتەنیا دەچێتە بەردەم ئاوێنە و ماسولکەکانی قۆڵ و باسک و سینگی نمایش دەکات و وەکو پاڵەوانێک خۆی دێتە بەرچاو، کە دەڵێین قۆناغی پاڵەوانێتی و سەرچڵی ئەوەیە، کە **((هەمیشە حەزی بەو یاری و نمایشانەیە کە جۆرێک لەپاڵەوانێتی و سەرەچڵی تێدایە و لاساییان دەکاتەوە))** (١)

هەروەها هەندێ جار قوتابخانەش جێدەهێڵێت لەگەڵ کۆمەڵێک لەهاوڕێکانی تا وا نیشان بدات، کە ئازایە و دەتوانێت ئەوەی حەزی لێ دەکات و بیری لێ دەکاتەوە، ئەنجامی بدات، کە ئەمیش زۆرجار تووشی گرفت و کێشەی دەکات، چونکە دەبێتە مایەی ئازار و ئاریشە بۆ خێزان و کۆمەڵگا.

**مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە:**

١- زمان: زمانی چیرۆکی منداڵانی ئەم قۆناغە، بەراورد بەقۆناغەکانی تر پێشکەوتووە، وشە و ڕستەی وای تێدایە، کە لەسەر بنەمای یاسای و ڕێساکانی زمانی داڕێژراون، کە منداڵ بەئاسانی دەتوانێت پەیرەویان بکات و بێ گرێ و کێشە لەماناکانیان بگات، واتە پێویستیان بەیەکێک نابێت وشەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەگەرچی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە منداڵی ئەم قۆناغە با تەمەنیان پێشکەوتووش بێت، بەڵام نابێت ئەوە نادیدە بگرین، کە هێشتا ئەمانیش توانای بیرکردنەوە و ڕادەی تێگەیشتنیان سنووردارە و هێشتا کامڵ نەبووە، بەڵام

---

١- هادی نعمان الهیتی (د)، أدب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٣٩.

منداڵ دەتوانێ **((لەم قۆناغەدا بەباشی فێری زمان و یاساکانی بێت و دەتوانێ بەبێ هەڵە قسە و گفتوگۆ بکات و بیر وباوەڕی خۆی دەرببڕێت و لەقسەی بەرامبەرەکەی بگات))** [١] پاشان ساڵ بە ساڵ فەرهەنگە زمانیەکەی دەوڵەمەند دەبێت تا دەگاتە ئاستێک، کە **((منداڵ لەم تەمەنەدا چیرۆک و شیعر دەنووسێ زۆرجار گەورە لەبەردەمیدا دەستە وەستانە و دەکەوێتە گومانەوە))** [٢]

نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر بە وریاییەوە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و دووربخرێتەوە، لەو جۆرە یارییانەی، کە هەندێ جار تووشی سەرکێشی دەکەن و بەلارێیدا دەیبەن، هەروەها لەبری خۆماندوون کردن بەکارێک، پێویستە منداڵی ئەم قۆناغە لەسەر خوێندنەوەی **((بابەتی مێژوویی و سروود و گۆرانی و شیعر و پەخشان و بەڵگە و دیکۆمێنتاریە زانستیەکان ڕابهێنرێت))** [٣]

چونکە ئەمیش هۆکارێکە بۆ فراوانبوونی مێشک و بیرکردنەوە و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگە زمانیەکەی، بڕوا وایە، کە ژمارەی وشەو زاراوەی ئەم قۆناغە بگاتە ((٥٠٠٠٠)) [٤] ئەگەرچی ئەم ژمارەیە زۆرە بۆ منداڵێکی ئەم قۆناغە، بەڵام منداڵ بەشێوەیەک فەرهەنگەکەی دەوڵەمەند دەبێت، کە بتوانێت بەبێ گرفت و ڕاوەستان، گفتوگۆی خۆی بکات و چیرۆک و شیعریش بەپێی ئەو زانیاری و پاشخانە ڕۆشنبیریەی، کەهەیەتی بینووسێت هەروەها دەتوانێت جیاکاری لەنێوان ڕستەی سادە و داڕێژراو، یاخود لێکدانی دوو وشە یان زیاتر بکات، بێگومان ئەم قۆناغە بۆ منداڵ زۆر هەستیارە بۆیە، هەتا بکرێت منداڵ لەسەر خوێندنەوە ڕابهێنرێت، تاکو بتوانێت بەئاسایی بنووسێت و فەرهەنگی زمانی بە ئەندازەیەک

---

١- فاضل مجید محمود (د)، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردی دا، ل١٩.

٢- سەلام سەعید مەولود، قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ و ئەدەب، گ. ئاینده، ژمارە (٣) ساڵی (١٩٩٩)، سلێمانی، ل٨٠.

٣- هادی نعمان الهیتی، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وساطه)، ص٤٠.

٤- ڕزگار عبدالقادر سعید، بینای هونەری چیرۆکی منداڵان لەچیرۆکەکانی گۆڤاری هەنگ دا (١٩٩٣-٢٠٠٠)،ل٧٤.

دەوڵەمەندبێت هاوکاربێت لەخوێندنەوە و نووسین، هەموومان دەزانین، کە خوێندنەوە چەند گرینگە بۆ مرۆڤ چەند خزمەت بە مێشک دەکات، کەواتە بۆ منداڵیش هەمان ڕەنگ و جێ پەنجەی دیاری دەبێت، دەبێت زمانی چیرۆک لەم قۆناغەدا، هەمان ئەو وشە و ڕستانە بێت، کە لەقوتابخانە دەیخوێنێت ئەمیش لەبەر دوولایەن، لەلایەک زۆر بەئاسانی لەچیرۆکەکە و مانا و مەبەست و داخوازییەکانی دەگات، لەلایەکی تریش هێزی زمانەوانی و فەرهەنگە زمانیەکەی بەشێوەیەک پتەو دەبێت، کە هەرگیز لەبیری ناچێتەوە و لەقوتابخانەش سوود گەلێکی زۆری دەبێت.

بۆیە هەتا بکرێت زمانی ئەم قۆناغە پاک بکرێتەوە لەوشەی قورس و بێگانە و ناقوڵا و فرە مانا، چونکە منداڵ لەسەر ڕێگایەکی ڕاستی زمانی دەڕوات بەمجۆرە وشانە سەری لێ تێکدەچێت و ئارەزووی خوێندنەوەی نامێنێت، هەروەکو دەزانین منداڵ دەتوانێت بەبێ یارمەتی بۆ خۆی بخوێنێتەوە بێ ئەوەی کەسێک هاوکاری بکات، کەواتە دەبێت ئەو چیرۆکانەش هەڵگری هەمان سیفاتی زمانی بن، کە منداڵ لەقوتابخانە پێی ئاشنا بووە و خوێندوویەتی، بەڵام **((ناشبێ ئەوەندە ساکار بن نەتوانن بیانجوڵێنن و بیانخەنەکار))** [1]واتا دەبێت گوڕ و تینێکی وای تێدابێت، کە منداڵ بەخوێندنەوەی ئاسوودەبێت و خۆشیەک بکەوێتە جەستە و سینگیەوە.

٢- ناوەڕۆک: ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵانی ئەم قۆناغە، فرە ڕەنگە واتا لەسەر یەک بابەت ناوەستن و حەزیان لەزۆر شت هەیە، وەک چیرۆکی ململانێ و ئازایەتی و جەربەزەیی و پاڵەوانێتی هەروەها، حەزیش بەچیرۆکی **((پۆلیسی دەکەن و دەیانەوێت لەسەر گەڕیدەیی و دۆزەرەوەکان))** [2] شت بزانن و ئەمە جگە لەوەی حەز بە ئەفسانە و ڕۆمانیش دەکەن، چونکە خوێندەوارییان هەیە و دەتوانن بیخوێننەوە، ئەگەرچی مەرج نییە لەتەواوی

---

١- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، ل٦٣.

٢- هادی نعمان الهیتی(د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٤١.

ڕووداوەکان حاڵی بن، هەروەها حەزدەکەن چیرۆکێک بخوێننەوە، کە هەرگیز گیانی دۆڕاندن و سەرشۆڕی تێدا نەبێت، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە زیاتر لەسەر ئەو بابەتانەن، کە منداڵی ئەم قۆناغە بەدوایدا وێڵن، یەکێک لەو بابەتە هەستیار و گەرمانەی، کە ئیتر هەمیشە منداڵ بەترسەوە تەماشای دەکات و هەوڵدەدات زۆرترین زانیاری لەسەری هەبێت **((بابەتی سێکسیە کە منداڵان لەنێو خۆیاندا بۆ یەکتری باس دەکەن و دەیگێڕنەوە))**[١]

هەروەها منداڵ لەم قۆناغەوە، دابەشی دوو ڕەگەزەکە دەبن، واتا کوڕ و کچ، چونکە حەز و ئارەزوویان بۆ بابەتەکان، وەکو یەک نیە هەرچی تایبەت بەکوڕە ئەوا ئارەزووی **((چیرۆکی پاڵەوانێتی و سوارچاکی و زۆران بازی و ئازایەتی دەکەن))** [٢]

بەڵام هەرچی تایبەت بە کچە تەواو پێچەوانەی ئارەزووی کوڕە بەوەی، کە ئەمان **((زیاتر بەلای چیرۆکی واقیعیدا دەچن کە دەربارەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ و چێشت لێنان و ئاریشتەوە*))**[٣]

ئیتر لێرە بەدواوە ئارەزووەکانی هەردوو ڕەگەز بەتەواوی لێک جیا دەبنەوە، ئەگەرچی هەندێک هاوبەشی هەردەمێنێت، بەڵام کوڕان زیاتر هەوڵ دەدەن ئەو بابەتانە بخوێننەوە، کە زیاتر هانیان دەدات لەسەر ئازایەتی و چاو نەترسی و چونەتە قۆناغێکەوە منداڵییان جێهێشتووەو بەرەو گەنجی و کامڵ بوونی دەڕۆن و چیتر، وەکو منداڵ تەماشا ناکرێن، بەڵکو هەمیشە، وەکو گەورەیەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و دەجوڵێنەوە.

٣- درێژی و کورتی چیرۆک: لەم قۆناغەدا، منداڵ توانای هەیە چیرۆکی درێژ بخوێنێتەوە، یاخود گوێی لێ بگرێت، هەروەها دەتوانێت زۆر بەباشیش تێبگات، چونکە بیر و مێشکی فراوان بووە، چووەتە قوتابخانە، فەرهەنگی زمانیشی دەوڵەمەند بووە، کەواتە چیرۆک ئەگەر

---

١- هادی نعمان الهیتی(د)، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٤٠.
٢- خالیدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩٠) لا٧٨.
* ڕاستی وشەکە ئارایشتە نەک ئاریشت.
٣- سەرچاوەی پێشوو،لا٧٨.

دریـژیش بێت منـداڵ لێی وەڕس نابێت و گـوێی بـۆ دەگرێـت تـا تەواو دەبێت، یـاخود هەتـا لەخوێندنەوەی نەبێتەوە دەست بەرداری نابێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجام و بزانێت لەکۆتاییدا چـی ڕوودەدات، چیرۆکـی ئەم قۆنـاغە لەگەڵ ئەوەی باسـی ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینە دەکـات دەبێت لایەنی وەسفیش لەبیر نەکات، چونکە چیرۆک چەند وەسفی تێدابێت منداڵەکە چێژی لـێ وەردەگرێـت بـادرێژیش بێـت، ئەوا تـاقەتی لـێ ناچێـت و بەردەوام حەز بە بیسـتن و خوێنــدنەوەیان دەکــات، هەروەکــو دەزانــین ســیفەتی زۆربەی چیرۆکەکـانی ئەم قۆنــاغە لەبەرئەوەی ڕووداوەکانیـــان بەنـــاو یەکـــدا چـــووەو کـــارێکی وایکـــردووە کەژمـــارەی کارەکتەرەکانیش زۆربن ئەوا لەم حاڵەتەدا گفتوگۆ زۆردەبێت و سنوری چیرۆکەکە درێژ و فراوان دەبێت و بەجۆرێک جیاوازتر دەبێت، لەچیرۆکی قۆناغەکانی ڕابردوو، کەواتە ئەمیش هۆکارێکە بـۆ ئەوەی چیرۆکـی ئەم قۆنـاغە درێژبێت و منداڵیش بەئاسـانی وەریبگـرن و لێـی وەڕس نەبن، لەقۆناغەکانی ڕابردوو مەرجێک بۆ سـەرکەوتووی چیرۆک ئەوەبوو، کە لەسـەر یەک ڕووداو بنیـان بنرێـت و لەسـێ کـارەکتەریش پتـر نەبێـت، چـونکە هێشـتا منـداڵ بەو ئەندازەیە فەرهەنگە زمانییەکەی دەوڵەمەند نەبووە، تـا بەئاسـانی لەچیرۆکەکە بگات، بەڵام لەم قۆنــاغەدا منــداڵ چەنــد هەنگــاوێکیش لەقوتابخــانە چــووەتە پێشــەوەو نزیــک بــووەتەوە لەتەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، کە ئەمیش قۆنـاغێکی زۆر هەسـتیارەو وادەکات منداڵ زۆر بەئاسانی لەچیرۆک بگات و نـاوەڕۆکەکەی لەلای ڕوون بێت هەروەهـا، ئەگەر ڕووداوەکـان ئاڵۆز و درێژیش بوون بتوانێت پۆلێنییان بکات و تێیانبگات.

هەروەکو دەبینین لەهەرسـێ چیرۆکـی(**محمدێ نێچیرڤـان و بویکامـارا**) [1] و (**حەفت براک**) [2]و (**خەزال خاتینوک**) [3]دا نموونەی زمـان و نـاوەڕۆک و درێـژی و کورتی چیرۆکـی ئەم قۆناغە بەدیاردەکەوێت.

---

١- خالد دێرەشی، شەڤبێریین زارۆکان، لا٤١.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٥.

٣- سەرچاوەی پێشوو، لا٢١٩.

٤- قۆناغی (١٢-١٥) ساڵ.

منداڵ لەم قۆناغەدا، تەواو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەهەموو لایەکەوە (سۆزداری، بیرو مێشک، جەستە) گەشەی کردووە، وەکو منداڵەکەی قۆناغی (دوو و سێ) نەماوەتەوە، بەڵکو ئێستا هەوڵ دەدات، وەکو ئەندامێکی کاریگەرو خاوەن قسەو کەسایەتی ڕۆڵی خۆی بنوێنێت، چونکە ئێستا وەکو منداڵ تەماشا ناکرێت، بەڵکو بڕوا وایە کە لەسەرەتای ئەم قۆناغەوە ماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵی بکات و هەنگاو بۆ هەرزەکاری یا مێرد منداڵی بنێت، کە ئەمیش قۆناغێکە تەواو خوو سیفەت و ئاکاری منداڵی تێدا نیە، لەم قۆناغەدا هەر بەیادی

جاران، کە منداڵ بووە جۆرە هەڵسوکەوتێک دەکات، کە لەگەڵیدا ناگونجێت، واتا ((**منداڵ لەم قۆناغەدا حەز دەکات ناوبەناو ئاوڕێک لەڕابردووی خۆی بداتەوە و جۆرە چیرۆکێک بخوێنێتەوە کە باسی گوڵ و پەپوولە، نوقڵ و گەلێک شتی دیکەی منداڵانەی تێدابێت بەڵام بەرەو هەرزەکاریش دەڕوات حەزدەکات چیرۆکی دڵداریش بخوێنێتەوە**)) [(١)]

چونکە لەڕووی پێگەیشتنی جەستەو لایەنی سێکسیەوە، تەواو پێگەیشتووە بۆیە هەمیشە حەزی بە خوێندنەوەو تەماشاکردنی ئەو بابەتانەیە کە لەسەر ئەم لایەنە زۆر جەخت دەکەنەوە، هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا، هەستی خۆشەویستی بۆ ڕەگەزەکەی بەرامبەری کە مێیە زۆر دەجوڵێت و حەز بە بابەتی ڕۆمانسی و ئەوینی دەکات، ئەویش لەئەنجامی پێگەیشتنی لایەنە سێکسی و فسیۆلۆجیەکەیەتی، کەهانی دەدات بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوانە، بۆیە زۆر پێویستە دایک و باوک بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و نەهێڵن لەڕێ دەرچێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی منداڵەکە لە (١٢)ساڵی بەسەرەوەیە، هەست بەشڵەژانی دەروونی و جەستەیی دەکات و گۆڕانێکی جۆری بەسەر بیرکردنەوە و قسەکردن و ئەندامانی لەشی دێت، وای لێ دەکات هەمیشە مێشک و بیری سەرقاڵ بێت و توند بێت، بۆیە دەبینین کە تەمەنی ((**گەیشتە دوازدە ساڵ لەشێوازی ژیانی ڕابردووی یاخی**

١- حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لەچیرۆکی کوردیدا، ل١٢٩.

**دەبێت تەنانەت هەندێک جار بەڕووی دایک و باوکیشیدا دەتەقێتەوە، قایل نابێت وەکو منداڵ سەیری بکرێت و خولیا و ئارەزووە تازەکانی لێ تێک بدرێت))** [١]

چونکە هەمیشە واخۆی دێتە پێش چاو، کە کەس لەو بەهێزتر و ئازاتر نیە، بۆیە دەبینین سەرکێشی دەکات و هەوڵدەدات جۆرە یاخیبونێک بکات بەرامبەر بەو ڕێسا و یاسا خێزانی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەکۆمەڵگاکەیدا هەیە و لەسەری پەیڕەو کراوە، دەبینین

**((منداڵانی ئەم قۆناغە هێندە گوێ بەدایک و باوکیان نادەن، بەتایبەتی بۆ هەڵبژاردنی برادەر و مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت))** [٢].

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی، کە هەمیشە جێگەیەکی ناشرین لەبیر و هۆشی منداڵی ئەم قۆناغە دەکاتەوە، هاوڕێی خراپە، چونکە هەر ئەمەیە دەبێتە هۆکارێک بۆ لەڕێ لادان و لەخشتەبردنی منداڵ، چاک وایە کە منداڵ زۆر لەنزیکەوە چاودێری خۆی و هاوڕێکانی بکرێت و ئامۆژگاری بکرێت، بەڵام بەڕێگەیەکی نەرم و دوور لە هەڵچوون و هەڵەشەیی، منداڵ لەم قۆناغەدا، زۆر حەز بەخۆدەرخستن و ناوبانگ پەیداکردن و سەربەستی لەهەڵسوکەوت دەکات، هەمیشە حەز دەکات کارێکی هەبێت و داهاتووی خۆی و حەزەکانی پێ دابین بکات.

ئیتر لێرەشەوە منداڵی ئەم قۆناغە، دەبنە چەند بەش و گروپێک، هەندێکیان ئارەزووی خۆ پێگەیاندن و ناوبانگی دەکەن و دەیانەوێت بناسرێن و هاوڕێکانی هەمیشە چاوییان لەدەستی بێت، هەندێکیان ئارەزووی خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردن دەکەن و دەیانەوێت خۆیان پێبگەیەنن و ببن بەو کارەکتەرەی کە خۆیان هەوڵی بۆ دەدەن، هەندێکیشیان هەر زوو لەلایەن هاوڕێی خراپەوە مۆنۆپۆڵ دەکرێت و وای لێ دێت، وەکو یارییەکی منداڵانە گەمەی پێ بکرێت و بۆ ویستی خۆیان بەکاری بێنن، واتا جڵەوی ژیانی دەکەوێتە دەستی کەسانێک،

---

١- حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لەچیرۆکی کوردیدا، ل١٢٩.

٢- نەوزاد علی ئەحمەد، منداڵ ئەدەب و لێکۆڵینەوە، ل٢٢.

کەبۆ کاری تایبەتی خۆیان بەکاری دێنن بۆیە دەبێت زۆر بەوردی، لەگەڵ منداڵی ئەم قۆناغە بجوڵێینەوە، تاکو بەئاسانی قۆناغەکە ببڕێت و گەورە بێت.

**مەرجەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە:**

١- زمــان: منــداڵ لەم قۆنــاغەدا، لەڕووی زمــانیەوە هەنگــاوی بەرەو پێشــەوە نــاوەو لە پێگەیشــتوویی نزیــک بــووەتەوە، چــونکە لەســەرەتای قۆنــاغەکە منــداڵ تێیــدا پــۆلی شەشــی سەرەتاییە، بەڵام کاتێک قۆناغەکە تەواو دەکات دەگاتە پۆلی سێ ی ناوەندی، ئیتر گرفتێکی ئەوتۆی زمانی نیە و فەرهەنگە زمانیەکەشی دەوڵەمەندەو دەتوانێت زۆر بەئاسانی سوودی لێ وەرگرێت هەر بۆیە ((**زمانی هەرزە لەم قۆناغەدا بەتەواوی کامڵ دەبێ و شارەزایی هەموو لایەن و یاسا و ڕێسای زمانەکە دەبێت و دەتوانێ هەموو جۆرە کتێب و بابەتێکی بەزمانی دایکی نوسراو بخوێنێتەوە و لێی تێبگات**)) [١]

منداڵی ئەم قۆنـاغە، بە ئەندازەیەک لەیاسـا و ڕێسـاکانی زمـانی سـەری دەردەچێت کە ئەگەر یەکێـک ڕسـتەیەک بڵێـت و بەهەڵە قسـە بکـات ئەوا دەتوانێـت بـۆی ڕاسـت بکـاتەوەو هەڵەکەی پێ بڵێت، چونکە وشە و ڕستەی باشی لەبەردەستەو پێویستی بەوە نیە، یەکێک هاوکاری بێت بۆ ڕاست کردنەوە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئیتر زمان ((**کێشـەیەک نەبێ بۆ تێگەیشتن و تێنەگێشتن**)) [٢]**ی تا ڕادەیەکی باشیش لەمانا و مەغزای پشتی وشەکان دەگات و زۆریش حەز بەبابەتی ((ڕەوانبێژی))** [٣]

دەکات، چونکە لەهونەرەکانی ڕەوانبێژیدا کۆمەڵێک مانـا و دەسـتەواژەی شـاراوە هەن، کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی دەبێت پشت بە فەرهەنگی زمـانی و دەوڵەمەنـدی لایەنـی ڕۆشـنبیری خـۆی ببەسـتێت، بـۆیە منـداڵیش هەسـت دەکـات ڕەوانبێـژی وەکـو یاریکردنێـک وایە بەمێشـک بۆیە حەزدەکات، ڕۆبچێتە نێو لایەنەکانی ڕەوانبێژی و نهێنیەکانی دەربێنێت.

---

١- فاضل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل٢٢.

٢- فاضل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل٢٢

٣- ڕزگار عبدالقادر سعید، بینای هونەری چیرۆکی منداڵان لە چیرۆکەکانی هەنگدا، ل٧٥.

دەتوانێت بەوسەرمایە زمانییە دەوڵەمەندەی کەهەیەتی خۆی لەبوارەکانی نووسین تاقی بکاتەوە بەتایبەتی شیعرو چیرۆکی کورت، بۆیە زۆرجار منداڵ لەم تەمەنەوە دەست دەکەن بە نووسین، چونکە لایەنی زمانیان دەوڵەمەندەو بەئاسانی دەتوانن بەرهەمی بەپێز و پڕ مانا بخەنە ژێر دەستی منداڵان و جوانتر و باشتریش ئێش و و ئازارەکانی منداڵان بخەنە بەرچاو، چونکە ئەمان بەشێوەیەکی پراکتیکی لەناو قۆناغەکەدان و دەیزانن و درکی پێ دەکەن و دەست نیشانی ئێش و ئازارەکانی منداڵان وەکو خۆی دەکەن، چونکە بە پراکتیکی لەناو دۆخەکەدان.

٢- ناوەڕۆک: لەم قۆناغەدا، منداڵ بەتەواوی حەزی گۆڕاوە و وەکو قۆناغەکانی پێشوو نەماوە، بەڵکو زیاتر ئارەزووی بابەت و ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانە دەکات کە لەڕووی بیر و خولیاوە نزیکە لەم قۆناغە، ناوەڕۆکی چیرۆکی ئەم قۆناغە هەمەڕەنگە وەکو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە وایە، کە لەچەند جۆرێکدا خۆی دەنوێنێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە حەز و داخوازییەکانی گەورە بوەو و وەکو جاران نیە، کە بە ئاسانی تەماشای ژیان بکات، بۆیە دەبینین حەزی بەو چیرۆکانەیە کە بابەتەکانی **((تێکەڵەیەکن لەلایەنی جەربەزەیی و خۆشەویستی))** (١)

ئەمیش بەو مانایەی کە هەمیشە چاوی لەوەیە، کە وەکو کەسێکی ئازا و چاونەترس ببێتە مایەی سەرنجی ڕەگەزی بەرامبەرو خۆشەویستەکەی سەرنج کێش بکات بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی، کە دەیکات هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا **((حەز بەخوێندنەوەی شیعر و چیرۆکی خۆشەویستی دەکات))** (٢)

١- هادی نعمان الهیتی، ادب الأطفال (فلسفتە، فنونە، وسائطە)، ص٤٧.
٢- فاضل مجید محمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل٢٣٧.

چـونکە هاوشـانی حەزەکـانی تـری لایەنـی خۆشەویسـتی و ڕۆمانسیشـی ڕۆژ بەڕۆژ گەرمتر و فراوانتر دەبێت، هەروەهـا زۆریش حەز بە **((چیرۆکـی پۆلیسـی و دز و سـیخوڕی پاڵەوانێتی و ویژدانی دەکات))** [١]

دەبینـین چیرۆکەکـان بەزۆری لەسـەریەک بـابەت خۆیـان نەگرتـووە و چەنـد جۆرێـک لەخـۆ دەگـرن، ئەمـیش پەیوەنـدی بەو قۆنـاغەوە هەیە کە منـداڵەکەی تێـدایە، کە قۆنـاغێکە هەمیشـە دوو دڵ و ڕاڕایە لەسـەر داخـوازی حەزەکـانی، چـونکە ئەوەی وای لـێ دەکـات کە هەمیشـە سـەرقاڵ و جەنجاڵ بێت پێگەیشتنی لایەنـی سێکسـی و گۆڕانی جەستەیەتی، وەکو دەزانـین بەشـێکی زۆری منـداڵان لەم قۆنـاغەدا، خۆیـان دەناسـنەوە و بەتەواوی حەزەکانیـان دەست پـێ دەکـات و دەوروژێـن بـۆیە زیـاتر، مەیلیـان بـۆ ئەو بـابەت و نـاوەڕۆکی چیرۆکـانە دەچێـت، کە ئـاوڕێکی باشـیان لەم لایەنە داوەتەوە و ئەو حەز و داخوازیانەیـان بەرجەستەکردووە، کە منداڵی ئەم قۆناغە چاوی لێیەتی، پێویستە زۆر بەهۆشیاری مامەڵەیـان لەگەڵدا بکرێت، چونکە قۆنـاغی چـوارەم کە بەقۆنـاغی مـوراهیقی (مێردمنداڵ)ی ناسـراوە تێیدا ئەو بازنەیەی جێهێشتووە کە بتوانێت باسی چیرۆکی (بزن و مەڕ)ەکەی بۆ بکەی، یاخود باسی (شێر و ڕێوی) بۆ بکەی، بەڵکو هەر **((ڕازی نیە گوێ بـۆ چیرۆکێک شـل بکـات باسـی نـوقڵی تێـدا بێـت، وەلـێ چـونکە بەرەو هەرزەکـاری دەڕوات چیرۆکـی دڵـداری سـەرنجی ڕادەکێشێت و لەناخەوە دەیبزوێنێت))** [٢]

بگرە گاڵتەشی پێدێت، هەمیشە هەوڵبدرێت باسـی چیرۆکـی زانسـتی و دیکۆمێنتـاری و خوێندنەوەی چیرۆکی پاڵەوانێتییان بۆ بکرێت، هەروەهـا ڕابهێنـرێن لەسـەر ئەوەی کە شـیعر و چیـرۆک بخـوێننەوە، چـونکە خوێنـدنەوەی چیـرۆک بـۆ منـداڵانی ئەم قۆنـاغە بەسـوودە، هۆکارێکیشـە بـۆ دەوڵەمەنـدی بـوونی لایەنـی بیـر و فیکریـان ئەمە جگە لەوەی کە فەرهەنگە

١- هادی نعمان الهیتی، ادب الأطفال (فلسفته، فنونه، وسائطه)، ص٥٢.

٢- حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لەچیرۆکی کوردیدا، ل١٢٩.

زمانیەکەشیان بە ئەندازەیەک دەوڵەمەند دەبێت، کە بۆ ژیانی داهاتووی سوودێکی زۆری لێ دەبینێت و زمان ڕەوانی و پاراوی و نووسینی بەرەو پێش دەبات، هەروەها دەکرێت منداڵ لەم قۆناغەدا، بە ((**هندەک زانیارییێن سێکسی یێن گرنگ و ڕێنمایی کردن و پەروەردەکر ناوی ب شێوەیەکی راست و دروست کارەکێ پیرۆڤیە داکو دویر بکەوڤیت ژ ە هزر و بیر و بوچونێت چەوت دەربارەی نقشی))** [١]

ئەمیش بۆ خۆی ئامادەکارییەک دەکات بۆ منداڵی ئەم قۆناغە و ئاگادار دەکرێتەوە لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەست بەون، هەروەکو باسمان کرد باشترین ڕێگە بۆ پێگەیشتن و پێگەیاندنی منداڵ لەڕووی هزر و بیرکردنەوەوە چیرۆکە، هەمیشە هۆکارێکە بۆ ئەوەی زانیاریەکانی زیاتر بکات و خۆی ڕۆشنبیر بکات، لەگەڵ ئەوەی بەئاگا دەبێت لەدەوروبەر و هەروەها هۆکارێکیشە، کەخۆی ڕابهێنێت لەسەر ئەوەی خۆی چیرۆک بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە، دەشتوانێت لەسەر ئەم قۆناغەی خۆی، باشترین بەرهەم بنووسێت.

٣- درێژی و کورتی چیرۆک: ئەم قۆناغە تەواو جیاوازە لەقۆناغەکانی پێشوو، چونکە لێرەدا منداڵا لەڕووی تەمەنەوە هەڵکشاوە و قۆناغی منداڵی تێپەڕاندووە، ئێستا پێی دەوترێت (هەرزە) یاخود (مێرد منداڵا) واتا بیر و توانای لێکدانەوەی بۆ پێشهات و ژیان جیاوازترە لەمنداڵانی قۆناغەکانی تر، چونکە هەرزە لەم قۆناغەدا (٩) ساڵە خەریکی خوێندنەوە و نووسینەو فەرهەنگی زمانیشی دەوڵەمەندەو گرفتێکی ئەوتۆی نیە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەو وشەو دەستەواژانەی کە لە نێو چیرۆکەکاندا دەیبینێت.

ناوەرۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەوادەخوازێ، کە ڕووداو گەلێکی درێژبن ئاڵۆزبن هەروەها وەکو پێشووتریش باسکراوە مادام باسی چیرۆکی (پۆلیسی، سیخوڕی، دزی و جەردەیی، ڕۆمانسی و خۆشەویستی) دەکرێت، دەبێت ژمارەی کارەکتەرەکانی زۆرتربن لەچاو چیرۆکی قۆناغەکانی تر، بۆ ئەوەی دیالۆگ و وەسف و خەیاڵی تێبکەوێت، ئەمیش

---

١- محسن عارف ساڵح، رەوشا چیرۆکێن زاروکان ل دەڤەرا بەهدینان (١٩٨٠-٢٠٠٤)، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی دهۆک،٢٠٠٥، ل٣٠.

هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە سنووری چیرۆکەکە درێژبێت بۆ ئەوەی بەئاسانی ڕووداوەکانی تێدا بەیان بکرێت، هەرزە لەم قۆناغەدا زیاتر دەیەوێت بزانێت ئەنجامی چیرۆکەکە بەچی دەگات، بۆیە ئەمیش هۆکارێکە کەوای لێ دەکات پێی کاریگەربێت و لاسایی بکاتەوە لەژیانی ئاسایی خۆیدا، هەروەها چیرۆکێکی ناوێت، کەلەڕووی ناوەڕۆکەوە کز و لاوازبێ و کورت بێ و بەیەک هەناسە بیخوێنرێتەوە، بەڵکو چیرۆکێکی دەوێت لەگەڵ خوێندنەوەی بەخەیاڵ بفرێت و ببێتە پاڵەوان و بەخۆشەویستەکەی بگات و ببێتە فریاد ڕەسی لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا، ڕستەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، ڕستەی تەواو ڕێزمانین و بەپێی ئەو بارە ڕۆشنبیری و زانیاریەی، کە هەیەتی لەمانا و دەلالاتی پشتی چیرۆکەکەش دەگات و لەمەبەستەکەی حاڵی دەبێت، هەروەها چیرۆکێکی دەوێت چێژی پێ ببەخشێت و فێری بکات، کەچۆن خۆشەویستی دەکات بۆیە ناوەستێتە سەر ئەوەی ئاخۆ چەند درێژە چیرۆکێکی ناوێت کاتێک ناوەڕۆکەکەی دەخوێنێتەوە گاڵتەی پێ بێت و لەگەڵ هەست و بیری ئەودا یەک نەگرێتەوە.هەروەک دەبینین لەهەرسێ چیرۆکی( **ئەحمەد و قاقانی چین**)[1] **(ئازایەتی لاوێک)**[2]**(گوڵی گوڵخەندەران)** [3] دا تەواوی بنەما زمانی و ناوەرۆک وبابەت و ڕووبەری فراوانی چیرۆک ڕەنگی داوەتەوە.

---

١- عەزیز گەردی، هەقایەتی کوردەواری-سێ دەرمان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٨٨.
٢- بەهادین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا،١٩٩٠، ل٢٣.
٣- محەمەد حمە صالح تۆفیق، هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٠،ل٢٨٩

## بەشی دووەم: خشتە ڕاوەرگرتن

### <u>پاری یەکەم</u>

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە:قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ**

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە: قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ**

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە: قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ**

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە: قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥)ساڵ**

### <u>پاری دووەم</u>

ڕاگیری (استبیان)

قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ

قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ

قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ

قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ

## بەشی دووەم: خشتەو پوختەی چیرۆکی قۆناغەکان

### قۆناغی یەکەم: مندالّی تەمەن (٣-٦) سالّ

لەم بەشـــەدا، وەکـو پـۆلێن کردنێـک چیرۆکـی قۆناغەکـانی تەمەنـی منـدالّمان جیـاکردۆتەوە، هەوڵمانداوە بۆ هەر قۆناغێکی دیاری کراو، چیرۆکی دیاری کراوی بۆ دابنێین، ئەویش بەپێی چوارچێوەیەک کە لەئەنجامی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە تەمەن و حەزو ویستی منداڵ دێتە کـایەوە، لەگەڵ پشـت بەسـتن بەبەشـە تیـۆرییەکەی، چیرۆکـی ئەم قۆنـاغە، وابەسـتەی چەنـد ڕێنمـایی و بنەمـایەکی دیـاری کـراوە، کە چیرۆکگێـڕەوە لەسـەر ئەو ڕێنمـاییە چیرۆکـی خـۆی دەگێـڕێتەوە، یـاخود تـوێژەر کـاری لەسـەر دەکـات، وەکـو لە پێشـەوە ئاماژەمـان بـۆی کـرد، ئەوانــیش (زمــان، نــاوەڕۆک، درێــژی و کــورتی چیــرۆک)ەکەیە، بەڵام لەم پۆلێنکــارییەدا و لەئەنجـامی خوێنـدنەوەی زیـاتری دەقەکـانی چیـرۆک، دەتـوانین هەنـدێ بنەمـای تـریش زیـاد بکەین، یان لێوەی هەڵبهێجێنین، وەک (کـارەکتەر، جـۆری پاڵەوان، وتـوێژ و دیـالۆگ، مەبەسـتە مەعنەویەکان) ،چونکە هەر چیرۆکێک بابەت و نـاوەڕۆکەکەی دەربـڕی ئەو قۆنـاغەیە، کە بـۆی دیــاری کــراوە، چیرۆکــی ئەم قۆنــاغە زیــاتر ئەو چیرۆکــانەن، کە کارەکتەرەکــانی باڵنــدە و گیاندارانن بەتایبەتیش ئەوانەی، کە ڕۆژانە منداڵی ئەم قۆنـاغە دەیبینێـت، یـاخود گەمەی لەگەڵ دەکات و لێوەی نزیکە، بەزۆریش ژمارەی کارەکتەر و پاڵەوانەکانی نێو چیرۆکـی ئەم قۆنـاغە، لەنێـوان (٢-٣) کـارەکتەرە هۆیەکەشـی ئەوەیە، کە منـداڵ بتوانێـت بەئاسـانی بیانناسـێتەوە و ناوەکانیان ئەزبەر بکات، جگە لەوەی، کە بەزمـانێکیش وتـراوە و دەگێڕدرێتەوە بەئەندازەیەک سـادەیە، کە هەسـت بەبـوونی گرێـی زمـانی و قورسـی وشـە ناکـەیـت، منداڵیش زۆر بەئاسـانی لێـی تێـدەگـات. لەڕووی نـاوەڕۆک و بـابەتەوە، تەنیـا یەک بـابەت هەیە کەچیـرۆکەکەی لەسـەر دامەزراوە دواتر ڕووداوەکانی بەرەو لوتکە دەچن و ئەنجـام بەوە کۆتـا دێـت، کە هێـزی چـاکە و خێر بەسەر دەکەوێت و لایەنی خراپیش بەر نەفرەت دەکەوێت، دیالۆگ و وتوێژەکـان زۆر دوور و درێــژ نــین بەشــێوەیەکن، کە لەگەڵ مــاوەی ئاگــایی و هۆشــیاری (انتبــاه) منداڵــدا

بگونجێت، خۆ ئەگەر ماوەکەی درێژبێت ئەوا تووشی بێزاری و بێ تاقەتی دەبێت، دەبێ ڕووداوەکان باسی کارێک یاخود ڕووداو و بەسەرهاتێک بێت کە بیرکردنەوە و خەیاڵی منداڵی ئەم قۆناغە تێبگات، هەروەها بزانێت کەباسی چی دەکات، بەزۆری چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، یەکێک لە کارەکتەرەکان ڕێوی فێڵبازە، وەک د.مەولود ئیبراهیم حەسەن دەنووسێت:

**((ڕێوی بەهۆی ئەو شێوە جەستەیەی، کە هەیەتی و ئەو زیرەکی و فیڵبازییەی، کە پێی ناسراوەو ئەم هەڵسوکەوتە کتوپڕو پڕ لەسەر سامییەی، کە کەمتر تێدەکەوێت، هەر بۆیە منداڵ خۆشیاندەوێ و حەز بە بەو چیرۆکانە دەکەن، کە ڕێوی تێدایە))**[١]

هاوشان، لەگەڵ (شێر، پڵنگ، گورگ، ورچ، چۆلەکە، کەڵەشێر، قەل، پشیلە، کەروێشک........هتد) گومانی تێدا نیە، هەر یەکێک لەم گیاندارانە سیفەتێکی دیاری کراوی خۆی هەیە و پێی دەناسرێتەوە، بۆیە هەوڵماندراوە بەپێی ئەم خشتەیە، ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم قۆناغە دەگونجێن دیاری بکەین.

١-مەولودئیبراهیم حەسەن (د)،ئەدەبی میللی،پرۆژە،بڵاونەکراوە.

**پاری یەکەم: خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە. قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ.**

| ز | ناوی کتێب | ناوی کۆکەرەوە | ناوی چیرۆک | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چەندچیرۆکێکی فۆلکلۆری پەندئامێز | سەلام مەنمی | شەوگاری گورگ و ڕێوی | ١٤٩-١٥٠ |
| ٢ | چەندچیرۆکێکی فۆلکلۆری پەندئامێز | سەلام مەنمی | شەوگاری گورگ و ڕێوی | ١٥٣-١٥٤ |
| ٣ | چەندچیرۆکێکی فۆلکلۆری پەندئامێز | سەلام مەنمی | کەو و ڕێوی | ١٥٧ |
| ٤ | ڕۆڤییفیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | تۆبەبت ڕێڤەچووناپاش و پاش | ١٥-١٧ |
| ٥ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | تۆبەبت ئەڤ وەلاتە | ١٨-١٩ |
| ٦ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤییَ زۆزانی | ٢٠-٢١ |
| ٧ | ڕۆڤییفیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وکەو | ٢٢-٢٣ |
| ٨ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وکێڤجاڵ | ٢٤ |
| ٩ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی و ژڤژی | ٣٠ |
| ١٠ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وسڤۆرە | ٣١-٣٢ |
| ١١ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وسیمەرخ وقەل | ٣٣-٣٤ |
| ١٢ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وقەل | ٤٠ |
| ١٣ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وکەر | ٤٢-٤٣ |
| ١٤ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی وکێڤریشک | ٥٠ |
| ١٥ | ڕۆڤییَ فیێلباز کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی ئۆسمان | ڕۆڤی ومریشک | ٥١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | ڕۆڤییفیلباز<br>کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی<br>ئۆسمان | ڕۆڤێ ومریشک<br>ودیکل | ٨٣-٨٢ |
| ١٧ | ڕۆڤییێ فیلباز<br>کۆمەک ژچیرۆکێن ڕۆڤیان | حسێن حاجی<br>ئۆسمان | ڕۆڤییێ یاریکەر | ٨٦ |
| ١٨ | کراشم دڕاو چم پێنەبڕا | عومەر ئیبراهیم<br>عەزیز | گایڕەش و ڕێویەکی<br>فێلباز | ٢٦-٢١ |
| ١٩ | ڕێوی گەرمیان وکوێستان | عومەر ئیبراهیم<br>عەزیز | ئەنجامی هاوڕێیەتی<br>مشک ومێرووله و<br>پووش | ٢٥ |
| ٢٠ | ڕێویگەرمیانوکوێستان | عومەر ئیبراهیم<br>عەزیز | گەشتیبەرەوکوێستان | ٥٩-٥٧ |
| ٢١ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری<br>کوردی | کوردستان<br>موکریانی | کەلەباب ومام ڕێوی | ١٤-١٣ |
| ٢٢ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری<br>کوردی | کوردستان<br>موکریانی | بزنومامڕێوی | ٢٢ |
| ٢٣ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری<br>کوردی | کوردستان<br>موکریانی | کتکوکەلەباب | ٣٢ |
| ٢٤ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری<br>کوردی | کوردستان<br>موکریانی | کوپەلەئاو | ٣٨ |
| ٢٥ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری<br>کوردی | کوردستان<br>موکریانی | قەلەڕەش ومراوی | ٤٠ |
| ٢٦ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری<br>کوردی | کوردستان<br>موکریانی | کۆترومێروو | ٥٢ |
| ٢٧ | هەبوو ... نەبو | عبدالرحمن<br>نەقشبەندی | زەنگوبەنگ | ١١٢-١٠٣ |
| ٢٨ | هەبوو ... نەبو | عبدالرحمن<br>نەقشبەندی | پلنگ | ١٦٤-١٦١ |
| ٢٩ | هەبوو ... نەبو | عبدالرحمن<br>نەقشبەندی | ڕەزڤان | ١٦٩-١٦٧ |
| ٣٠ | هێلکەی نامێ، بەشی یەکەم،<br>بەرگی دووەم | مەولود ئیبراهیم<br>حەسەن | حاجی لەقلەق ومام<br>ڕێوی | ١٢٦-١٢٥ |
| ٣١ | شەڤبێرییێن زارۆکان | خالد دێرەشی | دیکل وڕویڤی | ٢٥٣-٢٥١ |
| ٣٢ | شەڤبێرییێن زارۆکان | خالد دێرەشی | ڕۆیڤی وکیسەلە | ٢٦٢-٢٥٧ |

## قۆناغی دووەم:    منداڵی تەمەن (٦-٨)ساڵ

پۆلێن کردنی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، لەسەر بنەمای ناوەڕۆک و زمان و کورتی و درێژی ڕستە و گرێ و ئەنجامی چیرۆکەکەیە، ئەمیش هۆیەکە بۆ ئاشنابوون بەجیهانی منداڵی ئەم قۆناغە، چونکە جیاوازی، لەگەڵ منداڵی قۆناغەکەی پێشووی ئەوەیە، کە ئەم ژینگەی گۆڕیوە، ئاشنابووە بەشتی نوێ، بەگروپ یاری دەکات، زیاتر واقعییەو حەز دەکات بەچاوی سەر و بەگوێچکە شتەکان ببینێت و ببیستێت، نەک تەنیا بۆی بگێڕنەوە بەبێ ئەوەی پێشووتر ئاشنای بووبێت، منداڵی ئەم قۆناغە، چیتر لەچوارچێوەی ژینگەکەی ماڵەوەی قەتیس نامێنێت، بەڵکو خۆی دەگەڕێت و دەپرسێت و دەیەوێت وەڵامیشی بدرێتەوە، بۆ ئەوەی خێرا لەیادەوەری خۆیدا بەو بیرکردنەوە سادەیەی، کە هەیەتی لێکیبداتەوە و بگاتە ئەنجامێک، ئەگەرچی پرسیارەکانی پترن، بەڵام پشوو درێژیشن دەتوانن زۆرتر چاوەڕێی وەڵام بکەن .

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، سەرەڕای ڕەچاوکردنی لایەنە ناوەڕۆک و زمانیەکەی، لەهەمان کاتیشدا گۆڕانێک بەسەر بنیادی دەقەکەدا هاتووە، لەوەی کارەکتەرەکانی ژمارەیان لەنێوان (٣-٤) دایە و ناوەڕۆکەکەی، زیاتر نزیک بووەتەوە لەژیانی ئاسایی منداڵەکە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە لەڕووی زمانی و وشەکانی ناو چیرۆکەکەوە هەنگاوێک بەرەو مانای قوڵ بڕواتە پێش، بەڵکو هەر لەچوارچێوە سادەکەی خۆی ماوەتەوە و ڕوونی زمانەکە مەرجی گوێگر بوونی منداڵەکە دەسەلمێنێت، هەروەها لەچیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا وانەو پەیامێک هەیە کە منداڵ لەم قۆناغەدا، زۆر بەئاسانی دەتوانێت لێی تێبگات و لەژیانی ئاسایی خۆیدا بەبیر خۆی بهێنێتەوە، چونکە منداڵ گوێگرێکی باشە بەتایبەت لەم قۆناغەدا، بۆ چیرۆکەکانی تایبەت بە خۆی، بیریشمان نەچێت، کە منداڵ چەند تەمەنیان ڕوەو سەر هەڵکشێت، ماوەی ئاگاییان زیاتر دەبێت، کەواتە لەم قۆناغەدا، زیاتر گوێگرن و کەمتر سەرقاڵ دەبن بەتایبەت لەو کاتەی، کە چیرۆکیان بۆ دەگێڕدرێتەوە.

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە.  قۆناغی دووەم: تەمەنی(٦-٨)ساڵ**

| ز | ناوی کتێب | ناوی کۆکەرەوە | ناوی چیرۆک | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منداڵان | کوردستان موکریانی | گورگ و بەرخ | ١٦-١٧ |
| ٢ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منداڵان | کوردستان موکریانی | گای کێوی | ٢٤ |
| ٣ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منداڵان | کوردستان موکریانی | مێرو کللۆ | ٣٠ |
| ٤ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منداڵان | کوردستان موکریانی | مێر و مێش | ٣٤ |
| ٥ | بیست چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منداڵان | کوردستان موکریانی | قەلە ڕەش و پەڕی تاوس | ٣٦ |
| ٦ | ڕێوی گەرمیان و کوێستان | عومەر ئیبراهیم عەزیز | هاوڕێیەتی گورگ و شێر و مام ڕێوی | ٢٩-٣٤ |
| ٧ | ڕێوی گەرمیان و کوێستان | عومەر ئیبراهیم عەزیز | هێلانەی قەتێ | ٣٨-٤٠ |
| ٨ | ڕێوی گەرمیان و کوێستان | عومەر ئیبراهیم عەزیز | ڕێوی فێڵباز | ٦٢-٦٣ |
| ٩ | ڕێوی گەرمیان و کوێستان | عومەر ئیبراهیم عەزیز | قەل و مام ڕێوی و گورگ | ٦٧-٧٩ |
| ١٠ | کراسم دڕا و چم پێ نەبڕا | عومەر ئیبراهیم عەزیز | گورگ و مام ڕێوی | ١٢-٢٠ |
| ١١ | کراسم دڕا و چم پێ نەبڕا | عومەر ئیبراهیم عەزیز | کیشَکۆکە و مام ڕێوی | ٢٦-٣٢ |
| ١٢ | هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | مریشکە ڕەشە | ٤٠-٤١ |
| ١٣ | هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | قاز و کەڵەشێر و عەلەشیش و پەپو سلێمان و مام ڕێوی | ١٢٧-١٢٨ |
| ١٤ | شەڤبێریێن زارۆکان | خالد دێرەشی | شێر و ڕویڤی | ٢٧-٢٨ |
| ١٥ | شەڤبێریێن زارۆکان | خالد دێرەشی | ڕویڤی و خاپاندنا شێرێ | ٣٥-٣٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | شەڤبێرێین زارۆکان | خالد دێرەشی | مریشکا کوفی خوارو ڕویڤی | ٦١–٦٥ |
| ١٧ | شەڤبێرێین زارۆکان | خالد دێرەشی | شڤان و تالانچی | ٢٥٥–٢٥٦ |
| ١٨ | شەڤبێرێین زارۆکان | خالد دێرەشی | دیکل و رویڤی و گزیر | ٢٦٣–٢٦٦ |
| ١٩ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | شێر و فیرٖ و نەگولە | ٢٨–٣٠ |
| ٢٠ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | شێر و ڕاوچی | ١٣٣ |
| ٢١ | ختکە سوور | ڕێبوار جەمال | کەروێشک | ٣٣–٣٥ |
| ٢٢ | گۆڤاری نوسەری کورد- ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٠- خولی دووەم | عومەر شێخەڵا دەشتەکی | بزنۆکەک و مەڕۆکەک | ١٣٦–١٣٧ |
| ٢٣ | چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری پەند ئامێز | سەلام مەنمی | مێگەل | ١١٧–١١٨ |

## قۆناغی سێ یەم: منداڵی تەمەن (٨-١٢) ساڵ.

لەم قۆناغەدا، ئارەزووەکانی منداڵ تەواو گۆڕاوە، وەکو قۆناغەکانی پێشوو لە خەیاڵدا ناژێت، بەڵکو هەمیشە لەناو واقیعدا دەژی و هەست بەبوونی دەوروبەر، وەکو خۆی دەکات، ئەگەرچی ئارەزوو و حەزەکانی، وەکو بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی ڕەنگاوڕەنگن، بەڵام بەبەردەوامی دەیەوێت ئەو کارەی کە دەیکات بەڕاستی وەکو خۆی جێبەجێی بکات، منداڵی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئەوەی چەند پلەیەکییشی لە قۆناغی بنەڕەتی خوێندن بڕیوە، کەچی هێشتا حەزەکانی هەمەچەشن و لەسەریەک بابەت ناوەستێت، حەزی لەکاری زانستی و گێڕانەوەی چیرۆکی سەرچڵی و گیانفیدای و گەڕان و بابەتی سێکسی هەیە، دەیەوێت لەو چیرۆکەی کە گوێی لێ دەگرێت، هەر جارەو لەسەر بابەتێک بێت، نایەوێت تەنیا باسی بزن و مەڕۆکەی بۆ بکەی، چونکە ئەم لەڕووی وشیاری و فەرهەنگی زمانی، لەمێژە ئەو قۆناغەی ڕەتداوە و گەورە بووە ئەوەی کە پشتی پێ بەستوە و وایلێکردووە، کە هەمیشە گوێ بۆ شتی ڕاستی و نوێ بگرێت ئەوەیە، کە پاشخانە زمانیەکەی هاتۆتە کوڵان و هیچ بەربەستێکی بۆ دروست ناکات، ئەوەی گوێی لێ دەبێت تێیدەگات، لێکدانەوەی بۆ دەکات، با چیرۆکەکە ژمارەی کارەکتەرەکانی پتر بن و ڕووداوەکانی زۆر بن، هەروەکو دەزانین چەند دیالۆگ زۆربێت، مەودای چیرۆکەکە درێژتر دەبێت، ئەگەر منداڵ لەم تەمەنەدا نەبێت ئەوا ناتوانێت گوێ بۆ چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە بگرێت، چونکە وەڕس دەبێت و تاقەتی دەچێت.

هەر زوو ئاماژەکانی نێوچەوانی، هاواری ناڕەزایی دەکەن، بەڵام منداڵی ئەم قۆناغە بە سەبرە دەیەوێت بزانێت سەرئەنجام بەچی دەگات چۆن بەکۆتایی دێت و پاڵەوان چی لێ دێت، بۆ ئەوەی هەر کە کۆتایی بەچیرۆکەکە هات خێرا لەشوێنێکی تەنیا بکەوێتە لاسایی کردنەوەی پاڵەوانەکەو لە مەیدانەکە بکەوێتە ململانێی نەیارەکانی، ئیتر منداڵ لەم قۆناغەدا، بناغەیەک بۆ کاری خۆشەویستی و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر دادەنێت و دەیەوێت بەو جوڵانەوەیەی، کە دەیکا وردە وردە ببێتە مایەی تەماشاکردن، واتە لێرەوە دەیەوێت بە

پەیامێک بەرامبەر تێگەیەنێت، کە کەسێکی چاو نەترس و ئازایە و دەکرێت بیکەی بەکەسێک، کە پشتی پێ ببەستی.

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە. قۆناغی سێیەم: تەمەنی(٨-١٢) ساڵ**

| ز | ناوی کتێب | ناوی کۆکەرەوە | ناوی چیرۆک | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شەڤبێرێن زارۆکان | خالد دێرەشی | محەمەدی نێچیرڤان بریکا مارا | ٤١ – ٥٤ |
| ٢ | شەڤبێرێن زارۆکان | خالد دێرەشی | حەفت براک | ١٩٥ – ٢١٨ |
| ٣ | شەڤبێرێن زارۆکان | خالد دێرەشی | خەزاڵ خاتینوک | ٢١٩ – ٢٣٦ |
| ٤ | شەڤبێر | سالح جاسم ئۆسمان | بابە دەروێش | ٩ – ١٢ |
| ٥ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | چاکە بکە و بە ئاوێیدا دە | ١١ – ١٥ |
| ٦ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | سورەی چاوشین | ٣١ – ٣٨ |
| ٧ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | بووکێ خەمان | ٣٩ – ٤٣ |
| ٨ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | ڕاوکەرە هەژارەکە و شێرێک | ٦٥ – ٦٧ |
| ٩ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | ئەو جێیە خۆشە دڵی لێ خۆشە | ٦٨ – ٦٩ |
| ١٠ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | گایەکەی پاشا و شەڕەگا | ٩٤ – ٩٦ |
| ١١ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | سەر کودیلە | ١٣٧ – ١٤٠ |
| ١٢ | هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی | محمد حەمە ساڵح تۆفیق | دەروێش و کوڕی پاشا | ٣٦٣ – ٣٧١ |
| ١٣ | هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی | محمد حەمە ساڵح تۆفیق | کوڕە جۆلا | ٣٧٦ – ٣٨٠ |
| ١٤ | هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی | محمد حەمە ساڵح تۆفیق | پاشای خۆرهەلات | ٣٩٩ – ٤٠٦ |
| ١٥ | هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی | محمد حەمە ساڵح تۆفیق | سەرت دابنێ و سرت دامەنێ | ٤٣١ – ٤٣٢ |
| ١٦ | هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی | محمد حەمە ساڵح تۆفیق | ورچی بە سفەت | ٤٣٣ – ٤٣٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧ | هۆنراوه و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی | محمد حەمە ساڵح تۆفیق | ئەنجامی تەماحکاری | ٤٣٩ – ٤٤٠ |
| ١٨ | چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری پەند ئامێز | سەلام مەنمی | پیرە بەرد | ١٢٩ – ١٣١ |
| ١٩ | هێلکەی نامێ بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | هێلکەی نامێ | ١١٠ – ١١٢ |
| ٢٠ | هێلکەی نامێ بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | بەسەرهاتی دایکێک | ٢٠٦ – ٢١٠ |
| ٢١ | هێلکەی نامێ بەشی یەکەم، بەرگی دووەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | ئازاد بوونی توتیەکە | ١٤ |
| ٢٢ | هێلکەی نامێ بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | ئەحمەد | ٤٥ – ٤٦ |
| ٢٣ | هێلکەی نامێ بەشی یەکەم، بەرگی دووەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | کچە ئازاکە | ٦٣ – ٦٦ |
| ٢٤ | هێلکەی نامێ بەشی یەکەم، بەرگی دووەم | جەمیل محەمەد شێلادزێ | ئەحمەد چەلەبی و مام ڕویڤی | ٨٨ – ١٠٢ |
| ٢٥ | چیرۆکێن میللەیین | جەمیل محەمەد شێلادزێ | بویکا گێچێنێ | ١٠٣ – ١٠٩ |
| ٢٦ | چیرۆکێن میللەیین | جەمیل محەمەد شێلادزێ | دزیا ب مروەت | ١٧٩–١٨٤ |
| ٢٧ | چیرۆکێن میللەیین | مەهدی بامەرنی | مەرجانا ل کچا مەلیکێ چینێ عاشق دبیت | ٢٥ – ٣٠ |
| ٢٨ | دیتن هزارێ | مەهدی بامەرنی | کی دەرەوەکا مەزنتر بکەت زێر بو وییە | ٣١ – ٣٥ |
| ٢٩ | دیتن هزارێ | بەبێ ناوی کۆکەرەوە | شانس و بەخت | ٥٠ – ٥٣ |
| ٣٠ | گۆڤاری سروە، ژمارە (٦) هاوینی ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی | ئەسعەد قادری | مام ئەمەر | ٥٦ – ٥٧ |
| ٣١ | گۆڤاری سروە، ژمارە (٢٨) هاوینی ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی | محەمەد سۆفی | کچە پاشا و حەوت کورتەباڵا | ٥٤ – ٥٧ |
| ٣٢ | گۆڤاری سروە، ژمارە (٢٩) هاوینی ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی | مەولود ئیبراهیم حەسەن | وەسیەتی پاشا | ١٤٠ – ١٤٢ |
| ٣٣ | تێر نەخۆرە | نازەنین موحسین عومەر | نمەک | ٨٨ – ٩٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤ | گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژماره (٥) ساڵی ٢٠٠٠ | هاشم سەلیمی | ئەحمەدە کەچەڵی | ٩٨–١١٤ |
| ٣٥ | چیرۆک و ئەفسانەی موکریان | ڕێبوار جەمال | پاڵەوان بانوو | ١٢٥–١٢٧ |
| ٣٦ | بازی زێڕین | ڕێبوار جەمال | کولەکە ئاویی | ١٢٨–١٣١ |
| ٣٧ | بازی زێڕین | ڕێبوار جەمال | ڕاوێژکار | ١٣٥–١٣٦ |
| ٣٨ | بازی زێڕین | ڕێبوار جەمال | دێوەڕەش | ١٣٧–١٤٠ |

## قۆناغی چوارەم :  منداڵی تەمەن (١٢-١٥) ساڵ .

ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مێرد منداڵی ئەم قۆناغە، تەواو فراوانترە لە چاو منداڵانی قۆناغەکانی پێشوو، چونکە فەرهەنگی زمانی، تێگەیشتنی بۆ ڕووداوەکان، ئاستی گوێگرتن، قسەکردنی بێ هەڵە ئەمانە هەموو بە یەکەوە هۆکارێکن کە چیرۆکی ئەم قۆناغە بابەتەکانی زیاتر لەسەر لایەنی سۆز و خۆشەویستی و ئازایەتی کۆبێتەوە، مێرد منداڵی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئەوەی حەز بەگوێگرتن لە چیرۆک دەکات و دەتوانێت ماوەیەکی زۆر بە دیار چیرۆکگێڕەوەوە دابنیشێت،  دەیەوێت گێڕانەوەیەکی سادەی ڕووداو و بەسەرهات نەبێت، بەڵکو دەیەوێت فێری بکات، کە چۆن پاڵەوان لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویستەکەی ئامادەیە ئازار و ناخۆشیەکی زۆر بچێژێت، منداڵ لەم قۆناغەدا، وا هەست دەکات ئیتر گەورە بووە و پێویستە گوێ بۆ چیرۆکێک بگرێت، کە باسی ئەوینی و دڵداری دەکات، باسی ئازایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکات، هەروەها دەتوانێت لێکدانەوە بۆ چیرۆکەکە و پەیامی پشت چیرۆکەکەش بکات، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا تاقی بکاتەوە، لایەکی تری چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەوەیە، کە بنیاتی ئەم چیرۆکە تەواو جیاوازە لە چیرۆکی قۆناغەکانی پێشوو، چ لە ڕووی بابەت و بەسەرهاتەوە، یان لە ڕووی زمان و کارەکتەر و درێژی و کورتیەوە، ڕووبەرەکەی فراوانە، دیالۆگی زۆری چیرۆکی ئەم قۆناغە وایکردووە، کە منداڵی ئەم قۆناغە فێری لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە بن هەروەها ڕێگەش خۆش دەکات، کە لە ئەنجامی گوێگرتنی بۆ ئەم چیرۆکانە، هێزی نووسینی لا دروست بێت و خۆی چیرۆک و شیعر بنووسێت، منداڵ هەوڵ دەدات لەم قۆناغەدا، خۆی ساغ بکاتەوە و واز لەو جۆرە چیرۆکانە بهێنێت، کە ناوەڕۆکێکی سادەی هەیە، بەڵکو زیاتر حەز بە چیرۆکێک دەکات، کە بابەت و ناوەڕۆکەکەی ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو بن و لەوەوە نزیک بن، بۆیە بە زۆری ئەم چیرۆکانە ئەو لایەنانەی لەبەرچاو گرتووە، کە بۆ ئەم قۆناغە گونجاوە، وەکو وانەیەکیش ڕێنمایی کارە بۆ منداڵان .

**خشتەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە. قۆناغی چوارەم: تەمەنی(١٢-١٥)ساڵ**

| ژمارەی لاپەڕە | ناوی چیرۆک | ناوی کۆکەرەوە | ناوی کتێب | ز |
|---|---|---|---|---|
| ٧٤ — ٨٧ | شای ماران | عەزیز گەردی | هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان | ١ |
| ٨٨ — ٩٤ | هێلکەی باز | عەزیز گەردی | هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان | ٢ |
| ١٦١ — ١٧١ | پسمام و دۆتمام | عەزیز گەردی | هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان | ٣ |
| ١٨٨ — ٢١٩ | ئەحمەد و کچی قاقانی چین | عەزیز گەردی | هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان | ٤ |
| ٢٤٣ — ٢٥٠ | ماسی و ماسیگر | عەزیز گەردی | هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان | ٥ |
| ٢٨٩ — ٢٩٤ | باخەوان و مار | عەزیز گەردی | هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان | ٦ |
| ٧٣ — ٧٤ | زەردەخەنەی باوکێک | حەمە فەریق حەسەن | مەملەکەتی ماسی | ٧ |
| ١٥٦–١٥٨ | هەمبانەیەک زێڕ | محەمەد فەریق حەسەن | تێر نەخۆرە | ٨ |
| ٥٠ — ٥٥ | تەکبیری پیاوە زیرەکەکە | مەولود ئیبراهیم حەسەن | مەملەکەتی ماسی | ٩ |
| ٧٩ — ٨٩ | چیرۆکی سەلمان پاشا و دەروێش پاشا | عەدنان بەرزنجی | چیرۆکی فۆلکلۆری | ١٠ |
| ١٠٠ — ١١٨ | چیرۆکی کەچەڵەی کەوان | سوارە فتووحی، ڕەسوڵ وەیسی | ڕاز، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی | ١١ |
| ١٤ — ٢٢ | محۆی پاڵەوان | بەهادین جەلال مستەفا | شەوانی جاران | ١٢ |
| ٢٣ — ٢٧ | ئازایەتی لاوێک | بەهادین جەلال مستەفا | شەوانی جاران | ١٣ |
| ٢٨ — ٣١ | کچێکی ژیر | بەهادین جەلال مستەفا | شەوانی جاران | ١٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | شەوانی جاران | بەهادین جەلال مستەفا | قاقۆڵ زێڕ | ٤٤ — ٥١ |
| ١٦ | دیتن هزارێ | مەهدی بامەرنی | لاوکێ غەریب خەونا برایێ خۆ دڤەژینیت | ٩ — ٢٣ |
| ١٧ | هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | گوڵی گوڵخەندەران | ٢٨٩ — ٣٠١ |
| ١٨ | هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | پاشای حەوت کوڕە | ٣٢٨ — ٣٣٦ |
| ١٩ | هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | داری زەی و بازی تەی | ٣٣٧ — ٣٤٧ |
| ٢٠ | هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | حسەینی سەقا | ٣٤٨ — ٣٥٧ |
| ٢١ | هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | پاشا و ڕۆژگار | ٣٨١ — ٣٨٨ |
| ٢٢ | هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | هەیاس و سوڵتان مەحمود | ٣٨٩ — ٣٩٨ |
| ٢٣ | هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم | مەولود ئیبراهیم حەسەن | نیقاپۆش | ٢٥ — ٣٤ |
| ٢٤ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | پیرەژن و لەیەککردنی دڵداران | ٧٧ — ٧٨ |
| ٢٥ | بووکێ خەمان | زیاد محەمەد ئەمین | ئەنجامی ناپاکییە | ٧٩ — ٨٥ |
| ٢٦ | چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری ناوچەی پشدەر | ڕێبوار بەکرەجۆیی | پاشای وەجاخ کوێر | ٢٣ — ٤١ |
| ٢٧ | شەڤێن چلەیی، چیرۆک و چیڤانۆکێن کوردی | عەبدولڕەحمان بامەڕنی | بابە دەروێش | ١٧١ — ١٩٠ |
| ٢٨ | گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠١ | شاخەوان عەلی حەمەد | بولبولی خۆش ئاواز | ٧٤ — ٨٤ |
| ٢٩ | گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠١ | ئیدریس عەبدولا | قەدری زێڕ | ٩٤ — ٩٨ |
| ٣٠ | کاکۆل زێڕین و دان مرواری | نوری عەلی ئەمین | کاکۆڵ زێڕین و دان مرواری | ١١ — ١٧ |

## پاری سێیەم:                    ڕاوەرگرتن (إستبیان)

بۆ ڕێکخستن و دروست کردنی ئەم ڕاوەرگرتنە سێ قوتابخانەمان کرد بە نموونەی کارەکەمان ئەوانیش قوتابخانەکانی ( ژیاری هاوڕێی بنەڕەتی تێکەڵاو، ١١ئەیلولی بنەڕەتی، شەهرۆزی بنەڕەتی کچان) کە شوێنی ئەم قوتابخانانە دەکەوێتە گەڕەکی (ئاری) لەناو سەنتەری شاری هەولێر، کە لە ڕۆژانی ١٦،١٧،١٨ مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٥ و لەماوەی سێ ڕۆژ ئەم کارەمان ئەنجام دا، ئەگەرچی ژمارەی قوتابیەکان بۆ هەر قۆناغێک ژمارەیەکی یەکجار زۆر نەبوو بەڵکو نموونەیی بوو، بەڵام توانیمان بەنزیکی ئەوەی مەبەستمانە بەدەستی بێنین، دەکرێت ئەمە لە داهاتودا بە پلانێکی گەورەتر ئەنجامێکی زۆر گەورەترو باشتری لێ دروست بکرێت.

**١-قۆناغی یەکەم تەمەنی (٣-٦) ساڵ.**

ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم قۆناغە دیاری کرابوون و خوێندرانەوە بریتی بوو لە هەردوو چیرۆکی (زەنگ و بەنگ) و(کۆترو مێرو) هەروەها ئەو پرسیارانەی کە بۆ ئەم قۆناغە ئامادەکرا بوو بریتی بوون لەم دوو پرسیارەی خوارەوە:

١- چیرۆکەکە خۆش بوو؟

٢- چی تێگەیشتی؟

پێش خوێندنەوەی چیرۆکەکان بۆیان، فۆرمێکمان بەسەر قوتابیانی ئامادەبوودا دابەشکرد، ئەو قوتابیانەی کە لەم ڕاوەرگرتنەدا بەشداربوون ژمارەیان بریتی بوو لە (٣١) قوتابی، پاش گێڕانەوەی چیرۆکی یەکەم و دووبارە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بۆیان، ئینجا پرسیارەکانمان لێکردن، بۆ چیرۆکی دووهەمیش هەمان ڕێگامان بەکارهێنا و دووجار کاری گێڕانەوەمان، بۆ دوو چیرۆکەکە ئەنجامدا.

لەبەر ئەوەی منـدالانی ئەم قۆنـاغە، یـاخود قوتابیـانی ئەم قۆنـاغە، هێشـتا خـوێنەواری و نووسـینیان بـاش نییە، بۆیە پێشـنیازی ئەوەمـان کـرد لەبـری نووسـینی وشـەی (بەڵـێ) یـان (نەخێر) بە ژمـارە بێت، واتە ژمـارە(١) هێمـا بێت بۆ وشـەی (بەڵـێ) و ژمـارە(٢) هێمابێت بۆ وشەی (نەخێر).

لەکۆی ئەو (٣١) قوتـابیەی کە ئامـادەی ئەم ڕاوەرگـرتنە بـوون، هەموویـان لەوەڵامـی پرسیاری (چیرۆکەکە خۆش بوو)دا ژمـارە (١) نووسـی واتـا چیرۆکەکەیـان پـێ خـۆش بـووە، بەڵام لەکـاتی پرسـیاری ئایـا (چـی تێگەیشـتی) ئەوا لەکـۆی ئەو (٣١) قوتـابیەدا (٢٧) قوتابیـان توانییـان بەکـورتی و بەپـوختی کـاری گێـڕانەوە ئەنجـام بـدەن و بۆمـانی بگێـڕنەوە، ئەمە ڕێژەیەکی باشەو سەرکەوتنێکی گەورەیە، بەڕێژەی کۆی قوتابیەکان، بەڵام ئەو (٤) قوتـابیەی تر نەیانتوانی هیچ باس بکەن و تەنانەت نەیانـدەزانی باسـی چیش دەکات، سـەبارەت بەیەکێ لەو قوتابیـانەی، کە نەیانـدەزانی کـاری گێـڕانەوە ئەنجـام بـدەن، لەلایەن ڕابەری پـۆلەکەیەوە ئاگادار کراین، کە ئەم قوتابیە هێزی تێگەیشتن و وەرگرتنی زۆر لاوازە.

ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد، لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکان بۆیـان ئەوەبوو، کە منداڵان زۆر بەخۆشـییەوە گوێیـان بـۆ چیرۆکەکـان شـل کردبـوو، دەیانویسـت چیرۆکـی زیاتریـان بـۆ بگێـڕینەوە، ئەوەی وایکردبـوو، کە حەزی گوێگرتنیـان زیاتربێت و بەجۆشـەوە گـوێگربن ئەوە بوو کە چیرۆکەکان باسی بەسەرهاتی گیاندارانی دەکرد ئەمیش بۆ منداڵی ئەم قۆنـاغە و ئەم تەمەنە بەسەرهاتێکی خۆشـە و هـیچ کـات لێـی وەڕس نابێت، بەشـێوەیەک حەزدەکـات هەمـوو کـات باسـی گیانـدار و هەڵسـوکەوت و جوڵەیـان بـۆ بکەی، لەکـاتی گێـڕانەوەی چیرۆکەکانـدا، منداڵان زۆر بەهێمنـی دانیشـتبوون، لەسـەرخۆبوون، گوێگربـوون، هەوڵیانـدەدا چاویـان لەسـەر چیرۆکگێڕەوە هەڵنەگـرن، هەرکاتێـک چیرۆکگێڕەوە جـوڵەی بکردایە ئەوا، چـاوی منداڵانیشـی لەگەڵ خـۆیـدا دەجوڵانـد، هەرکاتێـک ڕووداوەکـان بەرەو کۆتـا دەچـوون و ئەنجـامەکەی دڵخۆشکەر دەبوو، دوو دوو تەماشای یەکتریان دەکرد و بـزەی خـۆشـی سـەر لێوی دەگرتن،

بەتایبەتی کاتێک (مام گورگ) لەلایەن (بزنی دایک)ەوە سزا دەدرێت، زۆر خۆشحاڵ بوون، تەواو لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکان تێکەڵبوون، ئەگەرچی یەک دوانێک لەمنداڵان هەندێکجار لەشوێنی خۆیان هەڵدەستان، دوای دادەنیشتنەوە، بەڵام ئەمە نەدەبووە مایەی پچڕانی زنجیرەی خەیاڵ و گوێگرتنیان، هەروەها نەدەبووە هۆی دروستکردنی ژاوەژاو و شڵەژان و پشێوی، هەستم کرد زۆریان پێ خۆش بێت، ئەمەش بەڕوویانەوە دیاربوو.

| ئاستی رۆشنبیری | | بژێوی ژیان | پۆل | تەمەن | ناو | ز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باوک | دایک | | | | | |
| خ.س | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ئەسرین هەڵمەت | ١ |
| خ.س | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | سارا کارزان | ٢ |
| خ.س | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | بریا زیرەک | ٣ |
| خ.س | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | اسما حامید | ٤ |
| خ.س | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | شازاد بەشیر | ٥ |
| خ.س | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | محمد وریا | ٦ |
| خ.م. | م.ب | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | هەرمان دارا | ٧ |
| م. | ئە. | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ئاکار هیوا | ٨ |
| خ.س | ن.خ | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | هاوناز ڕەزوان | ٩ |
| خ.س | م.ب | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ئایا ئاریان | ١٠ |
| ف. | ن.خ | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | محمد سرود | ١١ |
| ن.خ | ق.خ | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | عبدالله عبدالکریم | ١٢ |
| م.ئا | م.ب | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | نور شاخەوان | ١٣ |
| ف. | ف. | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | نور مغدید | ١٤ |
| خ.س | م.ب | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | نور فخرالدین | ١٥ |
| خ.س | ن.خ | خراپ | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | علی اسکندر | ١٦ |
| ف. | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | سمیە سلام | ١٧ |
| ن.خ | ن.خ | مامناوەند | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | سیڤەر جەوهەر | ١٨ |
| خ.س | ن.خ | زۆرباش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | حەسەن کامران | ١٩ |
| ق.خ | م.ب | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ڕافل جەنگی | ٢٠ |
| ف. | ف. | زۆرباش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ڕێزدار ڕەمزی | ٢١ |
| خ.س | نەماوە | خراپ | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | نور محمد | ٢٢ |
| حاکم | ن.خ | زۆرباش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ڤینا نادر | ٢٣ |
| ن.خ | ف. | باش | یەکەمی بنەڕەتی | ٦ ساڵ | ڕۆزیا زانا | ٢٤ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | سارا مخلص | ٦ ساڵ | یەکەمی بنەڕەتی | باش | ن.خ | |
| ٢٦ | ئەحمەد یاسین | ٦ ساڵ | یەکەمی بنەڕەتی | باش | ن.خ | ف. |

**٢- قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ.**

بۆ ئەم قۆناغەش هەردوو چیرۆکی (گورگ و بەرخ) و (ڕێوی فێڵباز)مان دیاری کردبوو، هەروەها دوو پرسیاریشمان دانابوو، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- چیرۆکەکەت پێ خۆش بوو؟

٢- دەتوانی بیگێڕیتەوە؟

وەکو قۆناغەکەی پێشوو، دوو چیرۆکمان بۆ هەڵبژاردن و بۆ هەریەکەیەکیان دوو جارمان خوێندەوە، پاشان لەفۆڕمێکی ئامادەکراودا ئەو پرسیارانەی سەرەوەمان ئاڕاستەی ئەو منداڵانە کرد، کە بەشداربوون لەم ڕاگرییەدا، هەڵبەتە ژمارەیان (٣٩) منداڵ بوو، کە تەمەنیان لەنێوان (٨،٧،٦)ساڵیدابوو، واتا بەشێوەیەکی تێکەڵ.

لەکۆی ئەو (٣٩) منداڵە، (٣٧) منداڵیان چیرۆکەکانیان پێ خۆشبوو، واتا لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا نووسیویانە (بەڵێ)، دیسان ئەم ژمارەیەش ڕێژەیەکی زۆرەو گرنگی چیرۆک خۆێندنەوە بۆ منداڵان دەردەخات، لەبەرامبەردا تەنیا (٢) منداڵیان نووسیویانە (نەخێر)، کە بەلایانەوە چیرۆکەکە خۆش نەبووە و ئارەزوویان نەکردووە، هەروەها لەوەڵامی پرسیاری دووەمیشدا، کە ئایا (دەتوانی بیگێڕیتەوە؟) لەکۆی ئەو (٣٩) منداڵە، (٣٢) منداڵیان توانیان چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕنەوە، بەڵام (٧) منداڵیان نەیاندەزانی و هەندێکیان تێکەڵیان دەکرد، کە هەندێ جار وشە و ڕستەی دوور لەناوەڕۆکی چیرۆکەکەیان باس دەکرد، واتا بە خەیاڵ و حەزی خۆی شتی دەوت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو (٧) منداڵە نەیاندەتوانی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان بگێڕنەوە.

ئەوەی تێبینمـان کـرد،وەک (توێژەر)ێک لەکـاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکانـدا، منداڵان هەوڵیانـدەدا بێدەنگبن، بەتەواوی گوێیـان گرتبـوو، بەسـەرهات و ڕووداوی نێـو چیرۆکەکانیـان پـێ خـۆش بـوو، هەسـتمکرد کـاریگەری بەسـەریانەوە هەبـێ ئەمـیش لەئەنجـامی تـێکەڵ بونیـان بـوو، بەدونیای چیرۆکەکان، حەزیان نەکرد تەواو بێ، کاتێک پرسیاری ئەوەمان کرد ئاخۆ دەتوانن بیگێـڕنەوە، لەکـاتی گێـڕانەوەدا ژمارەیەکیـان هەوڵیـدەدا زۆر بەکـورتی و بەپـوختی کـاری گێڕانەوەکە ئەنجام بدات، ژمارەیەکیشیان هەوڵیدەدا، وەکو چیرۆکگێڕەوە (تـوێژەر) چیـرۆکەکە بگێـڕێتەوە واتـا، چیرۆکگێـڕەوە چـی وتبـوو هەوڵیانـدەدا ئەوە بگێـڕنەوە، تەنـانەت لەجـاری یەکەمی گێڕانەوەی چیرۆکی (گورگ و بەرخ)دا، وشەی (بەرخێکی قەڵەو)مـان بەکارهێنـا، بەڵام لەجاری دووهەمدا هەر بەتەنیا وشـەی بەرخمـان بەکارهێنـا، پاش ئەوەی کاری گێڕانەوەمـان پێ ئەنجامدان، ژمارەیەکیـان وشـەی (بەرخـی قەڵەو)یـان بەکاردەهێنـاو دەیـانگێڕایەوە، ئەمەش بەڵـگەی ئەوە بـوو، کە زۆر بەجـوانی تێکەڵـی ڕووداو و بەسـەرهاتی چیـرۆکەکە ببـوون و حەزیـان دەکـرد، پتـر گوێیـان بـۆ گێـڕانەوەی چیـرۆک شـل بـکەن، جـگە لە وریـایی لەکـاتی گێـڕانەوەدا، هەنـدێکیان لەکـاتی گێـڕانەوەی چیـرۆکەکە، دەوەسـتا و بیرێکـی دەکـردەوە و دەیویسـت، وەکو خـۆی چیـرۆکەکە بگێڕێتەوە، هەر بـۆیە حەزی نەدەکرد وشـەیەک بپەڕێنـێ، یـاخود لەبیـری بکـات، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لەکـاتی گێڕانەوە و باسـکردن و ناوهێنـانی (گورگ و ڕێوی و سەگ)دا، جۆرە تێکەڵیەکیـان لا دروست دەبوو، چونکە لەڕووی فۆرمەوە جۆرە نزیکیەک لەنێوان شێوە و ڕووخسـاری ئەو سـێ گیاندارەدا هەیە و لای منداڵان تێکەڵ دەکـرا بەتـایبەتی، لەچیرۆکـی (گـورگ و بەرخ)دا، هەنـدێک لەمنـداڵان لەکـاتی گێـڕانەوەدا دەیـانگوت (ڕێـوییەکە) هەنـدێکی تـر دەیـانگوت (سـەگەکە)، لێـرەوە بۆمـان ڕوون بـووەوە، کە منداڵان لەڕووی فۆرمەوە هێشتا، وەکو پێویست نـازانن ئەو سـێ گیاندارە (گورگ و سـەگ و ڕێـوی) لێـک جیـابکەنەوە، بـۆیە لێیـان تـێکەڵ دەبێـت، لەلایەکـی تـرەوە منـداڵان ئەوە جـاری یەکەمە، چیرۆکیان بۆ دەخوێندرێتەوەو داوا دەکرێ ئەوان جارێکی تر، چیرۆکەکە بگێڕنەوە ئێمە دڵنیاین، ئەگەر ئەمە دووبارە ببێتەوە ئەوا ئاستی زۆربەی قوتابیان، باشتر دەبێت.

| ز | ناو | تەمەن | پۆل | بژێوی ژیان | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دایک | باوک |
| ١ | فاطمە سەفین | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢ | سازگار ڕزگار | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٣ | سندس عمر | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٤ | پەنا ئەمیر | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٥ | سیما جلال | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٦ | ماردین عادل | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٧ | کۆچەر عزیز | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٨ | دانا ناظم | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٩ | نیبار نەوزاد | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ١٠ | پەیوەند خالد | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١١ | ڕامان هاوار | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ف. | ف. |
| ١٢ | یونس خالس | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | باش | م. | خ.س |
| ١٣ | عمر سمکۆ | ٦ ساڵ | یەکەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٤ | سەهەند جلال | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٥ | زینە یونس | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٦ | عوسمان فەتحی | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ١٧ | زیرەک عبدالمطلب | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٨ | شەیما کاکەڕەش | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٩ | ئەسما ئەرشەد | ٧ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٠ | دوعا یاسین | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ٢١ | دڵگەش فەخرەدین | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٢ | سیما محمد | ٦ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٣ | سیما سەردار | ٦ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | د. | د. |
| ٢٤ | بەیار باری | ٦ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٥ | فریاد عبدالله | ٦ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٦ | ڕوداو سمکۆ | ٦ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٧ | ڕابون هیوا | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | م. | م. |
| ٢٨ | محمد نجم الدین | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٩ | ئالیندە سەنگەر | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٣٠ | سیدرا عیرفان | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ٣١ | ئایا ڕەشید | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | نەماوە |
| ٣٢ | علی فاریق | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | بەلێن ئەمجەد | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ٣٤ | یوسف شێرزاد | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٣٥ | مالک هیوا | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٣٦ | ئامۆ نادر | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | خ.س | خ.س |
| ٣٧ | ژیلان شوان | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | مامناوەند | خ.س | خ.س |
| ٣٨ | نەهرا جلال | ٧ ساڵ | دووەمی بنەڕەتی | مامناوەند | خ.س | خ.س |
| ٣٩ | زارا اسکندر | ٨ ساڵ | سێیەمی بنەڕەتی | خراپ | ن.خ | خ.س |

**٢-قۆناغی سێ یەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ.**

بۆ ئەم قۆناغەش بەهەمان شێوە دوو چیرۆکمان بۆیان دیاری کردبوو ئەوانیش چیرۆکی (سەرکودیلە) و (ئەنجامی تەماحکاری) بوو.

لەم قۆناغەدا، جیاواز لە دوو قۆناغەکەی ڕابردوو، ئەو دوو پرسیارەی کە ئاڕاستەمان کردبوون بە نوسین و لە ناو فۆرمە ئامادەکراوەکەدا وەڵامیان داینەوە، پرسیارەکانیش بریتی بوو لە:

١-ئایا ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باسی چی دەکات؟

٢-هیچ ووشەیەکی نوێت بیست؟

منداڵان ئەوەی تێگەیشتبوون لەناوەڕۆکی ئەو دوو چیرۆکەی کە بۆیان گێڕدرایەوە، لای خۆیان بەشێوەیەکی کورت و پوخت تێگەیشتنی خۆیان دەربارەی ڕووداو و بەسەرهاتی چیرۆکەکانیان نووسی، هەر منداڵێک بەشێوەیەکی جیاواز، لێکدانەوە و شرۆڤەی خۆی بۆ چیرۆکەکان کردووە و ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە بەلایەوە نوێن و بۆ یەکەمجار گوێی لییان دەبێت نووسیویەتی، ئەگەرچی لێرەشدا هەر منداڵێک بۆ خۆی، وشە نوێیەکانی نووسیوە و دیاریکردووە، بەڵام بەشێکی زۆریان لەچەند وشەیەکدا هاوبەشن، هەروەها لەچەند وشەیەکی تریشدا جیاوازییان هەیە، دەتوانین ئاماژە بەناوی منداڵانی بەشداربووی ئەم قۆناغە بکەین، کە لەم ڕاگیرییەدا ئامادەبوون، هەڵبەتە ئەمانیش لەڕووی تەمەنەوە

لەنێوان(٨-٩-١٠-١١-١٢) ساڵیدا بوون، هەربۆیە جۆر و گێڕانەوە و تێگەیشتن و بەرسڤدان و تێگەیشتنیان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتی نێو چیرۆکەکە جیاواز بوو، ئەو منداڵانەی، کە لەم قۆناغەدا بەشداربوون ژمارەیان (٣١) منداڵ بوو، بەناوەکانی:

| ز | ناو | تەمەن | پۆل | بژێوی ژیان | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دایک | باوک |
| ١ | هیوا شوان جمال | ١١ ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢ | زەکەریا فرست | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٣ | محمد سعید أحمد | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | خراپ | ن.خ | خ. |
| ٤ | ئەلەند حیدر إبراهیم | ١١ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | باش | ن.خ | خ.س |
| ٥ | بەڵێن برهان میکائیل | ١٢ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | باش | ن.خ | خ.س |
| ٦ | پەیام أمیر محمد | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ن.خ |
| ٧ | ئاسودە زیدان | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٨ | تەنیا محمد إسماعیل | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٩ | جاسم جسیم | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | خراپ | ن.خ | خ.س |
| ١٠ | أحمد سعید | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | خراپ | ن.خ | خ.س |
| ١١ | تارا مروان محمد | ٩ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٢ | بشرا مروان | ١١ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٣ | دەشتی جاسم | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ن.خ |
| ١٤ | ثریا پشتیوان محمد | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | خ.س | خ.س |
| ١٥ | دانیال شوان غازی | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٦ | سکاڵا جمال | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٧ | دالیا عمر محمد | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ١٨ | تابان هاوار یوسف | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ف. | ف. |
| ١٩ | حنان گارق سعید | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |
| ٢٠ | سبحان ارسلان | ١٢ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢١ | دیدار احمد | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٢ | زین سیروان | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٣ | زەکەریا مسعود جوهر | ١١ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | ف. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | ارسەن وحيد | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | باش | م. | ن.خ |
| ٢٥ | سانا فرهاد خليل | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ف. | ف. |
| ٢٦ | بشری پشتیوان محمد | ٩ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٧ | خەندە عارف | ١٠ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٨ | سەروين دڵشاد | ١١ساڵ | چوارەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٩ | ايمان بەختيار | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | م. | ف. |
| ٣٠ | تارا احمد نورالدين | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | م. | م. |
| ٣١ | شۆخان محمد | ١١ساڵ | پێنجەمی بنەڕەتی | مامناوەند | ن.خ | خ.س |

سەبارەت بە گێڕانەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان بەکورتی و پوختی، ئەوا لەو (٣١) منداڵەکەی، کە بەشداربوون بەسەر سێ جۆر، یاخود بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەکەین:-

گروپی یەکەم: بریتیی یە لە (١٥) منداڵ، ئەمانە چیرۆکەکەیان، وەکو خۆی و بەکورتی گێڕاوەتەوە و نووسیویانە، واتە هیچ شتێکی نوێیان نەنووسیوە تەنیا بە دێڕێک، یاخود بەدوو دێڕ کورتەی چیرۆکەکەیان نووسیوەتەوە. هەر بۆ نموونە لەچیرۆکی (سەرکودیلە)دا (تارا احمد نورالدين) لە فۆڕمەکەی خۆی بەمشێوەیە چیرۆکەکەی بەکورتی گێڕاوەتەوە و دەڵێ: (سەر کودیلە کوڕێکی ئازابوو هەموو هاوڕێکانی خۆی لە دەست پیرەژنی دڕەندە ڕزگار کرد) هەروەها (تارا مروان محمد) نووسیویەتی: (چیرۆکەکە باسی سەرکودیلە و پیرەژنێک دەکات) (داليا عمر محمد) نووسیوویەتی: (سەرکودیلە دێوێکی هەڵخەڵەتاند سەرکودیلە زیرەک بوو، پێکەوە لەگەڵ منداڵەکان ڕایانکرد) سەبارەت بە چیرۆکی دووەهەم، کە چیرۆکی (ئەنجامی تەماعکاری) بوو بەمشێوەیە ناوەڕۆکەکەیان باسکردووە، (جاسم جسيم) لەگێڕانەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا دەڵێ: (شوانێکی فەقیر کوپەشیرێکی دانا سەر کەڵەکە بەردێک مارێک هەموو شیرەکەی خوارد و لیرەیەکی دانایە کوپەکەوە هەموو ڕۆژێک دووبارەی دەکردەوە) هەروەها (تارا مروان) بەمشێوەیە ناوەڕۆکی چیرۆکە باس دەکات و دەڵێ: (پیاوێکی زۆر فەقیر هەبوو، هەموو ڕۆژێک مەڕی دەلەوەڕاند، شیری لەسەر کەڵەکە بەردەکە دانا، مارەکە خواردی). بەمشێوەیە دەبینین زۆر بەکورتی و بەشێوەیەکی سادە

نـاوەڕۆکەکە، وەکـو خـۆی دەگێـڕنەوە بەبـێ ئەوەی هـیچ ئیزافەیەکـی نـوێ، یـاخود هـیچ ((کۆمێنت))[١] و تێبینیەکیان لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هەبێت.

بەڵام، گروپـی دووەم : ئەمـان، کە ژمارەیـان (١٢) منـداڵە بەجـۆرێکی تـر کـاری گێـڕانەوەکە ئەنجـام دەدەن، واتە جیـاواز لە گروپـی یەکەم، ئەمـان سـەرنج و لێکـدانەوەی خۆیانیـان بـۆ ڕوداو و بەسـەرهاتی چیرۆکەکـان هەیەو هەریەکەیـان بەشـێوازێکی تـایبەتی، قسـەی خـۆی کـردووە، هەر بـۆ نمـونە : سـەبارەت بە چیرۆکـی (سـەر کـودیلە) (حنـان طـارق سـعید) دەڵـێ: (سـەر کـودیلە پیـرەژنەکەی هەڵخەڵەتانـد تـاوەکو هاوڕێیەکـانی ڕزگـار بکـا)، لێـرەدا وشـەی هەڵخەڵەتانـدی بەکارهێنـاوە واتە، سـەرکودیلە جـۆرە زیرەکیەکـی خـۆی بەکارهێنـاوە، بـۆ ڕزگاربون لەدەست پیرەژنە دێوەکە و هاوڕێکانی ڕزگار کردووە، هەروەهـا (زیـن سـیروان) نوسـیویەتی : (باسـی ئـازایەتی سـەرکودیلە دەکـات، باسـی خراپـی پیـرەژن دەکـات و باسـی شەونخونی سەرکودیلە دەکات بۆ هاوڕێکانی، خوا تۆڵەی لەپیرەژن سەندەوە)، بەڵام (تابـان هاوار یوسف) لەگێڕانەوەی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەدا، جۆرە ئامۆژگارییەکی منداڵان دەکات و دەڵێ: (پێویستە پێش ئەوەی ببینە میوانی کەسێکی نەناسراو پێویستە بزانـی کەسێکی چۆنە، هەروەهـا پێویسـتە بـزانین کەسـێکی نەناسـراو کە خواردنێکمـان پـێ دەدات بـزانین خـواردنەکە ژەهـراوییە یـان نـا) ئەمە جـۆری بیرکـردنەوە و لێکـدانەوەی ئەم منـداڵەیە سـەبارەت، بە میوانداری و چوونە دەرەوەی منداڵ بێ پرسی خانەوادەکەی، چونکە منداڵان ئاگادار دەکات لەوەی نـابێ سـەربەخۆ، کارێـک بـکەن و پرسـی تێـدانەبێ واتە جـۆرێکە لە ئامۆژگـاری و هۆشـداریش دەدات لەوەی، منـداڵ دەبـێ گـوێڕایەڵ بێـت . سـەبارەت بەچیرۆکـی (ئەنجـامی تەماحکـاری) منـداڵانی ئەم گـروپە، سـەرنج و لێکدانەوەیان جیـاوازە، لەگەڵ منـداڵانی گروپـی یەکەم، هەربۆیە دەبینین بەشێوەیەکی جیاواز قسە دەکەن و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، (دانیـال شوان غازی) دەڵێ: (نابێ دوو زمانی بکەیت، دەبێ تایبەتمەندی هەر کەسێک بپارێزیت نـابێ ئاشکرایان بکەین)، هەروەها (ئاسودە زیدان) نوسـیویەتی: (ئەگەر ئێمە حەسـودی بکەیـن ئەوە

١- ئەم کۆمێنتە لەفەیسبووکەوە هاتووەتە ئێرە .

دەرئەنجـامی دەبێـتە کوشـتن و خنکانـدن و قڕکـردن) لەلایەکـی تـرەوە (محمـد سـعید احمـد) سەبارەت بە ناوەڕۆکی چیرۆکی ئەنجامی تەماحکاری دەڵێ: (نابێت نهێنی هاوڕێکانمـان لـلای کەس باس بکەین، نابێت تەماحی بکەین) هەروەها (ئەلەند حیدر ابراهیم) نوسـیویەتی و دەڵـێ: (تا بڕوات بەکەسێک نەبێت نهێنی خۆی بـاس نەکەی) . ئەمە بەمشـێوەیە بەشـێک لە منداڵانی ئەم قۆناغە، سەبارەت بەنـاوەڕۆکی ئەو دوو چیرۆکە گێڕانەوە و کۆمێنتی خۆیـان نوسـیوە و هەر گـروپە و بەپێـی ئاسـتی تێگەیشـتنی خـۆی بـۆ چیرۆکەکـان، لێکـدانەوەی هەبـووە، بەڵام هەریەکە لە (سکاڵا جمال و دیدار احمد و ارسـەن وحید و خەنـدە عـارف) نەیانتوانیوە، وەکو دوو گـروپەکەی پێشـوو چیرۆکەکـان کـورت بـکەنەوە، یـاخود سـەرنجی خۆیـان لەسـەر ڕووداوەکـان بڵـێن، بەڵکـو ئەوەی نوسـیویانە دەربـارەی ئەو دوو چیـرۆکە کۆمەڵێـک وشـەی دوبارەیە و بە ئاسـانی لێی تێنـاگەی، کە مەبەسـتیان چیە لەگێڕانەوەی ئەو قسـانە، سـەبارەت بەو وشـە و دەسـتەواژە نوێیـانەی، کە لە ئەنجـامی گێـڕانەوەی ئەو دوو چیـرۆکەدا، منـداڵانی بەشـداربووی ئەم ڕاگیـریە پێـی ئاشـنابوون، دەتـوانین بەمشـێوەیەی خـوارەوە بیـانخەینە بەرچـاو: (سـاو ، پێخـۆری ، بەنـدەنی ، چیلکە کۆکردنەوە، نـانەبەرە ، بولێل پیتەلـۆکە، ئـاور ، زارەک، وروکـان ، برێشـکە ، مەڵاس ،گـوروتن ، کرێـوە ، هەڵچنینـەوە، هەڵقوڕانـد، کەڵەکەبەرد، هەردە) . هەروەها (جاسم جسیم) ئەم وشە و دەستەواژانەی لەلا نوێ بوو (بێژنـگ ، چۆمێ ، تروسکەی ئاگر) جگە لەمەش (حنان گارق) وشەی (لاڵو پاڵ)ی پێ نـوێ بـوو . کەواتە منداڵان بەتێکڕایـی واتـا لەو (٣١) منـداڵەی بەشـداری ڕاگیـری ئەم قۆنـاغە بـوون ئەو کـۆمەڵە وشـە دیـاری کراوەیـان پێ نـوێ بـوو، جگە لە (جاسـم جسـیم و حنـان گـارق) کە چەنـد وشـەیەکی تریشـیان لای خۆیـان نوسـیبوو کە بەبـڕوای ئەوان نـوێ بـوون و بـۆ یەکەم جـارە گوێبیسـتی دەبن .

٤- قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥)ساڵ.

لەم قۆناغەشدا هەردوو چیرۆکی (ماسی و ماسیگر) و (ئازایەتی لاوێک)مان بۆ دیاری کردن، لەگەڵ دوو پرسیار کە ئاڕاستەمان کردوون پرسیارەکانیش بریتی بوون:

١-ئایا لەمەبەستی چیرۆکەکە گەیشتی ؟

٢-ئەو ووشە نوێیانە چی بوون کە لەمیانی ناوەڕۆکی چیرۆکەکاندا گوێت لێ بوو؟

مێرد منداڵانی بەشداربووی ئەم ڕاوەرگرتنەی کە لەم قۆناغەدا ئامادەبوون ژمارەیان (٢٩) منداڵ بوو، ئەمیش بەجیاوازی تەمەنیان لەنێوان (١٢،١٣،١٤،١٥) ساڵیدا بوو، ئەوەی منداڵانی ئەم قۆناغەی لەوانی تر جیادەکردەوە ئەوەبوو، کە هەریەکەیان بەپێی ئەو باکگراوندە ڕۆشنبیری و تێگەیشتنەی بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکە دیاریکراوەکان هەیانبوو، فۆرمەکەیان پڕکردبووەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەست و خەتی نووسین و هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسیش، بەمەرجێکی تری جیاکردنەوەکان دادەنرا، هەربۆیە وامان بەباش زانی بەپێی خشتەیەک، ناوەڕۆک و شێوازی نووسین و هەڵەی ڕێنووس و لێکدانەوەی هەریەکەیان بۆ هەردوو چیرۆکەکە بخەینە ڕوو.

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ١ | فاطمە<br>عادل | ١٣ ساڵ | شێوازی نووسینەکەی زۆرباش و<br>ڕوونە و خودان دەست و<br>خەتێکی خۆشە و لەکاتی<br>خوێندنەوەی نووسینەکەیدا، هیچ<br>گرفتێکی نەبوو. | هیچهەڵەیەکیرێنووسینەبوو،توانی<br>بوویزۆربەباشیوشەکان،وەکوخ<br>ۆیوبەپێیپاسایرێزمانیبنووسێ | سەرنجیخۆی،لەسەرناوەرۆکیچیرۆکە<br>کەداوەودەیەوێبەپەیامێکبیداتەگوێیئەو<br>کەسانەی،کەنهێنیانلایەوپێیاندەڵێتنهێنیپ<br>اریزین | مامناوەند | ن.خ | ن.خ |
| ٢ | شەهلە<br>قاسم<br>واحد | ١٣ ساڵ | ماندووبوونی دەوێ لەکاتی<br>خوێندنەوە، چونکە وشەکانی زۆر<br>لەپاڵی یەکدا نووسیوەو ئەمیش<br>وایکردووە هەندێ جار، سنوری<br>وشەکان تێکەڵ بن و بەئاسانی<br>نەخوێندرێتەوە. | سەبارەتبەهەڵەیرێنووسیلەبرێئە<br>وەیبنووسێ (زەبەلاح)<br>نووسیویەتی (زەبەلاع)<br>دیارەکاریگەریقسەکردنیناوچەییل<br>ەسەرنووسینەکەی،ڕەنگیداوەتە<br>وە. | لەگێڕانەوەولێکدانەوەوسەرنجیدەربار<br>ەیهەردووچیرۆکەکە،بەکورتیهەردووچ<br>یرۆکەکەی،وەکوخۆیگێڕاوەتەوەبەبێخ<br>ستنەسەر،یاخودلێکدانەوەوشرۆڤەکرد<br>نی. | باش | ن.خ | خ |
| ٣ | اسراء<br>هیوا | ١٣ ساڵ | جوانی و ئەو شێوازە ڕێکەی<br>خەتەکەی وایکردووە، کە چێژ<br>لەخوێندنەوەی نووسینەکەی<br>ببینی، ئەگەرچی وشەکانی<br>گەورەن، بەڵام زۆر بەڕوونی<br>وشەکان دیارن و بەئاسانی<br>دەخوێندرێتەوە و هیچ گرفتێکی<br>نیە. | هیچهەڵەیەکیرێنووسینیەوبەجواد<br>یپەیڕەویلەیاساورێساکانینووسیذ<br>ولایەنیزمانەوانیکردووە. | سەرنجیبۆهەردووچیرۆکەکەنووسیوە<br>،بەئامۆژگاریگێڕانەوەیبۆچیرۆکەکەکر<br>دووەوشرۆڤەیبۆڕووداووبەسەرهاتیھ<br>ەردووچیرۆکەکەکردووە،ئاستیتێگەیش<br>تنیخۆییبۆچیرۆکەکانکردووەتەسەنگیمە<br>حەکولەوڕوانگەیەوە،پەیامیبۆبەرامبەر<br>ناردووە. | مامناوەند | ن.خ | خ.س |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ٤ | ئاسیا جەنگی | ١٢ ساڵ | شێوازی نووسینەکەی، ئەگەرچی بە خەتێکی گەورە نووسینەکەی ئەنجام داوە، بەڵام شێوازێکی جوان نیە و بەئاسانی ناخوێندرێتەوە، هەروەها نێوان وشەکان لەهەندێ شوێن بۆشاییەکی زۆری هەیە و لەهەندێ شوێنیش وشەکان تێکەڵ دەبن. | شێوازی نووسینەکەی، ئەگەرچی بە خەتێکی گەورە نووسینەکەی ئەنجام داوە، بەڵام شێوازێکی جوان نیە و بەئاسانی ناخوێندرێتەوە، هەروەها نێوان وشەکان لەهەندێ شوێن بۆشاییەکی زۆری هەیە و لەهەندێ شوێنیش وشەکان تێکەڵ دەبن. | چیرۆکی یەکەمی بە کورتی گێڕاوەتەوە، وەکو خۆی بەبێ ئەوەی هیچ دەستکاریەک، یاخود لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی بۆ کردبێ، بەڵام چیرۆکی دووەمی شرۆڤەی بۆ کردووە و وەکو پەیامێک، کە هەڵگری ئامۆژگارییە بۆ بەرامبەری دەنێرێ. | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٥ | سینا جبار حسین | ١٣ ساڵ | خودان دەست و خەت وشێوازێکی تێکەڵ و ناخۆشە، هەر بۆیە بەئاسانی ناتوانی بیخوێنیتەوە، چونکە وشەکانی زۆر بەتێکەڵی و بەوردی نووسیوە و وایکردووە بەشێکی زۆری وشەکان، بچنە ناویەک و بۆشایی نێوانیان نەمێنێ. | لەڕووی ڕێنووس و کاری هەڵەی نووسینەوە ئەم هەڵانەی کردووە، کە بەم شێوەیە وشەکانی نووسیوە وەک (ماسی گرەکە، کوی نەدایە، جی هیشت، دەی زانی، پاش کەست)، واتا هێشتا نەیتوانیوە، وەکو پێویست بەبێ هەڵەی ڕێنووسی بنووسێ و خۆی بەدوور بگرێ، لەو هەڵانە | ئەگەرچی بەکورتی هەردوو چیرۆکەکەی باس کردووە، بەڵام لەکۆتاییدا بەدێڕێک ئامۆژگاری بەرامبەر دەکات و لەوێوە پەیامێک ڕادەگەیەنێت، کە پڕە لە پەند و وانەی جوان. | باش | ن.خ | خ.س |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت وشێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ٦ | هدی عیماد | ١٢ساڵ | ئەگەرچی وشەی نووسینەکەی زۆر گەورەبوون، بەڵام خودان دەست و خەت و شێوازێکی خۆش و جوان نیە، هەر ئەمەشە وایکردووە جۆرە تێکەڵییەک لەنێوان وشەکاندا هەبێت، سەرەڕای نووسینی بەشێوازی گەورە، بەڵام نەیتوانیوە شێوازێکی جوانی هەبێت. | سەبارەت بەهەڵەی ڕێنووس و یاسای زمانی و پەیڕەوکردنی، دیارە لەچەند وشەیەکدا هەڵەی ڕێنووسی هەیە و بەو شێوەیە دەیخەینەڕوو، کە ئەو نووسیویەتی وەک: (ئاشکرای نەکە، نەی درکێنێ، کۆی خا، پێ م بلێ، بی هێنێتەجێ)، واتا نەیتوانیوە وشەکان، وەکو خۆی بنووسێ، کە هەیە، بەڵکو (پیت، پیت)جیای کردۆتەوە و لەیەکی کردونەتەوە[1] | سەبارەت بەشێوازی گێڕانەوە و نووسینی سەرنج لەسەر ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە، ئەوەی شایانی باس بێت هیچ لێکدانەوەیەک، یاخود هەڵسەنگاندنێکی بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکان نەکردووە، بەڵکو تەنیا و بەکورتی هەردوو چیرۆکەکەی، وەکو خۆی گێڕاوەتەوە. | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٧ | زەهراء مصطفی طه | ١٣ساڵ | دەست و خەتێکی خۆش و جوانی هەبوو، ئەگەرچی بەوردی نووسیبووی، بەڵام زۆر بەئاسانی دەخوێندرایەوە و هیچ گرفتێکی نەبوو، شێوازەکەی زۆر ئاسان بوو، وشەکان تێکەڵ نەبوون، بۆشایی لەنێوان وشەکاندا هەبوو. | تەنیا یەک وشەی بەهەڵە نووسیبوو ئەویش (نەی توانی)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵەی ڕێنووس نەبوو زۆرباش پابەندی لای ڕێنووس و یاساکانی بوو | ئەگەرچی چیرۆکەکەی گێڕابووەوە، بەڵام بەکورتی و بە پوختی لەهەمان کاتیشدا شرۆڤەی بۆ ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە کردبوو، بە پەیامێکیش بۆ بەرامبەری ناردبوو | مامناوەند | ن.خ | خ.س |

[1]–دەکرێ ئەم شێوازە نووسینە پەیوەندی بەشێوازی فێربوونی ئەم قوتابیەوە بێت، کە لەسەرەتاوە بە پیت پیت فێربووە.

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری: دایک | ئاستی ڕۆشنبیری: باوک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | بەناز فاضل محمد | ١٣ ساڵ | دەست و خەتی زۆر خۆش نەبوو، شێوازی نوسینەکەی تێکەڵ و پڕ بوو، بەڵام، هەر دەخوێندرایەوە ئەگەرچی ماندووبونی دەویست . | هەرچەندە وشەکانی بەگەورەیی نوسیبوو، بەڵام هیچ هەڵەیەکی ڕێنوسی نەبوو . | لە هەردوو چیرۆکەکەدا بەکورتی گێڕانەوەی بۆ چیرۆکەکان کردبوو، زۆر شرۆڤە و لێکدانەوەی نەکردبوو تەنیا ئەوەی تێگەیشتبوو نوسیبووی . | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٩ | ئاڤان نەوزاد | ١٣ ساڵ | دەست و خەتی زۆر خۆش و جوان نەبوو، شێوازێکی زۆر ڕوونی نەبوو . | هەڵەی ڕێنوسی نەبوو. | بەکورتی قسەی لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان کردبوو. | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٠ | ڕەیان یونس حمة شەریف | ١٣ ساڵ | ئەگەرچی شێوازی نوسینەکەی زۆر وردبوو، وشەکان چووبونە پاڵ یەک، بەڵام دەست و خەتەکەی باش بوو دەخوێندرایەوە . | هیچ هەڵەیەکی ڕێنووسی نەبوو . | ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکەی بەکورتی گێڕابوەوە . | باش | ن.خ | خ. |
| ١١ | فایزة | ١٣ ساڵ | هیچی نەنوسیبوو . | | | | | |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ١٢ | بەنان طیب | ١٣ ساڵ | دەست و خەتی زۆر جوان بوو، شێوازی نوسینەکەشی زۆر ڕون و ئاشکرا و خۆش بوو . | هەڵەی ڕێنوسی نەبوو. | بەدرێژی قسەی لەسەر ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە کردبوو، هەڵیسەنگاندبوو، شرۆڤەی کردبوو . | باش | ن.خ | مامۆستا |
| ١٣ | ڕەیژنە یاسین | ١٤ ساڵ | ئەگەرچی نووسینەکەی دەخوێندرایەوە، بەڵام شێوازی نووسینەکەی خۆش و جوان نەبوو، هیچ پابەندییەکی بە هێلکاری نووسینەوە نەبوو، ڕستەکانی بەشێوەی خوار و خێچ و ناڕێک نوسیبوو. | دیاربوو هێشتا ئاستی نووسینی باش نەبوو، چونکە لەچیرۆکی دوهەمدا وشەکانی بەمشێوەیە نووسیوە (بدەینو، پاش گێشت، ئەبەبێت، بۆین، ڕاست گۆیی پشی) تێگەیشتن لێ کەمێک مەحاڵ بوو، بەڵام نازانین مەبەستی چی بوو. | بۆ هەردوو چیرۆکەکە شرۆڤەی کربوو، کاری گێڕانەوەی ئەنجام دابوو، بەڵام لەناوەڕۆکی چیرۆکەکانەوە دوور بوو. | مامناوەند | ن.خ | خ. |
| ١٤ | بێخاڵ اسکندر احمد | ١٤ ساڵ | ئەگەرچی دەست و خەتی زۆر تێکەڵ بوو، شێوازی نوسینەکەشی زۆر جوان نەبوو، بەڵام پاش ماندوبونێکی زۆر، ئینجا دەتوانرا بخوێندرێتەوە . | لە ڕووی ڕێنوس و هەڵەی نوسینەوە، هیچ هەڵەیەکی ڕێنوسی نەبوو توانیبوی زۆر بەباشی وشەکان بنوسێت . | لەگەڵ گێڕانەوەیەکی کورتی چیرۆکەکان، لەهەمان کاتیشدا شرۆڤەیەکی بۆ ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکەش کردووەو هەڵیسەنگاندووە . | مامناوەند | ن.خ | خ.س |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری دایک | ئاستی ڕۆشنبیری باوک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ریان عبدالقادر | ١٤ ساڵ | خودان دەست و خەتێکی زۆر ناخۆشە، وشەکان بەتێکەڵی بەپڕی و لەتەنیشت یەک نوسیویەتی، بۆشاییەکی زۆری لەنێوان وشەکان جێهێشتوە، ئەمەش وایکردوە بەئاسانی نەخوێندرێتەوە . | هەڵەی ڕێنوسی هەبوو، نەیتوانیبوو، وەکو پێویست وشەکان وەک خۆی بنوسێ، هەربۆیە دەبینین هەڵەکانی، وەکو (خانوکی ، چوخای ، ئەوی ش ، پم بلی ، کچێ کی ، دادانیشتووە) . | هەوڵیداوە تەنیا گێڕانەوە بۆ هەردوو چیرۆکەکان بکات، واتە نەیتوانیوە کورتەی چیرۆکەکان بنوسێ و قسەی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان بکات . | مامناوەند | خ. | خ.س |
| ١٦ | ناوی خۆی نەنوسیوە | ١٤ ساڵ | هیچ شتێکی نەنوسیوە . | – | هۆیەکەی نازانرێ!!! | | | |
| ١٧ | حنان حیدر | ١٤ ساڵ | شێوازی نوسینەکەی زۆر جوان بوو، دەست و خەتەکەشی زۆر خۆش بوو بەئاسانی دەخوێندرایەوە. | هیچ هەڵەیەکی ڕێنوسی نیە و بەجوانی وشەکانی نوسیوە . | تەنیا سەرنج و ئاستی تێگەیشتنی بۆ ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە خستۆتە ڕوو، لێکدانەوەشی کردووە بۆ هەردوو چیرۆکەکە . | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ١٨ | رەیان جلال قادر | ١٤ ساڵ | دەست و خەتەکەی زۆر جوان بوو، نوسینەکەی شێوازێکی جوانی هەبوو، بە ئاسانی و بەبێ گرفت نوسینەکەی دەخوێندرایەوە. | توانیبوی بەوریاییەوە بنوسێ و دووربێت لە هەڵەی ڕێنوسی . | قسەی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان کردبوو، لێکدانەوەی بۆ کردبوو، بەجوانی شرۆڤەی کردبوو . | مامناوەند | ن.خ | خ.س |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ١٩ | سیدره سەردار | ١٤ ساڵ | ئەگەرچی دەست و خەتی زۆر خۆش و جوان نەبوو، بەڵام دەتوانرا نوسینەکەی بخوێندرێتەوە . | هیچ هەڵەیەکی ڕێنوسی نەبوو . | زۆر بەکورتی قسەی لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان کردبوو . | باش | ن.خ | خ.س |
| ٢٠ | دەروون محمود کریم | ١٤ ساڵ | ئەگەرچی نوسینەکەی زۆر پڕ و تێکەڵ بوو، بەڵام بەجوانی نوسیبوی، شێوازێکی ڕوونی هەبوو، گرفت لە خوێندنەوەی نوسینەکەی نەبوو . | هەڵەی ڕێنوسی نەبوو. | زۆر بەدرێژی لێکدانەوەی بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکان کردبوو،هەڵیسەنگاندبوو، شرۆڤەی کردبوو پەیامێکی ئامۆژگاری و وانەشی بۆ بەرامبەر ناردبوو . | مامناوەند | ن.خ | خ. |
| ٢١ | دیلان نورالدین اسماعیل | ١٥ ساڵ | ئەگەرچی نووسینەکەی یەک دێڕ بوو، بەڵام خاوەن شێوازێکی جوان و خۆشی نووسین نەبوو، زۆر بەوردی وشەکانی نووسیبوو، کە دەبوایە بەوردی و لەسەرخۆ بخوێندرێتەوە. | هیچ هەڵەیەکی ڕێنووس نەبوو، توانیبووی بەشێوەیەکی ڕێک وشەکان، وەکو خۆی و بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمان بنووسێتەوە | زۆر بەکورتی شرۆڤەی هەردوو چیرۆکەکەی کردبوو، بەڵام توانیبوی پەیامێک بگەیەنێت. | مامناوەند | ن.خ | خ. |
| ٢٢ | نازەنین نجم الدین | ١٥ ساڵ | خودان دەست و خەتێکی خۆش بوو، شێوازی نووسینەکەی زۆر جوان بوو، زۆر بەئاسانی دەخوێندرایەوە، ئەمەش وایکرد زوو لەناوەڕۆکی نووسینەکەی بگەین. | هیچ هەڵەیەکی ڕێنووس نەبوو، پابەندبوو بە یاساکانی زمانی و لایەنی ڕێنووس | بەکورتی و پوختی گێڕانەوەی بۆ هەردوو چیرۆکەکە کردبوو، پاشان سەرنجی خۆی لەسەریان وتبوو، کە وەکو ئامۆژگاری و وانەیەک وایە. | مامناوەند | ن.خ | ن.خ |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ٢٣ | ریان فرهاد مغدید | ١٥ساڵ | زۆر بەجوانی نووسیبووی، خاوەن خەتێکی خۆش و شێوازێکی جوانی نووسین بوو، لەکاتی خوێندنەوەدا هیچ گرفتێکی دروست نەکردبوو، ئەگەرچی بەتێکەڵی و پڕی نووسیبووی، بەڵام نەبووە مایەی بێزاری و خوێندنەوەی ئاسان بوو | هەڵەی ڕێنووسی نەبوو، توانیبووی وشەکان، وەکو خۆی دوور لە هەڵە بنووسێ. | زۆر بەجوانی گێڕانەوە و لێکدانەوەی بۆ هەردوو چیرۆکەکە کردبوو، شرۆڤەیەکی جوانی بۆ هەردوو چیرۆکەکە کردبوو، وەکو ئەگەرێک بەرامبەری ئاگادارکردبووەوە لەشکاندنی پەیمان و ئەنجامدانی کارێک، بەبێ پرس و ڕا ئەوا هیچ ئەنجام و پێشهاتێکی باشی نابێت، بەڵکو سەرئەنجام توشی شکستێکی خراپ دەبێت ئەمانەی، وەکو وانەیەکی بەنرخ نووسیوەو هەڵوەستەی لەسەرکردووە. | مامناوەند | خ. | خ. |
| ٢٤ | وەردە طە قادر | ١٥ساڵ | شێوازی نوسینەکەی جوان نەبوو، دەست و خەتیشی خۆش نەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە ئاسانی نوسینەکەی نەخوێندرێتەوە. | هەڵەی ڕێنوسی هەبوو، وەک (نەهێنیەی، وای لێ کرد، سندرایەوە) . | ئاستی گێڕانەوەی بۆ هەردوو چیرۆکەکە، زۆر لاوازە و نەیتوانیوە، وەکو خۆی بیگێڕێتەوە و لێکدانەوە و شرۆڤە بۆ هەردوو چیرۆکەکە بکات . | مامناوەند | ن.خ | خ. |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دایک | باوک |
| ٢٥ | بەناز تەحسین نورالدین | | خودان دەست و خەتێکی ناخۆش و شێوازێکی ناشرینی نوسین بوو، وشەکانی بەتێکەڵی و بە ئاراستەی خوار و خێچ نوسیبوو . | هەڵەی ڕێنوسی نیە، توانیویەتی بەباشی وشەکان، وەکو خۆی بنوسێ و بە دوور بێت لەهەڵە . | لەگەڵ ئەوەی گێڕانەوەیەکی کورتی بۆ هەردوو چیرۆکەکە کردووە، لەهەمان کاتیشدا سەرنجی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان نوسیووە . | مامناوەند | ن.خ | خ. |
| ٢٦ | دەوڵەت برهان اسماعیل | ١٥ساڵ | خاوەن دەست و خەت و شێوازێکی جوان نوسین بوو، زۆر بەئاسانی نوسینەکەی دەخوێندرایەوە هیچ گرفتێکی نەبوو لە کاتی خوێندنەوەدا . | هیچ هەڵەیەکی ڕێنوسی نەبوو، زۆر بەڕەوانی وشەکانی نوسیبوو . | سەرنج و لێکدانەوەی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە وتوە و قسەی خۆی لەسەریان کردووە و ئاستی تێگەیشتنی خۆی، بۆ هەردوو چیرۆکەکە خستۆتە ڕوو . | مامناوەند | ن.خ | خ.س |
| ٢٧ | دالیا رزاق قادر | ١٥ساڵ | خودان دەست و خەتێکی خۆش و جوان و ڕوون بوو، بەئاسانی وشەکان دەخوێندرایەوە، شێوازێکی جوانی پەیڕەوکردبوو لەنوسینداا . | هیچ هەڵەیەکی ڕێنووسی نەبوو، هەموو وشەکان بەجوانی نوسیبوو . | سەرنجی جوانی لەسەر ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکەدا بوو، لێکدانەوەی خۆی کردبوو، وەکو پەیامێکی ئامۆژگاری قسەی لەسەر چیرۆکەکان کردبوو . | مامناوەند | ن.خ | خ. |

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | دەست و خەت و شێوازی نووسین | ڕێنووس | گێڕانەوە و لێکدانەوە | بژێوی | ئاستی ڕۆشنبیری: دایک | ئاستی ڕۆشنبیری: باوک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨ | خەندە نەوزاد کاکة امین | ١٥ ساڵ | دەست و خەتەکەی جوان بوو، شێوازێکی تایبەتی هەبوو بەئاسانی وشەکانی دەخوێندرایەوە، ئەگەرچی بەپڕی نوسیبووی، بەڵام هیچ گرفتێکی دروست ناکرد . | هیچ هەڵەیەکی ڕێنووسی نەبوو . | بەبیری خۆی لێکدانەوەی بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکان کردبوو، قسە و سەرنجی خۆی لەسەر نوسیبوون . | مامناوەند | ن.خ | ن.خ |
| ٢٩ | سعاد انور احمد | ١٥ ساڵ | خودان دەست و خەتێکی جوان و ڕوون و شێوازێکی زۆر جوان بوو، بەئاسانی دەخوێندرایەوە هیچ گرفتێکی نەبوو . | هەڵەی ڕێنوسی نەبوو. | بەکورتی و بەپوختی گێڕانەوەی بۆ ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە کردبوو، شرۆڤەکەشی کردبوو . | مامناوەند | ن.خ | ن.خ |

لەم ڕاگیرییەدا ئەگەرچی ژمارەی قوتابیەکان، ژمارەیەکی نموونەیی بوو! بەڵام، ئەنجامەکانی دڵخۆشکەرەو گرنگی و پێویستی خوێندنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری و هونەری دەردەخات، کە دەکرێ وەزارەتی پەروەردە، لەبەرنامە دانانی تازەدا لە قۆناغێک یان دوو قۆناغی بنەڕەتی، جێگای بۆ بکاتەوە.

* خ.س : خوێندەواری سەرەتایی ** ن.خ: نەخوێندەوار *** فەرمانبەر *** م: مامۆستا

## بەشی سێ یەم: پراکتیزەکردنی چیرۆکەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن

پێشەکیەک بۆ شیکردنەوەی چیرۆکەکان بەگشتی

### پاری یەکەم

زمانی چیرۆکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو

قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ

قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ

قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ

قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ

ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو

قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ

قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ

قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ

قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ

### پاری دووەم

هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و گەیاندنی مەبەست بۆ تەمەنی دیاریکراو

قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ

قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ

قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ

قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ

فەرهەنگی زمانی چیرۆکەکان بەپێی تەمەن

قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ

قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨) ساڵ

قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ

قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ

## بەشی سێیەم: پراکتیزەکردنی چیرۆکەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ

### پێشەکییەک بۆ شیکردنەوەی چیرۆکەکان بە گشتی :

ئەم چیـرۆکە فۆلکلۆریـانە، کە لە زەمەنێکـی زۆر کـۆن و لەنێـو باوەشـی ژیـانی گەلـــێکەوە ســـــەریهەڵداوە، زادەی فیکـــر و تێڕوانینــــی ئەوان بــــووە بـــۆ ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی ئەوێ ڕۆژێ، گەلـی کـوردیش وەکـو یەکێـک لە گەلانـی کـۆنی نـاوچەی ڕۆژهەڵات ژیاون و گوزەرانیـان کـردووە، بەو دۆخەشـدا تێپەڕیوون، کە بـوونەتە هەوێنـی لە دایک بـوونی سـەدان چیرۆکـی فۆلکلـۆری، چیرۆکەکـان هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و بەهـای جـوانن، کە بە چەنـدین شـێواز باسـی لایەنە بـاش و جوانەکـانی ژیـانی کۆمەڵگـا و مرۆڤەکـــان دەکەن، لەهەمـــان کاتیشـــدا پەنجەیـــان خســـتۆتە ســـەر لایەنە نێگەتیـــڤ و ناشـرینەکان و ڕووی خراپـی مرۆڤەکانیشـیان هەڵمـاڵیوە، لەنێـو چیرۆکەکانـدا، مـرۆڤ و گیانـدار و باڵنـدە دابەشـی سـەر دوو هێـز بـوون، ئەویـش هێـزی خێـر و هێـزی شـەڕە، ململانێـی ئەم دوو چەمـکە، لە سـەرەتای دروسـت بـوونی ژیـانی مرۆڤـایەتیەوە سـەری هەڵداوەو تـا هەنوکەش بەردەوامە، بەردەوام وەکو سـێبەرێک لەگەڵیانـدابووە، ئەو هێـزەی کە پـاڵنەری خێـرە هەمیشـە ڕوویەکـی جـوان و ڕەنگینـی هەبـووە و لەنێو چیرۆکەکانیشـدا وەکو ڕوناکی مانگ دەرکەوتووە، ئەگەرچی ماوەیەک دەنگی دلێری دەرنەچووەو سـەدای نەداوەتەوە، بەڵام سـەرئەنجام توانیـویەتی بەو گـڕوتینەی، کە هەیەتـی بەسـەر لایەنـی شـەڕدا سـەربکەوێت و ملـی پـێ کەچ بکـات، هێـزی خێـر تەنیـا لە چوارچێوەی خێرکردنـدا ڕاناگیرێـت، بەڵکـو فراوانتـر لەوەی، کە هەیە جیـا لەبەرگـی هاوکـاری (هاوکـاری، یـارمەتی، دەسـت پـاکی، ڕێزگـرتن، لێبـوردەیی، ئاشـتی، خۆشەویسـتی، ڕاسـتگۆیی، سـنگ فراوانـی .... هتد)، بێت، یـاخود هەر هەڵبژاردەیەکـی تـر، کە خزمەت بە مرۆڤـایەتی بکـات و سـودی پـێ بگەیەنێـت، گێـڕانەوەی چیرۆکـی فۆلکلـۆری، ئەگەر لە زەمەنێکـدا باسـی ڕووداوێـک یـان بەسـەرهاتێک یـاخود ئـازایەتی پاڵەوانێکمـان بـۆ بکـات، ئەوا تـا ئێسـتاش نـرخ و بەهـای ئەو

ڕووداو و بەسەرهاتانە هەر ماوەو مرۆڤەکانی ئێستا، وەکو وانەیەک پەند و عیبرەتی لێ وەردەگرن، گێڕانەوەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، خۆی لەسەر دوو بنەما، یاخود دوو کۆڵەکە ڕاگرتووە ئەویش یەکێکیان، بۆ چێژ وەرگرتنە گوێگر دەیەوێت زیاتر شارەزای ژیانی ڕابردووی مرۆڤەکان بێت، دوهەمیشیان بۆ کات بەسەربردنە، کە ئەمیش بە یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دادەنرێت، کە لە ژیاندا کاتەکانی بێکاریان بەگوێگرتن لە چیرۆک و یارییە فۆلکلۆرییەکان و دانیشتن لە دیوەخان و زیندووکردنەوەی ئەو داب و نەریتەی دەبوو، کە مرۆڤەکانی پێش ئەوان ئەنجامیان داوە، نەوەکانی ڕابردوو بەختی ناسین و ئاشنابونیان، بۆ فۆلکلۆر و گوێگرتن بۆ چیرۆک و سەرگوزەشتە و بەسەرهات زیاتر بووە، وەک لە نەوەکانی ئێستا، چونکە هۆیەکانی ژیان بە تایبەتی تەکنەلۆژیا، وەکو ئێستا پێشکەوتوو نەبووە بەتایبەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نێو ماڵی لێ داگیرنەکردبوون! هەروەها ئەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکانی، وەکو خۆی هێشتۆتەوەو لەلایەن خەڵکیەوە بە گەرمی پێشوازی کراوە، ئەوەیە سەرەڕای نەبوونی هۆیەکانی چاپەمەنی و کاری نوسین، چیرۆکی فۆلکلۆری تەنیا شوێنێ بۆ پاراستن و وەک خۆی هێشتنەوەی یادەوەری و سەرزاری خەڵکی بووە، ئەمیش لەنەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر گەیشتووەو ماوەتەوە، خەڵکی لە زەمەنی ڕابردوودا، بۆ بەیان کردنی ئێش و ئازارەکانی ڕۆژانەی، یاخود بۆ دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی کۆمەڵگاکەی، بە ڕێژەیەکی زۆر چیرۆک و بەسەرهاتەکانی لەسەرزاری گیاندار و باڵندە گێڕاوەتەوە، ئەمیش بۆ خۆی لە دوو ڕەهەندییەوە تەماشا دەکرێت.

١-کەسی ڕەخنەگر خۆی بەدوور گرتووە لە سانسۆری کۆمەڵگا و چاوسورکردنەوەی ئاغا و دەرەبەگی ئەو زەمانە، کە هەمیشە بەشێکی زۆری چیرۆکەکان، وەکو تیرێکی تیژ وابووە بۆ سەر دڵی وان.

٢- لاکردنەوەیەک بووە لە ژیانی گیانداران و باڵندە و زیاتر ئاشنابوونیان بووە بە خەڵکی، بەهۆی ئەوەی هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ، لەگەڵ زیندەوەر و باڵندەو گیانداران پێکەوە ژیاون لەسەر ئەمماڵی زەوییە، بۆیە بەم چیرۆکانە منداڵ دەخەنە نێو خەیاڵ و سەراسیمەی ئەفسوناوییەوە وایلێدەکەن، کە لەسەر باڵی هەورەوە لەم شار بۆ ئەو شار بفڕێت و ئاشنای جوانیەکانی ژیان بێت، هەروەها لەم چیرۆکانەدا وا نیشانی منداڵ دەدات، ئەوەی لەم چیرۆکە ڕووی داوە ئەشێت جارێکی ترو لێرەو لەوێ بەشێوەیەکی تر ڕووبداتەوە واتا، باسی بابەتێک، یاخود ناوەڕۆکێک نەکراوە، کە نامۆ بێت بە کۆمەڵگاو ژیانی ڕۆژانە بۆیە ئەوەی هەیە باسکردنی ئەو ئاکار و هەڵسوکەوتەن، کە ڕۆژانە مرۆڤەکان دەیکەن، ئاخۆ باش بن یان خراپ .

چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم، سادەیی لە فیکر و مەبەست و گێڕانەوە و پەیام، ئەمانە نیشانە و سیفەتی ئەون، کە دەڵێین سادە مەبەستمان ئاڵۆز نەبوونی ناوەڕۆکی چیرۆکە، چونکە منداڵی ئەم قۆناغە ئاستی هۆشیاری و مەعریفی و بیری هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت و لێی چاوەڕوان دەکرێت، نابێت لەوە زیاتر فشاری لەسەر دروست بکرێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئاسۆی بیری لە سایەی ئەم چیرۆکانەوە، فراوان دەبێت و گەشە دەکات، کاتێکیش ئەنجامی چیرۆکەکەیان بە خۆشی و باشی و سەرکەوتنی هێزی خێر گەیاندۆتە کۆتایی، زیرەکی و وریایی ئەو خەڵکە دەردەخات، کە هەمیشەو لەئەنجامدا خەڵکی هەژارو خاوەن حەق و ماف و بەسەر هێزی دەسەلاتداری زۆردار سەردەکەوێت و بە ئامانج و مەبەستی خۆیان دەگەن، کە ئەمیش تەواو ڕەنگدانەوەی هیواو ئارەزووەکانی خەڵکی ئەوکات بووە .

چیرۆکەکانی قۆناغی دووهەم: پەیام و مەبەست و ناوەڕۆک، هەنگاوێک بەرەو پێشەوە چووە، هەوڵ دەدرێ ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، ئاستی هۆشیاری و پێگەیشتوویی عەقڵی منداڵەکە لەبەرچاو بگرێ و لەوی پێش خۆی جیا بکاتەوە، ئەگەرچی

جۆرە نزیکییەک هەیە لە حەزو ویستیان، بەڵام چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە خودان وشەو ڕستەیەکن، کە لە قۆناغەکەی پێشوو جیاوازە.

چیرۆکەکانی قۆناغی سێ یەم: بە تەواوی گۆڕاوە، مەبەست و ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هەمەڕەنگن، فرە چەشنن، دەیانەوێت ڕەنگدانەوەی خواستە ئاڵووالاکانی منداڵی ئەم قۆناغە بن، چونکە منداڵی ئەم قۆناغە کەمێک ڕاڕایە و هەردەمە و ئارەزووی شتێکی جوان دەکات، کە سەرنجی ڕادەکێشێت، واتا حەزی دەچێتە هەموو شتێک و دەیەوێت شارەزای زۆر شت بێت، بەڵام هێشتا ئاستەنگی ماوە، کە تەواو بەسەر دۆخەکەدا سەربکەوێت، ئەویش ئاستی لێکدانەوەو شیکردنەوەیەتی بۆ ژیان، هێشتا ماویەتی، وەکو پێویست لە ئازار و خۆشیەکانی ژیان تێبگات، کەچی لە قۆناغی چوارەمدا، منداڵ بەسەر بەشێکی زۆری بەربەستەکانی لێکدانەوەو شیکردنەوەو پێشبینی بۆ ژیان کەوتوە، دەیەوێت لەڕێگەی پشت بەستن بەو ئاستە هۆشیاری و مەعریفیەی کە هەیەتی ژیان پێناسە بکات و لێکدانەوەی بۆ بکات و لای خۆی بەو شێوەیە بیناسێت، بە زۆری منداڵ لەم قۆناغەدا، حەزو ویستی بەسەر دوو لایەن یان دوو چەمک دابەش دەبن، ئەویش لایەنی خۆشەویستی (سۆز) و لایەنی (ئازایەتی) پاڵەوانێتی یە، کە دەیەوێ لە ڕێی ئەم دوو لایەنەوە، بوونی خۆی لەنێو کۆمەڵگا بنوێنێت و جێ پێی خۆی قایم بکات و بە دەنگێکی بەرز بڵێت من هەم .

**پاری یەکەم: زمانی چیرۆکەکان و گونجانیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو :**

هەر قۆناغێکی تەمەنی منداڵ بە کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندی و خاڵی جیاوازییەوە، لە قۆناغەکەی پێش خۆی یاخود دوای خۆی، جیا دەکرێتەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین زمانی چیرۆکی قۆناغەکان بە وردی دیاری بکەین، بزانین منداڵ لە هەر قۆناغێکدا زمانەکەی هەڵگری چ جۆرە تایبەتمەندییەکە و خودان چ جۆرە سیمایەکە، هەروەها تەمەنی منداڵی بە چەند وێستگەیەکدا گوزەر دەکات، بۆیە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە هەر ساڵێک فەرهەنگی زمانی منداڵ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەچێت، فێری وشەی نوێ و گرێ و ڕستە دەبێت، زمانەکەشی لەکاتی قسەکردندا، پاراوتر و پوختتر دەبێت، لێرەوە دەست نیشانی قۆناغ بە قۆناغی زمانی چیرۆکەکان دەکەین، بەمشێوەیەی خوارەوە :-

**١- قۆناغی یەکەم – تەمەنی (٣ – ٦) ساڵ**

منداڵ لەم قۆناغەی تەمەنیدا، هێشتا لە چوارچێوەی خێزانەکەیدایەو بەتەواوی تێکەڵی کۆمەڵگا و دونیای دەرەوە نەبووە، سنوری فەرهەنگە زمانیەکەشی لە چوارچێوەی ئەو وشانەدایە، کە ڕۆژانە لە دەمی دایک و باوکی یاخود خوشک و برای لەنێو خێزاندا دەیبیستێت، بۆیە دەتوانین بڵێین خودان فەرهەنگێکی هەژار و سادەیە لە وشە، چونکە چەند وشەیەک بۆ چەندین جار دووبارەی دەکاتەوەو هەوڵ دەدات لە ڕێگەیانەوە پەیام و مەبەستی خۆی بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، هەروەها حەزیشی بەو وشە و ڕستانەیە کە هێز و ئاوازەیەکی مۆسیقی تێدایە، چونکە ((**منداڵ لەم قۆناغەدا گرینگی بە مۆسیقای وشەکان دەدات، هەروەها گوێ لە ڕستەی ئاوازدار دەگرێ**))[١] واتا، ئەو ڕستە و وشانەی پێ خۆشە، کە بە سەروایەک کۆتایدێت و منداڵ دەتوانێت بە ئاسانی ئەزبەری بکات، دەبینن زوتر هەوڵدەدات، ئەو وشە و ڕستانە بڵێتەوە، هەربۆ

---

١- ایمان بقاعی ، فن قصه الأطفال، مطبعه : دار الهادی، بیروت – لبنان ، ٢٠٠٤ ، ص١٠٠ .

نمـوونه له هەرسـێ چیرۆكـی (ڕۆڤـی و مریشـك و دیكـل) و (زەنـگ و بەنـگ) و (حـاجی لەقلـەق و مـام ڕێـوی)* دا ، نمـونەی ئەم جـۆرە وشـەو مۆسـیقایە دەبینـین، تیایـدا چەنـد ڕستەیەكی كورت و وشەكانی ئاوازێكی ڕیتمداری تێدایە و زۆر بە ئاسانی گۆ دەكرێ و منداڵ دەتوانێ بیڵێتەوەو لەبەری بكات، بۆ نموونە(لەچیرۆكی ڕۆڤی و مریشك و دیكل)دا ڕێوییەكەو مریشكەكە بەمشێوەیە گفتوگۆ دەكەن، سەرەتا ڕێوییەكە دەڵێت:

**هیلانێ هیلانێ**
**روو سۆری باجانێ**
**دێ تەخوم ل گەل كورسی دانێ**
**پاشان مریشكەكەش بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:**
**یاخودێ و پێخەمبەرا**
**ژ وێ ڤەبێتن مام ئۆمەرا**
**ل گەل بن هەردوو تاژی**
**یێ ڕەش بەلەک و یێ زەرا**
**ڕوڤی ب کوژن ل سەر قوچە بەرا**[١]

ئەوەی كە ئەم چیرۆكـانەی لەبەرچـاوی منـداڵ شـیرینتر كـردووە جـوانی زمـانەكەیەتی، لەنێو ئەم سێ چیرۆكەشـدا چیرۆكـی (زەنـگ و بەنـگ) لە دوو چیـرۆكەكەی تـر لە پێشـترە، چـونكە ڕسـتەكانی كـورتن، بە ژمـارەش كەمتـرن، هەروەهـا وشـەكانیش زۆر سـادەن و ئـاوازو مۆسـیقاكەی وا سـەرنج و هۆشـی منـداڵ پەلكێش دەكـات، كە هەر گـوێی لـێ بێـت لەبەری بكـات، جـگە لەمەش بەشـێكی زۆری منـداڵان گـوێی لەم چیـرۆكە بـووەو لەبەریـان كردووە، هەروەها لە چیرۆكی (حاجی لەقلەق و مام ڕێوی)دا چەنـد وشـەیەكی مۆسـیقی و ئاوازداری تێدایە، كە منداڵ دەتوانێت بەئاسانی ئەزبەری بكـات، كاتێـك لەقلەقەكە ڕێوییەكە

---

* ڕوونكـردنەوەیەك: بـۆیە نـاوی نووسـەر و سـەرچاوە و ژمـارەی لاپەڕەكانمـان نەنووسـیوە، چـونكە لەبەشی دووەمدا بەتێروتەسەلی ئاماژەیان پێكراوە و لێرەدا دەبێتە كارێكی دووبـارە،هەربۆیە لەتەواوی ئەم بەشەدا تەنیا ئاماژەمان بەناوی چیرۆكەكان كردووە.

١- حسێن حاجی ئۆسمان، ڕۆڤیێ فێلباز (کۆمەک ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان)، ل٨٣.

دەخاتە سەرپشتی خۆی و دەیباتە ئاسمان، دواتر هەڵیدەداتە خوارەوە، ڕێویش خێرا نزا بۆ حاڵی خۆی دەکات و دەڵێت :

**ئەڵڵا ورمان لەجێی نەرمان**
**یا سەرکا جۆ یا سەرخەرمان**[1]

منداڵی ئەم قۆناغە، بە ئاسانی ئەمەی بۆ دەوترێتەوەو لەبەری دەکات، بەڵام هێشتا نازانێت مانای (ئەڵڵا ورمان) چیە؟ یاخود سەرخەرمان چیە و مەبەستی لە چیە، بۆیە دەبینین منداڵ زیاتر شاگەشکە دەبێت بەوەی کاتێک ڕێوییەکە بەرامبەر کارە خراپەکانی لە ئاسمان بەر دەدرێتەوە، بەڵام نازانێ ئەوەی، کە ڕێوییەکە دەیڵێ چیە و باسی چی دەکات، هۆکارێکی تریش، کە منداڵ نەتوانێ لە مانا و چەمکی تایبەتی ووشەکان حاڵی بێت ئەوەیە، کە هێشتا نەچووەتە قوتابخانەو سنوری بیر و هزری بە ئەندازەیەک نەکراوەتەوە، کە لە ئاست لێکدانەوەی ئەو وشانە بێت، کە گوێی لێیان دەبێت، بەڵکو لێرەدا منداڵ تەنیا بە چاوی سەر شتەکان دەبینێت و لە یادەوەری خۆیدا وێنایان دەکات، هەر بۆیە زیاتر حەز دەکات یەکێک چیرۆکی بۆ بگێڕێتەوە، ئەمیش لای خۆی تێکەڵاوی، ئەو دونیا جوان و ڕەنگاوڕەنگە ببێت و بەهۆی ئاوازی جوان و مۆسیقای وشەکانەوە تێر چێژ ببینێت، هەروەها لە چیرۆکی **(تۆبەبت ڕێڤەچونا پاش و پاش)**[2] و (تۆبەبت ئەڤ وەلاتە) و (ڕۆڤی و کێڤچال) و (بزن و مام ڕێوی) و (پڵنگ) و (ڕەزڤان)دا نمونەیەکی تری زمانی ئەم قۆناغەن، کە منداڵ بەگوێ لێبوونیان دڵخۆش دەبێت، ئەگەرچی **((نازانێ مانای چیە و مەبەستی چیرۆکەکە چی یە کەچی زۆر بەخۆشی و کارامەیی یەوە منداڵان لەبەری دەکەن و لێی وەڕز نابن))**[3] لەبەر ئەوەی هێندە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان گێڕدراونەتەوە منداڵ حەزی گوێگرتنی زۆری هەیە و دەیەوێت لەبەری بکات، ئەگەرچی

---

١- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، چاپخانەی الادیب ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، لا٦٨ .
٢- حسێن حاجی ئۆسمان، ڕۆڤیێ فێلباز (کۆمەک ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان)، لا١٨.
٣- عەبدولڕەززاق بیمار، سەرەتایەکی ئەدەبی منداڵان، گ/نوسەری کورد، ژمارە(٣)، ساڵی ١٩٨٠، بەغدا، لا٣٠.

له ماناى ناگات و ناشزانێت بۆچى ڕێوى واى بەسەر هاتووە، وەک دەبینین لە چیرۆکى (تۆبەبت ڕێڤە چونا پاش و پاش) دا ڕێوى دەکەوێتە ناو چاڵێکەوە لە کاتێکدا ئەسپێک و گورگێک و مەڕێکیشى تێدایە، پاشان بە فێڵى خۆى یەک یەک دەیانخوات، بۆیەچیرۆکەکە سەرەتا دەڵێت : ((**ترسێ دلى ڕۆڤى گرت بخۆ گۆت : ڤێت ئەز بەرى هەموو تشتا زگێ خۆ تێرکەم**)) [1] ، لێرەدا منداڵ نازانێت ڕێوى مەبەستى چیە، کە دەڵێت سکى خۆم تێر بکەم، یاخود چى دەکات هەتاکو تێر بێت، بەڵکو ئەوەى واى لە منداڵ کردووە، کە گوێ بۆ چیرۆکەکە ڕادێرێت، تەنیا سادەیى زمانەکەیە، دواتر ڕێوى دەست دەکات بەخواردنى ئەو گیاندارانەى، کە لەگەڵێتى و بەمشێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێت :((**هەر دناڤ وان ڕا هات و گورگ و هەسپ ڕازیکرن میهێ بخۆن و خواردن ....**)) [2] ، لەم ڕستانەدا منداڵ نازانێت چۆن گورگ و ڕێوى و ئەسپ ڕێکدەکەون؟ چۆن ئەسپ گۆشت دەخوات؟ ئاخۆ هیچ کات ڕێکەوتوە گورگ و ڕێوى ببنە هاوڕێ؟ بەڵکو ئەو تەنیا لەوە دەگات، کە ڕێوى فێڵباز مەڕەکە لەناو دەبات و لەگەڵ هاوڕێکانى دەیخۆن، دەزانێت باسى گۆشت و خواردن دەکەن، بەڵام نازانێت ئەو فێڵ و تەڵەکەبازییە چیە کە ڕێوى بۆ تێرکردنى سکى خۆى دەیگرێتە بەر، تاکو تێر بخوات، هەروەها لە چیرۆکەکانى تردا کە پێشتر ناومان هێنان، ئەگەرچى جیاوازییان لە نێواندا هەیە، بەڵام زمانەکەى هێندە سوک و سانایە، کە منداڵ بە عیشقەوە گوێى خۆى بۆ ڕادێرێت، لە چیرۆکى (کەو و ڕێوى) و (ئەنجامى هاوڕێیەتى مشک و مێروولە و پوش) و (بزن و مام ڕێوى) و (کوپەڵە ئاو) و (کۆتر و مێروو) نمونەى سادەیى زمانى داڕشتنن، چونکە ((**ڕستەى کورتى بێ گرێ و گۆڵ**)) [3] جوانى و بەهاى زمان دەردەخات، لەناو ئەم ژمارە چیرۆکەدا چیرۆکى (کۆتر و مێروو) دیاریدەکەین، کە نمونەى زمانێکى سادەو بێ گرێمان

---

١- حسێن حاجى ئۆسمان، ڕۆڤى فێڵباز (کۆمەک ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان) ، لا ١٦ .

٢- سەرچاوەى پێشوو،لا١٦ .

٣- عەبدولڕەززاق بیمار ، سەرەتایەکى ئەدەبى منداڵان ، لا ٣٣ .

نیشان دەدات، کاتێک کۆترەکە دەبینێت **((مێرووێک کەوتۆتە نێو ئاوەو هەرچەندی هەوڵ و تەقەلای دەدا ناتوانێ بە هیچ ڕێگا خۆی ڕزگار بکا ئەوەندەی نەمابوو بخنکێ، کۆتر دڵی بە حاڵی مێروو سوتا گەیشتە هانای لەلایەکی ئەو دارەی لەسەر هەڵنشتبو پەلکە دارێکی خستە خوارەوە مێرووی بەستەزمان بەهۆی ئەم پەلکە دارەوە خۆی گەیاندە کەناری ئاو و لە مەترسی لەناوچون و نەمان ڕزگاری بوو))** [1].

منداڵ، کە گوێی لەم وشانە دەبێت، دەتوانێت بەهۆی ساکاری و ڕۆشنی زمانەکەوە وێنەیەکی جوان بهێنێتە بەرچاوی خۆی، ئەگەرچی لە مانای قوڵی نێو چیرۆکەکە ناگات و نازانێت چۆن مێرووولەکە کەوتووەتە ناو ئاوەکەوە؟ چۆن کۆترەکە دەتوانێت ئەو لقە دارەی کە لەسەری هەڵنیشتوە پارچەیەکی بۆ مێرووولەکە فڕێبدات و ئەویش خۆی پێ ڕزگار بکات، ئەمانە هەموو ئەو مانا و لێکدانەوانەن، کە منداڵی ئەم قۆناغە خۆی لە لێکدانەوەی دەبورێت، چونکە هیچ لێی تێناگات، بەڵام دەتوانێت بەهۆی زمانەکەوە تەواوی چیرۆکەکە ئەزبەر بکات و بیڵێتەوە، ئەگەر لێی بپرسی چیرۆکی کۆتر و مێرووەکەم بۆ بگێڕەوە، دەتوانێت لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی وشە بە وشە بیگێڕێتەوە، بەڵام ناتوانێت لە مانای قوڵی ناو چیرۆکەکە بگات .

## ٢- قۆناغی دووەم ( ٦ - ٨) ساڵ :

لەم قۆناغەدا، منداڵ زمانەکەی بە شێوە سادەیەکەی پێشوو نەماوەتەوە، وشەو گرێ و ڕستەی نوێ بەشدارییان لە فەرهەنگی زمانییەکەی کردووەو دەوڵەمەندیان کردووە، وەک وشەی( ڕوون، لمۆز، ڕک، بێستان، کەیف، شەرمەزار.......هتد) چونکە زمان لەم قۆناغەدا، یەکێکە لە پاڵپشتیە بەهێزەکانی منداڵ، تاکو هەنگاوێک لە کۆمەڵگا و نەتەوەکەی نزیکتر ببێتەوە، لەم قۆناغەدا **((زمان بەرەو ئۆقرەیی هەنگاو دەنێت چونکە، منداڵ لەم قۆناغەدا بنیاتی زمانی دادەمەزرێ، بە شێوەیەک ئیتر زمانەکەی هەمان ئەو**

---

١- کوردستان موکریانی (د) ، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی ڕۆشنبیر ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، لا٥٢ .

**زمانەیە کە کۆمەڵگاو نەتەوەو هۆزو خانەوادەکەی وەکو یەک قسەی پێ دەکەن))** [١] بە شێوەیەک ئەو زمانەی کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ زمانی کەسانێک لە خۆی گەورەتر، هەر بۆیە چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، لە ڕووی زمانەوە هەمان سیفەتی زمانی منداڵی ئەم قۆناغەیان هەیە و زۆر بە ئاسانی لە زمانی چیرۆکەکان دەگەن، لە چیرۆکی (گورگ و بەرخ) و (گای کێوی) و (مێر و کلۆ) و (مێرومێش) و (قەلە ڕەش و پەڕی تاوس) و (هاوڕێیەتی گورگ و شێر و مام ڕێوی)دا ، نموونەی ئەم جۆرە زمانە دەبینین، بە تایبەتی لە چیرۆکی (گورگ و بەرخ)دا، کە منداڵ کاتێک گوێی لە چیرۆکەکە دەبێت، هیچ ئاسەنگێکی زمانی وا شک نابات، کە ببێتە لەمپەر لە بەرامبەر تێگەیشتنی، بۆ نموونە بەشێک لە بەسەرهاتی چیرۆکەکە :

**((گورگێکی بەدکار لە نیوەڕۆیەکی وەرزی هاویندا سەرچاوەی ئاوێکی ڕوون و ڕەوانی داگیر کردبوو لێی دوور نەدەکەوتەوە، برسی بوو، لە گیاندارێکی بێ دەسەلات دەگەڕابیخوا))** [٢].

کاتێک منداڵ گوێی لە وشەکان دەبێت، زۆر بە ئاسانی لێیتێدەگات، چونکە زمانێکی سادەیەو هێندە بە گرێ نیە، تاکو لە مانای وشەکانی نەگات، بەڵکو دەتوانێت لەگەڵ گوێ لێبوونی بە وێنەش لە خەیاڵی خۆی بەسەرهاتەکە بنەخشێنێت، ئەو دەزانێت گورگ هەمیشە گیاندارێکی دڕندەو ترسناکە، دەشزانێت وەرزی هاوین گەرمەو مرۆڤ هەمیشە حەز دەکات لە نزیک ئاوێک بێت، تا مەلە بکات و خۆی فێنک بکاتەوە، یاخود زوو زوو ئاو بخواتەوە، لە بەشێکی تری چیرۆکەکە دا هاتووە :

**((گورگ چاوی کەوتە بەرخێکی قەڵەو*، کە لەدەم ڕووباردا دەڕۆیشت و جار بە جار قومێک ئاوی لە ڕووبارەکە دەخواردەوە، گورگی برسی بە دەنگێکی بەرز بانگی ئەم**

---

١- بدون اسم الكاتب، نمو اللغوى للطفل ، انترنيت-www.educ-bejaia-blogspot.com/p/blog page.html.

٢- کوردستان موکریانی (د) ، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی ، لا ١٦ .

**بەرخە بێ گوناهەی کرد، بەرخ لە ترسانا بەکسەر هاتە بەردەمی وەستا و وتی : فەرموو چ کارێکت بە من بوو؟))**[١].

مندالّ ئاشنایەتییەکی باشی لەگەلّ گیانداران هەیە، بە تایبەتی گیانداری مالّی، بەرخ بە ناسکی و جوانی ناوی ڕۆیشتوە، بۆیە کاتێک دەکەوێتە دەستی گورگێکی برسی، ئەوا بە ئاسانی قوتار نابێت، مندالّ دەزانێت گورگەکە مەبەستێتی بەرخەکە بخوات، بۆیە هەر بیانوی پێ دەگرێت، هەروەها لە مانای بێ گوناهی دەزانێت و لە مەبەستی وشەکە دەگات، لە بەشێکی تری چیرۆکەکە زمانەکە بە شێوەیەک سادە و ساکارە بۆ مندالّی ئەم قۆناغە، کە ئەو وشانەی لەنێو ئەم چیرۆکەدا گوێی لێدەبێت و تێیدەگات، وەکو چەمکێکی ڕوونی لێدێت بۆ مندالّ، زمانی وشەکان بە تایبەتی بەرخەکە زۆر ئاشکرایە و وشەی ناڕوونی تێدا نیە، بەرخەکە بە گورگەکە دەلّێت :

**((قوربان من تەمەنم سێ مانگە ئەو کاتەی تۆ باسی دەکەی من هێشتا نەهاتبومە گێتی گورگ هیچ مەهانەیەکی بە دەستەوە نەما بۆیە ووتی :- دە باشە ئەگەر تۆ نەبووی باوکی تۆ بووە، بۆیە پێویستە لەناوت بەرم گورگ خێرا هێرشی بردە سەرو، بەرخی بێ گوناهی خوارد))**[٢].

مندالّ جگە لەوەی لە زمانی چیرۆکەکە دەگات و ئاشنای مانای وشەکانیش دەبێت، لە هەمان کاتدا فێری **((ژمارە و بەش و کێش و قەبارە))** [٣]ش دەبێت، لە چیرۆکەکە باسی کێشی بەرخەکە دەکات، کە قەلّەوە، لێرەوە مندالّ دەزانێت مەبەست لە قەلّەوی ئەوەیە، کە کێشی لەشی زۆرە و هەمیشە خەریکی خواردنە، یاخود باسی سێ مانگی و شەش مانگی دەکات، لێرەوە فێری ژمارەکانیش دەبێت، کە وەکو پالّپشتیەکی لێدێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە زمانی چیرۆکەکە، بەلاّم مندالّ ناتوانێت لە وشەی (گێتی و بەهانە) تێبگات، با هەرچەند

---

* ڕاستی یەکەی (گورگەکە چاوی بە بەرخێکی قەلّەو کەوت).

١- کوردستان موکریانی (د) ، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی ، لا ١٦ – ١٧ .

٢- کوردستان موکریانی (د) ، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ١٧ .

٣- معتز شاهین ، طفلك من (٦ الى ١٢ سنه) و تربيته (ايمانيا، نفسيا، مجتمعيا، جنسيا، عقليا، فكريا) ، مطبعة بداية ، مصر ، ٢٠١٤ ، ص٤٦ .

تەمەنی (٨) ساڵیش بێت، بەڵکو پێویستە لەسەر چیرۆکگێڕەوە، کە ئەو دوو وشەیەی بۆ ڕوون بکاتەوە و تێی بگەیەنێت، کە مەبەستی لە گێتی واتا (دونیا) و بەهانەش مەبەستی لە (بیانووە) کە گورگەکە لە بیانوویەک دەگەڕا، تاکو بەرخەکە بخوات، لێرەوە دەبینین منداڵی ئەم قۆناغە، ئاستی تێگەیشتنی بۆ زمانی چیرۆکەکان بەرزە، دەتوانێت لە زمانەکە حاڵی بێت و کێشەیەکی وای بۆ دروست نەبێت، کە ساردی بکاتەوە لە گوێگرتن بۆ چیرۆک .

لەچیرۆکی (هێلانەی قەتێ) و(ڕێوی فێڵباز) و(قەل و مام ڕێوی و گورگ) و(گورگ و مام ڕێوی) و(کێشکۆکە و مام ڕێوی) و(مریشکە ڕەشە) و(قاز و کەڵەشێر و عەلەشیش و پەپوسلێمان و مام ڕێوی)دا، نموونەیەکی تری سادەیی زمانی چیرۆکی ئەم قۆناغە دەبینین، یەکێک لەسیفەتە هەرە دیار و بەرچاوەکانی فۆلکلۆر ئەوەیە، کە تێکڕای بەرهەمی فۆلکلۆری بەزمانی ناوچەیی وتراوە، تەنیا بەیەک شێوەزار نییە، لەچیرۆکی (هێلانەی قەتێ)دا، نموونەی ئەم جۆرە شێوەزارە دەبینین، بەڵام کۆکەرەوەی چیرۆکەکە فەرهەنگۆکێکی بچووکی لەخوارووی چیرۆکەکە داناوە، تاکو منداڵ بەئاسانی لەشێوەزاری چیرۆکەکە بگات، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا ((**بەهۆی لاسایی کردنەوەوە فەرهەنگە زمانیەکەی دەوڵەمەند بووە**)) [١] و وردە وردە ئاشنای وشەی نوێ دەبێت، لەچیرۆکی (هێلانەی قەتێ)دا، کە نموونەی ئەم جۆرە شێوەزارە زمانییەی تێدایە، منداڵ تێدەگات، چیرۆکەکەش بەمشێوەیە:

**(( فیلێک بەهێلکەی قەتێ یەکی بەسە زمان فێربوو بوو، لەپێش ئەوەی هێلکەکان بتورکێن بە قاچەکانی هەمووی هورد و خاش دەکردن ))** [٢].

---

١- بەبێ ناوی نووسەر، نحو للغوی للطفل، -educ- bejaia. Blogspot. Com/p/blog page.html.

٢- ڕاستی وشەکە (بتروکێن)ە، عمر ابراهیم عزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، چاپخانەی ألادیب، بغداد، ١٩٨٤، لا ٣٨.

لێرەدا منداڵ کێشەی تێنەگەیشتنی ئەم وشانەی نییە، مەگەر هەندێجار هەڵەی زمانی دەبێتە لەمپەرێک لەبەردەم منداڵدا بۆ تێگەیشتنی لەوشەیەک یاخود لەڕستەیەک، هەربۆیە

**(( نابێ هەڵەی زمان چ لەبێژە و چ لەڕێزمان و وشەبازیدا ڕووبدات، چونکە ئەو شتە چەوتانەی لەو تەمەنەدا منداڵان فێریان دەبن، وەکو نەخشی بەرد لەبیرەوەرییاندا چەسپ دەبن و لەوانەیە بەگەورەیش وازیان لێ نەهێنن))** [١].

لەسەر چیرۆکگێڕەوە پێویستە، زۆر ئاگاداری لایەنی زمانی چیرۆکەکە بێت، لەڕووی زمانەوانییەوە تەواو ئامادەبێت، خۆی بەدوور بگرێت لەهەڵەی زمان، لەچیرۆکی هێلانەی قەتێ دا، دەبینین زمانێکی ناوچەیی کاری گێڕانەوەکەی پێ ئەنجامدراوە، وەکو لەپێشەوە باسمانکرد، یەکێ لەسیما جوانەکانی فۆلکلۆر ئەوەیە، کە زمانی ناوچەیی بەشدارن لە دروستبوونی بەرهەمی فۆلکلۆری نەتەوەیەک، وەک چۆن د.مەولود ئیبراهیم حەسەن دەنووسێت:**((لە فۆلکلۆردا زمانی یەکگرتوو نیيە! ئەوەی هەیە زمانی زارو بنزارەکانە))** [٢] بەڵام دەکرێت ئەو وشانەی کە هەڵەن یاخود لەڕووی زمانییەوە باش گۆنەکراون ڕاستبکرێنەوە، بۆ ئەوەی منداڵیش ڕاستیەکەی گوێ لێبێت و بەڕاستیش لەبەری بکات، لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە و دەڵێت:

**(( چەند ساڵ هات و ڕۆی فیلە ئەم خوەی بەرنەدا و قەتێ ی زگ سوتاویش هەر بەدوای چارەیەک دەگەڕا. هەتا ڕۆژێکیان قەتێ گەیشتە لای بۆقێک و تەواوی بەسەرهاتی خۆی و هێلکەکانی تێگەیاند بۆقەش لەوەڵامدا گوتی: دەبێ داوێکی وای بۆ دابنێمەوە کە جارێکی تر ڕوو لەوناوەش نەکات!))** [٣].

منداڵ، کە گوێی لەم وشە و ڕستانە دەبێت تێیان دەگات، بەڵام هێشتا لەمانای( سک سووتان)نازانێت، چونکە ئەندازەی بیری لەو سنوورەدا نییە، کە هەر کەسێک منداڵێکی بمرێت پێیدەڵێن (سک سووتان)، واتا هێشتا منداڵ لەمانای وشە مەعنەویەکانی وەک( ئازادی، سەربەستی، مەردایەتی، سک سووتان......هتد)تێناگات، چونکە فەرهەنگە

---

١- عەبدولڕەززاق بیمار، سەرەتایەکی ئەدەبی منداڵان، لا ٣٤.

٢- مەولود ئیبراهیم حەسەن(د)، ئەدەبی میللی، پرۆژە، بڵاونەکراوە.

٣- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، لا ٣٨.

زمانییەکەی خاڵیە لەم وشە مەعنەوییانە و لەڕووی هزر و مەعریفەشەوە ماوێتی تێبگات، هەروەها منداڵ لەم

قۆناغەدا حەز(( **بەکتێبی وێنە و دروست کردن و بەکارهێنانی وێنەدەکات وەک گوزارشتێک لەڕاو بۆچوونی خۆی، هەروەها لەتەنیشت وێنەکان هەوڵدەدات چەند وشە و دروشمێک کە لەسنووری فەرهەنگە زمانیەکەی خۆیدایە بەکاری بێنێت لەم قۆناغەی تەمەنیدا))** [١] ، لەبەشێکی تری چیرۆکەکە هاتووە:

**(( بۆقەکە گوتی: بەیانی زوو هەمووتان لەنزیکی ئەم کەندەڵانە ئامادەبن و منیش لەناو کەنەدەڵانەکە خۆم دەشارمەوە..............فیلەکە ناچار بەدەم قیڕە قیڕەکەوە چوو....... هەتا گەیشتە سەر لێوی کەندەڵانەکە و سەران گرێ بوو، کەوتە خوارەوە و پەل پەل بوو!!))**[٢].

منداڵ لەم قۆناغەدا، لەزمانی چیرۆکەکە تێدەگات، دەزانێت فیل خاوەن جەستەیەکی قەبارە گەورەیەو بکەوێتە سەرهێلکە وردی دەکات، بەڵام هێشتا بەو ئەندازەیە لەشەڕ و ویستی فیلەکە نازانێت، کە بۆچی هێلکەی قەتییەکە دەشکێنێت، دەزانێت بۆق لەناو ئاودایە و قیڕە قیڕ دەکات و دەنگێکی خۆشی هەیە، بەڵام نازانێت و لای ڕوون نییە ئایا دەتوانێت داو بۆ فیلێکی گەورە بنێتە و بیخاتە چاڵێکەوە، بۆیە دەبینین چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە ئاستی زمانیان، هاوشانە لەگەڵ سنووری فەرهەنگی زمانی منداڵەکە و ئەو وشە و دەستەواژە و گرێ و ڕستانەی تییدایە، کە منداڵی (٦-٨) ساڵ ڕۆژانە بەکاری ئەهێنێت و دووبارەی دەکاتەوە، چونکە دەزانین منداڵ قۆناغی باخچەی ساوایانی بڕیوەو دوو هەنگاویش لە قوتابخانە، بەڵام هێشتا فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی لە چوارچێوەیەکی تەسکدایە و پێویستی بەوە هەیە، فەرهەنگە زمانیەکەی دەوڵەمەند بکات، بۆیە باشترین هۆکار و ڕێگایەک گێڕانەوەی

بۆی، چونکە ((**چیرۆک هۆکارێکی گرنگە، بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی منداڵ و پاراوکردنی بە وشە و زاراوە و ڕستەی جۆراوجۆر، لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەوە، منداڵ فێری زۆر کون و کەلەبەری زمانەکەی و سەرمایەی زمانی زیادو دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها**

١- أحمد نجيب، فن الكتابه للأطفال، ص ٣٨.

٢- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، لا ٣٩-٤٠.

**کاتێک منداڵ دووبارە ئەو چیرۆکانە لەسەر زمانی خۆی بۆ کەسانی تر دەگێڕێتەوە زیاتر زمانی دەوڵەمەندتر دەبێت))** [١].

هێشتا منداڵ پێویستی بەوە هەیە، کە ڕێگای فێربوونی زمان و فراوانکردنی فەرهەنگە زمانییەکەی بۆ ئاسان بکەین، تاکو بتوانێت لە تەمەنێکی زووتردا بە وشە و ڕستەی نوێ دەوڵەمەند بێت و ببێتە هۆکارێک، بۆ پاراوی زمان و قسەکردنی بە شێوەیەکی ڕەوان و دوور لە گرێ و ڕاوەستان .

لە چیرۆکی (شێر و ڕویڤی) و (ڕویڤی و خاپاندنا شیرێ) و (مریشکە کوفی خوارو) و (شڤان و تالانچی) و (دیکل و ڕویڤی و گزیر) و (شێر و فیرنەگولە) و (شێر و ڕاوچی ) و (کەروێشک) و (بزنۆکەک و مەڕۆکەک) و (مێگەل) دا ، بە هەمان شێوە نمونەیەکی تری زمانی، ئەم قۆناغەمان لە ڕێی ئەم چیرۆکانەوە پێی ئاشنا دەبین، دەکرێ لەنێو ئەو چیرۆکانەشدا چیرۆکی (شڤان و تالانچی) بکەینە نمونەیەک، بۆ لایەنی زمانی کۆی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، منداڵ لایەنە زمانیەکەی، ئەم چیرۆکەی پێ ئاسانە و دەتوانێ لە مانای وشەکانیش بگات، چونکە سادەیی زمانی گێڕانەوە وایکردوە، کە هیچ کۆسپ و ڕێگریەک نەبێتە مایەی ساردکردنەوەی منداڵی ئەم قۆناغە، لە گوێگرتن لەم چیرۆکە و چێژبینین لێی، هەروەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە :

**((هەبوو نەبوو ل گوندەکی شڤانەک هەبوو ناڤێ وی حەسو بوو، ڤی شڤانی گەلەک حەژ شڤانێی و خودانکرنا پەزی دکر و حەویا وی بێی پەز نەدهات، ژ بەر هندێ ژی پەزی ژی گەلەگ حەژ حەسوی دکر، ڤی شڤان پەزێ خو وەسا فێرکربوو هەر چ تشتێ وی دگۆتێ پەزی گوهداریا وی دکر و شەهرەزایەکا گەلەک باش هەبوو دلێدانا بلورێ دا...))**[٢].

وشە و ڕستەی ئەم چیرۆکە نموونەی سادەیی زمانن، منداڵ بەبێ هیچ گرفتێک، لە لایەنی زمانی دەگات و دەتوانێت لە تەواوی ماناکەشی بگات، چونکە دەزانێت شوان

---

١- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیەتی منداڵ، بەشی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆ ، هەولێر ، ١٩٩٧ ، لا ٧٢ .

٢- خالد دێرەشی ، شەڤبێریێن زارۆکان، لا ٢٥٥ .

کەسـێکە (مەڕ و بـزن) دەبـاتە دەشـت و دەر و بەخێویـان دەکـات و ئێـوارانیش دەیانهێنێتەوە، کاتێک باسی شمشاڵی شوان دەکرێت، منداڵی ئەم قۆناغە دەزانێت، شوان زۆر بەجوانی شمشاڵ لێدەدات و ئاوازێکی خۆش، بۆ مەڕەکان دەژەنێت.

**((هند دیت هندەک سیارێت تالآنچی ڕەخ و دورێت وی گرتن و پەزی وی کوم کر وگوتێ دێ یەلآ بەری مە بکەڤە و دەنگێ تە نەهێت ...))** [١].

منداڵ دەزانێت دزیکردن کارێکی باش نیە، بۆیە هەمیشە خۆی لێ بەدوور دەگرێت، هەر کاتێک گوێی لە چیرۆکێکی وا دەبێت ئارەزوو دەکات، کە بزانێت ئەنجامی دزیکەران بەچی دەگات، بۆیە هەمیشە ئارەزووی گوێگرتنی زیاتر دەبێت و بە شەوقەوە چاوەڕێی ڕووداوەکان دەکات، زمانی گێڕانەوەش شەوقی چاوەڕوانی منداڵەکەی گەشتر کردووەو وای کردووە دێر بەدێر و بەهەستەوە بە ئەنجام بگات، چونکە فەرهەنگە زمانیەکەی بەشی لێکدانەوەی ئەو وشە و دەستەواژانە دەکات، کە لەم چیرۆکەدا دەیبینێت، منداڵ لەم قۆناغەدا، ئەگەر خاوەن جەستەیەکی ساغ بێت و لایەنی مێشکی و بیرکردنەوە و قسەکردنی هاوشانی یەکتر بن، ئەوا هیچ گرفتێکی زمانی لەو ژینگەیەی کە هەڵسوکەوتی تێدا دەکات، بۆ دروست نابێت، چونکە دەتوانێت قسە بکات و ڕستە دروست بکات، لە هەمان کاتیشدا بەرامبەریش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک تێدەگەیەنێت و فەرهەنگە زمانیەکەشی هاوکاریەتی بۆ تێگەیشتن، لە بەشی کۆتایی چیرۆکەکەدا هاتووە :

**((شڤانی ژ چیرۆکا خوو تالآنچیا ل سەری حەتا دویما هیێ بۆ گوندیا ڤەگێڕا .... سەری تالآنچیا هەمی گرتن))** [٢].

چیرۆکەکە خودان ژمارەیەک ڕستەی سادە و ساکارە، کە لە چوارچێوەی زمانی ئەم قۆناغەی منداڵدایە، بۆیە دەبینین منداڵ لە تەنیشت هەر وشەیەکدا، خێرا بە وێنەش ڕووداوەکان دەهێنێتە بەرچاوی خۆی، چونکە زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا سادەییەکەی

---

١- سەرچاوەی پێشوو ،لا٢٥٥.

٢- خالد دێرەشی ، شەڤبێریێن زارۆکان، لا ٢٥٦ .

هۆکارێکە، کە وشە و فۆرم بەرامبەر بە یەک بن واتا، کە ناوی هەر وشەیەکی گوێ لێدەبێت، خێرا فۆرمەکەشی بێتە بەرچاو، بۆیە دەبینین زمان لە چوارچێوەی ژینگەی منداڵی ئەم قۆناغەدا پێکهاتووە لە تەواوی ئەو وشە و دەستەواژە و هێما و ئاڕاستانەی کە منداڵ لە نێوان (٦-٨) ساڵیدا ڕۆژ بە ڕۆژ فێری دەبێت و فەرهەنگە زمانیەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات .

**٣- قۆناغی سێیەم: (٨-١٢) ساڵ:**

لەم قۆناغەدا زمانی منداڵ، تەواو گۆڕاوەو پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە، لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی وشەکان و تێگەیشتن لەزمانی چیرۆکەکان، بەجۆرێک لەلای ئاسانە، کە نەبێتە مایەی گرفت دروستکردن، چونکە منداڵ چەند هەنگاوێکی باش لەقوتابخانە چووەتە پێشەوە و فەرهەنگە زمانییەکەی بەهۆی تێکەڵاوی و گفتوگۆی ڕۆژانە و یاریکردن و دەرچوونییەوە زۆرباش و دەوڵەمەند بووە، بۆیە **(( منداڵ بەئاڕاستەی نووسین و خوێندنەوە ڕێگایەکی باشی بڕیوە))** [١]، بەشێوەیەک کە دەتوانێت سەرو مڕ لەمانای ئەو چیرۆکانە بگات کە بۆی دەخوێندرێتەوە، یاخود خۆی دەیخوێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە منداڵ لەم قۆناغەدا پێچەوانەی منداڵی دوو قۆناغەکەی پێشوو کە هەوڵیان تەنیا لەچوارچێوەی فێربوونی وشەدا بووە، بەڵام**((منداڵی ئەم قۆناغە هەوڵ دەدات لەفێربوونی ڕستەوە دەست پێبکات))** [٢] بەئەندازەیەک دانەی وشەکانی فەرهەنگی زمانی زۆر بووە کە بەربەستێکی زۆری بۆ دروستناکات لە قسەکردن و تەنانەت نووسینیش، بۆیە لەم قۆناغەدا منداڵ لەسەر ڕێگایەکی ڕاستی زمانی هەنگاو دەنێت و دەیەوێت بە پاراوی و بەپێی ڕێسا و

---

١- أحمد نجيب، فن الكتابه للأطفال، ص ٣٨.

٢- إيمان بقاعى، فن قصه ألأطفال، ص١٠٥.

یاساکانی زمانەکەی خۆی قسە بکات، چونکە تەمەنەکەی بەرەو سەر هەڵکشاوەو **((لەوە ناترسێ لەکاتی قسەکردندا یاساکانی زمانەوانی زمانەکەی خۆی بشکێنێ، یاخود لێی دەرچێ))** [1]. هەربۆیە کاتێک، کە قسە دەکات گرفتێکی ئەوتۆی نییە.

سەبارەت بەچیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، دەبینین هەڵگری هەمان سیفەت و خواستی زمانی ئەم قۆناغەن، چونکە منداڵ تەنیا گوێگر یاخود خوێنەری چیرۆکەکان نابێت بەڵکو لەماناو نهێنییەکانی پشت وشەو ڕستەکانی چیرۆکەکەش دەگات و دەتوانێت بەهۆکار و پاڵپشتی و تێگەیشتن لەزمانەکە بتوانێت چیرۆکەکەش بگێڕێتەوە. لەچیرۆکی(محەمەدی نێچیرڤـــان و بریکـــا مارا)،(حەفـــت بـــراک)،(خەزاڵ خاتینوک)،(بابەدەروێش)،(چـــاکە بکەوبەئاوێیدادە)،(ســـورەی چاوشـــین)،(بووکێ خەمـــان)،(ڕاوکەرە هەژارەکە)،(ئەو جێـــیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە)،(گایەکەی پاشا و شەڕەگا) و(سەر کودیلە)، نموونەی زمانی منداڵی ئەم قۆناغەن، چونکە ئەم چیرۆکانە بەزمانێک کاری گێڕانەوەیان بۆ کراوە، کە هەمان سیفەتی زمانی منداڵی ئەم قۆناغەیان هەبێت، چیرۆکی( **سەرکودیلە)** [2]، دەکەینە نموونەی چیرۆکەکانی تر لەڕووی زمانی ئەم قۆناغەوە، پاشـان دیاری دەکەیـن، کە شـێوازی دارشـتنی زمـانی چیـرۆکەکە چـۆنە و ئـاخۆ منـداڵی ئەم قۆنـاغە فەرهەنـگە زمـانییەکەی، بارتەقـای ئەوەی تێـدایە، کە لەزمـانی چیـرۆکەکە بگـات؟، بـۆیە دەبینـین چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**(( وا دەگێڕنەوە، لە گوندێکی چیایی، لەبناری شاخێکی، لەڕۆژێکی ساو لەڕۆژەکانی زستانێکی ساردا کۆمەڵێک منداڵ لەمنداڵانی گوند پێکەوە نان و پێخۆری هەڵدەگرن و گوریسەکانیان بەشانیدا دێنن و دەچنە بەندەنێ))** [3].

کاتێـک منـداڵ ئەم چیـرۆکە دەخـوێنێتەوە، یـاخود بـۆی دەگێـڕدرێتەوە، لەڕووی زمـانییەوە کێشـەیەکی ئەوتـۆی بـۆ دروسـت نابێـت، کە نەهێڵێـت لەمانـای چیـرۆکەکە و

---

١- المصدر السابق، ص١٠٥.

٢- زیاد محمد ئەمین، بووکێ خەمان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣٧.

٣- زیاد محمد ئەمین، بووکێ خەمان،ل١٣٧.

لەزمـانی چیـرۆکەکە و وشـەکانی بگـات، بەڵکـو دەزانێـت لەزسـتاندا هەمیشـە ڕۆژەکـانی ساردن، ئەگەرچی با دونیا ساماڵ بێ و خۆرهەتاو بێت، دەزانێت (نـان، گـوریس.....) ئەمـانە چین، بەڵام ئەگەر لەمانای وشـەکانی (سـاو، پێخـۆر، بەنـدەن) نەگەیشـت، هۆکـارەکەی ئەوە نییە، کە منداڵی ئەم قۆنـاغە لەمانـای وشـەکان نەگەیشـتووە، یـاخود فەرهەنگە زمـانییەکەی ناکـامڵە، بەڵکـو هۆکـارەکەی ئەوەیە، کە فۆلکلـۆر وەکـو لەقۆناغەکـانی پێشـووتریش ئاماژەمـان بـۆیکرد، خـودان شـێوەزارە، واتـا زارەکـان هەمـوو بەشـدارن لە دروسـتکردنی فۆلکلۆری میللەتێک، بۆیە ئەم وشـانەش زیـاتر پەیوەندی بەزارێکەوە هەیە، ئەگەرنـا منداڵ دەزانێت (ساماڵ، سـاف) مەبەسـتی ئەوەیە، کە ئاسـمان هەوری پێوە نییە، یـاخود (پێخۆر) بـوونی خواردنێـک یـان خـواردنەوەیکە کە مـرۆڤ لەکـاتی نـان خواردنـدا خـواردنی پێـوە دەخوات وەکو (چـا، دۆ، ماسـتاو)، هەروەهـا (بەنـدەن) کە مەبەسـتی (شـاخ و دۆڵ و چەم)ە ئەویش دەزانێت بۆیە جگە لەم وشانە، هیچ بەربەسـتێکی تـری نییە کە لەڕووی زمـانییەوە گرفتـی بـۆ دروسـتبکات، هەمیشـە تێدەگات و ڕسـتە لە دوای ڕسـتە گـوێی لـێ دەگرێـت و دەچێتە ناو قوڵایی ڕووداوەکانەوە، لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە:

**(( ئەو کاتەی ئەگەر منداڵەکان دەڕۆن، ئاسمان ساو دەبێت و خۆرهەتاوێکی باش دەبێت، منداڵەکان بەچپایدا هەڵدەگەڕێن و سەرکودیلەش لەهەموویان گەورەتر دەبێ، پێشیان دەکەوێت........ لەوکاتەیدا ئەوان سەرگەرمی چیلکە خڕکردنەوەی بوون هەوران بەری ئاسمانێیان گرت و ڕۆژەکەیان لێگۆڕا....... چیا و شیو و دۆڵیان لێ تاریک داهات و شەویان بەسەردا هات، منداڵەکان کەوتنە ڕێ و کەمێک ڕۆیشتن، بەڵام ڕێگای ماڵیان لێ بزربوو......ترسیان لێ نیشت نەیاندەزانی ڕوو لەکوێ کەن و بۆ هەر لایەکی دەڕۆیشتن دەگەڕانەوە......... سـەرکودیلەی بـرا گەورە هەتـا نەترسـێن دڵخۆشـی دەدانەوە و قسەیئازایانەی بۆ دەکردن))** (١) .

لەم پەڕەگرافەدا دەبینین، زمـانی چیرۆکەکە ڕوونـی و ئاشکرایی تێدایە و هەسـت بەبـوونی وشـەیەک ناکەیـت، کە منـداڵی ئەم قۆنـاغە خـۆی لەمانـاکەی ببوارێـت و لێـی تێنەگـات، بەڵکـو زمـانی گێڕانەوە هێنـدە سـادەیە، کە منـداڵ بەخۆشـیەوە گـوێ دەگرێـت و

---

١- زیاد محمد ئەمین، بووکێ خەمان، لا ١٣٧-١٣٨.

ڕۆدەچێتە نێو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم چیرۆکە، لێرەدا زمان جگە لەوەی بووەتە هۆکارێک بۆ کاری گێڕانەوە، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە دەروازەیەک بۆ فراوانی خەیاڵی منداڵ و لەڕێی زمانی وشەکانەوە منداڵ فێری خەیاڵکردن دەبێت و ئارەزوو دەکات، وەکو کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکان بێت، زمانی ئەم وشانە بێگرێ و کۆسپن، وشەکان سادەن، هیچ وشەیەکی قورس و خودان ڕەوانبێژی وای تێدا نییە، کە منداڵ لە ئاست مانای دەستەوەستان بوەستێت، بەڵکو زمانەکە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەم سادەییەو وایکردووە منداڵ بێبەش نەبێت، لەخۆشی و بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکە، لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا کە هاتووە:

**(( کاتێک تەماشایان کرد، لەشوێنێکی دوور، تروسکەی ئاگرێکی دیارە........ کاتێکی گەیشتنە نزیکی ئاگرەکەی تەماشایان کرد ئەوە پیرەژنێک لەنێو ئەشکەوتێکی ئاگرۆکێکی کردۆتەوە و لەبەری دانیشتوە و خۆی گەرم دەکاتەوە...... منداڵەکان کۆڵە چیلەکەکانیان لەدەرکێ دانان و چوونە ژووری ئەشکەوتەکەیەوە....... هەمویان لەدەوری ئاگرەکەی خەویان لێ کەوت، بەس سەرکودیلە نەخەوت؟ چونکە دەیزانی کە ئەو پیرەژنە دێوە و ئەگەر هەموویان بنون، ئەوا دەیانخوات، لەبەرئەوە بڕیاری دا کە ئەو شەو نەنووێت..... کاتێکیش ڕۆژ ڕوناک بوو، ڕۆژێکی خۆش و ئاسمان ساو و بێ هەور بوو، سەرکودیلە بەگورجی منداڵەکانی لەخەوێ هەستاندن و ........ پێی گوتن ئەو پیرەژنە، پیرەژنە دێوە، خێرا ...... با بڕۆین..... بەوجۆرە سەرکودیلە هەموو منداڵەکانی ڕزگارکرد و گەیشتنەوە گوندەکەی خۆیان و هەریەکەیان بۆماڵی خۆیان چوونەوە و بەداک و بابیان شادبوونەوە))** (١).

ئەم وشانەی، کە لەم چیرۆکەدا منداڵ گوێی لێدەبێت هەمان ئەو وشانەن، کە لەفەرهەنگە زمانییەکەی خۆیدا هەیە واتا، ئەگەر زمانی چیرۆکەکەش نەبێت، ئەم وشانە منداڵ دەیزانێت و ماناکانی لا ڕوونن. زمانی ئەم چیرۆکە تەواو گوزارشتە لەتەمەن و زمان و فەرهەنگی زمانی منداڵی، لەم قۆناغە و دەزانێت ( مانای هەور و باران و ئەشکەوت و چیلکە و دێو و گوند و......) وشەکانی تر چییە، بەڵام هێشتا وەکو دیمەن یاخود وێنە، دێوی نەبینیوە، لەهزری خۆیدا وا وێنەی کێشاوە، کە خاوەن جەستە و بالایەکی بەرز و

---

١- زیاد محمد ئەمین، بووکێ خەمان، لا ١٣٧-١٣٨

هێزێکـی زۆره و مـرۆڤ دەخـوات، زمـانی گێـڕانەوەکەش زیـاتر وێـنەی ڕووداوەکـانی لەبەرچاو جوانتر و ڕوونتر کردۆتەوە، زمانەکەی یارمەتیدەرە، کە منداڵ لەمەغزا و نهێنـی و مانا شاراوەکانی پشت ڕستەکان تێبگات و هیچ بەربەستێکی زمانی نەمێنێت، کە منداڵی ئەم قۆنــاغە بێبەشــبکات لەچێــژ و تێگەیشــتن لەڕووداو و بەســەرهاتەکاندا. هەروەکــو باسـمانکرد شـارەزاییەکی لەیاسـا و ڕێسـاکانی زمـانی نەتەوەکەی خـۆی هەیە و دەزانێـت کێ (بکەر)ە و (کـار) و(تەواوکەر) یش چییە، یـاخود دەزانێت دەمەکـانی کـار چـین، بـۆیە ئەگەر پرسیار لە منداڵی ئەم قۆناغە بکەیت، سـەبارەت بە بکەری ئەم چیرۆکە، خێرا ئەوە دەزانێـت، کە(سـەرکودیلە) بـکەری ڕووداوەکـان و ڕزگـارکەری منـداڵەکانی هـاوڕێیەتی، دەزانێت ئەم ڕووداو و بەسـەرهاتانەش لەزەمەنێکی کۆنـدا ڕوویـداوەو دەمـی کـارەکەش، بەســەرچووە و ڕابــوردووە، هەروەهــا لەمەبەســتی وشەی(ســەرکودیلە)ش تێــدەگات و دەزانێــت (سەرکودیلە)بەکەســێک دەوترێــت، کە ســەری قــژی پێــوە نەمابێــت، جــا بەشێوەیەکی(سروشتی) بێت کەبۆخۆی کەچەڵ بووبێت قژی پێوە نەبێت، یـاخود دەسـتکرد کە خـۆی قـژی تاشـی بێـت، واتـا منـداڵ دەزانێـت سـەرکودیلەی نـاو چیـرۆکەکە منـداڵێکی چاونەترس و ئازا و زیرەک بووە، هەروەهـا فەرهەنگە زمـانییەکەی بەشـێوەیەک هاوکـاری منـداڵەکە دەکـات، کە دەتوانێت وەکـو خـۆی چیـرۆکەکە بگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی لێـی تێـک بچێت. لەبەشێکی تری چیرۆکەکـانی ئەم قۆنـاغەدا نمـوونەیەکی تـری لایەنـی زمـانی منداڵی ئەم قۆنــاغە دەبینــین، وەکــو لەچیرۆکــی(دەروێش وکــوڕی پاشــا)،(کوڕەجۆلا )،(پاشــای خۆرهەلات)،(ســــەرت دابنــــێ و ســــڕت دامەنێ)،(ورچــــــی بەســــــفەت)،(ئەنجامی تەماحکـاری)،(پیرەبەرد)،(هێلکەی نامێ)،(بەسـەرهاتی دایکێـک)، ئەمـانە ئەو چیرۆکـانەن، کە منداڵی ئەم قۆناغە بەهۆی فراوانبوونی فەرهەنگە زمـانیەکەیەوە، بەئاسـانی لێیـان تێدەگات و کــار لەســەر چــۆنێتی قســەکردن و بیرکردنەوەیــان دەکــات، چــونکە (( **تــوێژینەوە زانســتیەکان دەریانخســتووە، کە جیــاوازییە کەســییەکان لەئاخاوتنــدا لەمنــداڵیەوە دەردەکەوێت و تا پیری هەروا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە نیە کە پەروەردە و ڕاهێنان**

**له باشکردنی ئاخاوتندا بێ کاریگەرە...... هۆکاری فێرکردن ئەوەندە کاریگەری لەسەر گەشەی زمانیمان هەیە کە دەتوانێت هۆکاری بۆماوەیی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە))**[1].

یەکێک لەهۆکارەکانی فێرکردن و گەشەی زمانی و فراوانکردنی بازنەی بیرکردنەوە، چیرۆکە بۆیە لەچیرۆکی (ئەنجامی تەماحکاری)دا، نموونەیەکی جوانی لایەنی زمانی دەبینین، کە دەتوانین ئەم چیرۆکە بکەینە، نموونەی چیرۆکەکانی تری ئەم قۆناغە، کە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**(( دەگێڕنەوە لەزەمانی کۆندا شوانێکی هەژار هەبوو، هەموو ڕۆژێ ڕانە مەڕەکەی دەبرد بۆ هەردە و دەشتاییەکی دوور لەئاوایی و لەوێ دەیلەوەڕاندن، ڕۆژێکیان لەنزیک کەڵەبەردێکەوە، لای نیوەڕۆ مەڕێکی گرت و شیرەکەی دۆشیە جامێک داینا چوو نانەبەرەکەی بێنێ بۆ ئەوەی نان و شیرێ بخوا، لەدوورەوە چاوی لێ بوو مارێک لە کەڵەبەردەکە هاتە دەرەوە و شیری جامەی هەڵقوڕاند و پاشان گەڕایەوە ناوکەڵەکەبەردەکە و لیرەیەکی گرتە دەمەوە و هێنای خستیە جامەکەوە))** [2].

منداڵ زمانی چیرۆکەکەی پێ ئاسانە و ئەو وشانەی کە لێرەدا دەیبیستێت وشەگەلێکن کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنێت، یاخود گوێی لێدەبێت بەتایبەتیش منداڵی لادێ، چونکە وشەی(دۆشین، مەڕ، هەردە ودەشتایی، کەڵەکەبەرد)، ئەمانە ئەو وشانەن کە زیاتر پەیوەندییان بەسروشتی دەرەوەی شار هەیە وەک (گوند) هەربۆیە گێڕانەوەی چیرۆک باندۆری خۆی بەسەر منداڵی ئەم قۆناغە جێدەهێڵێت و لایەنی زمانی قۆناغ بەقۆناغ یاخود ساڵ بەساڵ پێشدەخات، بەڵام جیاوازی ئەم پێشکەوتنە، لەنێوان منداڵێکی شار و منداڵێکی گونددا هەستی پێدەکرێت، چونکە فەرهەنگی زمانیان جیاوازی هەیە،

---

١- محەمەد ڕەزا باتنی، دەربارەی زمان، و: ئاکۆ عەبدوڵا کەریم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٥، لا ٨٨.

٢- محەمەد حەمە ساڵح توفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، ل ٤٣٩.

هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا، زمانەکەی دەبێتە هۆکارێک کە ڕۆژانە وشـەی نـوێ ببیسـتێت و وشەی بەکارهاتووش بەرەو زیادبوون بچێت، لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا دەڵێ:

**(( ئەم کارە بوو بە پیشەی گشت ڕۆژەی کابرای شوان و بەم جۆرە بوو بەخاوەن پارە و ماڵێکی زۆر و بڕیاریدا بچێ بۆ حەج، کابرا پێش ئەوەی سەفەری حەج بکا کوڕەکەی بانگ کرد و ئەم ڕازەی لادرکاند، کوڕە لەپاش ڕۆیشتنی باوکی ڕانەکەی بردە سەر کەڵەکە بەردەکە....... بۆ ڕۆژی دوایی شمشێرێکی لەگەڵ خۆی هێنا و........ بەر کلکی کەوت و قرتاندی...... بۆ ڕۆژی ئایندە کوڕە جامە شیرەکەی لای کەڵەکە دانا و خۆیشی کەمێ دوور کەوتەوە لەپڕ مار فیشکاندی و پەلاماری کوڕەی دا و دای بەتەوقیسەریەوە و لەوێدا وەک دار ڕەقی کرد))** [١].

منداڵ بیر لەوە ناکاتەوە ئاخۆ، تا چەند ئەم چیرۆکە ڕاستە، یاخود بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤە و وا ئەم دەیبیستێت هەروەک د.مەولود ئیبراهیم حەسەن دەنووسێت:

**((چونکە منداڵ هەموو ئەوەی لە چیرۆک و هەقایەتەکاندا دەیانبیستێ، بەڕاستی دەزانێ و لای ئەو هەموو کارەکتەرەکان هەن و ڕاستین و هەموو ڕووداوەکانیش، ڕوویانداوەو دەکرێ ڕووبدەنەوە))**[٢].

بەڵکو ئەوەی ئەم بیری لێدەکاتەوە ئەوەیە، کە لایەنە زمانییەکەی بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر دەنوێنێت، منداڵ دەخاتە خەیاڵەوەو ئارەزوو ناکات چیرۆکەکە تەواوبێت، چونکە ئەو وشانەی لەچیرۆکەکەدا هەن، وشەیەک نین بەفەرهەنگی زمانی منداڵەکە نامۆبێت، بەڵام ڕووداوەکان سەیرو خۆشن بۆیە لەگەڵ گوێ لێبوونی وێنەی دیمەنەکەش بەخەیاڵی خۆی لەگەڵ وشەکان دروستدەکات و تابلۆیەکی جوانی لێدەنەخشێنێت، چونکە هەموومان دەزانین منداڵ ڕووداوەکەی بەچاو نەبینیوە، هەربۆیە لەسنووری ئەو بیرکردنەوە ڕەنگاوڕەنگ و جوانەی خۆی، چیرۆکەکە لای خۆی دروستدەکات و لەهەمان کاتیشدا هەر بەو وێنەیەی خۆی دەیگێڕێتەوە، ئیتر منداڵ لەم قۆناغەدا بنەمایەکی زمانی پتەو دادەڕێژێت و دەیەوێت، لە کەمترین ماوەدا زۆرترین

١- محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، ل ٤٣٩-٤٤٠.
٢- مەولود ئیبراهیم حەسەن(د)، ئەدەبی میللی، پرۆژە، بڵاونەکراوەتەوە.

دانەی وشـــە بـۆ فەرهەنـگە زمـانییەکەی کۆبکـاتەوەو لەڕێـگەیەوە بتوانێـت گفتوگـۆ و قســـەکردنی خـــۆی پـــێ پێشـــبخات، ئەو منـــدالانەی زمـــانی قســـەکردنیان یـــاخود گوزارشـتکردنیان جیـاوازە لەگەڵ منـدالانی هـاوتەمەنی خۆیـان، ئەوا هۆکـارەکەی بەپـلەی یەک خێزانەکەیـانە، چـونکە زۆر دووانـدن و گفتوگـۆکردن و گێـڕانەوەی بەسـەرهات و چیـرۆک و ڕووداو کـاریگەرییەکی تەواو، لەســەر منــداڵەکە جێــدەهێڵێت و دەبینــین لە تەمەنێکـی زوودا، خـاوەن زمـان و قسـەکردنێکە کە جـێگەی سەرسـوڕمانە، بـۆیە منـداڵ لەقۆنـاغی قوتابخـانە و خوێندنیشـدا سـوود لەو چـاکییەی مـاڵەوە وەردەگرێـت کە بـوونەتە هۆکـاری دەوڵەمەنـدی و فراوانـی ژمـارەی وشـەکانی قسـەکردنی، چـونکە یەکەم ژینگە بـۆ منـداڵ کە تێیـدا بنەمـای زمـانی تێـدا بنیادبنێـت، خـانەوادەکەیەتی، بـۆیە لەزەمەنـی کۆنـدا مندالان لەتەمەنێکی زۆر زوودا فەرهەنگی زمانیان خاڵی نەبووە لە وشـە، چـونکە هەر زوو گـوێی لەچیرۆکـی فۆلکلـۆری بـووە و پاشـان کەگەورەتـر بـوو لەدیوەخـانیش گـوێی لەو بەسەرهات و ڕووداوانەش گرتووە کە لەوێدا گێڕاویـانەتەوە، ئەمە جگە لەکاری ڕۆژانە و بیستنی ناوی نوێ، کە ئەمانە هەموو پێکەوە هاوکاربوون بۆ زوو بنیادنـانی خـانەی زمـانی و دەوڵەمەندبوونی، چیرۆک یەکێکە لەو دەرگایـانەی کە منداڵ لێوەی دەچێتە ژوورەوە و شـارەزایی پەیـدادەکات لەسـەر کـون و کەلەبەری زمـانەکەی خـۆی و بەهـۆیەوە سـیما و خاسیەت و تایبەتمەنـدی زمـانەکەی، دەزانێت و هەوڵدەدات ڕێسـا و یاسـاکانی زمـانەکەی، وەکو خۆی جێبەجێبکات و لێی لانەدات.

### ٤- قۆناغی چوارەم (مێردمنداڵ، هەرزەکار) (١٢-١٥) ساڵ:

لەم قۆناغەدا منداڵ، خاوەن زمانێکی پاراو و ڕەوان و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندترە لەقۆناغەکانی تری زمانی منداڵان، ئەگەرچی لەهەوڵدایە، کە بەردەوام وشەی نوێ بۆ فەرهەنگە زمانییەکەی دەستەبەربکات، بەڵام زمانی منداڵ بەشێوەیەک پێشکەوتووە، کە توانای خوێندنەوە و نووسینی بەشێوەیەکی باش پێگەیشتووە و هەندێجار، خۆی چیرۆک و شیعر دەنووسێت منداڵ لەم قۆناغەدا(( **خاوەن هێزێکی زۆرباشە بۆ تێگەیشتن لە زمان و بەشێوەیەک کە هاوشانی قۆناغی ئامادەیی بێت))** [١].

جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان منداڵێکی ئەم قۆناغە و منداڵێکی تەمەن(١٦-١٧) ساڵان دا نییە، بۆ زانینی زمان و دەوڵەمەندی لەمەڕ فەرهەنگە زمانییەکەی، مەگەر جیاوازی ژینگە نەبێت، چونکە وەکو دیارە ژینگەی لەباری ئەو کۆمەڵگەیەی، کە منداڵەکەی تێدا گەورە دەبێت، کاریگەرییەکەی باشی لەسەر لایەنی زمانی و فەرهەنگەکەی دەبێت و وایلێدەکات، منداڵێکی چالاک و زمان پاراو و قسەڕەوان بێتەکایەوە، چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، هەڵگری سیما و خاسیەتی تایبەتی لایەنی زمانی منداڵی ئەم قۆناغەن، چونکە وەکو دەزانین منداڵ لەم قۆناغەدا، بەجۆرێک لەجۆرەکان ماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵێتی کردووە، ئەگەرچی بەپێی

**(( ماددەی یەکی پرۆژەی ڕێکەوتنی نەتەوەیەکگرتوەکان کە هەر کەسێک تەمەنی لە(١٨)ساڵ تێنەپەڕیبێت ئەوا بەمنداڵ ئەژماردەکرێت))** [٢].

بەڵام ئێمە، کە دەڵێین منداڵ واتا، ئەو حەز و ئارەزووە منداڵیەی، کە منداڵێک لەتەمەنی(٣-٥) هەیەتی، ئەم منداڵە ئەو حەزەی نەماوە و گۆڕاوە، هەروەها بیرکردنەوە و قسەکردن و جوڵاندنەوە و هەموو شتێکی گۆڕاوە و ئێستا دەیەوێت، وەکو کەسێکی

---

١- أحمد نجيب، فن الكتابه للأطفال، ص ٣٩.

٢- شيماء الشاعر، بناو شخصيه طفلك، مطبعه دار الكتاب العربى، دمشق- القاهره، ٢٠١٣، ص٩.

پێگەیشتوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و حسابی بۆ بکرێ، هەروەها کاتێکیش، کە قسەدەکات دەیەوێت گوێی بۆ بگیرێت، چونکە بەشێوەیەک دەئاخڤێت، کە هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەگەڵ کەسێکی گەورەو بەتەمەن. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە تەواو جیاوازە لەقۆناغەکانی ڕابردوو بەتایبەت لەڕووی زمانییەوە، چونکە وەکو باسمانکرد زمانەکەی پێشکەوتووە و بەربەستێکی ئەوتۆی زمانی نەماوەو زمانی پاراو بووە، بۆیە چیرۆکەکانیش ئاوێنەی لایەنە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکەی منداڵی قۆناغەکەن، دەبینین لەچیرۆکی(شای ماران)،(هێلکەی باز)،(پسمام و دۆتمام)،( ئەحمەد و کچی قاقانی چین)،(ماسی و ماسیگر)،(باخەوان و مار)،(محۆی پاڵەوان)دا، نموونەی لایەنی زمانی منداڵی ئەم قۆناغە، بەرجەستە دەبێت، ئەگەر چیرۆکی(**محۆی پاڵەوان**) [1]، بکەینە نموونەی لایەنی زمانی بۆ چیرۆکەکانی تریش، ئەوا بەئاسانی لایەنی دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی زمانی قۆناغەکەمان، بۆ ڕوون دەبێتەوە، چونکە هەروەکو ئاشکرایە منداڵ لەم قۆناغەدا، لەگەڵ گەشەکردنی لایەنی جەستەیی، لایەنی هزری و بیرکردنەوەشی گۆڕاوە و پێشکەوتووە، کە ئەمیش پاڵپشتییەکی بەهێزی لایەنی زمانییەتی.

سەرەتای چیرۆکەکە بەمشێوەیەیە:

**((دەگێڕنەوە لەناو خێڵێکی ڕەوەنددا، کابرایەکی بلیمەت دەبێت ناوی (میر محۆ) بووە، ئەم کابرایە تا بڵێی ئازا و نەبەز و لێهاتو و قسەزان و چاوتێر بووە تەنانەت، کە شەوێک نەهاتبایە دیوەخانەوە ماتەمی خەڵکەکەی دادەگرت و زۆرجاریش کە پێویستیان بەچارەسەرکردنی گیروگرفتێک هەبایە دۆش دادەمان و هەناسەی داخ و ئەسەفیانهەڵدەکێشا و ڕاست وچەپیان دەکرد کەسیان وەک (محۆ) بەرچاو نەدەکەوت))**[2].

کاتێک منداڵی ئەم قۆناغە، گوێی لەم وشانە دەبێت لەڕووی زمانییەوە تووشی کۆسپێک نابێت کەرێگری بکات و نەهێڵێت لەمانای وشەکان بگات و ببێتە مایەی نەهێشتنی تێگەیشتن لەم چیرۆکە، بەڵکو وشەکانی هەمان ئەو وشە و دەستەواژانەن، کە

---

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٩٠، لا١٤.

٢- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا ١٤.

ڕۆژانە دەیانبیستێت، یاخود قسەی پێدەکات، کاتێک کە وشەی (ڕەوەندی) گوێ لێدەبێت خێرا ئەو وێنایە دەهێنتە بەرچاوی خۆی، کە مەبەستی لەو خێڵە کۆچەرییانەن، کە لەپێناو پاوان و لەوەڕگایەکی باش بۆ مەڕ و ماڵاتیان گەرمیان و کوێستان دەکەن، ئیتر ئەمەش توانایەکی تری زمانی منداڵی ئەم قۆناغە، دەردەخات و وایلێدەکات بەبیستنی وشەی نوێ، خێرا ماناکەشی بزانێت و زیاتر ڕۆبچێتە نێو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکە، گرنگ نییە چیرۆکەکە چەندە درێژە بکێشێت، چونکە دەوڵەمەندی فەرهەنگە زمانییەکەی ئۆقرەیی گوێ لێگرتنی زیاتر دەکات و وایلێدەکات، کە پتر بەئاگاتر بێت بۆ گوێگرتن لەچیرۆکەکە. لە بەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە:

**((ڕۆژێکیان، میر محۆ زۆر ماندوو دەبێت...... هەر لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا خۆی دەکات بەژێر نوێن دا و لێی دەخەوێ..... خەونێکی دڵ تەزێنی بینی...... هەرکە بەیانی زوو لەخەو هەڵسا..... ڕووی کردە دیوەخان..... چووە پاڵ مامی یەوەو قسەی بەخەڵکەکە بڕی و ئەو خەونە دڵتەزێنەی بۆ گێڕانەوە.....مامی ئەو قسیەی بیست تا هێزی تێدابوو نەڕاندی بەسەریدا و سەرزەنشتی کرد.... محۆ لەم هات و هاوارەی...مامی....زۆر تورەبوو....خێزانەکەی کۆکردەوە و ئەسپەکەی زین کرد و بەرەو ڕێگایەکی نادیار و هات و نەهات، کەوتە ڕێ))** [١].

ئاستی زمانی وشەکان، بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمانەوانی منداڵ لەم قۆناغەدا، بەباشی هەستی پێدەکات و دەزانێ گەر ڕستەیەک، لەڕووی یاسای زمانیەوە هەڵەبێت ڕاستی بکاتەوە، هەربۆیە ئاستی زانیاری منداڵ لەسەر لایەنی زمانی وشەکان، ئاستێکی هۆشیار و بەئاگایە، هەر ئەمەشە وایکردووە لەکاتی گێڕانەوەی بۆ بەرامبەرەکەی بەبێ هەڵەی زمانی کارەکە ئەنجامبدات، منداڵ دەزانێ ئەسپ زین کردن مانای ئامادەکردن و ڕێکخستنی ئەسپە، بۆ ئەوەی کارێکی پێ ئەنجامبدەی، منداڵ دەزانێ زین کردن وشەیەکە تەنیا، بۆ ئەسپ بەکاردێ، لەڕووی زمانییەوە ئەم وشەیە تایبەتە بەڕێکخستن و تەیارکردنی ئەسپ، هەروەها دەزانێت دیوەخان شوێنێکە کە میوان و خەڵکی تێدا کۆدەبنەوە و کاروباری ڕۆژانەی تێدا باسدەکرێت، بۆیە منداڵ مانای ئەم وشانە دەزانێت،

---

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا ١٤- ١٦.

هۆکارەکەیشی فراوانی و دەوڵەمەندی فەرهەنگە زمانیەکەیەتی، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی بەردەوام، کە دانەی وشەکانی زۆرن، لەبەشێکی تری چیرۆکەکە هاتووە:

**(( گەیشتنە نزیک کۆشک و تەلارێکی بەرز....... بارەکەیان داگرت..... یەکێک لەدەست و پێوەندەکانی پاشا دەیانبینێ بەزووترین کات دەچێتە لای پاشا..... پێ ی دەڵێ))** [١].

لێرەشدا چەند وشەیەک دەبینین بێ ئەوەی منداڵی ئەم قۆناغە، بەچاوی خۆی دیمەنی، یاخود فۆڕمی وشەکانی بینیبێ لەڕووی زمانییەوە مانایان دەزانێت، دەزانێت کۆشک و تەلار تایبەتە بە پاشا و دەسەڵاتدارانی وڵات، بەهەمان شێوە دەست و پێوەندیش کە مەبەست لەو پیاو و پاسەوانانەیە کە هەمیشە وان لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی پاشا و سەرداری وڵاتدا، بۆیە هیچ کات ئەم وشانە نابنە کۆسپێک لەبەردەم فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانی منداڵی ئەم قۆناغە و خێرا مانا و کاریان دەزانێت. لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە:

**((پاشایەک هەبوو کە هەموو جار دەهات بۆ سەرانەو باج وەرگرتن، بەڵام محۆ هیچ کات ئامادە نەبوو سەرانەو باج بدات و بەرهەلستی دەکرد، دوای ئەوەی پاشا کەزانی محۆ سەری خۆی هەڵگرتوەو ڕویشتووە..... لەشکرێکی زۆری کۆکردەوە بەرەو ناوچەو گوندەکەی محۆ کەوتە ڕێ، محۆ کە ئەم هەواڵەی بیست...... چاوی چووە تەوقی سەری یەوە،..... ڕووی کردە ناوچەکەی خۆیان شەڕ گەرم بوو...... بەناویان کەوت و زۆری لێ کوشتنو ئەوانی تریش هەڵاتن و هێندێکی تری بەدیل گرتن، پاشاکە سەری لە ئازایەتی و نەبەزی ئەم لاوە سوڕما و لەدوایی بۆی دەرکەوت کە ئەم لاوە محۆی پاڵەوانە، بۆیە هێزەکانی خۆی کێشایەوە و گەڕایەوە شارەکەی خۆی))** [٢].

منداڵ دەزانێت، وشەی (سەرانە) مانای بەزۆر وەرگرتنی پارەیە، واتە کەسێک بەزۆر پارە لەیەکێک وەرگرێت، هەربۆیە لەڕووی زمانییەوە، مانای ئەم وشەیەی لەلا ئاسانە و دەتوانێت لەقسەی خۆیدا بەکاریشی بهێنێت، هەروەها لەوشەی (چاوی چووە تەوقی سەریەوە) دەگات و دەزانێت، کاتێک ئەم وشەیە بەکاردێت، کە مرۆڤەکە زۆر پەست و توڕەبێت لەکارێکی نەشیاو و ناڕەوا لەڕووی زمانییەوە مانای تێکڕای وشەکان

---

١- سەرچاوەی پێشوو ، لا٢١.

٢- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران،لا ٢١-٢٢.

دەزانێت و بەهـۆی پـتەوی و دەوڵەمەنـدی فەرهەنـگە زمـانییەکەی منـداڵ، زۆر بەئاسـانی وشـە و دەسـتەواژەی نـوێ کۆدەکاتەوە و لەژیـانی ڕۆژانەی خۆیدا بەکاریـان دەهێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ زانینـی لایەنـی زمـانی ئەم وشـانە، منـداڵ توانـای خوێنـدنەوە و نووسینیشـی بەهێزدەکـات و هەنـدێجار ئەوەی دەینووسـێت بەهـۆی بەهێـزی لایەنـی زمـانییەوە، بەرامبەرەکەی پێی سەرسامدەبێت ئەم قۆناغە بەقۆناغی پێگەیشتن و هـاتنە کولانی لایەنی زمـانی منـداڵ دیـاری دەکرێـت، چـونکە ئەوەی ئێسـتا دەیزانێـت، ئەگەر بچێـتە قۆنـاغی گەورەتر و بەرزتریش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسـەر لایەنی زمانیدا نـایەت، تەنیا لەیەک ڕێـگەیەکەوە فەرهەنـگەکەی پتـر دەوڵەمەنـدتر دەبێـت، ئەویـش بەخوێنـدنەوەی زیـاتر بەتـایبەتی چیـرۆک، چـونکە لەچیرۆکـدا هەمیشـە وشـەی نـوێ و دەسـتەواژەی نـوێ بەکارهاتووە، هەربۆیە منداڵ لایەنە زمانییەکەی لەم قۆناغەدا، وەکو پشتیوانێکی لێدێت بۆ منداڵەکە و وایلێدەکات، کە هەمیشـە وەکو کەسێکی گەورە ڕەفتاربکات و قسـەبکات، ڕای خۆی دەربڕێت و خوێندنەوە بۆ ژیانی خۆی و دەوروبەری بکات. هەروەها لەبەشێکی تری چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا، پێگەیشتوویی لایەنی زمانی منداڵی ئەم قۆنـاغە، جوانتر و ڕوونتر دەردەکەوێت، چونکە لەڕووی زمـانییەوە تێکڕای وشـەکان خواستی پێگەیشتوویی زمـانی منـداڵەکە بەیـان دەکەن، لەچیرۆکـی(کەچەڵەی کەوان)،(ئـازایەتی لاوێـک)،(کچێکی ژیر)،(نیقـاپۆش) و(بولبـولی خـۆش ئـاواز)دا، نمـوونەیەکی تـری لایەنـی زمـانی دەبینـین بەتـایبەتیش لەچیرۆکـی( ئـازایەتی لاوێـک)دا، ئەگەرچـی وشـەی زۆر نـوێی تێـدایە، بەڵام منـداڵی ئەم قۆنـاغە، بەهـۆی پێگەیشـتن و فراوانـی سـنووری بیرکـردنەوەی، مانـای ئەم وشانەی لەلا ئاسان دەبێ، چونکە تەمەنی منداڵی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و وایکردووە لە هەر قۆناغێکـدا، لەڕووی زمـانییەوە دانەی وشـەی نـوێ ببیسـتێت و فەرهەنـگەکەی پـێ دەوڵەمەند بکات. لەچیرۆکی( ئازایەتی لاوێک)دا هاتووە:

**(( لە گوندێک لەگوندەکانی کوردستاندا پیاوێک دەبێت کچێکی یەکجار شۆخ و شەنگ و ناسک و جوان و لەباری دەبێت، شەوێک لەشەوان وەک شەوانی پێشوو جاحێڵ و پیران**

**لەدیوەخاندا کۆدەبنەوە و دەست دەکەن بەقسەی خۆش و نوکتە گوتن و گێڕانەوەی حیکایەت و بەزم و ڕەزم و پێکەنین، پاش ئەوانە باس دێتە سەر باسی گرەو کردن،....... باوکی کچە....... دەڵێ: من گرەوێکتان لەگەڵدا دەکەم..... کێ لەئێوە دەتوانێت بەم شەوە بچێت بۆ فلان گۆڕستان چێشتێکی ساوارم بۆ لێ بنێ و جێی بێڵێ و هەربەم شەوەش بگەڕێتەوە ئیتر من کچەکەی خۆمی پێدەبەخشم..... لەپڕ کوڕێکی جاحێڵی خوێن گەرم..... دەڵێ من دەچم))** [١].

مەرجکردن یەکێکە لەو جۆرە یاری و پێشبڕکێیانەی، کە منداڵی ئەم قۆناغە حەزیان پێیەتی و ئارەزووی دەکەن، چونکە زۆرجار بۆ نیشاندانی توانا و هێزی خۆیان، مەرج لەسەر کارێک دەکەن، کە لە توانا و هێزی ئەوان پترە، لەڕووی زمانیشەوە ماناکەی ڕوونە و هیچ گرفتێک نییە، کەوا بکات لەمانا و دەلالەتی ئەم وشەیە تێنەگات، دەزانێت وشەی(گرەوکردن) جۆرێکە لەپێشبڕکێ، کە مرۆڤەکان لەنێو خۆیاندا بۆ وەدەستهێنانی شتێک، یاخود ڕوونکردنەوەی شتێک دەیکەن، کە دەزانێت دروستکردنی خواردن لەسەر گۆڕستان کارێکی قورس و ئەستەمە، بەتایبەتی بۆ گەنجێک، هەربۆیە منداڵ لەڕووی زمانەوە گۆڕستان دەزانێت و دەناسێت. لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە:

**(( لەپێش چاوی خەڵکەکە بەرەو گۆڕستانەکە دەکەوێتە ڕێ...... باوکی کچەکە لەدڵی خۆیدا دەڵێ بەخوای ئەو کوڕە کوڕێکی یەکجار چاونەترس و ڕەشید و نەبەزە، ئەوە دەچێ لەم گۆڕستانە چێشت لێ دەنێت و بەبێ سێ و دوو لێ کردنیش کچەکەم لێ دەستێنێ وا چاکە هەر ئێستا بچم لە گۆڕستان کارێکی وای پێ بکەم..... لەجێی خۆی گیانی دەرچێ، باوکی کچە.... دەچێتە ماڵێ.... دەستێ جلی سپی لەبەرخۆی دەکات...... بەمشەوە بەرەو گۆڕستانەکە دەکەوێتە ڕێ))** [٢].

منداڵ لەمانای وشەکان دەگات و لایەنە زمانییەکەی ئەم وشانەی لەفەرهەنگەکەیدا بۆ پاراستووە و وایکردووە، مانای وشەکانی لەلا قورس نەبێت، دەزانێت کاتێک باوکی

---

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، ل٢٣-٢٤.

٢- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، ل٢٤-٢٥.

کچەکە دەڵێت( گیانی دەرچێ) مەبەستی ئەوەیە، لەسەر گۆڕستانەکە گەنجەکە بترسێنێت و وایلێبکات ڕابکات و نەتوانێت چێشتەکە لێ بنێت. لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە:

**(( باوکی کچە بەخۆی و جلی سپی یەوە لەدواوە.... دەستی دەخاتە سەرشانی کوڕەکە و دەڵێ: لەو چێشتەی لێت ناوە بەشی منیش نادەی؟ کوڕەش بێ ئەوەی خۆی تێک بدا یان بشڵەژێ..... دەڵێ ئەی مردوو من ئەم چێشتەم بۆ زیندووان لێناوە،..... باوکی کچە .... لەدڵی خۆیدا دەیگوت: بەخوا ئەمجارە بەم گرەوە کچەکەی خۆم لەکیس دا..... بەم جۆرە گرەوەکە کۆتایی هات و ئەم کوڕە ئازایە بەئاوات و مەرامی دڵی خۆی گەیشت))** [(١)].

منداڵی ئەم قۆناغە، دەزانێت ( بەرگی سپی) زیاتر مەبەست لەو خامەیە، کە دەکرێتە بەرگ بۆ مردوو، بۆیە باوکی کچەش بەرگی سپی کردووە، تاکو لەڕێگەی سپیبوونی بەرگەکەیەوە گەنجەکە بترسێت و نەتوانێت مەرجەکەی بۆ جێبەجێبکات، هەربۆیە منداڵ دەزانێت مەبەستی باوکی کچەکە زیاتر ترساندنی کوڕەکە بووە، زانینی ئەم بابەتەش پەیوەستە، بەو لایەنە مەعریفییە دەوڵەمەندەی، کە منداڵی ئەم قۆناغە پێیگەیشتووە و دەزانێت، بەڵام نابێت لەبیری بکەین، کە لایەنی زمانی منداڵەکە هۆکارێکی سەرەکی دەوڵەمەندی بیرکردنەوەی منداڵی ئەم قۆناغەن و فەرهەنگەکەی هێندە دەوڵەمەندە، کە دەزانێت کاتێک مرۆڤەکان دەمرن کفن دەکرێن. ئەمانە هەموو لایەنی زمانی و فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانی منداڵی ئەم قۆناغە بوون، کە زۆر زیرەکانە لەمەبەست و خواستی زمانی و یاسا و ڕێساکانی لایەنی زمانی شارەزا و سەردەرچوو بوون.

---

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا ٢٦-٢٧.

## ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و گونجانیان لەگەڵ تەمەنی دیاریکراو

**١- قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦) ساڵ:**

منداڵی ئەم قۆناغە، زیاتر چێژ و خۆشی لەو چیرۆکانە وەردەگرن، کە لەسەر زمانی گیاندارانەوەن، کارەکتەری نێو چیرۆکەکان بەتەنیا گیاندار و باڵندەن، کە منداڵی ئەم قۆناغە دەیانناسێت و پێیان ئاشنایە، هەمیشە ئەم چیرۆکانە لای منداڵ، برەوێکی زۆری هەیە و بەشەوقەوە گوێی بۆ دەگرێت، هیچ کات لێی وەڕس نابێت، ئارەزوو دەکات بەردەوام ئەم جۆرە چیرۆکانەی بۆ بگێڕنەوە، کە ناوەڕۆکەکەی باسی گیانداران و باڵندەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە، کە بە ئاسانی منداڵ ڕادەکێشنە نێو ڕووداو و بەسەرهاتەکان و وای لێدەکەن، کە تێکەڵاو بێت لەگەڵ ئەو جیهانە خەیاڵاوییەدا.

لەسەردەمانی کۆندا، مرۆڤەکان هەمیشە سوودیان لە ئاژەڵ بینیووە و بۆکاری ڕۆژانەیان ئیش و کاریان پێ ئەنجام داوە، هەندێکیان جۆرە نزیکیەکیان لەڕەفتاردا لەگەڵ مرۆڤ هەیە، واتا لەئاکار و سیفەت و جۆرە جوڵانەوەیەکدا مرۆڤ و گیانداران تیایدا هاوبەشن، بۆ نموونە شێر ئاماژەیە بە پاشا و ئاغا و دەرەبەگ، ڕێوی بۆ مرۆڤی فێڵباز و درۆزن، سەگ بۆ مرۆڤی بەوەفا، گورگ بۆ مرۆڤی هارو بەدنمەک، کەر بۆ گێلی و کەم عەقڵی... هتد.

لە چیرۆکەکاندا گیانداران بەتەنیا خۆیانن، واتا کارەکتەری نێو چیرۆکەکە هەموویان گیاندارن، تێکڕای ڕوداو بەسەرهاتەکانیش لەسەر زاری ئەم گیاندارانە باس دەکرێن و دەگێڕدرێنەوە، چونکە مرۆڤ لەو سەردەمانەدا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئاشکرا، پەنجە بخاتەسەر کەموکوڕی و لایەنە چەوتەکانی ژیانی نێو کۆمەڵگا و خراپی ڕەفتار و کاری نەشیاوی پاشا و ئاغا و دەرەبەگ، هەربۆیە لەباسکردنی ئەم دیاردانەدا، دەمامکی ئەم جۆرە ئاژەڵانەی بۆ کاروکردەوەی ئەو جۆرە مرۆڤانە بەکارهێناوە،

لەهەمـان کاتیشـدا بەشـێوەیەکی گاڵتەجـاڕی نمـوونەی نیشـانی خەڵکـی و کۆمەڵگـا داوە، هەمیشـــە ئەم کارەشـــی بـــۆ خۆپـــارێزی بـــووە لەسانســـۆر و چاوســـورکردنەوەی دەسـەڵاتدارانی ئەو کـاتی کۆمەڵگـا، مەبەسـتی سـەرەکی و گرنگـی ئەم چیرۆکـانەش جـگە لەدەرخسـتنی ئەو لایەنە نێگەتیڤـانەی نێـو کۆمەڵگـا، لەهەمـان کاتیشـدا مەبەسـت و پەنـد و ئامۆژگـاری و ڕێنمـایی و ئاڕاستەکردنیشـی تێـدابوو، بـۆ ئەوەی کۆمەڵگـا ئاگاداربێـت لەو کارە نابەجێیانە و پاشـان ئاڕاسـتەکردنی بۆ کـاری شـیاو و گونجـاو، کـاری ئەم چیرۆکـانە کارێکی دوو سەرەیە واتا خۆی لەدوو مەبەستی سەرەکی دا دەبینێتەوە:

١- بـۆ کۆمەڵگـا بەسـوودن و خەڵکـی هۆشـیار دەکـانەوە، ئامۆژگـاری و وانەی فێربـوونی تێدایە، کە خەڵکی لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا سوودیان لێ دەبینێت.

٢- دەبێـتە جـێگەی دڵخۆشـی و شـادی، بـۆ منـداڵان و کـاتێکی خـۆش و بەچێـژ لەگەڵ ئەم چیرۆکانە بەسـەردەبەن، فێریـان دەکەن کە هەر ئاژەڵێـک خـودان هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری تایبەت بەخۆیەتی و لەوی تر ناچێ، ئەنجـامی چیرۆکەکـانیش ئەوەیە، کە هەر لایەنـی چـاکە بەسەردەکەوێت و بەخۆشی و شادی بەکۆتا دێت، کە بۆ منداڵان مایەی دڵشادیە.

لەئەنجامـدا بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە کە چیرۆکـی گیانـداران بەسـەر چەنـد جۆرێکـدا دابەش دەبێت، ئەگەرچی د.مەولود ئیبراهیم حەسەنیش بڕوای وایە، کە چیرۆکـی گیانـداران دابەشی چەند جۆرێک دەبێت و بەمشێوەیە دابەشی دەکات:

**(( ١- ئەو چیرۆکەی کە گیاندارو گیاندار ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ.**
**١-ئەو چیرۆکەی کە گیاندارو مرۆڤ پێکەوە ڕۆڵی تێدا دەگێڕن.**
**چیرۆکەکان:**
**١-بەمرۆڤکردنی گیاندار.**
**٢-بەگیاندار کردنی مرۆڤ.**
**مەبەستی ئەمانەش پەروەردەکردنی مرۆڤە بە چیرۆکی گیانداران و چیرۆکـی مـرۆڤ و گیانداران، بەگشتی چیرۆکی گیانداران دەبێتە سێ بەش:**
**گیاندار+ گیاندار**

**گیاندار+ مرۆڤ**

**گیاندار+ بێ گیان (بەرد، دار، ئاسن،.....هتد))** [1]

١-جۆری یەکەمی چیرۆکی گیانداران، ئەو چیرۆکەیە، کە گیانداران گوزارشت لەکارو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن، واتا گیاندار بەکارهێنراوە، وەکو ڕوپۆشیەک بۆ مرۆڤ و ناوی مرۆڤ ڕاستەوخۆ نەهاتووە، بەڵکو گیاندارەکە بووەتە گوزارشتکارێک لەکارو کردەوەی مرۆڤ، نموونەی ئەم جۆرە چیرۆکەش لەفۆلکلۆری کوردی دا یەکجار زۆر هەیە، دەتوانین چیرۆکی **(ڕۆڤی و قەل)** [2] بکەینە نموونەی، ئەم جۆرە و پوختەی چیرۆکەکەش ئەوەیە باسی (ڕێویەک دەکات، کە دەیەوێ بەهۆی یاریکردن و زۆرانبازییەوە، فرسەتێک لەقەل ببینێت و بیدات بەزەویدا و بیخوات، پاش ئەوەی زۆر هەوڵ دەدات، بەڵام ڕێوی ناتوانێت و مایەپووچ دەبێت، هەرچەندە قەلەکە زۆر ئازاری پێ دەگات، بەڵام قەلەکە بەڕێوی دەڵێت وەرە منیش بافێری فڕینت بکەم، پاش ئەوەی قەلەکە ڕێوی دەبات بۆ ئاسمان و زۆر بەرزی دەکاتەوە، دواجار ڕێوی فڕێ دەداتە خوارەوە و تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە).

ئەمە لەژیانی ئاسایی نێوان مرۆڤەکاندا هەیە و کەسێک، بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست و ئامانجی خۆی، هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ، جا هەوڵەکەی بەڕێگای ڕاست بێت، یاخود بەڕێگای چەوت، گرنگ ئەوەیە بگاتە ئامانجی خۆی هەرچەندە ئەم هەوڵدانەشی لەسەر حسابی بەرژەوەندی بەرامبەر و ژیانی ئەو بێت، بەڵام ئەگەر نەگەیشت ئەوا بەرامبەر لەتۆڵەی ئەم هەوڵە خراپەی سزای دەدات و حەقی خۆی لێ دەکاتەوەو مافەکەی دەگەڕێنێتەوە.

---

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن، ئەدەبی میللی، پرۆژە، بڵاونەکراوە.

٢- حسێن حاجی ئوسمان، ڕویڤێی فێڵباز (کۆمەک ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان)، لا٤٠.

٢- جۆری دووەم: ((**چیرۆک لەسەر زمانی گیانداران**)) [١] واتا، گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات و ڕووداو، لەسەر زاری گیاندار و باڵندە، کە نموونەی ئەم جۆرە چیرۆکەشمان هەیە و تیایدا، گیانداران خۆیان قسە و دیالۆگ و گفتوگۆ دەکەن، واتا لەڕێی ئەوانەوە ئێمەی مرۆڤ ئاشنای بەسەرهاتەکان دەبین و گیانداران کارەکتەری سەرەکی نێو چیرۆکەکان و خۆشیان قسەدەکەن، نموونەی ئەم جۆرە چیرۆکە لەم قۆناغەدا، زۆرە و دەتوانین چیرۆکی (**زەنگ و بەنگ**) [٢] بکەینە نموونەی چیرۆکەکانی قۆناغە، تیایدا باسی بزنێک دەکات، کە دوو کاری هەیە بەنێوی زەنگ و بەنگ، ڕۆژێک دایکیان دەچێتە دەرەوە و پێیان دەڵێت، ئەگەر لەدەرگا درا ئەوا دەرگا لەکەس مەکەنەوە، ئەوانیش دەڵێن باشە، مام گورگ بەم حاڵە دەزانێت، کەدەچێت لەدەرگا دەدا، زەنگ و بەنگ پێی دەڵێن دایکی ئێمە فلانە ڕەنگە، هەتا سەرئەنجام چەندە جارێک ڕەنگی دەگۆڕن، دواجار دێتە ژوور و یەکێکیان دەخوات، ئەوی تر خۆی دەشارێتەوە، کە دایکی دێتەوە ڕووداوەکەی بۆ باس دەکات و ئەویش خێرا دەچێت، ورگی مام گورگ دەدڕێت و کارەکەی دێنێتەوە.

پەیامی ئەم چیرۆکە، ئامۆژگاری و گوێڕایەڵی و دەرنەچوونە لەقسەی گەوران، چونکە هەر کەسێک لەقسەی دایک و باوکی خۆی، یاخود کەسێکی گەورەتر لەخۆی دەرچێت سەرئەنجام تووشی گرفت و ئاریشە دەبێت و دەستی پەشیمانی دەگەزێت. ڕوویێکی تری پەیامی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە دوژمن، بەجارێک و دوو واز ناهێنێت و بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆی، هەرجارەی ڕەنگێک و شێوەیەک بەکاردەهێنێت، هەروەها منداڵ لەڕێگەی چیرۆکی گیاندارانەوە، فێری ناسینی ڕەنگ دەبێت بەتایبەتی ((**ڕەنگە**

---

١- مریم سلیم (د)، أدب الطفل وثقافته، ص١٨٤.

٢- عبدالرحمن نقشبندی، هەبو... نەبو، لا١٠٣-١١٢.

**گەرمەکانی سوور و زەرد))** [١] چونکە ئەمانە دوو ڕەنگی زۆر دیار و بەرچاون و منداڵ، هەمیشە حەزی بەشتی ڕەنگاوڕەنگە، هەر بۆیە لەچیرۆکی **(گای ڕەش و ڕێویەکی فێڵباز)** [٢]دا، نموونەی ئەم جۆرە کارەمان دەست دەکەوێت، کە تیایدا باسی گایەکی ڕەش و گایەکی سوور و گایەکی زەرد دەکات، چۆن ڕێوی بەفێڵی خۆی، یەکە بەیەکەیان دەخوات.

لێرەدا منداڵ ڕەنگەکان و ژمارەکان لەبەر دەکات و دەزانێت (٣) گا بوون، ڕەنگەکانیشیان جیاوازبوون و دەیانناسێتەوە، هیچ کات ڕەنگەکانی لەبیر ناچێت، ئیتر ئەمە سەرەتایەک دەبێت، بۆ ناسینی ڕەنگ و لەبەرکردنی جۆرەکانی ڕەنگ، ئەگەرچی لەتەمەنی (٤)ساڵی یەوە دەتوانێت، ڕەنگی سوور و زەرد بناسێتەوە و جیای بکاتەوە، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە ژمارەی ڕەنگەکان و ناسینەوەیان لای منداڵ پتر دەبێت، هەروەها منداڵ لە ڕێی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانەوە، فێری ژمارەش دەبێت، واتا دەزانێت چەند گیاندار لە چیرۆکەکەدا هەیە، هەر بۆ نمونە : لە چیرۆکی (زەنگ و بەنگ) دا ، منداڵ دەزانێت بزنەکە تەنیا (٢)دوو کاری هەبوو واتا فێری ژمارەی (١،٢) دەبێت و هەر کاتێک لێی بپرسی دوو چەند دانەیە خێرا وێنەی زەنگ و بەنگ دێنێتە بەرچاوی خۆی و دەزانێت، هەروەها لە چیرۆکی **(شێر و گورگ و ڕێوی)** [٣] دا ، منداڵ ئاشنای ژمارە (٣) دەبێت، بەهۆیەوە دەزانێت لەم چیرۆکەدا، سێ گیاندار هەن بۆیە ژمارەکان بەپێی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان فێر دەبێت و وردە وردە هەوڵ دەدات، یەک لەدوای یەک ڕێکیان بخات، واتە لە ژمارە (١،٢،٣ ... هتد). بە شێوەیەکی گشتی، ناوەڕۆکی کۆی چیرۆکە هەڵبژێردراوەکانی ئەم قۆناغە، دەتوانین لەم چەند خاڵەدا چڕی بکەینەوە :-

---

١- ڕەوف حەسەن، بلاڤۆکی منداڵانی کورد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، پاشکۆی فەرهەنگ، ٢٠١٥/٢/٢٦.

٢- عومەر ئیبراهیم عەزیز، کراشم دڕا و چم پێ نەبڕا، چاپخانەی حسام، بەغداد، ١٩٨٦، ل٢١-٢٦.

٣- سەلام مەنمی ، چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری پەندئامێز ، ل١٥٣ – ١٥٤ .

١- بەشێکی چیرۆکەکان ئاڕاستەکردنی پەروەردەی منداڵی تێدایە، بە مەبەستی گوێڕایەڵی و دەرنەچوون لە قسەی گەوران، بەتایبەتی دایک وباوک .

٢- لە بەشێکی تری چیرۆکەکاندا، منداڵ هۆشیار و ئاگادار دەکاتەوە، لە کاری خراپ و درۆکردن و ئەنجامەکەی، هەروەها ڕێنمایی دەکات، کە خۆی بە دوور بگرێت لە کاری هەڵە و دووبارەی نەکاتەوە .

٣- لە بەشێکی چیرۆکەکاندا، گیانی هاوکاری و یارمەتیدان و خۆشەویستی و ڕێزگرتن، نیشانی منداڵ دەدات و فێریان دەکات، کە هەمیشە هاوکاری یەکتر بن .

٤- منداڵ فێر دەکات، بە ڕاستگۆیی و چاکەکردن، لە هەمان کاتیشدا وریای دەکاتەوە لەو سزایەی کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە گەر گوێڕایەڵ نەبێت .

**٢- قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦-٨)ساڵ.**

ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، بە ئەندازەیەکی باش لەژیانی ئاسایی منداڵی ئەم قۆناغە نزیکە منداڵ جوانتر و ڕوونتر لەپەیامی چیرۆکەکە دەگات، ئەگەرچی لەم قۆناغەشدا هەر حەزی بەچیرۆکی گیانداران هەیە، بەڵام جیاوازتر لەمنداڵانی قۆناغی پێشوو، ئەوا منداڵ لەم قۆناغەدا، دەتوانێ بەشێکی زۆری گیانداران لەنزیکەوە ببینێت و بەهۆی دەنگیانەوە بیانناسێتەوە، هەروەها دەتوانێت ڕەنگێکی زۆرتر و ژمارەیەکی زیاتر لەبەر بکات و ناوی بەشێکی زۆری گیاندارانیش بزانێت، منداڵ **((هەموو شتەکانی مەڵبەندی خۆی ئەناسێ، فام و هەست ئەکا کە ئاگر ئەیسوتێنێ سەگ ئەیگرێ، مانگا شیری ئەداتێ، مریشکی قوندە هێلکەی بۆ ئەکا))** [١] منداڵ لەم قۆناغەدا، چاو کراوەتر و وریاترە، ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی فراوانتربوون،چونکە لەسنوری خانەوادەکەی

---

١- عەزیز گەردی، منداڵ و پەروەردە و چیرۆک، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە(١١)، هەولێر، ساڵی ١٩٧٢، لا١٧.

دەرچووەو چووەتە ناو کۆمەڵگاوە، لەڕێی قوتابخانەوە هاوڕێی نوێی پەیداکرووە، بەڵام هێشتا لەیاریکردندا ئارەزوو دەکات، لەگەڵ گروپێکی ژمارە کەمدا یاری بکات، هەوڵیش دەدات ئەو یارییانەی دەیکات سروشتەکەی، لەخەیاڵەوە بگۆڕێت بۆ واقیع، واتا جاران، ئەگەر دارێکی دەخستە نێو هەردوو قاچی و دەیکردە ئەسپەکەی خۆی، ئەوا ئەمڕۆ ئارەزوویەتی بەواقیعی سواری پشتی ئەسپێک بێت. دەیەوێ بەشێوەیەکی کردەیی و دوور لەبیرکردنەوە و خەیاڵ ئەوەی ئارەزووی دەکات ببینێت، یاخود دەستی لێ بدات و هەستی پێ بکات، هەر بۆیە منداڵ لەم قۆناغەدا ((**بەتاقی کردنەوەی تایبەتی، بۆ زاناکان دەرکەوتووە.... کە هەستی دەست لێدانی منداڵێکی (٧) ساڵان بەهێزترە لەهەستی دەست لێدانی منداڵێکی (١٧) ساڵان**)) [١].

ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، لەڕووی ئەنجامەوە دابەشی سەر دوو گروپی بکەین، کۆتایی چیرۆکەکان بەدوو جۆر، یاخود بەدوو شێوازە، هەندێکیان کۆتاییەکەی، جێی سەرسوڕمان و سەرنج ڕاکێشە بۆ منداڵ، شێوازەکەی تریش کۆتاییەکەی بە پێکەنینە واتا منداڵ دەخاتە پێکەنین و کەیف و خۆشیەکی زۆر هەربۆیە لەم بارەیەوە، تێکڕای چیرۆکەکان بەمشێوەیە جیادەکەینەوە:-

١- ئەو چیرۆکانەی کە کۆتاییەکەی جێگەی سەرسوڕمانە بۆ منداڵ، منداڵ دەخەنە ئەندێشەی خەیاڵ و دروست کردنی پرسیار لەمێشکی خۆیان دا، پێیان سەیرە، کە چۆن بە ئەم ئەنجامە بە کۆتا هات، ئەوا ئەم چیرۆکانە دەگرێتەوە:-

(گورگ و بەرخ)، (گای کێوی)، (مێروکلۆ)، (مێرومێش)، (قەلەڕەش و پەڕی تاوس)، (کێشکۆکە و مام ڕێوی)، (شێر و ڕویڤی)، (ڕویڤی و خاپاندنا شێرێ)، (مریشکا کوفی

---

١- جەلال خەڵەف ژاڵەیی، منداڵ لەقۆناغی دوا منداڵی و هەرزەکاریدا،چاپخانەی حسام، بغداد، ١٩٨٣، ل٣١.

خـوارو ڕویڤـی)، (شـڤان و تـالانچی)، (شـێر و فیڕنەگوله)، (شـێر و ڕاوچـی)، (کەرویێشـک)، (بزنۆکەک و مەڕۆکەک)، (مێگەل)، (دیکل و ڕوڤی و گزیر).

٢- ئەو چیرۆکـانەی، که کۆتـاییەکەی جـۆرە دلْخۆشـی و شـادی و پێکەنینێک دەخەنه دلْـی مندالْی ئەم قۆناغەوە، ئەوا خۆی لەم چیرۆکانەدا دەبینێتەوە:-

(هاوڕێیەتی گورگ و شێر و مام ڕێوی)، (هێلانه قەتێ)، (ڕێوی فێلْباز)، (قەل و مـام ڕێـوی و گـورگ)، (گـورگ و مـام ڕێـوی)، (مریشـکه ڕەشـە)، (قـاز و کەلْەشـێر و عەلەشـیش و پەپوسـلێمان و مـام ڕێـوی)، سـەبارەت بە چیرۆکەکـانی گروپـی یەکەم، لەڕووی ناوەڕۆکەوە، جێی سەرنجی مندالْی قۆناغەکەن، چونکه ئەو دیالۆگ و وەسف و جولْەیەی لەنێو چیرۆکەکەدا هەیە، مایەی تێڕامـان و پرسـیارە لای منـدالْ، ئەگەر چیرۆکـی **(گـورگ و بەرخ)** [١]بکەیـنه نمـوونه، که پـوختەی چیـرۆکەکه (باسـی بەرخێکـی جـوان دەکـات که لەلێواری جۆگه ئاوێک یـاری دەکـات، لەپڕ گـورگێکی برسـی زۆرداری لـێ پەیـدا دەبێـت، پـاش بیـانووگرتنێکی زۆری گـورگه بە بەرخەکه و دیـالۆگێکی زۆر لەنێوانیـان، سـەرئەنجام گـورگەکه زۆر بەدڕنـدانه بەرخەکه دەخـوات) لێـرەدا منـدالْ، کەگـوێی لەم چیـرۆکه دەبێـت، کۆمەلْێک پرسیار و بابەتی سەرنج ڕاکێش لەمێشکیدا دێن و دەچن، منـدالْ پێـی سـەیرە، که گــورگ و بەرخ و بەیەکەوە قســەدەکەن، منــدالْ لەمێشــکی خۆیــدا دەپرســێت ئــاخۆ بــۆ بەرخەکه بەقسـەی گـورگەکەی کـرد و هـاتەپێش؟ بـۆ ڕای نەکـرد؟ ئەگەرچـی نـاوەڕۆکی چیرۆکەکه باسـی زۆرداری گورگێک دەکـات، بەلام هەمیشـه پەیـامەکەی بیـانوگرتن و فێلْ کـردنه، منـدالْ تـا کۆتـایی چیـرۆکەکەش، هەر لەمێشـکی خـۆی لێکـی دەداتەوە ئـاخۆ، بـۆچی گورگەکه بەرخەکەی خوارد؟

١- کوردستان موکریانی (د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا١٦-١٧.

هەروەها لەچیرۆکی **(گای کێوی)** [1]دا، کە باسی (گایەکی کێوی لەخۆبایی دەکات، کە زۆر شانازی بە قۆچەکانی خۆیەوە دەکات تا سەرئەنجام، ڕۆژێک لەدارستان لەدارێک گیر دەبێت و دەبێتە هۆی لەناوچوونی). ئەوەی لەم چیرۆکەدا، سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و وایلێدەکات، کە هەمیشە بیری لێ بکاتەوە ئەوەیە، چۆن گا خاوەنی قۆچی وا گەورەیە، کە لەدار گیربێت، ئەوەی ئەم سەرنجە لای منداڵ جوانتر و بەشەوقتر دەکات ئەو وەسفە جوانەیە، کە بۆ گایەکە کراوە، کەچۆن لەئەنجامی شانازی کردن بەقۆچەکانی و لوتبەرزی خۆیەوە، دەبێتە هۆی لەناوچوونی، هەر لەبەر ئەوەیە، کە سەرنجی منداڵ لەم قۆناغەدا بۆ دەوروبەری خۆی وەکو خۆیەتی، چونکە ئەو وەسف و وشە ڕەنگاوڕەنگانەی، کە لەم چیرۆکەدا بەکارهێنراون، منداڵ دەخەنە سەر هەوری خەیاڵ و بازبازێنی پێ دەکەن، لەچیرۆکەکانی تری ئەم گروپە، هەمان سەرنج و پرسیار و لێکدانەوە لای منداڵ، بۆ ناوەڕۆک و بەسەرهاتی چیرۆکەکان هەیە و وایلێدەکات، کە هەمیشە بپرسێت و بەدوای وەڵامیشدا بگەڕێت و چنگی بکەوێت.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، پەیامی پشت ئەم چیرۆکانەی گروپی یەکەم ئەوەیە، کە پێویستە منداڵ هەمیشە گوێ، بۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئاراستەکردنی خانەوادەو مامۆستاکانی بگرێت، خۆی بەدوور بگرێت لەکاری چەوت و نەشیاو نەبێتە مایەی ئازار و ناخۆشی بۆ دەوروبەر و هاوڕێکانی، منداڵ بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندی و خۆشەویستی بەرامبەر پێویستە هانبدرێت، بۆ ئەوەی گەشە بەگیانی لێپرسینەوە بدات سەبارەت بەناوەڕۆکی چیرۆکەکانی گروپی دووەم کە تیایدا منداڵ بەئەنجامی چیرۆکەکە شاگەشکە دەبێت و زۆر خۆشحاڵ دەبێت، هەمیشە ئەنجامی چیرۆکەکە، دەبێتە مایەی دڵشادی و خۆشی و دەیهێنێتە پێکەنین، ئەگەرچی لەم چیرۆکانەشدا، جۆرە وتویژ و وەسف و شتی ڕەنگاوڕەنگ و جیاکاری تێدایە، کە ببێتە

---

١- سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤.

مایەی پرسیار و سەرنج ڕاکێشانی منداڵ، بەتایبەتی ئەنجامی چیرۆکەکە کاتێک لایەنی خێر و چاکە بەسەر دەکەوێت و لایەنی خراپ ژێر دەکەوێت، وا لەمنداڵ دەکات کە پرسیار و سەرنج دان ببێتە کارێکی لاوەکی و زۆر بیری لێ نەکاتەوە بەڵکو ئەوەی ئەم بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە لەسەر کارە نەشیاو و خراپەکانی کلکی ڕێوی ببینێت بەداردا، واتا ڕێوی هەڵبواسرێت و تۆڵەی ڕەفتاری نەشیاو و خراپی لێ بکرێتەوە.

لەچیرۆکی **(هاوڕێیەتی گورگ و شێر و مام ڕێوی)** [١]دا کەباسی (هاوڕێیەتی گورگ و شێر و ڕێوی دەکات، کە بەیەکەوە دەژین، بەڵام هەمیشە ڕێوی بەفێڵی خۆی، خواردنی هاوڕێکانیشی دەخوات، پاش ئەوەی گورگ و شێر ئەم نهێنییەیان بۆ ئاشکرا دەبێ، سەرئەنجام ڕێوی دەگرن و پارچە پارچەی دەکەن).

منداڵی ئەم قۆناغە، زۆر تامەزرۆی ئەوەیە، کاتێک پرسیارێک دەکات وەڵامەکەیشی چنگ بکەوێت، هەربۆیە زۆر بەسەبرە بۆ وەڵام، کاتێکیش کە گوێی لەچیرۆکێکی وادەبێت تیایدا ڕێوی فێڵ دەکات و بەدرۆکردن دەیەوێت، بگاتە مەبەستی خۆی، منداڵ حەزدەکات ڕێوی سزابدرێت، هەربۆیە کاتێک لەم چیرۆکەدا ڕێوی سزا دەدرێت و لەت دەکرێت، زۆر خۆشحاڵ دەبێت و بەپێکەنینەوە پێشوازی لەئەنجامی کۆتایی چیرۆکەکە دەکات، چونکە منداڵ دەیەوێت ئەو کەسەی کارێکی خراپ دەکات، یاخود ئەو گیاندارەی، کە خراپە و زۆردارە سزا بدرێت و پێی پێبکەنێت.

لەچیرۆکی **(هێلانەی قەتێ)** [٢]دا، کەباسی (فیلێک دەکات، کەچۆن ڕۆژانە هێلکەی قەتێ یەکە لەناودەبات و دەیانکێشێت، تا سەرئەنجام بۆق و مێشولە، بەهانای قەتێ یەکەوە دێن و فیل دەخەنە چاڵێکەوە و پەل پەل دەبێت) ئیتر منداڵ بەئەنجامی پەل پەل بوونی فیلەکە، زۆر خۆشحاڵ دەبێت، زۆر پێدەکەنێت هۆیەکەشی ئەوەیە دەزانێت فیلەکە

---

١- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، ل٢٩-٣٤.

٢- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، ل٣٨-٤٠.

کارێکی خراپ و ناشرینی کردووە، هەربۆیە دەخوازێت ئەوەی کاری خراپ بکات سزا بدرێت، ئیتر منداڵ تێدەگات، ئەگەرچی فیل، ڕێوی یان گورگ، یا هەر گیاندارێکی تر لەبەرامبەر کاری چەوتی خۆیان سزا دەدرێن و دەبنە مایەی شەرمەزاری، لەهەمان کاتیشدا دەبنە دڵخۆشیەک بۆ منداڵ کاتێک دەبینن ڕێوی لەسەر کارە خراپەکانی هەڵواسراوە، یاخود گورگە بەتەڵەوە بووەو لەلایەن جوتیارەوە بەدار لێیدەدرێت، یانیش دەبینێت فیلەکە دەکەوێتە کەندەلانێکەوەو هەموو لەشی تێک دەشکێت، بەمە منداڵ دەحەسێتەوە و تێر پێدەکەنێت، چونکە دەزانێت لەبەرامبەر هەر کارێکی نەشیاو، کەلایەنی خراپەکار دەیکات سەرئەنجام هێزی خێر و چاکە سەردەکەوێت و دڵخۆش دەبێت.

لەپەیامی پشت ئەم چیرۆکانەوە منداڵ تێدەگات، لەبەرامبەر هەر کارێکی چەوت سزادانێک هەیە، هەر بۆیە پێویستە منداڵ ئاشنا بکرێت، بە ئەنجامی هەر چیرۆکێک بەتایبەتی لەم قۆناغەداو بۆی ڕوون بکرێتەوە، کەڕێوی لەلایەن هاوڕێکانیەوە، کە سزادرا هۆیەکەی ئەوەیە، فێڵی لێ کردوون و درۆی لەگەڵ کردن، هەر بۆیە نابێ منداڵ درۆ بکات و فێڵ لەدەوروبەری خۆی بکات، هەروەها، کە فیلیش پەل پەل بوو لەئەنجامی ئەو کارەی بوو، کە ببووە مایەی بێزاری و تورەیی بۆ هاوڕێکانی، لەمەشەوە دەبێ منداڵ ئاگادار و ئاراستە بکرێت بەوەی کە نەبێتە مایەی ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی، چونکە ئەنجامەکەی سزادانە ئەگەرچی منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر ئارەزووی ئامۆژگاری و فەرمانکردن ناکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵام دەشێت لەڕێگەی ئەم چیرۆکانەوە ئامۆژگاری بکرێت و ئاراستە بکرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا تاکێکی بەسوودی لێ دەرچێت بۆ کۆمەڵگاکەی.

**٣-قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ:**

ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، ڕەنگدانەوەی ئەو حەزە ڕەنگاو ڕەنگیەی منداڵی ئەم قۆناغەن، چونکە هەروەکو دەزانین منداڵ، کە دەگاتە ئەم تەمەنە،

ئارەزووەكـانی زۆر دەبـن و دەیەوێـت شـارەزایی لە زۆر بـابەتی جۆراوجـۆردا هەبێـت، حەزی لێـیە چیرۆكەكـانی باسـی( ئـازایەتی، پـاڵەوانێتی، مێژوویـی، سـەرچڵی، زانسـتی خوراڤی، لایەنی سۆزداریی و سێكسـی) ش بكات، منداڵ لەم قۆنـاغەدا، دەیەوێت وا خـۆی نیشانبدات كەسێكی بەهێزە و بۆیە هەر زوو هەوڵدەدات، گروپێك لە هاوڕێكانی دروست بكات، خۆی ببێتە سەرۆكیان و ببێتە

جێی پرس و ڕایان، هەوڵدەدات خۆی وا دەربخات، كە لەوان زیرەكترو بەتوانایە بۆیە (( **ئەم قۆنـاغە بەسـەرەتا و دەسـتپێكی دەركەوتنـی كەسـێتی منـداڵ دادەنرێـت، كە تیایـدا لەڕووی دەروونی و هێزەوە خۆی ئامادەدەكات))** [١].

منـداڵ لەم قۆنـاغەدا، دەتوانێـت چیـرۆك و ڕۆمـان بخـوێنێتەوە، لەناوەرۆكەكەشـی بگـات، بەڵام هێشـتا لەو وشـانە ناگـات، كە پێیـان دەوترێـت (( **واتـادار و ڕووتەكـانی وەك یەكسانی، دیموكراسـی، ڕاسـتگۆیی، دادوەریـی، ئـازایەتی، مەردایەتـی....))** [٢]. منداڵ لەم قۆناغەدا، لایەنە هەستییەكانی بەباشی پێگەیشتوون و كامڵ بوون، هەندێجار منداڵ وەكو كەسێكی گەورە و پێگەیشتوو دەجولێتەوە و خۆی دەنوێنێت.

چیرۆكەكـانی ئەم قۆنـاغە لەڕووی نـاوەرۆكەوە هەڵگری ئـارەزو و ویسـتی منداڵی قۆنـاغەكەن و تێیـدا ئەو لایەنـانە لەبەرچـاو گیـراوە كە منـداڵ دەیەوێت، هەروەهـا منداڵ لە پەیـام و مەبەسـتی چیـرۆكەكەش دەگـات و دەزانێـت ئاڕاسـتەی كێـی دەكـات و مەبەسـتی چیـیە، چیرۆكەكـانی ئەم قۆنـاغە وەكـو پێشـتریش ئاماژەمـان پێـدا لە ڕووی نـاوەرۆكەوە ڕەنگـاو ڕەنگن، هەربـۆیە هەوڵ دەدەیـن نمـوونەی ئەم ڕەنگـاو ڕەنگیەی نـاوەرۆكەكەی لە چەند چیرۆكێكدا بەدەربخەین:

---

١- مفهوم أدب ألاطفال - ٢٠١٢/٦/٢٦،www.google.com.startimes.com/f.aspx.

٢- كەریم شەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژی منداڵ، بەشی دووەم، چاپخانەی زانكۆ، هەولێر،١٩٩٨،لا٧٨.

سەبارەت بە لایەنی جەربەزەیی و پاڵەوانێتی و ئازایەتی، ئەوا دەتوانین چیرۆکی **(سەرکودیلە)** [١]، بکەینە نموونەی ناوەڕۆکی، چیرۆکی ئەم قۆناغە **((لەم دوو قۆناغەدا، قۆناغی سێیەم و چوارەم چیرۆکەکانی منداڵان، لەچیرۆکی گیاندارانەوە دەگۆڕێ بۆ هەقایەتی ئەفسانەیی، کە ئەم هەقایەتی ئەفسانییە، لە هەقایەتی ئاسایی و واقیعی و گیانداران دەچێتە دەرەوەو دنیایی خەیاڵ و فەنتازیای فراوان دەبێت و عەشق و پاڵەوانێتیش دووانەی جوانن و منداڵانی ئەم تەمەنە، زۆر بە عەشقەوە گوێی لێدەگرن و دەیخوێننەوە))** [٢].

سەبارەت بەناوەڕۆکی چیرۆکی سەرکودیلە، ئەوا باسی ( کۆمەڵێک منداڵ دەکات، کە سەرکودیلە لە هەموویان ئازا و چاونەترس ترەو بە پێشیان دەکەوێت بۆ چیا، بۆ کۆکردنەوەی دار و چیلکە، پاشان دەمە و ئێوارە دونیا دەبێتە هەور و ڕێگایان لێ ون دەبێت و سەر کودیلە پێشیان دەکەوێت  و دەیانگەیەنێتە ئەشکەوتێک، دەبینێت پیرەژنە دێوێکی تێدایە، پاش ئەوەی پشوو دەدەن و نان دەخۆن لەبەر ماندوویەتی هەرکەسێک لەشوێنی خۆی خەوی لێ دەکەوێت، بەڵام سەرکودیلە ناخەوێت هەردەمەی داخوازی شتێک لە پیرەژنە دێو دەکات تا سەرئەنجام پیرەژنەدێوە هەڵدەخەڵەتێنێت و منداڵەکان ڕزگاردەکات و دەیانهێنێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، منداڵی ئەم قۆناغە بە خۆشیەوە گوێ بۆ ئەم چیرۆکە دەگرن و هەریەکەیان لە دڵی خۆیدا، خۆی دەکات بەسەرکودیلە، چونکە نموونەی ئازایەتی و چاونەترسیی و زیرەکیە، هەر بۆیە منداڵ، لەپەیامی پشتی چیرۆکەکە دەگات و دەزانێت کە ئەو کەسەی خۆی دەکات بە هاوشێوەی سەرکودیلە، دەبێت ئازا و چاونەترس بێت دووربێت لە خۆ بەدەستەوەدان و بەزین و هیچ کات نەترسێت، هەمیشە جێی بڕوای دەوروپشتەکەی بێت.

هەروەها ئەو چیرۆکانەی، کە ناوەڕۆکەکەی باسی لایەنی گیانفیدایی و سەرچڵی دەکەن و تێیدا کەسەکە بە چەند قۆناغێکی پڕ مەترسی و ناخۆشدا هەنگاو دەنێت، بۆ

---

١- زیاد محمد ئەمین، بووکێ خەمان، لا ١٣٧- ١٤٠.

٢- مەولود ئیبراهیم حەسەن(د)، ئەدەبی میللی، پرۆژە، بڵاونەکراوە.

ئەوەی بگات بە ئامانج و مەبەستی خۆی، ئەوا دەتوانین چیرۆکی **(ئەحمەد)** [1] ، بکەینە نموونەی ناوەڕۆکی کۆی چیرۆکەکانی هاوشێوەی ئەم، چونکە گیانفیدایی (ئەحمەد) هەمیشە جێی سەرنجی منداڵی ئەم قۆناغە دەبێت و لە خەیاڵی خۆیاندا هەریەکەیان خۆی دەکات بە ئەحمەد و لاسایی دەکاتەوە، هەروەها بەسەرهاتی چیرۆکەکەش بەمشێوەیە باسی ( سێ برا دەکات بەناوی ( ئەحمەد و محمد و محمود) ڕۆژێک بەنۆرە ئاو لە بیرێک دەردەهێنن کە نۆرە دەگاتە (محمد و محمود) هەڵیدەگرن و دەیخەنە ناو بیرە ئاوەکە و جێی دێڵن، بیرەکەش زۆر قوڵ دەبێت، کاتێک دەکەوێتە بنی بیرەکە، دەبینێت وا کچێک بەستراوەتەوەو باوەشێنی دێوێک دەکات، ئەحمەد دێوەکە دەکوژێت، کچەش پێی دەڵێت خۆت دەرباز بکە، ئەگەر براکانی بزانن دەتکوژن، پاش ئەوەی ڕێنمایی دەکات دەڕوات، بەڵام دووبارە دەکەوێتە ناو شارێکی ناخۆش و لەوێش توشی، دەردەسەریەکی زۆر دەبێت و خەڵکی شارەکە ڕزگار دەکات و دواتر بەهۆی سیمرخێکەوە دەگەڕێتەوە، بۆ سەر زەوی و پاشان بەکەس و کاری شاد دەبێتەوەو شەرمەزاریش، بۆ براکانی دەمێنێتەوە، لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا لایەنی گیانفیدایی و سەرچڵی بەدی دەکەین، کاتێک ئەحمەد دەکەوێتە بیرەکەوە سەرچڵییەک دەکات بەوەی دێوەکە دەکوژێت و ژیانی کچە ڕزگار دەکات، لە هەمان کاتیشدا، کاتێک دەچێتە ناو شارەکە و ژیانی خەڵکی ئەو شارەش لە دەستی حەزیاکە ڕزگار دەکات و دەیکوژێت، هەمیشە منداڵ کە دەگاتە ئەم قۆناغە گیانی سەرچڵی و خۆدەرخستنی زۆر دەبێت دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بوونی خۆی بچەسپێنێت، هەوڵدەدات لاسایی ئەم جۆرە کارانە بکاتەوە، ببێتە مایەی تێڕامانی دەوروبەر، هەر کاتێک ئەم چیرۆکانەشی بەر گوێ دەکەوێت ئەوا ڕوحی گیانفیدایی و پاڵەوانێتی جۆش دەسێنێت و حەز دەکات ببێتە فریادڕەسی خەڵکی و ڕزگاریان بکات، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک یاخود پاڵنەرێک کە غەریزەی دەسەڵاتدارێتی و سەرکردەیی لە لەشیدا ببزوێت و زۆرجار بەتەنیا لاسایی جوڵە و کردار و قسەی ئەو کەسانە دەکاتەوە

١- مەولود ئیبراهیم حەسەن(د)، هێلکەی نامێ، بەشی یەکەم، بەرگی دووەم، لا ٤٥-٤٦.

که دەسەڵاتدارن و سەرنجی منداڵەکەیان بەلای خۆیدا کێش کردووە. ئەمانە هەموویان لە تەمەنێکی دیاریکراوی قۆناغی منداڵێتیدا ڕوودەدەن و دروستدەبن، چونکە سروشتی بیرکردنەوەیان لەو قۆناغەدا، چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە و ناتوانێت، خۆی لێ دەرباز بکات.

لەبەشێکی تری ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا، دەتوانین لە بابەتی گەڕان بەدوای بەخت و دۆزینەوەی خۆشەویستیدا بدوێین، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا، حەزی بە چیرۆکی گەڕان و دۆزەرەوەکانە، گەڕان بەدوای بەخت، یاخود دۆزینەوەی یار و خۆشەویست، کە هەندێجار بەشێکی زۆری وڵاتان تەی دەکات، تا بگات بە خۆشەویستەکەی، ئەگەرچی هەندێجار تووشی جۆرەها ئەشکەنجە و ئازار و ناخۆشی و مەینەتی دەبێت، بەڵام پاڵەوان ئەمانە لەبەر چاو ناگرێت و ئەوەی ئەو مەبەستێتی دەبێ پێی بگات. لەم جۆرە ناوەڕۆکی چیرۆکانەدا، دەتوانین چیرۆکی **(مەرجانا ل کچا مەلیکێ چینێ عاشق دبیت)** [1]، بکەینە نموونەی چیرۆکەکانی هاوشێوەی کە تیایدا باسی ( مەرجانەی کوڕی پاشا دەکات کە چۆن شەو لە خەونیدا عاشقی کچی مەلیکی چین دەبێت، پاشان بۆ ڕۆژی دوایی دوعاخوازی دەکات دەچێت، بۆ دۆزینەوەی کچی مەلیک پاش تێپەڕینی زەمەنێکی زۆر، مەرجانە بە کچی مەلیک دەگات و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە، بۆ وڵاتی خۆی)، بەزۆری لەم چیرۆکانەدا، جیاوازییەک بەدی دەکرێت، جا جیاوازییەکە چینایەتی بێت، وەکو (کچی پاشا و کوڕە هەژار) یاخود (کوڕە پاشا و کچە جوتیار) یان (کوڕە کەچەڵە و کچە دەوڵەمەند) یانیش جیاوازی نەتەوەیە، کە پاڵەوانێکی، وەکو مەرجانە ڕێگایەکی دوور و درێژی وڵاتی چین دەگرێتەبەر تا بە خۆشەویستەکەی بگات، ئەمانە هەموو بەشێکن لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، ئەوەی دەبێتە بزوێنەری ڕووداوەکان (عیشق)ە کەوا دەکات سنوورەکان ببەزێنێت و لە پێناویدا ژیانێکی قورس و تاڵ هەڵبژێرێت، منداڵ لەم تەمەنەیدا. ئەگەرچی وەکو پێویست لە مانای

---

١- مەهدی بامەڕنی، دیتن هزارێ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، لا ٢٥-٣٠.

خۆشەویستی و ئەویندارى ناگات بەڵام سەرەتایەکی بۆ دادەمەزرێنێت، تاکو لە ساڵانی داهاتوودا کاری لەسەر بکات، هەمیشە حەزیش بەو چیرۆکانە دەکات کە باسی دڵداری و بەیەک گەیشتنی خۆشەویستانی تێدایە، ئەم هەمەڕەنگیەی حەزی منداڵی لەم قۆناغەدا وایکردووە، کە نەتوانێت بەشێوەیەکی دروست و ڕاست حەزی دیاریکراوی منداڵی ئەم قۆناغە بزانین، هەر بۆیە بەم قۆناغە دەڵێن (قۆناغی حەزی ئاڵوواڵا)، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا هەموو حەزەکانی تاقیدەکاتەوە، دەیەوێت لەبارەی هەموو شتێکەوە شارەزا بێت، بەڵام ناتوانێت خۆی بۆ بابەتێکی دیاریکراو یەکلابکاتەوە. هەر بۆیە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە لەسەر زۆر بابەت کاریکردووە، چونکە ساغ نەبوونەوەی منداڵی قۆناغەکەیە وایکردووە، کە چیرۆکەکان زۆر لایەنی ژیانی بگرنەوە، ئەمانەش بەپێی سەرکەوتنی تەمەنی منداڵ ئەم فرە ڕەنگیە نامێنێت و وردە وردە لەسەر بابەتێک خۆی ساغ دەکاتەوە و دەوەستێت.

لەئەنجامدا دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە تەواو ڕەنگدانەوەی ویستی منداڵن، چونکە لەم تەمەنە بەدواوە بەرەو قۆناغێکی تر هەنگاو دەنێن و حەزەکانیان لەسەر بابەت و مەبەستێکی دیاریکراو چڕدەکەنەوەو ئیتر ئەو قەرەباڵغیەی کە لەناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا هەیە، لە قۆناغی داهاتوودا نامێنێت و دەوەستێت، هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا ئەوەی دەیزانێت دەیڵێت و داوای دەکات، هەر بۆیە ناوەڕۆکەکەی جیاوازترە لەناوەڕۆکی چیرۆکەکانی قۆناغەکانی ڕابردوو، کە بەزۆری لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا مابووەوە، بەڵام پاش ئەم قۆناغە ئیتر منداڵ هەوڵدەدات خۆی جێبەجێکاری داخوازییەکانی بێت، هەر بۆیە کەمتر نهێنیەکانیان لای کەسانی دەوروپشت دەدرکێنن، بەڵکو لای خۆیان دەیپارێزن و ناهێڵن کەس بزانێت.

### ٤- قۆناغی چوارەم : تەمەنی ( ١٢- ١٥) ساڵ:

مێردمنـداڵ(هەرزە) لەم قۆنـاغەدا، لەگەڵ گەشـەی جەسـتەیی گەشـەی عەقڵـی و بیرکـردنەوەو مەعریفەشـی دەسـتپێدەکات. لەمانـای وشـەکانی مەعـنەوی، وەک ( ئـازادی، گیانفیدایی، بەرگریکردن.....) تێدەگات، بەچاوێکی تر و جیاواز لە قۆناغەکانی پێشـوو، دونیا دەبینێت، خوێندنەوەی بۆ ژیـان هەیە، لە ئێش و ئازارەکانی ژیـان دەگـات. لەم قۆنـاغەدا مێردمنـداڵ لایەنـی سـۆزداریی و ڕۆمانسـی سـەرقاڵی دەکەن، هەربـۆیە زیـاتر حەزی بە نـاوەڕۆکی ئەو چیرۆکـانەیە، کە پاڵەوانەکەی لەپێنـاو گەیشـتن بەخۆشەویسـتەکەی، ڕێگـای هـات و نەهـات دەگـرێتەبەر، سـاردی و گەرمـی دەنۆشـێت، بـۆ ئەوەی لەئەنجامـدا بگـاتە خۆشەویستەکەی.

مێردمنـداڵ لەگەڵ ئەوەی تەمەنـی بەرەو سـەروو هەڵکشـاوە، لایەنـی سێکسیشـی پێگەیشـتووەو گەرم داهـاتووە، هەربـۆیە نـاوەڕۆکی چیرۆکـی ( خۆشەویسـتی و دڵـداری) کەمێـک، ئەم لایەنەی کپـدەکەنەوە و ئـاوێکی فێنـک بەگەرویـدا دەکەن، لەبەرامبەریشـدا، چیرۆکی ئازایەتی و پاڵەوانێتیش سـەرنجی ڕادەکێشـن و حەز بەخوێندنەوە و گوێگرتنیـان دەکـات، لاســاییان دەکــاتەوە، منــداڵ لەم قۆنــاغەدا، بەهــۆی گەشــەی عەقڵــیەوە ئەوە هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ خواست و ویستی ئەودا دەگونجێت هەربـۆیە نـاوەڕۆکی چیرۆکـی ئەم قۆنـاغە، ئەگەر ئاوڕیشـیان لەلایەنەکـانی تـری ژیـانیش دابێـتەوە، بەڵام بەپـلەی یەک لەســەر لایەنــی ســۆزداریی و ئــازایەتی چەقــی بەســتووە بــۆیە زۆرجــار ڕووداو و بەســەرهاتەکانی چیرۆکێــک کــاریگەری لەســەر لایەنــی بیرکــردنەوە و هەڵســوکەوتی جێـدەهێڵن، منـداڵ لەم قۆنـاغەدا، تـامی خۆشەویسـتی و ڕاکێشـانی سـەرنجی ڕەگەزی بەرامـبەری تاقیـدەکاتەوە، هەوڵـدەدات ئەو جـوڵە و هەڵسـوکەوتەی ئەم دەیکـات، جـێگەی سەرنجی ئەوبێت و بڕوای پێبکات، بەشێوەیەکی گشـتی، دەتوانین نـاوەڕۆکی چیرۆکەکـانی ئەم قۆنـاغە، زیـاتر لەسـەر دوو بـابەتی سـەرەکی زەق بکەیـنەوە ئەوانـیش:( پـاڵەوانێتی و

ئازایەتی) و( دڵداری و خۆشەویستی) یە، هەربۆیە ئەو چیرۆکانە دەکەینە نموونەی لایەنە پڕاکتیکییەکە، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا، بەزۆری لەسەر ئەم بابەتە کاری خۆی دەکات و ئارەزووی دەکات، سەبارەت بەلایەنی پاڵەوانێتی و ئازایەتی، ئەوا دەتوانین چیرۆکی **(محۆی پاڵەوان)** [١]، بکەینە نموونەی ئەم لایەنە وتیایدا باسی (کابرایەکی ئازا و چاونەترس دەکات، کە ناوی (محۆ)یە، خەڵکی زۆریان خۆش دەویست ڕۆژێک نێوانی لەگەڵ مامی تێکدەچێت و لەگەڵ خانەوادەکەی سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات، تا لەنزیک کۆشکی پاشایەک بارخانەی دەدا بەزەوی دا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، چەند جارێک لە لایەن دەست وپێوەندی پاشا ئاگادار دەکرێتەوە، کە ئەو شوێنە چۆڵبکات، بەڵام محۆ گوێی پێ نادات تارۆژێک پاشا خۆی دێت و دەبینێت وا کابرایەکی ئازا و ڕێک وپێکە سەرئەنجام، کچێکی خۆی دەداتێت و دەیکاتە زاوای خۆی، ڕۆژێک هەواڵی بۆ دێت کە پاشایەکی ستەمکار هێرشی بۆ سەر وڵاتەکەی هێناوە، گورج دەڕواتەوە و لەشکری پاشاکە تێک دەشکێنێت و وڵاتەکەی خۆی ڕزگار دەکات و بەکەس و کاری شاد دەبێتەوە)، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باسی ئازایەتی و پاڵەوانێتی (محۆ) دەکات، کەچۆن لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەی خۆیەوە خۆشەویست بووە و ڕێزی گیراوە، کاتێک کە دەڕوات هەر زوو وڵاتەکەی دەبێتە جێی تەماع و چاوتێبڕینی دوژمنانی ئەم ئازایەتیەی هۆکاربووە کە پاشا کچی خۆی بداتێت، ئەمانە دەبنە باس و خواسی مێردمنداڵی ئەم قۆناغە و هەمیشە خەون دەبینن، کە ڕۆژێک ئەمانیش وەکو محۆی پاڵەوانیان لێبێت، وەکو ئەو ئازابن و جێی سەرنجی خەڵکی بن، چونکە دەزانن، ئەگەر مرۆڤ ئازا و چاونەترس بێت، هەمیشە جێگەی خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکییە، بۆیە هەریەکەیان هەوڵدەدات لاسایی ئەو کەسە بکاتەوە، کەپێی سەرسامەو پێیوایە فریادڕەسە، هەروەها سەبارەت بە لایەنی ( دڵداری و خۆشەویستی) ئەوا دەتوانین چیرۆکی ( **ئازایەتی**

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا ١٤- ٢٢.

**لاوێـک**[1])، بکەینەنمـوونەی نـاوەڕۆکی چیرۆکـی ئەم قۆنـاغە، لەڕووی خۆشەویسـتی و قوربانیدان لەپێناویدا، کە باسـی ( ئـازایەتی لاوێک دەکات، کە لەدیوەخـان بـاوکی کچێک گرەوێـک دەکـات، کە ئەگەر هەر کەسـێک لەم شـەوەدا، بچـێ لەسـەر فـلانە گۆڕسـتان چێشـتێکی سـاوەر لـێ بنێت و بێتەوە، ئەوە کـچەکەی خـۆمی پێشـکەش دەکەم، ئەگەریـش نەیتـوانی ترسـاو ڕایکـرد، ئەوا جـارێکی تـر نابێت بێتەوە بـۆ نـاو کـۆڕی پیـاوان، لاوێـک لەبەرئەوەی عاشـق و خۆشەویسـتی کـچەکە بـوو، هەسـتا و چـوو ملـی نـاو لە گۆڕسـتان چێشـتەکەی لێنـاو هـاتەوە، ئەگەرچـی لەنـاو گۆڕسـتان بـاوکی کـچە هەوڵـی ترسـاندنی دا، بەڵام کوڕە نەترساو بەڵێنەکەی خۆی جێ بەجێ کرد و گەیشتە خۆشەویستەکەی خۆی). لێرەدا لەنـاوەڕۆکی ئەم چیـرۆکەدا، لاوەکە لەپێنـاو خۆشەویسـتەکەیدا قوربـانی بە ژیـانی خـۆی دەدات، ڕێگایەکی پڕ مەترسـی و نـاخۆش هەڵدەبژێرێت، مەرج دەکـات بـۆ گەیشـتن بەو کەسـەی کە عاشـقێتی بیـر لە تـرس و ڕاکـردن و مـردن ناکـاتەوە، ئەوەی ئەم بیـری لێـدەکاتەوە، ئەوەیە چـۆن بتوانێـت بگـات بەکـچەکە و لەبـاوکی وەرگرێـت، لەم چیـرۆکەدا لایەنـی ( خۆشەویسـتی، قوربانیـدان، گیانفیـدایی، ململانـێ لەگەڵ ژیـان ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ قەدەر و کۆڵنەدان.....)، زۆر شـتی تـری تێدایە، وەکـو پەنـد و ئامۆژگـاری کە منداڵی ئەم قۆناغە دەتوانن سوودی لێببینن و لەژیانی ئاسایی خۆیاندا هەمیشـە وانەی لـێ فێربن، مێردمنـداڵ لەم قۆنـاغەدا زۆر کەیفـی بەم چیـرۆکە دێـت، بە خەیـاڵی خـۆی ئەم لاوە ئازاکەیەو دەیەوێت بگاتە خۆشەویستەکەی، بۆیە کە گوێی لەم جۆرە چیرۆکانە دەبێت، لەناخی خۆیدا بەڵێنێک دەدات، کە هیچ کات نەترسێت، چونکە نابێت بیر لەترس بکاتەوە، ئەگەرنـا خۆشەویسـتەکەی لەکـیس دەچێـت، بەمشـێوەیە دەتـوانین لەنـاوەڕۆکی چیرۆکـی قۆنـاغی چـوارەم شـارەزابین، بـزانین ئـاخۆ مێردمنـداڵی ئەم قۆنـاغە زیـاتر ئـارەزووی چـی دەکەن، ئەوەی بیری لێدەکەنەوە و سەرقاڵی کـردوون چین، چونکە مێردمنداڵ تەمەنەکەی سەرکەوتووە، لە قوتابخانەشدا قۆناغی سەرەتایی بڕیوە و گەیشـتووەتە قۆنـاغی ناوەندی،

---

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا ٢٣- ٢٧.

بۆیە زۆر شتی منداڵی هەیە لەمێشکی خۆی لایداوە و ئەوەی ئێستا حەزی لێدەکات و دەیەوێت ئەوەیە، کە بەزۆری لایەنی سۆزدارییە بۆیە ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکەی، کە دەیخوێنێتەوە زیاتر جەختکردنە لەسەر لایەنی سۆز و خۆشەویستی، مێردمنداڵ لەم قۆناغەدا دەیەوێت هاوەڵێک پەیدابکات لەڕەگەزی بەرامبەر، تاکو لێی تێبگات، دیالۆگ و گفتوگۆ بکەن، بەڵام هێشتا ترسێکی هەیە و نەوەک ئاشکرا بێت و هەوڵدەدات بەنهێنی ئەم کارە ئەنجام بدات، زۆر بەقوڵی بیر لە خۆشەویستی دەکاتەوە، ژیان لەبەرچاوی زۆر جوان دەبێت و حەز بەخۆشیەکانی ژیان دەکات، هەندێجاریش حەزی بەتەنیایی دەبێت و دوور خۆی دەگرێت لەتێکەڵبوون، ئەوەی زیاتر منداڵ لەسەر ئەم بابەتانە گەرمتر دەکات، قۆناغی (باڵغ) بوونەکەیەتی، واتا پێگەیشتنی لایەنی سێکسی، چونکە کاتێک مێردمنداڵ دەگاتە ئەم قۆناغە حەزەکانی زیاتر دەبن بۆ ڕەگەزی بەرامبەر و بۆتێربوون و زیاتر شارەزابوون خوو دەدەنە ئەو بابەتانەی کە باسی لایەنی سۆزداریی و دڵداری دەکات، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی باسی عەشق و خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچێک دەکات، کە چۆن بۆ گەیشتن بەیەک ژیانی تاڵ و ناخۆشی هەڵدەبژێرن تا سەرئەنجام، بۆ یەکتری بن ئیتر منداڵ ئەمە دەکاتە ڕێگەیەک و کاری لەسەر دەکات، تا بەهۆیەوە ئەو کەسە بدۆزێتەوە، کە مەبەستێتی وجێگەی دڵدانەوەیەتی.

**پاری دووەم: هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و گەیاندنی مەبەست بۆ تەمەنی دیاریکراو**

**قۆناغی یەکەم: تەمەنی ( ٣-٦ ) ساڵ**

ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە دیاریکراون، هەڵگری مەبەست و ئامانجی خۆیانن جگە لەو مەبەستە دیاریکراوە و سنووردارەی کە هەیەتی ڕەنگدانەوەی هیچ ئایدۆلۆژیاو پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا ئاستی بیرکردنەوەی چوارچێوەیەکی بەرتەسک و بچووکی هەیە، گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە بۆ منداڵ هەوڵدانێکە بۆ ڕاکێشان و ئاشناکردن و هۆگری بوونی بەو شتانەی دەوروپشت، لەهەمان کاتیشدا هەوڵێکە بۆ ڕاهێنانی منداڵ لەسەر خوێندنەوە، چونکە(( **منداڵ لەتەمەنی (٥) ساڵیدا وا پەسەند دەکات گوێ بگرێت و یەکێک بۆی بخوێنێتەوە** )) [١].

ئەگەرچی ئەمیش بۆ خۆی، پرۆسەیەکی سەرکەوتووە کە تۆ وا لە منداڵ دەکەی ئارەزووی گوێگرتنی چیرۆکی هەبێت، لەهەمان کاتدا ڕێگایەکیشە بۆ فێربوون و گەشەکردنی لایەنی عەقڵی منداڵ، گێڕانەوە ئاشناکردنی منداڵە بە ڕابردوو بەو دیمەن و ڕووداو و بەسەرهاتانەی کەوا لە منداڵ دەکەن حەزی گوێگرتنی چیرۆکی لا بەهێزتر بێت، گێڕانەوەی چیرۆک ئەرکێکی بەجێگەیاندووە بەوەی منداڵی فێری گوێڕایەڵی کردووەو ئارەزووی تێگەیشتنی لاچاندووە، بەتایبەت ئەو کەسەی کە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە یان چیرۆکگێڕەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی هونەری و بەدەربڕینێکی جوان وشەو ڕستەو مەبەستەکان بگەیێنێت ئەوا منداڵ هەموو گیانی دەبێت بە گوێ و زۆر بە جوانی چێژی لێ دەبینێت، لەلایەکی تریش ئەم حەزە لەئەنجامی ئەو لایەنە ئەرێنییەیە، کەوای لە منداڵ کردووە چیرۆکی خۆش بووێت و حەز بکات یەکێک بۆی بگێڕێتەوە، چونکە (( **چێژی لێوەردەگرن، کورت و ساکار و شەوقدارە و ڕەگەزی ئەندێشە و**

---

١- عەبدولڕەززاق بیمار، سەرەتایەکی ئەدەبی منداڵان، لا ٢٩.

**لاسایکردنەوەی تیدایە))** [١]. ئەمانە هەموو بەیەکەوە، کاریگەری خۆی جێدەهێڵێت لەسەر منداڵ، گێڕانەوە خۆشیەک دەبەخشێت و وادەکات فەرهەنگی زانیارییان دەوڵەمەند بێت. چیرۆکگێڕەوە بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە، ڕایەڵەیەکی پەیوەندی لەنێوان ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکە و منداڵان دروستدەکات، وادەکات چێژی لێوەرگرن و بچنە نێو ڕووداوەکانەوە، ئەوەی ئەم کارەی جوانتر و شیرینتر کردووە و وایکردووە منداڵ بەشەوقەوە گوێ بۆ چیرۆکەکە شل بکات، ئەو جۆرە جوڵە و گۆڕانی تۆنی دەنگ و تەمسیل کردنەیە، کە چیرۆکگێڕەوەکە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا ئەنجامی دەدات، هەربۆیە چیرۆکگێڕەوەکان کاتێک چیرۆکیان دەگێڕایەو بەپێی باری دەروونی کارەکتەرەکان و هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکان و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی هاتوهاواری کارەکتەرەکان، لەکاتی شەڕو ناخۆشیدا تۆنی دەنگی دەگۆڕی و کارێکی وایدەکرد کە منداڵ بە قووڵی بچنە نێو ڕووداوەکانەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، شێوازەکانی گێڕانەوەی چیرۆک، بەپێی جۆری چیرۆکگێڕەوە دیاریدەکرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەخنەگری فۆرمالیستی ڕووسی( تۆماشفسکی) دوو جۆر شێوەی گێڕانەوەی چیرۆک دیاریدەکات، ئەوانیش **((١-گێڕانەوەی بابەتی ٢-گێڕانەوەی خودی))** [٢]یە، ئەگەرچی لەگێڕانەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵاندا بەزۆری گێڕانەوەی چیرۆک گێڕانەوەیەکی بابەتییە، بەڵام هەندێجار گێڕانەوەی خودیشی لەگەڵدایە و تێکەڵی بووە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە پێمان باشە چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم لەڕووی چیرۆکگێڕەوەوە دیاریبکەین و بزانین جۆری چیرۆکگێڕەوەی چیرۆکەکان چین و بەزۆری سەر بەچ لایەکن.

---

١- کەمال مستەفا- شادان جەمیل عەباس(د)، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەشیعری منداڵاندا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە(٣٢)،ساڵی ٢٠٠٧، هەولێر، لا ٥٧.

٢- محمد عزام، شعریه الخطاب السردی، مطبعه إتحاد الکتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص ٨٣.

ســـەرەتا بەشـــێوەیەکی کـــورت و پوخـــت، هەردوو جـــۆری چیرۆکگێـــڕەوە بەپێـــی ئەو دابەشکارییەی (تۆماشڤسکی) باس دەکەین :سەبارەت بەگێڕانەوەی بابەتی، لەم جۆرەیاندا کە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانیشـی پێدەڵێن، شـوێنی لەنێو ڕووداوەکانـدا **(( دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ڕووداوانەی کە دەیگێـــڕێتەوە))** [١]، تیایـــدا بەوردی ئاگـــای لە هەمـــوو هەڵسوکەوت و جوڵانەوە و مەبەستی کارەکتەر و حەز و داخوازییەکانیانە، ئەزانێ چی دەکەن و چیـــان لەدڵـــدایە و نیـــازی چیـــان هەیە، بیـــر لەچـــی دەکەنەوە، شـــوێنی ئەم چیرۆکگێڕەوەیە وەکو کامێرایەک وایە لەناو فیلمێکدا وێنەی ڕووداوێکمان بۆ دەگرێت، بەبـــێ ئەوەی ئـــێمە کـــامیراکە ببینـــین، ئەو لە زوومـــی کـــامێراکەیەوە ئاشـــنای نێـــو ڕووداوەکانمـــان دەکـــات، واتە**(( وەک کەســـێکی بـــێلایەن ڕووداو و بەســـەرهاتەکان دەگێڕێتەوە و خۆی نابێت بە بەشێک لەڕووداوەکان))** [٢] ، هەمیشە بەڕاناوی کەسی ســێیەمی تــاک (ئەو) چیرۆکمــان بــۆ دەگێــڕێتەوە، بەڵام لەگێــڕانەوەی (خــودی) دا، کە چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتنزانیشی پێدەڵێن، شوێنی لەنێو ڕووداوەکاندا**((دەکەوێتە ناوەوەی ڕووداوەکان)**) [٣]و تیایدا لەسەر زاری پاڵەوانی چیرۆکەکە، یاخود لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکاندا، ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئاستی زانیاری دەربارەی کاتی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، هەمان ئەو زانیارییەیە کە کارەکتەرەکانی تر دەیزانن، واتا ئەم چیرۆکگێڕەوەیە هیچی زیاتر لەوان نازانێت و وەکو ئەوان ڕووداوەکان دەبینێت، هەمیشە بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) باسی ڕووداوەکانمان بۆ دەکات و بۆمـانی دەگێـڕێتەوە. بەزۆری ئەم چیرۆکـانەی کە لەم قۆنـاغەدا دیـاریکراون، لەڕێـگەی

---

١- عبدالرحيم العلام، من يحكي الروايه؟ السارد في المرايا نجيب محفوظ، طبعه الهيئه المصريه العامه للكتاب، القاهره، ٢٠٠٨، ص٣٠.

٢- سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم، هونەرەکانی گێڕانەوە لەڕۆمانەکانی ( خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٧.

٣- عبدالرحيم العلام، من يحكي الروايه؟، ص٣٠.

چیرۆکگێـڕەوەی هەمووشــتزانەوە ڕووداوەکــان دەگێــڕێتەوە، یــانیش بەتێکەڵــی لەنێــوان چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزان دەبێت.

لەچیرۆکەکــانی ئەم قۆنــاغەدا، شــێوازی گێــڕانەوەی چیــرۆک بەدوو جــۆرە: ١- لەلایەن چیرۆکگێــڕەوەی هەمووشــتزانەوە ڕووداوەکانمــان بــۆ دەگێــڕێتەوە٢-لەجــۆرێکی تریشــدا بەشــێوەی تێکەڵــی لەلایەن چیرۆکگێــڕەوەی هەمووشــتزان و هەمانشــتزانەوە ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە، ئەو چیرۆکانەی کە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە گێڕدراونەتەوە، بریتیین لە( ڕۆڤی و کێڤریشک، ئەنجامی هاوڕێیەتی مشک و مێرووله و پووش، کوپەڵە ئاو، کۆتر و مێروو)، سـەرەتا بە نموونەی چیرۆکی(ڕۆڤی و کێڤریشک) دەست پێدەکەین و ڕوونـی دەکەینەوە ئـاخۆ چیرۆکگێـڕەوەی هەموشـتزان ڕوداوی ئەم چیرۆکەمان چۆن بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی چیرۆکەکە بەشێوەزاری کرمانجی سەرووە، بەڵام وەکو لەپێشتریش ئاماژەمان بۆیکرد یەکێک لەسیما جوانەکانی فۆلکلۆری میللەتێک، بەشداریکردنی شێوەزارو بن زارەکانە لە فۆلکلۆردا، سەرەتای چیرۆکەکە بەمشێوەیەیە:

**((هەبوو نەبوو، کەس ژ خودێ مەزنتر نەبوو، هەبوو ڕۆڤیەک دڤیا کێڤریشکی بگرت و ب غاردانێ نەدقارێ و گەلەک خۆ ماندی کر، هەتا زانی کونا وێ ل کێ دەرێ یە، کێڤریشک پێ حسیا کو ئیشەڤ دێ ڕۆڤی هێرشی ئینتە سەر......پشتی بوویە دەرەنگی شـەڤێ، ڕۆڤی ب لەز هێرش برە سەر کونێ و چوو تێدا نەزانی دێ چاوا دەرکەڤت هەر ب ژڤژی کەفت و سەرو چاڤێت وی بوونە خون، چاڤ لێ برینداركرن و پاش زڤری و ژ وی جهیتەرقـی و کێڤریشـک کەفـتە د تەنـاهێ دا))** [1] لەم چیـرۆکەدا کە چیرۆکگێـڕەوەی هەموشتزان ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە، شارەزاییەکی باشی لەتێکڕای ڕوداو و بەسـەرهاتی چیـرۆکەکە هەیەو دەزانێـت چـۆن باسـی فێڵـی ڕێـوییەکە بـۆ منـداڵ دەکـات و لەهەمـان

١- حسێن حاجی ئۆسمان، ڕۆڤیێ فێلباز، ل٥٠.

کاتیشدا زیرەکی و وریای کەروێشکەکەش بەدیار دەخات و دەیەوێت پەیامێک بەمنداڵ بدات بەوەی کە پاش ئەوەی ڕێوییەکە هەوڵیدا کەروێشکەکە بخوات و بەدوی کەوت و ئازاریدا، لێرەدا منداڵی خستە دڵە ڕاوکێ و توشی بێتاقەتی کردن، بەڵام نەیهێشت منداڵ لەبیرکردنەوەو ناخۆشیدا بمێننەوە بەڵکو هەر زوو بزەی خستە سەر لێویان و کەرێشکەکەی قوتار کردو ڕێوییەکەش بە سزای خۆی گەیشت و نەیتوانی کەروێشکەکە ڕاو بکات و بیخوات، چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان دەزانێت ڕێوییەکە کە دوای کەروێشکەکە دەکەوێت بۆی ناگیرێت و ناتوانێت بیخوات، لەهەمان کاتدا دەشزانێت کەروێشکەکە ڕزگاری دەبێت و توشی ئازار نابێت، هەروەها وانەیەکی ئامۆژگاریشی بۆ منداڵان تێدایە بەوەی هیچ کات لەخانەوادەو ڕێنماییەکانیان دوور نەکەونەوە، چونکە توشی ئازارو ناخۆشی دەبنەوە.

لە چیرۆکی (کۆتر و مێروو)دا نموونەیەکی تری چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان دەخەینە ڕوو بەوەی کە تیایدا چۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانمان بۆ باس دەکات، چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**(( دەگێڕنەوە: کۆترێکی ناسک و جوان لەسەر لقی دارێک هەڵنیشتبوو بینی وا مێروویێک کەوتۆتە نێو ئاوەوەو هەرچەندی هەوڵ و تەقەلای دەدا ناتوانێ بەهیچ ڕێگا خۆی ڕزگار بکا، ئەوەندەی نەمابوو بخنکێ، کۆتر دڵی بەحاڵی مێروو سوتاو گەیشتە هانای، لەلایەکی ئەو دارەی لەسەری هەڵنیشتبوو پەلکە دارێکی خستە خوارەوەو خۆی گەیاندە کەناری ئاو و لە مەترسی لەناوچوون و نەمان ڕزگاری بوو، دوای کەمێ حەسانەوە مێروو...... تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد نێچیرەوانێکی بەدی کرد وا لە پارێزدایە خەریکە ئەم کۆترە سەربەستە ڕاوبکات وبیگرێ...... مێروو خێرا بەچالاکی خۆی گەیاندە نێچیرەوان و یەکسەر پێی گەزت، نێچیرەوان لەتاوان دەستی لەرزی و ئیدی بەهەڵەچوو کۆتری ئازاد فڕی و ڕزگاری بوو))** [١].

---

١- کوردستان موکریانی (د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ٥٢.

* ئەم چیرۆکە نموونەی چیرۆکی گیاندار و بێگیانە مشک و مێرولە گیاندارن و پوش-یش بێ گیانە.

لەم چیـــرۆکەدا، چیرۆکگێـــڕەوەی هەمووشـــتزان بەڕانـــاوی نادیـــار ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، هەوڵدەدات بە شێوەیەکی شارەزا تەواوی بەسەرهاتەکە لە منداڵ بگەیەنێت، ئەم چیرۆکگێـڕەوەیە گێـڕانەوەکەی دەکـاتە پردێـک تـا بەهـۆیەوە منـداڵ لەنـاوەڕۆک و مەبەستی چیرۆکەکە بگات، چونکە وەکو دەزانین منداڵ شارەزاییەکی ئەوتۆی نییە کە جۆرەکانی چیرۆکگێڕەوە لەیەکتری جیابکاتەوە، بەڵکو ئەوەی منداڵ مەبەستێتی چێژ و خۆشـیەک لەچیـرۆکەکە ببینێـت، هەروەهـا مێشـکی منـداڵ بکـاتەوە بەوەی گـوێ بـۆ گێڕانەوەی چیرۆک بگرێت و پاشان بیگێڕێتەوە، فێری دەکات چۆن بیربکاتەوە، چۆن قسەبکات و گفتوگۆبکات، هەروەها فێری دەکات چۆن یارمەتی بەرامبەر بدات. مەبەست وپەیامی ئەم چیرۆکە منداڵ فێردەکات کە هاوکاری بەرامبەرەکەی بکات، هەروەها زیاتر وانەیەکی ئەخلاقی، پەروەردەیی، ڕێنمایی تێدایە و وا دەکات، کە منداڵ گیانی یارمەتیدان لەلەشیدا گەشەبکات و ڕێنمایی بکات، کە هەر کەسێک پێویستی بەیارمەتی و هاوکاری هەبێت، دوو دڵ نەبێت و هاوکار و دەستگری بێت، لەهەمان کاتیشدا فێری دەکات، بەرامبەر بەهەر کارێکی چاک، پاداشتی چاکەی دەست دەکەوێت، چونکە کاتێک کۆترەکە مێـرووولەکەی لە ئـاوەکە ڕزگـارکرد بەرامـبەر بەم چـاکەیەی کـۆترەکە مێـرووولەکەش کـۆترەکەی، لەدەسـتی نێچیـرەوانەکە ڕزگـارکرد، ئیتـر لێـرەوە منـداڵ فێردەبێـت کە هەر شتێکی چاکە بە چاکە وەڵامی دەبێت، منداڵ ئەم کارە دەکاتە بناغەیەکی پتەو بۆ ژیانی داهاتووی و سوودی لێدەبینێت.

لەچیرۆکـی ( ئەنجـامی هـاوڕێیەتی مشـک و مێرووولە و پـووش*)دا، نمـوونەیەکی تری گێڕانەوەی چیرۆک دەبینین، کە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم چیرۆکە گێردراوەتەوە، لەم چیرۆکەدا چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان بەشـێوەیەکی جـوان باسـی چیـرۆکەکە بـۆ منـداڵان دەگێـڕێتەوە بەشـێوەیەک، کە هەمـووان

سەرسام دەکات و وایانلێدەکات، کە ڕۆبچنە نێو ڕووداوەکان و چێژی لێببینن، چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**(( مشک و مێروله و پوشکه بوونه هاوڕێ ی یەکتری و له ژوورێکا سەریان بەیەکەوەنا، وەرزی زستان هات و ڕۆژێ له ڕۆژان کردیه باو و باران و بەفر و کرێوە، پوشکه چوه دەرەوه بۆ ئەوەی بزانێ بارانه، باران نیه که گەیشته بەر دەرگا بایەکی بەهێزی دەهات پوشکەی ڕاپێچاو بردی .... مێرولەش هەستا بەدوای داچوو، بەڵام بارانێکی زۆر بەهێز دەباری لەبەر تاوی بارانەکه گیانی دەرچوو و کەوته ناو قوڕلیتەوە، مشکەش زۆر چاوەڕێی کردن بەڵام هیچیان نەگەڕانەوە بۆیه ئەویش تەکانی دایه خۆی و بەدوایاندا چوو، که گەیشته دەرەوه و تەماشای کرد نەپوشکه ماوە و نەمێروله.... دەستی بەپێکەنینکرد، هێندە پێکەنی هەتا لەناو قەدیەوە تەقی ))** [١].

چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان، باسی هاوڕێیەتی ( مشک و مێروله و پوش) مان بۆ دەکات، تیایدا بەوردی باسی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی نێوانیان دەکات، که هەرسێکیان چۆن بەیەکەوە ژیاون و یەکتریان خۆشویستوە، لەپاڵ جوانی گێڕانەوەکە، منداڵ فێری هاوڕێیەتی دەکات، که چۆن یەکتریان خۆش بوێت و پێکەوە هاوکاربن، لێرەشدا منداڵ ئاڕاسته دەکرێت، بۆ هاوڕێیەتیکردن و دروستکردنی خۆشەویستی لەناو هاوڕێیەتیدا، مێشک و بیری منداڵ دەکاتەوە، که چۆن هاوڕێی خۆیان هەڵبژێرن و بتوانن پەرەی پێبدەن و ڕێنماییان دەکات هەمیشه له هەڵبژاردن و دروستکردنی هاوڕێیتیدا کەسانی باش هەڵبژێرن، چونکه هاوڕێی خراپ منداڵ تووشی کێشه و له ڕێ دەرچوون دەکات. مەبەستی سەرەکی و پەیامی ئەم چیرۆکه ( ئامۆژگاری، ڕێنمایی، پەروەردەیی)یە، که تیایدا منداڵ هۆشیاردەکاتەوە و ئاڕاستەی دەکات، بەمەبەستی هەڵبژادنی هاوڕێی لەسەر بنەمایەکی دروست، ئەگەرچی چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان زۆر بەوردی زانیاری لەسەر چیرۆکەکه دەدات بەمنداڵ، لەهەمان کاتیشدا ئەو شێوە گێڕانەوەیەی، که بەکاریهێناوە بۆ چیرۆکەکە، وا له منداڵ دەکات هێزی قسەکردن و گێڕانەوەی ڕووداو و

---

١- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، لا ٢٥.

قسـەی ڕۆژانەی ڕێکبخـات و هەوڵبدات، ئەگەر بەشـێوەی لاسـاییکردنەوەش بێـت، وەکـو گێـڕانەوەی چیـڕۆکەکە، بەقسـە بیگێـڕێتەوە. هەروەهـا لە چیڕۆکـی (کـوپەڵەی ئـاو) کە چیرۆکگێـڕەوەی هەموشـتزان ڕوداوەکـان بـاس دەکـات و دەیگێڕێتەوە ئەوا بەمشـێوەیەیە چیرۆکەکە دەستپێدەکات:

**(( قەلەڕەشێک دەکەوێتە شوێنێکی چۆڵ و بیابانی ووشک و برنگ بۆ تنۆکێ ئاوێ دەگەڕا.... چنگـی نەدەکەوت..... لەدوورەوە قەلەڕەش چـاوی بە کـوپەیەک ئـاو کەوت، لەخۆشیانا کەمێ هێزی هـاتەوە ..... قەلەڕەش گەیشـتە لای کووپە ئاوەکەوە دەنووکی لەنێوی نا نەک ئاوی نەنۆشی بەڵکو دەنوکیشی تەڕ نەبوو چونکە کوپەکە هەتا نیوەی ئاوی تێدا بوو..... قەلەڕەش خەم و خەفەت دایگرت...... لەدوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەچنـگ و دەنـوک خێـرا خێـرا وردە بەردی خسـتە نێـو کـووپەکەوە تـاوەکو ئاوەکەیسەرکەوت ئەوسا تێری لێ خواردەوە ))** [1].

چیرۆکگێڕەوەی هەمووشـتزان، زۆر بەوردی باسـی قەلەڕەشـەکە دەکات، کە چۆن تینووی بووە و پاشـان چۆن عەقڵی بەکارهێنـاوە، بۆ ئەوەی خۆی لەخنکان ڕزگاربکات، لێرەوە پەیام و مەبەستی ئەم چیرۆکە بۆ منداڵ، تیایدا ئامۆژگاری کردنە بەوەی هەمیشـە ئەو کـارەی، کە دەیـکەن بیـری لێـبکەنەوە و عەقـڵ بەکـاربێنن، چـونکە هەر کەسـێک بەوریاییەوە بیری کردەوە و هەنگاوی نا، ئەوا کەمتر تووشی گرفت وکێشـە دەبێت، منداڵ فێردەکـات، کە چـۆن ڕۆژانە بـۆ ئەنجامـدانی کارەکانیـان بیـربکەنەوە، مێشـکیان دەکـاتەوە، وادەکـات هەر کارێـک پـێش ئەنجامـدانی بیـری لێبکەنەوە، عەقڵ وەگەڕبـخەن، ئەوەی لەم چیرۆکەدایە وەکو وانەیەکی ( پەروەردەیی، ئامۆژگـاری) وایە بـۆ منداڵ کە نابێت لەبیری بکات، ئاستی هۆشیاری منداڵ بەرزدەکاتەوە و وریای دەکات و بەئاگای دێنێت.

بەڵام ئەو چیرۆکـانەی کە گێـڕانەوەکەی لەلایەن چیرۆکگێـڕەوەی هەمووشـتزان و هەمانشـتزانەوە دەگێڕدرێنەوە، ئەوا دەتـوانین لە چەند چیرۆکێکدا بەیانیـان بکەیـن، یەکێک

[1] - کوردستان موکریانی (د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ٣٨.

لەو چیرۆکـــانە چیرۆکـــی ( شـــەوگاری گـــورگ و ڕێـــوی) ســـەرەتا چیرۆکگێـــڕەوەی هەمووشـتزان دەسـتدەکات بەگێـڕانەوەی ڕووداوەکـان و پاشـان ڕێـڕەوی گێـڕانەوەکە، لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزانەوە بەڕێوەدەچێت بۆ نموونە:

( ڕێوییەک لەماڵێکدا مریشکێک دەستنیشـان دەکات، بەڵام لەبەر گەماڵی ماڵەکە، نەیئەوێرا مریشکەکە بدزێ) هەتا ئێرە، گێڕانەوەکە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە بووە، بەڵام ڕێـڕەوەکە دەگۆڕێـت وجـڵەوی گێـڕانەوەکە دەکەوێـتە دەسـت چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشتزان، بەمشێوەیە:

**((مـام گـورگ، نێچیرێکـی باشـم دۆزیـوەتەوە، مریشـکێکی کـونجی قەڵەوە، مـن لەبەر گەماڵەکەیـان نـاوێرم ئەگەر یـارمەتیم بـدەیت ئەمشـەو دەیخـۆین، گـورگەکەیش وتـی: گەماڵەکە لەسەر من، منیش زۆرم برسیە..... گورگەکە لای خۆیەوە وتی: ئەگەر سەربکەم خۆم مریشکەکە ئەخۆم، چونکە بەشی هەردووکمان ناکات، خۆ ئەگەر ڕێویش بۆڵەبۆڵی کرد ئەویش ئەخۆم......))** [١].

پەیـام و مەبەسـتی گێـڕانەوەکە بـۆ منـداڵ، پتـر خـۆی لەوانەیەکـی( ئامۆژگـاری، ئاگادارکردن و پەروەردەکردن)دەبینێتەوە، چونکە ئامـانج لەگێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ زیاتر ئاراستەکردن و پەروەردەکردنێتی، بۆ ئەوەی بۆ ژیانی داهـاتوو ئامادەبێت، سوود لەو هەڵەو کارە خراپانە وەرگرێت کە لەم چیرۆکانەدا کەسانی خـراپ ئەنجامی دەدەن و تووشی سزادەبن، دەبێت خۆی بەدوور بگرێت، لە کەسـانی خـراپ، هەروەهـا ئەم چیرۆکە بیر و مێشکی منداڵ دەجوڵێنێت و وادەکات، شـێوەی قسـەکردنی گۆڕانی بەسـەردابێت و بتوانێت بەشـێوازێکی جوان گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەر بکات و پەیامی خـۆی پـێ بگەیەنێت، چـونکە لە ئەنجـامی گێـڕانەوەی ئەم چیرۆکـانەدا منـداڵ هەوڵـدەدات لەگێـڕانەوەی قسـەی ڕۆژانەیدا کتومت گێڕانەوەی قسەکانی وەکو گێڕانەوەی چیرۆکەکە بێت، ئیتر وردە وردە

---

١- سەلام مەنمی، چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری پەند ئامێز، لا ١٤٩.

فەرهەنگی زانیاری و قسەکردنی دەوڵەمەند دەبێت و لە چەند ساڵێکدا منداڵ بیر و مێشکی تەواو گەشەدەکات و زمانیشی پاراو دەبێت.

هەروەها لەچیرۆکی(بزن ومام ڕێوی)دا، نموونەیەکی تری گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزانەوە دووبارەدەبێتەوە، کە سەرەتای چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**(( ڕۆژێکیان ڕێوییەکی فێڵباز کەوتبۆ نێو بیرێکەوە.... بەهەموو هێزێکەوە خەریک بوو نەیتوانی.... ڕزگارینەبوو، بزنێکی ماندوو و تینوو نەزان گەیشتە سەر ئەو بیرەی مامڕێوی تێدا گرفتار بوو ))** [١].

هەتا ئێرە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە بوو، تێیدا زانیارییەکی وردی بەیانکرد دەربارەی ڕێوی فێڵباز و بزنە گێلەکە، بەڵام دواتر جڵەوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان و ئەو بەردەوامی دەدات بەگێڕانەوەی چیرۆکەکە، کە بەمشێوەیە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت:

**(( مام ڕێوی زۆرزان ووتی: گەلێ ڕوون و سارد و سازگارە، بزن ووتی: مام ڕێوی ڕێ یەکم پێشان نادەیت چۆن بێمە نێو بیرەوە؟ .**
**مام ڕێوی ووتی: گەلێ ئاسانە من یارمەتیت دەدەم پێت دانێ سەرسەری من و خۆت باوێژە نێو ئاو...))** [٢].

ئەگەرچی گێڕانەوەکە دیالۆگی نێوان بزنەکە و مام ڕێوییە، بەڵام چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان دەیگێڕێتەوە و زانیاریەکانمان دەداتێت. لەچیرۆکی (شێر و گورگ و ڕێوی) دا نموونەیەکی تری گێڕانەوە لەلایەن دوو چیرۆکگێڕەرەوە بەرچاو دەکەوێت، سەرەتای چیرۆکەکە چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان ڕوداوەکان دەگێڕێتەوەو بەمشێوەیە دەست پێدەکات:

---

١- کوردستان موکریانی(د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ٢٢.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢.

**((شـــێر نەخـــۆش ئەکەوێ، گـــورگ ئەچێـــتە ســـەردانی))** [١] ئەم گێـــڕانەویە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشـتزانەوەیەو بەڕانـاوی نادیـار زانیاریمـان دەداتێت بەوەی کە شـێر نەخۆشەو گورگیش ئەچێت بۆ سەردانی، بەڵام لە دوای ئەم دێڕەوە دەنگی چیرۆکگێڕەوە دەگۆڕێت و هەست ئەکەین یەکێکی تر دێت لەنـاو ڕوداوەکانەوە زانیـاری ترمـان پێدەدات، بەڵام ئەو چیرۆکگێـــڕەوەیە نادیـــارنیە جـــا ئیتـــر ئەو چیرۆکگێـــڕەوەیە یەکێـــک بێـــت لە کارەکتەرەکـان یـاخود خـۆی پـاڵەوانی نـاو چیـرۆکەکە بێـت بـۆیە بەم چیرۆکگێـڕەوەیە دەوترێت چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان و بەمشێوەیە ڕوداوەکان باس دەکات :

**(( گەورەم چۆنی؟**
**شێر: ئێستا باشترم.**

**گەورەم ئێمە زۆر بـۆت پەرۆشـین و لەبـاتی جـارێ، چەنـدەها جـار هـاتووین، وابـزانم ئەوەیبۆ بۆ زیارەتت نەهاتووە، ڕێوی فێڵبازە))** [٢]

لێرەدا گێڕانەوە وەکو وانەیەکی ئامۆژگاری وایە بـۆ منداڵ و وایلێدەکات کە زۆر قسـە نەگێڕێتەوەو دووری بخـاتەوە لە باسـکردن و ناوهێنـانی کەسـانی تـرو فێـری دەکـات هەردەم لەگەڵ هاوڕێکانی ڕاستگۆ بێت و بەخراپە باسیان نەکات.

لەبەشـێکی تـری چیـرۆکەکەدا هـاتووە پـاش ئەوەی گـورگ گلەیـی خـۆی لای شـێر دەکات بەوەی ڕێوی نەهاتووە لەبەرامبەردا شێر تـوڕە دەبێت و داوا دەکـات بەپەلە ڕێـوی بـۆ بێـنن، دەبینـین ئەم گێـڕانەوەیە هەر لەلایەن چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشـتزانەوە ئەنجـام دراوەو تیایدا بەوردی دیالۆگی نێوان شێرو گوگ و ڕێوی دەخاتە ڕوو دەڵێت :

**((شێر: ئا بچن بۆم بانگ کە، بزانم بۆچی نەهاتووە؟**
**ڕێوی هەر چاوی بەمام گورگ ئەکەوێ، لای خۆیەوە ئەڵێ: شتێکی لەژێر سەرایە.**
**گورگ: مام ڕێوی گەورەی دارستان بانگت دەکات))** [٣]

---

١- کوردستان موکریانی(د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، ل٢٢.
٢- سەلام مەنمی، چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری پەند ئامێز، ل ١٥٣.
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

لێرەشدا چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان ڕوداوەکان دەگێڕێتەوەو دیالۆگەکە دروست دەبێت، جارێک لەسەر زای شێرەکەوە قسە دەکات و جارێکی تر لەسەر زاری گورگە و جارێکی تریش لەسەر زاری ڕێوی، کە ئەمانیش کارەکتەری نێو ڕوداوەکانن، پاش ئەوەی ڕێوی دێتە لای شێرو هەواڵی تەندروستی شێر دەپرسێت، بۆ ئەوەی خۆی قوتار بکات لە سزا دان و ئەشکەنجەی شێر خێرا پیشنیازێک بۆ شێر دەکات و دەڵێت:

**((دەرمانێکی باش ئەزانم و بۆ ئەو نەخۆشیە، یەکاو یەکە.**
**شێر: ئەو دەرمانە چییە؟**
**ڕێوی: قوربان مۆخی لوولاقی گورگ، هەر وێنەی نییە، کە خواردت ئازارت ئەشکێنێ، گورگ بانگ ئەکات و چەپۆکێ بەسەریا ئەدات و تەختی ئەکات و لوولاقی لێئەکاتەوە، ڕێوی دەست بە پێکەنین ئەکات و ئەڵێ: ها مام گورگی خەڵکی مووان......ئەتەوێ فێڵ لە من بکەی؟))**[١]

دەبینین کاتێک منداڵ گوێی لەم چیرۆکە دەبێت پێکەنینی بەفێڵی ڕێوی دێت و حەزیش دەکات ڕێوییەکەش سزا بدرایە، هەروەها فێری چۆنێتی دیالۆگ دەبێت بەتایبەتی دیالۆگی نێوان (شێرو گورگ و ڕێوی) ئەگەرچی خوێنەواری نیەو نازانێت بخوێنێتەوە، بەڵام دەتوانێت بەچەند پاتکردنەوەی ڕوداوەکان و گێڕانەوەی چیرۆکەکە بۆی، وەکو ئەوان قسەبکات و وتوێژ بکات، بەشێوەیەکی گشتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە کاریگەری دیار و بەرچاوی خێرا لەسەر منداڵ جێدەهێڵن و وایلێدەکەن وشەی نوێ فێربێت و دانەی وشەو فەرهەنگە زمانییەکەی دەوڵەمەند بێت کە ئەمیش لەچەند ساڵێکی تری تەمەنیدا بەڕوونی دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت، بەتایبەتی لەقۆناغە بەراییەکانی خوێندندا ڕەنگ دەداتەوەو دەبێتە خاڵێکی دیاری جیاکەرەوە لە نێوان ئەم و هاوڕێکانی، واتا ئەو منداڵانەی کە گوێیان بۆ چیرۆک نەگرتەوەو یاخود بۆیان نەگێڕاونەتەوە.

لەچیرۆکی (ڕۆڤی و مریشک)دا نموونەیەکی تری گێڕانەوەی چیرۆک لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزانەوە بەرچاو دەکەوێت، لە سەرەتای چیرۆکەکەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان ڕوداوەکانمان بۆ باس دەکات ئەویش بەڕێگەی

١- سەلام مەنمی، چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری پەند ئامێز، لا ١٥٣-١٥٤.

ڕاناوی نادیار، چونکە هەروەک ئاشکرایە شوێنی چیروکگێڕەوەی هەموشتزان لەچیرۆکدا دەکەوێتە دەرەوەی ڕوداوەکان بۆیە بەوپەڕی شارەزاییەوە بەسەرهات و ڕوداوەکان دەگێڕیتەوە سەرەتای چیرۆکەکەش بەمشێوەیەیە:

**((هەبوو نەبوو، کەس ژ خودێ مەزنتر نەبوو، هەبوو ڕۆڤیەک ئەو چەندەک بوو، ئی برسی و دیت دێ ژ برسا مرت، هەر ئێکسەر خۆ ژ چیایی بەرداو قەستا گوندی کر، دیت گوند ئی ڤالایە، ئی بێ دەنگەو قەستا حەوشەکێ کر، دیت ئەڤە مریشکەک زۆر یا بکارە))** (١)

لەم چیرۆکەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان لەدەرەوەی ڕوداوەکانەوە باسی ڕێوییەکی برسیمان بۆ دەکات کە چەند ڕۆژێکە خواردن و نانی دەست نەکەوتوەو برسێتی وای لێدەکات کە بەرەو گوند بکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی خواردنێک یاخود گۆشتێکی دەست بکەوێت، لێرەدا چیرۆکگێڕەوەمان نەبینی ئاخۆ کێیە ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە، چونکە هەر بە ڕاناوی نادیار باسی ڕوداوەکان دەکات و زانیاریمان دەداتێت، بەڵام لەدوای ئەم پەرەگرافەوە دەنگی چیرۆکگێڕەوە دەگۆڕێت و یەکێکی تر لەناو چیرۆک و ڕوداوەکانەوە بەردەوامی بە گێڕانەوەکە دەدات و بەڕاناوی (م) کەسی یەکەمی تاک کە چیۆکگێڕەوەی هەمانشتزانە باسی بەسەرهاتەکەمان بۆ تەواو دەکات و دەڵێت:

**(( ڕۆڤی گۆتێ: توو چ دکەی؟**
**مریشک گۆت: ئەز پالا ڤێ مالێمە، نۆک و نیسکا ژ ئێک ڤەدقەدتینم بەرامبەر مستەکا گەنمی.**
**ڕۆڤی گۆتێ: کی سەروەرێ ڤێ مالێ یە؟**
**مریشک: دیکلە و وێ ل بن دەنی ئی نڤستییە))** (٢)

هەتا ئێرە دەنگی چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان بوو باسی ڕێوی و مریشک دەکات کە چۆن ڕێوییەکە هاتۆتە نێو ماڵەکەو بۆ خواردن دەگەڕێت، پاش وتوویژ لەگەڵ مریشک، ڕێوی دەزانێت خواردنی ئەمرۆی مسۆگەرە زۆر خۆشحاڵ بوو، دواتر دەنگی

---

١ – حوسێن حاجی ئۆسمان، ڕۆڤیێ فێڵباز، لا٥١.
٢– سەرچاوەی پێشوو، لا٥١.

چیرۆکگێـــڕەوە دوبـــارە دەگۆڕێـــت و گێـــڕانەوەی ڕوداوەکـــان دەکەونە دەســـت چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزانەوە بەمشێوەیەیە:

**((ئێکسەر هێرش برە بن دەنکی، چی دیت کوچکەک ئی ڤەتلیایە ل بن و بوو خرپشانا وی دگەل، هەر ب خورتی خۆ ژ ناڤ لەپا ئینا دەرو ب گەلەک برینا بریندারبوو و ژ وێ دەرێ تەرقی))** [١]

لەکۆتی چیرۆکەکەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان باسی ئەو ساتە وەختە دەکات کە ڕێوی هێرش دەباتە سەر گیاندارە نوستوەو وا دەزانێت کەڵەشێرە، بەڵام سەرئەنجام سەگە بۆرەیەکی گەورەی بۆ دەردەچێت و هەموو لەشی بریندار دەکات و ڕێوی بەدەم ئازارو ناڵە ناڵەوە ماڵەکە جێدەهێڵێت، پەندو ئامۆژگاری ئەم چیرۆکە بۆ منداڵ ئەوەیە کە هەرگیز بیر لەکاری خراپ نەکەنەوەو ڕاستگۆبن و خۆیان بە دوور بگرن لەهەڵەو درۆکردن و کاری چەوت، چونکە سەرئەنجام وەکو ڕێییەکەیان لێدێت و توشی سزایەکی قورس و دەبن.

لەچیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا جۆرەکانی چیرۆکگێڕەوە دابەش بوون لە نێوان دوو جـۆر چیرۆکگێـڕەوە ئەوانـیش ١-چیرۆکگێـڕەوەی هەموشـتزان ٢- چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشتزان، بەڵام لە چیرۆکەکاندا بەشێوەی تێکەڵیش هەبوو کە کاری گێڕانەوەیان ئەنجام داوە، لەمبارەیەوە نموونەشمان بۆیان هێناوەتەوە.

**قۆناغی دووەم (٦-٨) ساڵ:**

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەش لەڕووی گێڕانەوەوە، بەسەر دوو شێوازدا دابەش دەبێت، ئەو چیرۆکانەی کە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێنەوە، بریتیین لەچیرۆکی:( قەلەڕەش وپەڕی تاووس) ، (شێرو فیرنەگولە)، کە تیایدا هەریەکەیان لەپشت گێڕانەوەکەوە پەیام و مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە و کاریگەری خۆی، لەسەر

١- حوسێن حاجی ئۆسمان، ڕۆڤیێ فێلباز، ل١٥.

منداڵی ئەم قۆناغە جێدەهێڵێت. لەچیرۆکی (قەلەڕەش و پەڕی تاووس)دا چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان باسی قەلەڕەشێک دەکات و بەمشێوەیە ڕوداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**((قەلەڕەشێکی پیس و چڵکن و ناشیرین...سەردەمێک بوو بە کۆکردنەوەی پەڕی تاووسی جوان و لەبارو ڕەنگین و نەخشین خەریک بوو، تا وای لێ هات کۆمەڵێک پەڕی خڕ کردەوە....ڕووی کردە کۆڕی باڵندان بەنازەوە لەنێوانیاندا هات و چۆی دەکرد، مەلەکان بەڕەفتاری نالەباری قەلەڕەش پێ کەنین و هەموویان تێی وەرهاتن ئەو پەڕانەی تاوس کە خۆی پێ جوان کردبوو لێ کردەوەو لەنێو هەوادا بەرەڵایان کرد....قەلەڕەش .....ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت.....لەدوایدا...... پەشیمانی و ژیوانی خۆی بۆ بەدکاری پێشان داوە، داوای لێبوردن و بەخشینی لێ کردن.... بۆیە مەلەکان بەیەکێک لەخۆیان وەرگرتەوە))** [١].

کاریگەری گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بۆ منداڵی ئەم قۆناغە وایلێدەکات هیچ کات خۆی لە هاوڕێکانی جیانەکاتەوەو کارێکی نەشیاو نەکات کە بکەوێتە بەرنەفرەت و تانەلێدان. هەروەها بیرو هزری منداڵ دەجوڵێنێت بەوەی فێری دەکات لەئەنجامی هەر کارێکی خراپدا داوای لێبوردن بکات و پەشیمان ببێتەوە لەو هەڵەیەی کە کردوویەتی، ئەمانە هەموو دەبنە وانەیەکی بەسوود کە خۆی، لە( ئامۆژگاری و ڕێنمایی و پەروەردەکردنێکی دروست) دەبینێتەوە.

لەچیرۆکی (شێر و فیرنەگولەش)دا کە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان ڕووداوەکانمان بۆدەگێڕێتەوە بەمشێوەیە دەست پێدەکات:

**((دەگێڕنەوە چۆلەکەیەکی فیرنەگولە لەشاخێکی لە نێو دارستانێکیدا دەژیا، ئەو فیڕنەگولە هێلانەیەکی خۆشی بەتەنیشتی بڕە گوڵێکەوە دروست کردبوو، فیڕنەگولە کۆمەڵێک هێلکەی کردبوو.......ڕۆژێکی شێرێک....ڕێگایەکی هاتن و چوونێی بۆ ڕاوکردنێ و گەڕانەوەی بەلای هێلانەی فیڕنەگولەدا دروست کردبوو....ڕۆژێک شێرەکە چاوی بەهێلانەی فیڕنەگولە کەوت، چوو بۆ لای و بە چەپۆکێکی هەندێکی لێ ڕووخاندوهێلکەکانیشی شکاند))** [٢]

---

١- کوردستان موکریانی(د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ٣٦.

٢ – زیاد محەمەد ئەمین، بووکێ خەمان، لا٢٨.

چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان لە پشتەوەی ڕوداوەکان ئاگادارای هەموو جوڵەیەکە کە شێرەکە چۆن دەڕوات و چۆن دەچێت بۆ ڕاوکردن، هەروەها دەشزانێت مەبەستی چییەو دەیەوێت چی بکات، بۆیە کاتێک هێلانەی فیڕنەگولە تێکدەدات و هێلکەکانی دەشکێنێت لەم کاتەدا منداڵ زۆر غەمبار دەبێت بەم کارە نەشیاوەی شێرەکەو زۆر ڕقی لێ هەڵدەستێت و بەزەیی بە چۆلەکەکەدا دێتەوە، بۆیە دان بەخۆیدا دەگرێت تا بزانێت لە دوایدا شێرەکە چی بەسەر دێت و ئەنجامەکەی بە کوێ دەگات، بۆیە چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان دەمانباتە ئەو ساتەوەختەو باسی ئەو کاتە دەکات کە چۆن شێرەکە بەسزای خۆی دەگات و دەڵێت:

**((فیڕنەگولە زانی ئەو کارە ناپەسەندە کاری شێرەکەیە......ویستی بەهەر جۆرێک بێت لەنێوی بەرێت....دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر هەستا ....بەلاقە باریک و دندووکە چووکەکەی هەتا نیوەڕۆیە هەر کەرسە گڵی چووکی هێنان و لەسەر تاتە بەردی بەری لای لانەی شێرەکەی ڕۆکرد......کاتێ...شێرەکە گەڕایەوە چاوی بەو قوڕاوەی سەر تاتە بەردەکەی کەوت زۆر توڕەبوو.....بازیداو....خلیسکا....خۆی پێنەگیرا...کەوتە نێوان دووبەردی گەورە....گیانی دەرچوو مردو لەیەخەی فیڕنەگولە بووە))** [١].

ئەوەی منداڵ لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا، وانەی لێ فێردەبێت ئەوەیە، کە هەر کەسێک کارێکی خراپ بکات، سەرئەنجام بەسزای خۆی دەگات بۆیە دەبێت خۆمان بەدوور بگرین، تاکو وەکو شێرەکەمان لێنەیەت و نەکەوینە ئاوەکەوە، گێڕانەوەی چیرۆکەکە مێشکی منداڵ دەکاتەوە فێری دەکات کە کاری خراپ ئەنجامی باشی نابێت، وانەیەکی ( پەروەردەیی، ئامۆژگاری) تێدایە، منداڵ لەڕێگەی گێڕانەوەکەوە هەوڵدەدات قسەکانی بەشێوەیەک بگێڕێتەوە بەرامبەرەکەی بەئاسانی لێتێبگات، چونکە گێڕانەوەی چیرۆک لەم قۆناغەدا منداڵ سوودی لێدەبینێت و کاری لەسەر دەکات تا وایلێدێت زمانی پاراو بێت.

لەبەشەکەی تری چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا، کە گێڕانەوەی لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزانەوەیە، ئەمانیش بۆ خۆیان لەپەنای

---

١- زیاد محەمەد ئەمین، بووکێ خەمان، ل٢٩-٣٠.

گێڕانەوەکەدا پەیام و مەبەستێک هەیە و منداڵ سوودی لێدەبینێت، بۆ نموونە لەچیرۆکی (گـــورگ و بەرخ)دا، کە ســــەرەتا گێـــڕانەوەی چیـــرۆکەکە لەلایەن چیرۆکگێـــڕەوەی هەمووشتزانەوەیە، کە بەڕاناوی نادیار چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**(( دەگێڕنەوە: گورگێکی بەکار لەنیوەرۆیەکی وەرزی هاویندا.... چاوی کەوتە بەرخێکی قەڵەو کەلەدەم ڕووبـــاردا دەڕۆیشـــت و جارجـــار قومێـــک ئـــاوی لە ڕووبـــارەکە دەخواردەوە))**[١].

بەڵام دواتــر دەنگــی گێــڕانەوەکە، لە چیرۆکگێــڕەوەی هەمووشــتزانەوە دەبێــتە چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشـتزان و ئەو درێـژە بە گێـڕانەوەی ڕوداوەکـان دەدات و بەڕانـاوی (م) کەسی یەکەمی تاک باس لەبەسەرهات و ڕوداوەکان دەکات وەکو کەسێکی نزیک و ئامادەبوو لە ناو ڕوداوەکە:

**(( گورگی برسی بەدەنگێگی بەرز بانگی ئەم بەرخە بێ گوناهەی کرد....گورگ بەهەراو بەتوڕییەوە ووتی ئەی.... پێم نـاڵێی بۆچی ئـاوی ئەم ڕووبـارە شـلوێ دەکەی؟ بەرخـی نـازدار ..... ووتـی ئەی ئاغـای گەورە لمـووزی مـن ئەوەنـدە ناسـک و گچـکەیە ئـاوی ڕووباری پێ شلوێ نابێ.........دواتر بەرخ تێگەیشت کەوا گورگی بەد فەڕو زاڵم شەڕی پێ دەفرۆشێ.))** [٢].

لێـرەدا گێـڕانەوەکە لەلایەن چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشـتزانەوە ئەنجامـدراوە، تێیـدا دیـالۆگی نێـوان گـورگەو بەرخەکە بـاس دەکـات کە چـۆن گـورگە بیـانوو بە بەرخەکە دەگرێت و دەیەوێت بیخـوات، بەڵام بەرخەکە هەر هەوڵ دەدات بەهێمنـی خـۆی لە دەسـت گورگەکە قوتار بکات، هەتـا ئێرە چیرۆکگێڕەوەی هەمانشـتزان زانیـاری هەیەو دەمانداتێت بەڵام دواتـر نازانێـت چـی ڕوودەدات بـۆیە دوبـارە دەنگـی چیرۆکگێـڕەوەکە دەگـۆڕێـت و جڵەوەی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەسـت چیرۆکگێڕەوەی هەموشـتزانەوەو ئەو باسـی کۆتـای ڕوداوەکەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

---

١- کوردستان موکریانی(د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ١٦.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا١٦.

**((گورگ خێرا هێرشی بردە سەرو بەرخی بێ گوناهی خوارد))** [1] منداڵ لە پەیامی چیرۆکەکە دەگات، کە گورگەکە هەموو مەبەستەکەی خواردنی بەرخەکە بووە، بۆیە بیانووی پێگرتووە. هەربۆیە منداڵ بیردەکاتەوە کە نابێت بیانوو بگرن و بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ بەرامبەردا بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ منداڵی بچووکتر لەخۆیان، گێڕانەوەکە ئەگەرچی جۆرە دیالۆگێکی نێوان گورگ و بەرخەکەیە ئەوا منداڵ دەتوانێت بەئاسانی لەبەری بکات و کاریگەری هەبێت لەکاتی قسەکردنیدا، چیرۆکەکە هۆکارە تا منداڵ بیربکاتەوە و مێشکی بجوڵێنێت و ئامادەی بکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لێیدەکرێت.

لە چیرۆکی (مێرو و مێش)یشدا کە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەشێوەی دیالۆگە، بەڵام سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان باسی ڕوداوەکانمان بۆ دەکات و بەڕاناوی نادیار دەست پێدەکات و دەڵێت:

**((دەگێڕنەوە، مێروویەک لەگەڵ مێشێکدا لەسەر پایەو جێگایاندا دەکەونە گفتوگۆ، مێش بەنازەوە بە مێروی گوت:))** [2] لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان تەنیا ئەوەندە زانیاریمان دەداتێت سەبارەت بە مێرو مێش کە گفتوگۆی نێوانیان لەسەر شوێن و جێگەو خۆشەویستی ئەمانە لەلایەن مرۆڤەوە، بەڵام دواتر دەنگی چیرۆکگێڕەوە دەگۆڕێت و ڕوداوەکان بەڕاناوێکی ناسراوەوە ڕوداوەکانمان بۆ دەخەنە بەرچاو ئەویش چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزانە کە بەم شێوەیە دەست بەگێڕانەوەکە دەکات :

**(( دەنگی من دەگاتە گوێی هەموو ئادەمیزادێک..... کام شوێن چاکە لەسەری دادەنیشم، کام زاد و خۆراک خۆشە دەیخۆم..... بێ هەوڵ دان و زەحمەت کێشان خۆراک دەخۆم بەڕەحەت و دڵنیایی دەخۆمەوە دونیا بەکەیف و مەرامی دڵی منە.....))** [3].

---

١- کوردستان موکریانی(د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، لا ١٧.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤.

٣- سەرچاوەی پێشوو،لا٣٤.

لەکاتی گواستنەوەی قسەکردن لە مێشەوە بۆ مێروو چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان بەردەوامە لەگێڕانەوە و دەڵێت:

**(( من زەحمەت و ئازار دەکێشم،..... چونکە خۆم کاردەکەم..... ئەوەی خەڵکی هێناویە نایبەم، ئەوەی ئادەمیزاد بۆ خۆی ئامادەی کردووە نایخۆم.... من لەزستانی ساردا خانوی گەرم.... سەرینی نەرمم هەیە نانم ئامادەیە، گیانم ئازادە.....))** [1].

ئەوەی لەگێڕانەوەی ئەم چیڕۆکەدایە، وانەیەکی بەسوودە بۆ منداڵ و تیایدا دەبێت هەر کەسێک، بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی پێبگەیەنێت، نابێت وەکو مێش هەر خەریکی مشەخۆری بێت، بەگێڕانەوەی ئەم چیڕۆکە منداڵ مێشکی دەجوڵێت بۆ جیاوازیکردن، لەنێوان کارو کردەوەی (مێش و مێروو) دەزانن کاری مێروەکە تەواوەو بەجێیە، بەڵام کاری مێشەکە خراپە و ئەنجامێکی ناخۆشی دەبێت، فێردەبێت ئەو قسانە دووبارەبکاتەوە کەوا مێروەکە کردوویەتی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو بیرو هزری جێدەهێڵێت، بۆیە هەوڵدەدات لەکارەکانیدا پشت بەخۆی ببەستێت و خۆی بۆ ژیانی داهاتووی ئامادە بکات.

لەچیرۆکی (مەڕۆکەک و بزنۆکەک)دا نموونەیەکی تری گێڕانەوەی چیرۆکمان لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزانەوە بەرچاو دەکەوێت و تیایدا سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان جڵەوی گێڕانەوەکەی لەدەستەو لەزاری ئەوەوە زانیارییەکانمان چنگ دەکەوێت، بەڵام دواتر ڕێڕەوی گێڕانەوەکە با دەداتە سەر چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان و ئەو لەناو ڕوداوەکانەوە زانیاریەکانمان دەداتێ، سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان دەڵێت:

**((هەبوو نەبوو مەڕۆکەک و بزنۆکەک هەبوو هەردووکیان پێکەوە زۆر بەخۆشی دەژیان، ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو گەرما هێزی نەما، سەرماو سایەقە خەریک بوو گشت هەردەولایەکی دەگرتەوە))** [2].

١- کوردستان موکریانی(د)، بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، ل٣٤.
٢- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، چیرۆکی منداڵان، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە(٣)، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٨٠،ل١٣٦

تـا ئێـرە چیرۆکگێـڕەوەی هەموشـتزان بەڕانـاوی نادیـارو لەدەرەوەی ڕوداوەکـان باسی مەڕو بزنەکەی کرد کە چۆن بەخۆشی ژیاون، بەڵام پاش ئەوەی ڕوداوەکان بەرەو گەرمـی دەچـن، جـڵەوی گێـڕانەوەکە دەکەوێـتە دەسـت چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشـتزان و باسەکەمان بۆ تەواو دەکات و دەڵێت:

**((بزنەکە...چووە لای مەڕەکەی پێی گووت: ئەی هاوڕێی خۆشەویستم وەرە با بەهەردوو لا خانووەکی بۆ خۆمان دروست بکەین خۆ لە زستانێ بشارینەوە، مەڕەکە بەفیزێکەوە هەتا تیسکی خوریی دونگی خۆم خۆش بێ، باکم بەسەرماو سۆڵی زستانێ نی یە))** [١]

چیرۆکگێـڕەوەی هەمانشـتزان لەنـاو ڕوداوەکـانەوە باسـی بـێ بـاکی مەڕەکەی بـۆ کردین کە پێویسـتی بە شـوێنێک نیە بۆ ئەوەی خۆی لەسـەرمای زسـتان بشـارێتەوە هەر بـۆیە گـوێی بەداواکەی بزنـی هـاوڕێی نەدا، بەڵام دواتـر جـڵەوی گێـڕانەوەکە دەکەوێـتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و ئەو زانیاری پترمان دەداتێ و دەڵێت:

**((بزنەکە ناچار بەتاقی تەنیا دەستی کرد بەقورو قورکاری خانووەکی بچوکۆلانەی بۆ خۆی دروست کرد....ڕۆژەکی چلەی زستان زریان و شریوە تفت باوێشتایە دەیبەست مەڕەکە بەهەڵە داوان خۆی گەیاندە لای بزنەکەو پێ گوت))** [٢].

دواتر دەنگی چیرۆکگێڕەوە لە هەموشتزانەوە دەگۆڕێت بۆ هەمانشـتزان و چۆنێتی دیالۆگەکەمان بۆ باسدەکات و دەڵێت:

**((هـاوڕێی دڵسـۆزم جـارت ئەو جـارەیە جـێم بـکەرەوە ئەگینـا مەرگ باوەشـی بـۆ کردوومەتەوە**
**بزنەکە: هەر بایی خۆم کردیە هیچ جێی تۆ نابێتەوە..........))** [٣] دواتر چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە تا کۆتای بە چیرۆکەکە دێت و دەڵێت:

**((مەرەکە لەو شەوە ڕەشەبایە، لەو ڕێبەندانە لە پەنا کۆڵێتی بزنەکە ڕەق بوەوە، بەیانی بزنەکە لەخەو هەڵستا دیتی مەڕەکە مردار بۆتەوە پێ یەکانی بڕیەوە کردیە سـەنگ،**

---

١- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، چیرۆکی منداڵان، گۆڤاری نووسەری کورد، ل١٣٦.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

**سـەری لـێ کـردەوە کـردیە کوتـک، ڕیخۆڵەکـانی کـردە گـوریس، پێستەکەشـی کـردە ڕەشماڵچووە بنێ))**[١].

ئەوەی لەم چیـرۆکەدا منـداڵ فێـری دەبێـت وانەی (ئامۆژگـاری و بەگـوێکردن و هاوکـاری و یارمەتیـدانە) منـداڵان نابێـت لەقسـەی کەسـانی لەخۆیـان گەورەتـر دەرچـن و دەبێت هەمیشە بەگوێی بکەن، چونکە بزنەکە دەیزانـی زسـتان سـاردەو دەبێت خۆیـانی بۆ ئامادە بکەن و شوێنێک دروست بکەن تـا لەسـەرماو بەفر خۆیـان بپارێزن، بەڵام مەرەکە گوێی بە قسەی بزنەکە نەداو سەرەئەنجام ڕەق بووە، وانەیەکی تر کە منداڵ فێری دەبێت ئەوەیە کە چۆن مرۆڤ دەتوانێت سـود لەگیانداران وەربگرێت بەخزمەتـی خـۆی بەکاریـان بهێنێـت هەروەک شـیرو گۆشـتەکەی دەخـوات، پێسـتەکەی بەکـار دەهێنێـت بـۆ پـێڵاو و خوریەکەی بۆجلوبەرگ و ڕێخۆڵەی لەکاری دەستیدا بەکار دەهێنێت، ئەمـانە هەمـوو دەبنە بابەتێک کە منـداڵی ئەم قۆنـاغە بەبەردەوامـی پرسـیاری لەبـارەوە بکـات و زانیـاری نـوێ وەربگرێت و دەبێتە هۆکارێک فەرهەنگی زمـانی بەوشـەی نـوێ دەوڵەمەند بێت و زمـانی پاراو بێت بەدیالۆگی چیرۆکەکان.

لەچیرۆکـی (ڕێـوی فێڵبـاز)دا گێـڕانەوەی ئەم چیـرۆکە بەشـێوەی تـێکەڵ و لەلایەن چیرۆکگێـڕەوەی هەموشـتزان و هەمانشـتزانەوە ئەنجـام دراوە، سـەرەتا چیرۆکگێـڕەوەی هەموشتزان بەڕاناوی نادیار دەست دەکات بەگێڕانەوەکەو دەڵێت:

**((ڕێوی یەک بەبیستانی کابرایەکی هەژارو فێربوو بوو....هەموو ڕۆژێ بەشێکی زۆری لێ بـێ کەڵـک دەکـرد، کـابرا دوونـگە مەڕێکـی چەورو گەورەی بەتەڵەیەک وەکـردو لەنـاو بیستانەکە داینا....ڕێوی....گورگیشی لەگەڵ خۆی برد....کە هاڕەی لەبرسان دەهات.....هەتا بەتەڵەکەوە بوو....ڕێـــــوی بەزانـــــایی دوونـــــگە مەڕەکەی لەتەڵەکەوە کردەوە....دەستیبەخواردنی کرد))** [٢]

---

١- عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، چیرۆکی منداڵان، لا١٣٧.

٢-عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، لا٦٢.

هەتـا ئێـرە چیرۆکگێـڕەوەی هەموشـتزان ڕوداوەکەی گێـڕایەوە، بەڵام جـڵەوی گێــڕانەوەکە دەکەوێــتە دەســت چیرۆکگێــڕەوەی هەمانشــتزان و لەنــاو ڕوداوەکەوە زانیاریەکانمان دەداتێ ئاخۆ گورگەکە پاش ئەوەی بەتەڵەکەوە بوو چی لێدێت و ڕێوییەکە چی دەکات:

**((گورگە....بەڕێوی گوت: بەخوا سـەیرە....تەڵە بۆ ڕێوی دانـراوە گـورگ پێوە بـووە..... ڕێویگوتی با خاوەن بیستان بێت.....ئەوجا سەیر خۆش دەبێ))** [١]

دوای ئەوەی ڕێـوییەکە گـورگەکەی تـوش کـردو خۆشـی دوونـگە چەورەکەی خـوارد ئینجـا ڕۆیشـت و گـورگەی بەتەنیـا هێشـتەوە بـۆ لێدان و سـزادانی لەلایەن خـاوەن بێستانەوە، ئینجا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان دوبارە دێتەوە بۆ نـاو ڕوداوەکـان و دەسـت دەکات بەگێڕانەوە:

**((خاوەن بیستانیش گەیشتە سەری و بەخۆی گورگی دایە بەر مەترەقان و سەگەکانیشتێ ی بەربوون و پەل پەلیان کرد))** [٢].

لەم چیرۆکەدا منداڵ دەبێت و هەوڵدەدات بـابەتی ئەم چیرۆکە بکـاتە وانەیەک کە هەرگیـز هـاوڕێیەتی کەسـی خـراپ نەکـات چـونکە سـەرئەنجام وەکـو ڕێـوییەکە توشـی ناخۆشی وگرفتی دەکات و دەبێتە ئاریشە بۆ خێزان و کۆمەڵگاکەی، بۆیە منداڵ هەوڵبدات لەسـنوری ئامۆژگـاری و ڕێنماییەکـانی دایـک وبـاوکی دەرنەچێـت و هەمیشـە گوێڕایەڵیـان بێت، خۆی لەکـارو ڕەفتـاری نەشـیاو بەدوور بگرێـت و نەبێتە مـایەی ئـازارو ناخۆشـی بـۆ خۆی و خانەوادەکەی و هاوڕێکانی.

**قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ:**

گێــــڕانەوەی چیرۆکەکــــانی ئەم قۆنــــاغە، جیــــاوازی هەیە لەگەڵ گێــــڕانەوە لەچیرۆکەکـانی هەردوو قۆنـاغی ڕابـردوو، چـونکە چیرۆکەکـان لەم قۆنـاغەدا، ڕووداو و

---

١- عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، لا ٦٢-٦٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو،لا ٦٣.

بەسەرهاتەکان تێیدا درێژو زۆرن، ژمارەی کارەکتەرەکانیش پترن، ئەمەش بۆ خۆی زەمەنی گێڕانەوە درێژتر دەکات، چونکە دیالۆگ و گفتوگۆ پەیوەستە بەژمارەی کارەکتەرو وادەکات، کە ڕووبەری چیرۆکەکە فراوانتر بێت گێڕانەوەی چیرۆکەکان بەگشتی، لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزانەوە ئەنجامدراوە، لەچیرۆکە هەڵبژێردراوەکانی ئەم قۆناغەدا تەنیا چیرۆکی (ورچی بەسفەت) لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەگێردرێتەوە، ئەگینا ئەوانی تر سەرەتای چیرۆکەکە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەستپێدەکات و دواتر ڕێڕەوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان.

لەچیرۆکی (ورچی بەسیفەت)دا چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان بەڕاناوی نادیار دەست دەکات بەگێڕانەوە، لەزاری ئەوەوە شارەزای بەسەرهات و ڕوداوەکانی نێو ئەم چیرۆکە دەبین، سەرەتای چیرۆکەکە بەمشێوەیەیە:

**(( لەزەمانی زوودا کابرایەکی ڕاوکەر دەبێ هەموو ڕۆژێ دەچێ بۆ ڕاو لەو کەژو کێوانە، ڕۆژێکیان ورچێکی دێتە ڕێ و ڕاوچی دەیەوێ بیکوژێ بەڵام ورچە خۆی دەخاتە سەرپشت و هەر دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان وەک پاڕانەوە، کابرا بەزەیی پێدادێتەوەو نایکوژێ))** (١)

لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان باسی ورچە دەکات کە چۆن بێدەسەڵاتانە کەوتوە لەژێر پێیەکانی ڕاوچی و داوای لێدەکات نەیکوژێت، چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەکەی و دەڵێت:

**(( ورچە دەستی کابرا دەگرێ و دەیبا بۆ بن دارێک.... لولەی تفەنگەکە دەگرێ و ڕووی دەکاتە دەڵە ورچەکەو بەمانای ئەوەی ئەم دەڵە ورچە بکوژە.....پاش ئەوەی کابرای ڕاوچی دەڵە ورچ دەکوژێ، ورچە باوەشی پێدا دەکاو دەیفڕێنێ تا لە گەماڵە ورچەکەی دوور دەخاتەوە.... پاشان بە ئیشارەتی دەست ماڵئاوایی لێدەکاو دەڕوا))** (٢)

---

١- محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، بەرگی یەکەم، ل٤٣٣.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣.

چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەردەوام زانیاری نوێ دەدات بە گوێگرو خۆینەری و لەهەمان کاتیشدا پێیان نالێت ئەم زانیاریانەی لەکوێ دەست کەوتوە، کاتێک ورچەکە داوای هاوکاری لە کابرای ڕاوچی دەکات کە دەڵە ورچەکەی بۆ بکوژێ هۆکاری کوشتنەکەی ئەوەیە کە چووە لەگەڵ گەماڵە ورچێکی تر خەریکی یاریکردن بووە، واتا ئەم زانیاریانە هەموو لە زاری چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزانەوە دەیزانین و پێشتر ئاشنای نەبوین، هەموشتزان بەردەوامە لە گێڕانەوەکەی و دەڵێت:

**((شەوێکیان دنیا زستانێکی ساردو بەفرو بارانە....یەکێک....لەدەرگای ماڵی ڕاوچی دەدا کابرا ترسی لێدەنیشێ و....دەچێ دەرگا دەکاتەوەو تەماشا دەکا ئەمە ورچەکەیەو ... ئیشارەت بۆ مێگەلە مەڕێک دەکا کە خۆی هێناوێتێ....بەینێکی پێدەچێ شەوێکیان دیسان لەنیوە شەودا لەدەرگا دەدرێ....کابرا ....کەدەڕوات دەرگا دەکاتەوە تەماشا دەکا ورچەیەو ڕاست و چەپ جووتێ فیشەکلغی داوە لە خۆی و تفەنگێکی بە دەستەوەیە.....کە بۆ کاری هێناوە))** (١)

لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان تەواوی وێنەکەی بۆ خستینە بەرچاو بەوەی پاش ئەوەی کە ورچە داوای یارمەتی لە کابرای ڕاوچی دەکات و کابراش بەفریای دەکەوێت، ورچەکە ئەمەی لەبەرچاوەو دەیەوێت لەبەرامبەر ئەم کارە چاکەیەی ڕاوچیەکە چاکەی بەرامبەر بکات بۆیە دەبینین لە جاری یەکەمدا مێگەلە مەڕێکی بۆ هێناو لە جاری دووهەمیشدا تفەنگێکی گران بەها، ئەوەی لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا منداڵ فێردەبێت ئەوەیە کە هەر کەسێک هاوکاری بەرامبەر بکات، ئەوا سەرئەنجام دەبێتە جێی ڕێز و خۆشەویستی لەناو هاوڕێکانیدا بەچاوێکی پڕ لەمیهرەبانییەوە تەماشا دەکرێت، گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە منداڵ هاندەدات بۆ ئەوەی فێری بەها بەرزەکانی ژیان بن و هاوکاری یەکتر بکەن، دووربن لە ئازاردانی یەکتری، ڕاستگۆبن، هەروەها گێڕانەوەی چیرۆک، بەتەنیا هۆکار نییە بۆ

---

١- محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، بەرگی یەکەم، ل٤٣٣.

ئاراستەکردنی منداڵ، بەڵکو هەندێجار (( **وەک شێوازێک بۆ دەست نیشان کردن و چارەسەرکردنی هەندێک لە نەخۆشیە دەروونیەکان بەکاردەهێنن، چونکە هەندێک جار بەسەرهات و ڕووداوەکان و ڕۆڵی پاڵەوانی چیرۆکەکان زۆر نزیکن لە ژیان و بەسەرهات و گرفتی زۆر لەو منداڵانەی کە گوێ بیست دەبن یان دەیبینن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سودی لێ وەردەگرن و..... دەرونیان ڕزگاری دەبێت ))** [١].

لەچیرۆکە دیاریکراوەکانی تری ئەم قۆناغەدا گێڕانەوەکەی بەشێوەی تێکەڵیە، سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان ڕوداوەکانمان بۆ باس دەکات و پاشان جڵەوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و بەردەوامی دەدات بە گێڕانەوەکە، نموونەکان زۆرن بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین لە چەند نموونەیەکدا بیخەین ڕوو.

لەچیرۆکی (گایەکەی پاشا و شەڕەگا) نموونەی ئەم جۆرە گێڕانەوەیەمان بەرچاو دەکەوێت و سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەڕاناوی نادیار ڕوداوەکانمان بۆ باس دەکات و دەڵێت:

**((پاشایەک هەبوو زۆر ئارەزوی لەشەڕە گا بوو....پاشا لەشەڕەگادا مەرجێکی دانا بوو، ئەویش ئەوە بوو هەرگایەک بەزیبایە ئەوە پاشا لەسەری خاوەنی گا بەزیوەکەی دەداو گایەکەشی سەر دەبڕی، ئەگەر گای پاشا بەزیبایە ئەوە پاشا بەکێشی گای براوە زێڕی بەخاوەن گایەکەی دەدا....لەگوندی ئەو پاشایەدا، جوتیارێکی هەژار دەژیا ئەو جوتیارە گایەکی لەڕو لاوازی هەبوو ڕۆژێکی جوتیارەکە بەگا لەڕو لاوازەکەی خۆی گوت))** [٢]

لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان باسی پاشاو ئارەزوی پاشاو گایەکەی دەکات و پێمان دەڵێت کە پێشتر گایەکەی پاشا نەبەزیوەو پاشاش لەسەر ئەو بڕیارو نەریتەی خۆی سەری چەندانی پەڕاندووە، هەروەها باسی جوتیارێکیش دەکات کە خاوەن گایەکی لەرشو لاوازەو دەیەوێت بەشداری ئەو پێشبڕکێیە بکات تا ئێرە زانیاریەکان لەزاری چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزانەوە بوو، بەڵام دواتر دەنگەکە دەگۆڕێت و یەکێکی تر لەناوەی

---

١- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیەتی منداڵ، بەشی یەکەم، لا ٧٢- ٧٣.

٢- زیاد محەمەد ئەمین، بووکێ خەمان، لا٩٤.

ڕوداوەکـــان و لەســـەر زاری کارەکتەرەکـــانەوە قســـە دەکـــات و وەکـــو کارەکتەرێـــک ڕوداوەکان باس دەکات ئەویش چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزانە:

**((بریا ....هێندەک قەڵەو بای و بمبردبای بۆ شەڕە گایە جا یان بەزیبای.....یان گای پاشات دەبەزاندو هێندێکت دەوڵەمەند دەکردم و خۆشت قەڵەو دەکرد))** [١]

ئەمە مۆنۆلۆگی کابرای جوتیار بوو کە چیرۆکگێڕەوەی هەمانشـتزان دەیگێڕێتەوە تیایـــدا جوتیـــارەکە بەبەر خـــۆیەوە قســـەی دەکـــردو ئـــاواتەخواز بـــوو کە گـــایەکەی ببیـــــردایەتەوەو لە هەژاری ڕزگـــاری بکـــردایە، بەڵام هەر دوای ئەم دەنـــگە، جـــڵەوەی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت و دێتەوە دەستی چیرۆکگێڕەوەی هەموشـتزان و بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەکەی و دەڵێت:

**((گایەکە ئەگەر گوێی لەم قسانەی جوتیارەکەی خاوەنی بوو، پێی گووت))** [٢] دواتر چیرۆکگێڕەوەی هەمانشـتزان ڕوداوەکـان تەواو دەکات و جڵەوی گێڕانەوەکەی دەکەوێتە دەست:

**((وەرە بمبە بۆ شەڕە گای پاشای! ئەمن ئەو گایەی دەبەزێنم بەڵام ئەو ڕۆژەی ئەگەر چـووین بـۆ شـەڕە گـایەکەی قەرتـاڵێکی بەتـاڵم لەدوایە هەڵگرەو لەسـەر شـانی خـۆتی دابنێ.....بۆ سبەینێ.....جوتیارەکە چۆ نێو مەیدانی شەڕەگا.....گای پاشای....خێرا بۆ لای گا لاتەی هات و ئەمبـازی بوو....لەپاش هێندێک....گای پاشـای بەزی و هەڵات....بەوجـۆرە جوتیارەکە....دەوڵەمەندبوو....جوتیارەکە ...بەگـایەکەی گووت....چۆنـت ئەو گـایە بەزانـد؟ وەختـی خـۆی هەردووکمـان گـۆلکی ماڵێـک بـووین شـەوێکی ئەو برسـی بـوو ئەمنـیش هێندێکم کـا بەقەرزدایەو هەتـا ئێسـتا نەیـداومەتەوە.....جا....چاوی بەقەرتـاڵە بەتـاڵەکەی سەرشانی تۆ کەوت....زانی ئەمن ناسیومەتەوەو قەرزەکەم...لەبیر ماوە بۆیە لەشەرمان بەزی و هەڵات))** [٣]

دوای ئەوەی چیرۆکگێـــڕەوەی هەمانشـــتزان ڕوداوەکـــانی گێـــڕایەوە، دەبینـــین بەڕانـاوی (م) کەسـی یەکەمـی تـاک گێـڕانەوەکەی ئەنجـام داوەو بـوونی وەکـو کەسـێکی

١- زیاد محەمەد ئەمین، بووکێ خەمان، لا٩٤.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا٩٤.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ٩٤-٩٥.

سەربەخۆ یاخود وەکو چیرۆکگێڕەوەیەکی دیار و بینراو هەستی پێکراوە، لەئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە(( **کاریگەری گێڕانەوەی چیرۆک و دەرکەوتنی ئەنجامی باش یاخود خراپی چیرۆک لەسەر منداڵ، دەکەوێتە سەر جۆری چیرۆکی هەڵبژێردراو و هەروەها ئەو ژینگە و شوێنەی کە چیرۆکەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە))** (١)، چونکە ئەو جۆرە چیرۆکانە، ئەگەر لەجیهانی منداڵانەوە نزیک نەبوون نەیتوانی مێشکییان بکاتەوە و گۆڕانێک لە بیر و هزری منداڵان ئەنجامبدات زمانی قسەکردنیان بگۆڕێت، ئەوا ئەو چیرۆکە لە منداڵان نزیک نییە و کاریگەرییان بەسەرەوە جێناهێڵێت و نابێتە ڕێگایەک کە منداڵان ژیانی ئاسوودە بدۆزنەوە و فێری وانەی پەروەردەیی و ئەخلاقی و بەها جوانەکانی ژیان بن، پێویستە ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵی هەڵدەبژێرین تا بۆی بگێڕینەوە بەلای کەمەوە سێ خاڵی گرنگ لەبەرچاو بگرین ئەوانیش:

١- تەمەن. ٢- لایەنی دەروونی منداڵ. ٣- ژینگەی منداڵ (دەشت ، شار)

لەم چیرۆکەدا ئەنجامی کاری چاکەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە کاتی خۆیدا گایەکە بەرامبەر گای پاشا کردوویەتی ئەگەرچی منداڵ کاتێک، کە گوێی لەم چیرۆکە دەبێت بیر و مێشکی دەکرێتەوە، کە چۆن دوو گیاندار چاکە بەرامبەر یەکتری دەکەن، هەروەها فێردەبێت ئەمیش چاکە بکات و دەستی یارمەتی بۆ هاوڕێکانی درێژ بکات و هاوکاریان بێت ئەم گێڕانەوەیە ڕووحی هاندان لە منداڵدا دەسازێنێت.

لە چیرۆکی(ئەنجامی تەماحکاری)دا نموونەیەکی تری گێڕانەوە دەبینین لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزان، کە لەنێو چیرۆکەکەدا نموونەیەکی هونەری بەرز پێشکەش دەکەن، سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەڕاناوی نادیار لەدەرەوەی ڕوداوەکان دەست دەکات بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەو دەڵێت:

---

١- بتزنر، الطفل و دراسه ألأدب، ت: ماهر کامل(د)، مطبعه لجنه البیان العربی، القاهره، ١٩٤٨، ص ٥٦.

**((دەگێڕنەوە لەزەمانی کۆندا شوانێکی هەژار هەبوو هەموو ڕۆژێ ڕانە مەڕەکەی دەبرد بۆ هەردەو دەشتاییەکی دوور لە ئاوایی و لەوێ دەیلەوەڕاندن، ڕۆژێک لە نزیک کەڵەکە بەردێکەوە، لای نیوەڕۆ مەڕێکی گرت و شیرەکەی دۆشییە جامێک و داینا چوو نانە بەرەکەی بێنێ بۆ ئەوەی نان و شیر بخوا لەدورەوە چاوی لێبوو مارێک....شیرەکەی هەڵقوڕاند.....لیرەیەکی گرتە دەمەوەو خستیە جامەکەوە....شوان....لەخۆشیا پێی وە زەوی نەدەکەوت....ئەم کارە بوو بە پیشەی گشت ڕۆژەی کابرای شوان و بەمجۆرە بوو بە خاوەن پارەو ....بڕیاریدا بچێ بۆ حەج، کابرا پێش ئەوەی سەفەری حەج بکا کوڕەکەیبانگ کردو ئەم ڕازەی لا درکاند))** [١]

چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەکەی و دەڵێت:

**((کوڕە لەپاش ڕۆیشتنی باوکی.....ڕانەکی بردە سەر کەڵەکە بەردەکە.....چوو لە دوورەوە تەماشای کرد بزانی چی ڕوو دەدا، مار وەک جاران....شیرەکەی هەڵقوڕاندو لیرەیەکیتێخست))**

بەڵام دواتر ڕێڕەوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان و ئەو بەردەوامی دەدات بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەو دەڵێت:

**((کوڕە...باشە بۆ من ڕۆژە ڕۆژە چاوەڕێی لیرەیەک بم؟ ئەی بۆ ئەم مارە نەکوژم و هەموو گەنجینە بۆ خۆم دەربێنم؟))**[٢]

دەبینین ڕوداوەکان لەنێوان چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزاندا دێت و دەچێت، لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان جڵەوەی گێڕانەوەکە وەردەگرێتەوە و بەردەوامی دەداتێ:

**(( بۆ ڕۆژی دوایی شمشێرێکی لەگەڵ خۆی هێنا.....مارەکە هاتە دەرەوە بۆی داهێنایەوەو بەر کلکی کەوت و قرتاندی......بۆ ڕۆژی ئایندە کوڕە جامە شیرەکەی دانا....لەپڕ مار فیشکاندی و پەلاماری کوڕەی داو دای بەتەوقی سەریەوەو وەک دار ڕەقی کرد))** [٣]

پەیامی ئەم چیرۆکە ئەوەیە لەژیانی ڕوژانەدا مرۆڤەکان دابەشی سەر دوو لایەن دەبن، لایەنێکیان چاکە دەکات و دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ بەرامبەر درێژ دەکات،

١- محەمەد حەمە ساڵح توفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، ل٤٣٩.

٢- سەرچاوەی پێشوو،ل٤٣٩-٤٤٠.

٣- سەرچاوەی پێشوو،ل٤٤٠.

بەڵام لایەنی بەرامبەر وەکو پێویست وەڵامی چاکەی بەرامبەر ناداتەوەو بگرە هەندێک جار بەرەفتاری ناشرین و کاری نەشیاو وەڵامی دەداتەوە، ئەگەرچی منداڵ دەتوانێت جیاوازی لەنێوان ئەو دوولایەنەدا بکات، لەهەمان کاتدا گێڕانەوەکە هۆکارێک دەبێت کەوا لەمنداڵ بکات بیر و هزری بجوڵێنێت و توانای جیاکردنەوەی هێزی خێر لە هێزی شەڕی هەبێت، ئەگەر ئەم چیرۆکانە (( **لەسەردەمانی کۆندا...... بونیادی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەی پێکهێنابێت))** [1]. ئەوا ئێستا کاریگەری خۆی لەسەر جۆری بیرکردنەوەی منداڵاندا جێدەهێڵێت و وایان لێدەکات کە خۆیان هێزی جیاکردنەوەی ڕێگای باش و خراپیان هەبێت.

لەچیرۆکی( شانس و بەخت)دا، کە نموونەیەکی تری گێڕانەوەی چیرۆکە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزان، تیایدا سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەڕاناوی نادیار چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

**(( کابرایەکی گێلی ماڵ وێران هەبوو هەرچی پێیان دەگوت کارێ بکە، دەیگوت جا بۆ لە خۆڕا خۆماندوو کەم بەختی من لە مێژە نوستووە ئاخر هێندەیان پێ گوت جاڕز بوو هەتا وای لێهات ڕۆژێکی قەراری دانا وە دوو بەختی خۆی کەوێ و لەوێ وە خەبەری بینێ زۆر ڕۆیی کەم ڕۆیی تووشی گورگێکی بوو گورگە هەرای کرد))** [2]

چیروکگێڕەوەی هەموشتزان باسی کابرایەکی تەمبەڵی ئیش نەکەر دەکات کەچۆن دەیەوێت بەختی نوستووی خۆی بدۆزێتەوەو بەخەبەری بێنێت، ئەگەرچی ئەمە کاری ئەو مرۆڤانەیە کە هەرگیز باش بیر ناکەنەوەو پێیان وایە هەژاربوونی ئەوان پەیوەندنی بەبەخت و شانسەوە هەیە، دوای ئەم قسانە دەنگی چیرۆکگێڕەوە دەگۆڕێت و چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان دەست دەکات بەکاری گێڕانەوەو بەدیالۆگی نێوان کابرای گێل و کارەکترەکانی تر دەست پێدەکات و دەڵێت:

١- عەبدوڵڵا ڕەحمان، بنیاتی گێڕانەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، لا ١٣.
٢- بەبێ ناوی کۆکەرەوە، چیرۆک بۆ منداڵان، گۆڤاری سروە، ژمارە(٦)، چاپخانەی ئیران چاپ، ئورمیە، ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، لا٥٠.

**((مامە ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ کابرا: دەچم وە دووی بەختم دەکەوم.**
**گورگ: دەباشە ئەگەر بەختت دیتەوە لێی بپرسە بۆچی ئەمن هەرچی دەخۆم تێرنابم؟**

**کابرا بەچاوان شەرت بێ ئی تۆشی پێ بڵێم))** [١] دواتر کابرایەکی جوتیار پێی دەگات و بەکابرای گێلە دەڵێت ئەگەر بەختت دیتەوە لێی بپرسە: **((بۆچی ئەمن چەند ساڵە لەسەر ئەو پەڵە زەوی یەی کارێ دەکەم بەڵام قەتم هیچ نیە و زەویەکەم تۆویش ناکا))** [٢] دواتر دەگاتە مەملەکەتێک و پاشای وڵات پێشوازی دەکات و پێی دەڵێت لەبەختت بپرسە **((ئەمن ئەو مەملەکەتەم لەبەر دەستی دایە....کەچی قەت دڵم ناپشکوێ بزانە لەبەر چی))**[٣] لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان ڕوداوەکانی بۆ باسکردین بەڵام پێش ئەنجام نەکەوت و زانیارییەکانی ئەوەندە زۆر نەبوون ئاخۆ بزانین ئەنجامی کابرای گێلە بەچی دەگات بۆیە چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان لەبەر ئەوەی خۆی وەکو کارەکتەرێکی نێو ڕوداوەکانە لەوە زیاتر نازانێت بۆیە دەبێت هەنگاو بەهەنگاو بچینە پێشەوە، سەرئەنجام کابرای گێلە دەگاتە بەختی خۆی و ئەویش لێکدانەوە بۆ ئەو داخوازییانە دەکات کە بەکابرای گێلەیان وتوە:

**((بەخت وتی: پاشا مێردی بکا چاک دەبێ..... بەکابرای جوتیار بڵێ زەوییەکەی خەزێنەیەکی تێدایە دەریبینێ زەوی یەکە چاک دەبێ.....بەگورگەش بڵێ پیاوێکی کەر بخواتێر دەخوا))** [٤]

پاش ئەوەی کابرای گێلە لای بەختی گەڕایەوەو پاشای جێهێشت و جوتیارەکەشی جێهێشت گەیشتەوە لای گورگە و کە ڕوداوەکەی بۆ باسکرد گورگە وتی **(( ئەگەر وابێ لە تۆم کەرتر وەگیر ناکەوێ گرتی خواردی و ئاسودەو ڕەحەت))** [٥]

---

١- بەبێ ناوی کۆکەرەوە، چیرۆک بۆ منداڵان، گۆڤاری سروە،ل٥١-٥٢.
٢- بەبێ ناوی کۆکەرەوە، چیرۆک بۆ منداڵان، گۆڤاری سروە، ل٥٢.
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.
٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.
٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

لەم چیرۆکەدا بیرو هـزری منداڵ دەجوڵێت بۆ لێکدانەوەو هەڵسـەنگاندنی عەقڵی کـابرای گـێلەو لای خۆیـانەوە گـاڵتەی پێدەکەن و لێکیـدەدەنەوە، ئەگەر هەر یەکێکیـان لە جێگەی کابرای گێلە بوایە ئەوا بە وریایی و زیرەکیەوە مامەڵەی دەکردو نەیدەهێشت ئەو هەمــوو دەســتکەوتەی لە دەســت بچێــت، ئەوا خێــرا ئەو هەلەی دەقۆســتەوەو خــۆی پێدەگەیاند، لێرەوە منداڵ ئەندازەی بیرکردنەوەو هەڵسـەنگاندنی بۆ ژیانی خۆی و بۆ دەوروپشـــت هەیە و تـــا ڕادەیەک دەزانێـــت ئەو کـــارەی بەرامـــبەر دەیکـــات تاچەنـــد سەرکەوتووە، کاتێک چیرۆکگێڕەوە

دەستدەکات بەکاری گێڕانەوە، هەر زوو(( **کاریگەری خۆی لەسەر گێڕانەوە دادەنێت وەک ئەوەی دەکەوێــتە نێــوان قارەمانەکانەوە،یــان دەبێــتە لایەنــداری یەکێکیــان، یــان دەستەیەکەیان))**[١].

ئەوەی ئەم هەسـتە لای منـداڵ جـۆش دەدات هێـزی گێـڕانەوەکەیە، چـونکە منـداڵ کاتێـک ڕووداوێـک یـان چیرۆکێکـی بـۆ دەگێـڕیتەوە، دەتوانێـت لەڕووی دەروونیـیەوە هەڵیسەنگێنیت ئاخۆ پێی کاریگەربووە یان نا، بەڵام لەم جۆرە چیرۆکانەدا منداڵ بەئاسانی پشتی چاکەو ڕەوشتی جوان و بیرو هزری باش و لێکدانەوە ڕاستی دەگرێت و دەیەوێت زوو چیرۆکەکە کۆتایی بێت، بۆ ئەوەی بزانێت کەسانی خراپ یاخود گێل و تێنەگەیشتوو ئەنجامیـان بەچـی دەگـات، یـاخود چیـان لـێ بەسـەر دێـت. هەوڵـیش دەدات ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی هەبێت و خۆی بپارێزێت، لە کەسـی خـراپ و تێنەگەیشـتوو، بەڵام هـیچ کـات ساردی ناکاتەوە لەکاری چاکە و هاوکاریکردن، گێڕانەوەی ئەم چیرۆکـانە مێشـکی منـداڵ دەکاتەوە بەرامبەر بە ژیـان و جیاکردنەوەی هێزی خێر لە هێزی شـەڕ، یارمەتی دەدات خۆی لابدات لەکاری خـراپ و نەزانین چـونکە ئەنجـامی نەزانین بەرەو هەڵدێری دەبـات، بەڵام زانـین ئاڕاسـتەی دەکـات بـۆ داهـاتوو، ئاسـۆی ژیـانی پرشـنگدار دەبێت، گێڕانەوەی

---

١- حەمە فەریق حەسەن، تارمایی نوسەر لەپشت حیکایەتبێژەوە، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە(٨٤)، کەرکوک، ٢٠١١، لا ٤٢.

چیرۆک بیرو هزرو لێکدانەوەی منداڵ چالاک دەکات و گەشەی پێدەکات و نایەڵێت بەئاسانی تووشی گرفت و ئاریشەبێت.

**٤- قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ:**

گێڕانەوەی چیرۆک لەم قۆناغەدا، جیاواز وتایبەتمەندە، چونکە منداڵ لەڕووی مەودای عەقڵیەوە، جۆرە هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە ناوە و لێکدانەوە و شرۆڤەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ هەڵسەنگاندن و ئەنجامی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، ئەوەی چیرۆکگێڕەوە لەسەر شانێتی ئەوەیە، کە ئەو چیرۆکانەی دەیگێڕێتەوە، بۆ منداڵی ئەم قۆناغە ببنە جێی بڕوا و کاریگەریان بەسەرەوە هەبێت، چونکە وەکو دەزانین(( **گێڕانەوە بەرهەمی کارێکە گێڕەڕەوە ئەنجامی دەدات))** [١] بۆیە دەبێت چیرۆکگێڕەوە کارێک بکات ئەنجامی هەبێت و بەرهەمداربێت. لەچیرۆکە هەڵبژێردراوەکانی ئەم قۆناغەدا گێڕانەوەی چیرۆکەکان سەرەتا لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە ئەنجامدەدرێت و پاشان ڕێڕەوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەستیچیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان، کە ناوەڕۆک و مەبەست و مەغزای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە جیاوازییان هەیە، هەر ئەم جیاوازییەشە وایکردووە کە عەقڵی منداڵ بکاتەوەو بیخاتە سەر کەڵکەڵەی پرسیار و مێشکی بجوڵێنێت، هەروەها ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لەم چیرۆکانەدا هەن، هاوکارییەکی باشی منداڵی ئەم قۆناغە دەکەن، کە لەڕووی قسەکردنەوە تەکانێکی تر بدەنە گفتوگۆی خۆیان لەگەڵ بەرامبەردا، گێڕانەوەی چیرۆک و باندۆری لەسەر منداڵ جێگە و پێگەی خۆی هەیە و هەوڵدەدات نەقشێک لەبیر و هزری منداڵدا هەڵکەنێت کە هیچ کات ڕەش نەبێتەوە، بۆیە گێڕانەوەی چیرۆک هەمووکات

کاریگەری خۆی هەبووە لەنێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا، چونکە(( **هەموومان درک بەوە دەکەین کە تا چەند پێویستیمان بە چیرۆک و گێڕانەوەی چیرۆک هەیە، چونکە**

---

١- بەهزاد فەتاح خورشید، هونەری مۆنۆلۆگ لەڕۆمانەکانی(ڕێواس ئەحمەد)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٤١.

**ئەو چیرۆکانەی کە دەیخوێنینەوە یاخود گوێمان لێ دەبێت هاوکار و یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ هەست کردن بەمانای ژیان))** [١].

لەچیرۆکی(باخەوان و مار)دا دەبینین چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان سەرەتا بەڕاناوی نادیار دەست بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان و دەڵێت:

**((باخەوانێک هەبوو. ڕۆژێ خەریکی ئاودێری بوو، دیتی مارێکی ڕەش لەناو پووش و پەڵاش هاتە دەرەوەو بەرەو ڕووی هات باخەوان خۆی ئامادە کرد پەلاماری مارەکە بداو بیکوژێ بەڵام مارەکە پێش ئەوەی بگاتە لای ڕاوەستا سەری قیت کردەوەو دەمی کردەوەو لیرەیەکی زێڕی فڕی دایە سەر زەوی و تەماشای باخەوانەکەی کردو....لەناو پووش و پەڵاشەکە بزربوو....ڕۆژی پاشی....دیسان دەمی کردەوەو لیرەیەکی فڕیدایە سەر زەوی))** [٢].

دواتر دەنگی چیرۆکگێڕەوە دەگۆڕێت، واتە لە هەمووشتزانەوە دەبێتە دەنگی چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان: **((مارەکە گوتی: کاکی باخەوان بیری خراپ مەکەوە، وا مەکە تەماع بتگرێ))** [٣] دەبینین چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان کە بەڕاناوی (م) کەسی یەکەمی تاک ڕوداوەکان باس دەکات لەوە زیاتر زانیاری نیەو هەر زوو جڵەوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزانەوەو درێژەی دەداتێ:

**((باخەوانەکە لە ترسا هەموو گیانی چرک و هۆڕ لەرزی، قەت نەیدەزانی مار قسە دەکا، زانی مارەکە تێگەیشتووە چی لە دڵدایە.....باخەوانەکە گەڕایەوە کەوێڵەکەی خۆی....ژنەکەدیتی پیاوەکەی...داماوە بەڵام نەیوێرا...لێی بپرسێ))** [٤]

دواتر ڕوداوەکان بەرەو پێش دەچن و گێڕانەوەکەی دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان و درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت:

**((باخەوانەکە گوتی: ئەوە دوو ڕۆژە مێشکم بەم کارەوە خەریکە.....ژنەکە...گوتی: پێش دوو حەفتە....فەرخە مارێکی بچوکم دی....نەمکوشت....مارەکە گوتی: هەموو**

---

١- برو جودوین، کتب ألأطفال (دراستها و فهمها)، ت: عائشه حمدی، مطبعه مجموعه النیل العربیه، القاهره- مصر، ٢٠١،ص٣٥.

٢- عەزیز گەردی، هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان، ل٢٨٩.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٠.

٤ - سەرچاوەی پێشوو، ٢٩١.

**ڕۆژێ....وەرنە ئێرە دوو لیرەتان دەدەمێ بەڵام نابێ لای کەس باسی بکەن))** [1].

ئەگەرچی ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەی، کە لەلایەن چیرۆکگێڕەوە دەگێڕدرێنەوە لەڕابردوودا ڕوویداوەو بەشێکن لەڕابردووی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت ئەوەیە کە(( **گێڕانەوە دۆزینەوەی ڕابردووە لەئێستا**)) [2]دا کاتێک ڕووداوێک دەگێڕینەوە ئەوا زەمەنی ڕابردوو دەناسین و شارەزایی لەسەر پەیدادەکەین، وانەی جۆراوجۆری لێ فێردەبین منداڵ کاتێک کە چیرۆکێکی بۆ دەگێڕیتەوە ئاشنای دەکەی بەو دەورو زەمەنەی کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوویداوە مێشکی دەجوڵێت، بیردەکاتەوە ئاخۆ ژیان لەو سەردەمەدا چۆن گوزەراوە مرۆڤەکان چۆن ژیاون.

لەچیرۆکی (زەردەخەنەی باوکێک)دا نموونەیەکی تری گێڕانەوەی چیرۆک لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزانەوە بەدی دەکرێت و بەشێوەیەکی تێکەڵ گێڕانەوەکە ئەنجام دەدەن، چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان زۆرجار بەڕاناوی نادیار یاخود بە ڕاناوی(ئەو) کەسی سێیەمی تاکی سەربەخۆ ڕوداوەکانمان بۆ باس دەکات لەم چیرۆکەدا نموونەی ئەم کارە دەخەینە ڕوو سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەمشێوەیە ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە:

**((جوتیارێک باوکی چوو بووە ساڵەوە، پیرو کەنەفت بوو بوو ڕۆژێک کردییە کۆڵ جەوەنگەیەک ئاو و توێشەبەرەیەک نانیشی لەتەک خۆیدا بردو لەئاوایی تەقییەوە. دەمەو ئێوارە گەیشتە دەم ئەشکەوتێک لەزاری ئەشکەوتەکە باوکی دانا جەوەنگە ئاوەکە و توێشەبەرە نانەکەی بۆ جێ هێشت....باوکەکە خۆی لێڵ نەکرد بەڵکو بەزەردەخەنەیەک وەڵامی کوڕەکەی خۆی دایەوە.کوڕەش لەم زەردەخەنەیە حەپەساو پێەی ڕێی دانەگرتبگەڕێتەوە لەباوکی پرسی))** [3]

بەڵام دواتر دەنگی چیرۆکگێڕەوە لە هەموشتزانەوە بۆ هەمانشتزان دەگۆڕێت و لەسەر زاری کارەکتەرەکانەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدرێت:

١- عەزیز گەردی، هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان، ٢٩١.
٢- حاتم الورفلي، بول ريكور (الهويه و السرد)، مطبعه التنوير، بيروت- لبنان، ٢٠٠٩، ص ٨.
٣- حەمە فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی، ل٧٣.

**((لەوە دەچێت ئەم زەردەخەنەیە نهێنیەکی تێدا بێ نارۆم هەتا پێمی نەڵێی))** [(١)] پاشان چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان دێتەوە:**((باوکەکە هەر بەدەم زەردەخەنەوە وتی))** [(٢)] پاشان دەنگی چیرۆکگێڕەوە بۆ چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان دەگۆڕێت و ڕوداوەکان لەسەر زاری ئەوەوە بەردەوامی دەبێت و دەڵێت:

**((کاتی خۆی باوکم وەک ئێستای من بەساڵدا چوو بوو پێویستی بە خزمەتکردن بوو ئێوارە وەختەیەک لەگەڵ توێشەبەرەیەک نان و جەوەنگەیەک ئاودا کردمە کۆڵ و لەزاری ئەم ئەشکەوتەدا دام نا و خۆم گەڕامەوە باوکیشم دایە دەست سەرماو سۆڵەو دڕەندەی کێو وا ئێستا هەمان ڕەفتار بەرەو ڕووی خۆیشم دەبێتەوە...بۆیە زەردە دەمگرێ))** [(٣)]

پاشان کۆتایی چیرۆکەکە دەکەوێتە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و ڕوداوەکانمان بۆ بە کۆتا دەهێنێت و دەڵێت:

**((کوڕە کە ئەمەی لە باوکی خۆی بیست.....لەکردەوەی خۆی پاشگەز بووەوە باوکیکردەوە کۆڵ و ڕێ و ڕێ بردییەوە ماڵ تا ئەو ڕۆژەی مرد خزمەتی کرد))** [(٤)]

لەم چیرۆکەداو بۆ منداڵی ئەم قۆناغە وانەیەکی (پەروەردەیی، ئامۆژگاری، ڕێنمایی، ڕێزگرتن، هاوکاری و یارمەتیدان)ی تێدایە کە دەبێت منداڵان ئازاری دایک و باوکیان نەدەن و نەبمە مایەی سەر ئێشە بۆیان، چونکە هەر دایک و باوکە دەبێتە ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ژیانی منداڵ و بەردەوام هەموو هەوڵیان ئەوەیە بەپەروەردەیەکی باشەوە گەورەیان بکەن و پێیان بگەیەنن. منداڵ لەم چیرۆکەوە گەورەیی دایک و باوکی بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەوڵدەدات لە قسەو ئامۆژگارییان دەرنەچێت.

لەچیرۆکی (محۆی پاڵەوان)دا نمونەیەکی تری بەرزی هونەری گێڕانەوە دەبینین کە چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزان ئەنجامی دەدەن و کاریگەری و باندۆری

---

١- حەمە فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی، ل٧٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

٤- سەرچاوەی پێشوو،ل٧٣-٧٤.

خێرا بەسەر خوێنەرو گوێگرو منداڵی ئەم قۆناغەوە جێدەهێڵن، سەرەتای چیرۆکەکە لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزانەوە ئەنجام دراوەو بەمشێوەیە دەست پێدەکات:

**((دەگێڕنەوە لەناو خێڵێکی ڕەوەنددا، کابرایەکی بلیمەت دەبێت ناوی (میر محۆ) بووە، ئەم کابرایە تا بڵێی ئازا و نەبەز و لێهاتو و قسەزان و چاوتێر بووە تەنانەت، کە شەوێک نەهاتبایە دیوەخانەوە ماتەمی خەڵکەکەی دادەگرت و زۆرجاریش کە پێویستیان بەچارەسەرکردنی گیروگرفتێک هەبایە دۆش دادەمان و هەناسەی داخ و ئەسەفیانهەڵدەکێشا و ڕاست وچەپیان دەکرد کەسیان وەک (محۆ) بەرچاو نەدەکەوت))** [١]

لێرەدا دەبیبنین چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان زانیاریەکی زۆرمان لەسەر میر محۆ دەداتێ و ئاشنای لێهاتووی و ئازایەتی و جوامێری ئەو مرۆڤەمان دەکات کە خەڵکی چەند ڕێزیان گرتوەو خۆشیان ویستوە، چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان بەردەوامە لەباسی میر محۆ و هێشتا جڵەی گێڕانەوەکەی بەدەستە:

**((ڕۆژێکیان، میر محۆ زۆرماندوو دەبێت...... هەر لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا خۆی دەکات بەژێر نوێن دا و لێی دەخەوێ..... خەونێکی دڵ تەزێنی بینی...... هەرکە بەیانی زوو لەخەو هەڵسا..... ڕووی کردە دیوەخان..... چووە پاڵ مامی یەوەو قسەی بەخەڵکەکە بڕی و ئەو خەونە دڵتەزێنەی بۆ گێڕانەوە.....مامی ئەو قسیەی بیست تا هێزی تێدابوو نەڕاندی بەسەریدا و سەرزەنشتی کرد.... محۆ لەم هات و هاوارەی...مامی....زۆر توڕەبوو....خێزانەکەی کۆکردەوە و ئەسپەکەی زین کرد و بەرەو ڕێگایەکی نادیار و هات و نەهات، کەوتە ڕێ... گەیشتنە نزیک کۆشک و تەلارێکی بەرز....... بارەکەیان داگرت..... یەکێک لەدەست و پێوەندەکانی پاشا دەیانبینێ بەزووترین کات دەچێتە لای پاشا..... پێی دەڵێ))** [٢]

بەڵام دواتر دەنگی چیرۆکگێڕەوەی چیرۆکەکە دەگۆڕێت و چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان بەڕاناوی (م) درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت:

**((گەورەم کابرایەکی نەشارەزاو غەریب بەخۆی و خێزانەکەیەوە کە کەس نازانێ خەڵکی کوێ یەو بۆچی هاتووە لەنێو باخچەکەی ئێوەدا ڕەشماڵێکی هەڵداوەو بێ باکانە دێت و دەچێت))** [٣]

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا١٤.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.

٣- سەرچاوەی پێشوو، لا١٦.

لەپەرەگرافێکی تری چیرۆکەکەدا دەکرێت

**(( هەندێک لەپرۆسەکانی ژیری، لەڕێگەی لەبەرکردن و گێڕاندنەوەی چیرۆکەوە دەتوانرێت گەشەی پێ بدرێت و منداڵ لەسەریان ڕابهێنرێت))** [١].

هەربۆیە چیرۆک و گێڕانەوەی چیرۆک بۆ خۆی یەکێکە لەهۆکارەکانی فێربوون، چیرۆک منداڵ فێری بیرکردنەوەی جوان و قسەی جوان و ئادابەکانی نێو مەجلیس و ڕێزگرتنی ئەو خوورەوشتە کۆمەڵایەتییانەی کە لەنێو کۆمەڵگەدا هەن دەکات، ئەگەرچی ئەمیش لەسەرەتادا چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و پاشان چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان دەبێتە هاوبەشی، بەڵام لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا منداڵ ئاشنای لایەنێکی تری ژیان دەبێت بەوەی مرۆڤی باش و ڕێک وپێک هەمیشە جێگەی ڕێزو خۆشەویستی خەڵکە.

لەچیرۆکی (ئازایەتی لاوێک)دا نموونەیەکی تری گێڕانەوەی هاوبەش دەبینین لەلایەن چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان و هەمانشتزانەوە، هەروەکو دیارە سەرەتا چیرۆکگێڕەوەی هەموشتزان باسی ڕوداوەکان دەکات و دواتر دەنگەکە دەگۆڕێت و چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان دێتە جێگەی و بەردەوامی دەدات بە گێڕانەوەکە، سەرەتا چیرۆکگێرەوەی هەموشتزان دەڵێت:

**((لە گوندێک لەگوندەکانی کوردستاندا پیاوێک دەبێت کچێکی یەکجار شۆخ و شەنگ و ناسک و جوان و لەباری دەبێت، شەوێک لەشەوان وەک شەوانی پێشوو جاحێڵ و پیران لەدیوەخاندا کۆدەبنەوە و دەست دەکەن بەقسەی خۆش و نوکتە گوتن و گێڕانەوەی حیکایەت و بەزم و ڕەزم و پێکەنین، پاش ئەوانە باس دێتە سەر باسی گرەو کردن،.......باوکی کچە....... دەڵێ ))** [٢]

دواتر دەنگی چیرۆکگێڕەوە لە هەموشتزانەوە بۆ هەمانشتزان دەگۆڕێت :

**((من گرەوێکتان لەگەڵدا دەکەم..... کێ لەئێوە دەتوانێت بەم شەوە بچێت بۆ فڵان گۆڕستان چێشتێکی ساوارم بۆ لێ بنێ و جێی بێڵێ و هەربەم شەوەش بگەڕێتەوە ئیتر**

---

١- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیەتی منداڵ، بەشی یەکەم، لا ٧٢.

٢- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، لا٢٣.

**من کچەکەی خۆمی پێدەبەخشم..... لەپڕ کوڕێکی جاحێڵی خوێن گەرم..... دەڵێ من دەچم))**[1]

منداڵ لەگەڵ ئەوەی تەمەنی بەرەو سەر هەڵکشاوە، بەئەندازەیەک لە مانای خۆشەویستی دەزانێت و تێدەگات گرەو کردن چیە و بۆچیە، هەر بۆیە کاتێک ئەم چیرۆکە دەبیستێت ئارەزوو دەکات تا کۆتای گوێی بۆ بگرێت و بزانێت ئەنجامەکەی بە چی دەگات، پاشان دەنگی چیرۆکگێڕەوە بۆ هەمانشتزان دەگوڕێت و لەناو ڕوداوەکانەوەو لەسەر زمانی کارەکتەرەکان بەتایبەتی باوکی کچەکە ئاشنای بەسەرهاتەکە دەبین :

**((بەخوای ئەو کوڕە کوڕێکی یەکجار چاونەترس و ڕەشید و نەبەزە، ئەوە دەچێ لەم گۆڕستانە چێشت لێ دەنێت و بەبێ سێ و دوو لێ کردنیش کچەکەم لێ دەستێنێ وا چاکە هەر ئێستا بچم لە گۆڕستان کارێکی وای پێ بکەم... لەجێی خۆی گیانی دەرچێ))**[2]

پاشا ئەوەی ڕوداوەکان گەرمتر دەبن، منداڵی ئەم قۆناغە ئارەزوی گوێگرتنی زیاتر دەبێت و لەم کاتەدا چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان لەسەر زاری باوکی کچەکە دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵ کوڕە ئازاکەو پێیدەڵێت:

**((لەو چێشتەی لێت ناوە بەشی منیش نادەی؟ کوڕەش بێ ئەوەی خۆی تێک بدا یان بشڵەژێ... ئەی مردوو من ئەم چێشتەم بۆ زیندووان لێناوە،..... باوکی کچە .... لەدڵی خۆیدا دەیگوت: بەخوا ئەمجارە بەم گرەوە کچەکەی خۆم لەکیس دا..... بەم جۆرە گرەوەکە کۆتایی هات و ئەم کوڕە ئازایە بەئاوات و مەرامی دڵی خۆی گەیشت))** [3]

گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئەوەی یارمەتی دەدات بۆ دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی زمانی و فراوانبوونی، لە هەمان کاتیشدا زمانی پاراو دەکات و وایلێدەکات لەقەسەکردندا بێ گرفت بێت، هەروەها فێری چۆنێتی دیالۆگی دەکات کە چۆن مرۆڤەکان قسە دەکەن و بەرامبەریش چۆن گوێ دەگرێت و قسەی بەرامبەر

---

١- بەهاددین جەلال مستەفا، شەوانی جاران، ل٢٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

نابڕێت، واتا منداڵ لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگ و زمانەکەو بیرکردنەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت، فێری ئاکاری جوان و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئادابی ناو مەجلیس و دانیشتنەکانیش دەبێت کە ئەو بەشێکە لەو کلتور و فەرهەنگەی منداڵ، ئەمانە هەموو بەسەر یەکەوە هاوکارو هۆکار دەبن لەپێگەیاندنی منداڵ لەسەر بنەمایەکی دروست و ئاڕاستەکراو بۆ داهاتویەکی باش و پرشنگدار.

## فەرهەنگی زمانی چیرۆکەکان بەپێی تەمەن

### قۆناغی یەکەم: تەمەنی (٣-٦ ) ساڵ:

منداڵ لەم قۆناغەدا، ئەگەرچی فەرهەنگە زمانییەکەی سنووردارە، لەهەمان کاتیشدا ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لەئەنجامی گێڕانەوەی چیرۆک بۆی چنگی دەکەوێت، بەهەمان شێوە کۆمەڵە وشەیەکی نوێ بە ئەندازەی باری زانیاری و تێگەیشتنی خۆی دەبیستێت، یاخود فێردەبێت، بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی چیرۆکە دیاریکراوەکانی ئەم قۆناغەدا ئەم وشانە فێردەبێت کە سەبارەت بەمنداڵی ئەم قۆناغە نوێیە و پێشتر نەیبستووە، ئەگەرچی ژینگە وشەکان جیاوازن لەنێوان شارو گوندا، بەڵام منداڵی ئەم دوو ژینگەیە کاتێک گوێی لە وشەکان دەبێت لێیان تێدەگات ئەوانیش:

(نێچیر، کونجی، مریشکی قەڵەو، زۆرانبازی، پووشکە، ڕاپێچا، قوڕەلیتە، تەقی، بەران، ، گرفتار، بەند، سازگار، کتک، سپڵە،کەڵەباب، مرواری، هەڵنیشتبوو، تەقەلا، هەوڵ، حەسانەوە، نێچیرەوانێک، ئێستر، گۆپاڵ، دوگرد، بۆڵەبۆڵ، پاسەوان، نۆش، پەرۆش، مۆخ، چەپۆک، دەرمان، ئاژاوە). هەروەها فێری ئەم دەستەواژانەش دەبێت:

( یارمەتیم بدەیت، ملی ڕێگا، خەمت نەبێ، نۆشی کرد، لەژێرسەرایە، گەورەی دارستان، دەرمانێکی باش، یەکاویەکە، وێنەی نیە، تەختی ئەکات، خەڵکی مووان، هەڵتڕان، تاشەبەرد، قۆرگی گرت، تەکانی دا، بەدوایاندا، لەبەرخۆیە، لێیان چوە پێشەوە، لێی پرسی، ئەوها بەخڕی، سەڵت و قوڵت، تەنگ و چەڵەمە، بڕنێتەوە، دەست خستن، بەندەی تۆم،

خواسـت، بـلەز، بەدڕەفتـار، لەنـاوچوون، بـاوێژە، کرنـوش، چنگـی نەدەکەوت، ڕاوبکـات، ئاویشتۆتە).

**قۆناغی دووەم: تەمەنی (٦- ٨) ساڵ:**

منداڵ لەم قۆناغەدا، بەهۆی ئەوەی کە هەنگاوێک لەقسـەزانی و فێربوونی وشـەو دەستەواژەی بڕیوە و کۆمەڵێک وشـەی نوێی زانیوە و لێیان تێدەگات، لەهەمان کاتیشدا بەهـۆی ئەو چیرۆکـانەی کە لەم قۆنـاغەدا دیـاریکراون ئاشـنای کۆمەڵێـک وشـە و دەستەواژەی نوێ دەبێت کە پێشتر نەیزانیوەو گوێی لێنەبووە، وشە نوێیەکانی وەک:

( ڕوون، ڕەوان، شـلوێ، لمـووز، تـرس، گێتـی، جیهـانی، ڕک، لاق، تـاژی، بێشـە، دانەوێڵە، زەخیرە، نهۆ، قاورمە، تاسولقە، دۆن، قەتێ، بەسـەزمان، بتروکێن، کەندەلان، بێستان، تەڵە، لباد، بێژینگ، فەروە، سۆفی، سیقەدانێ، فیرنەگولە، تاتەبەرد، گڵ، کەوڵ، تیسکی خوری، باک، سنگ، کوتک، گوریس، ڕەشماڵ، مێگەل، مووشە).

هەروەها ئاشنای ئەم دەستەواژانەش دەبێت:

( بەدکار، لێی دوورنەدەکەوتەوە، داگیرکردبوو، بێ دەسـەلات، بەتوڕەییەوە، بێ شـەرمی، بـێ سەلار(لاسـار)، ئاغـای گەورە، بەرەوژوور، بەدفەڕ، مەهـانە، ناپەسـەند، قایـل نەبـوو، چـارەڕەش، بـێ گونـاە، کەیـف، کەڵـکەڵە، واهەڵـکەت، مەوداو مەیـدان، جـوانمەرد، گیـانەلا، مەرحەمەت، چـونەتە قـولاییەوە، ڕەنگـی لـێ پەڕیـوە، سـک پەرسـت، ئـاهوو نـاڵە، بـاربوو، بەنازەوە، تێی وەرهـاتن، شـەرمەزار، ژییـوانی، دوونگ تەڕ، مامـانی، سـک سـوتاو، سـەران گـرێ، مەتـرەقەدار، بەجـێ مـابوو، کـورک بـوو، پەلەپـروزە، مەلەوان، شـاخەوان، بەفیـز، لەوەڕاندن).

**قۆناغی سێیەم: تەمەنی (٨-١٢) ساڵ:**

لەم قۆناغەدا، منداڵ فێری جۆرەها وشە دەبێ کە ڕەنگدانەوەی حەز و خولیاکانێتی، چونکە لەم قۆناغەدا منداڵ دەیەوێت، گوێ بۆ چیرۆکی زیاتر بگرێ، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە وشەی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ فێربێت و دەستەواژەی نوێش بزانێت، ئەگەرچی خۆشی فەرهەنگە زمانییەکەی هاوکاریێتی لە دەوڵەمەندی وشە و دەستەواژە، بەڵام کاتێک بابەتێکی نوێ دەخوێنێتەوە یاخود گوێی بۆ دەگرێت لەوێش وشە نوێیەکان دەخاتە سەرخەرمانی زمانی و فەرهەنگی وشەیی خۆی. لەچیرۆکە دیاریکراوەکانی ئەم قۆناغەدا منداڵ ئاشنای ئەم وشە و دەستەواژانە دەبێت کە پێشتر ئاشنای نەبووە وەک:

( بەندەنی، ساو، پێخۆر، چیلکەکۆکردنەوە، نانەبەرە، هەرد، هەڵقوڕاند، زارەک، مەڵاش، بولێل، ئاور، وڕوکان، گوروتن، برێشکە، شای ماران، دەروێش، پینەچی، شاگرد، وەزیر، پەری، کەزی، ڕمبازی، ئەنگوستیلە، وەڕز، جەواڵ، جوتیار، شەویلاک، خشڵ،دارتاش، دێو، فەقێ، گەوهەر، قەرتاڵ، شۆق، سەرکودیلە، نورانی، تەنور، تۆقین، جۆڵا، سەلار، سەنگین، قازی، لیرە، ڕاز، نهێنی، دەڵەورچ، گەماڵەورچ، مێگەل، ئاوایی، بەرتیل، گرد، قەدپاڵ، ئەژدیها، سیمرخ، حەزیا، کەڵەش، جادو، ئەشکەوت، گۆڕستان، تیرباران، گێل، بەخت، شانس، مەملەکەت، شاژن، وەسیەت، مایین، ئاهەنگ، نمەک، سکاڵا، خەزێنە، لغاو، قەراغ، پاڵەوان، دیوەخان، سوپا، تیروکەوان، تەلیسم، جادوگەر، ڕاوێژکار، خزمەتکار، حەسود، باخ، ئێشک، ڕنین، قومار، خەفەت).

سەبارەت بەدەستەواژەی نوێ:

( کۆشک و تەلار، پاشای دەریا، سورەی چاوشین، سواری وپیادە، کچەپەری، شەققەی باڵ، قەفەس زێڕ، سەلکەبزووتک، شەنگ وشۆڕ، کولەمەرگی، فیتەفیت، مەڕداری، لێرەواڕ، حەکیم، مێرد منداڵ، زەبەلاح، سامی لێنیشت، خدری زیندە، چەرخ و فەلەک، کەنیزە،

پریاسکە،کەیف و سەفا، فیشەک لغ، هیزە ڕوون، کەڵەکەبەرد، خوو، هێلکەی نامێ، ئازاد، ماڵوێران، کورتەباڵا، دەستەڕاست، پەڕو باڵ، گرمەگرم، نیقاپۆش، گۆڕەپانی، پاڵەوانبازی، سەرلەشکر، کوچەوکۆڵان، بێڕەزا، پاشەملە، کولەکەئاوی، بەغیلی، جەلالد حەشاردا، دەستبڵاوی، ساجی عەلی، زەلیل، بوژایەوە، دەست کورتی ).

**قۆناغی چوارەم: تەمەنی (١٢-١٥) ساڵ:**

فەرهەنگی زمانی و وشەیی منداڵی ئەم قۆناغە، بە ئەندازەیەک دەوڵەمەندە کە گرفتێکی ئەوتۆی نییە لە قسەکردن و گوێگرتن و تەنانەت نووسینیشدا، هەربۆیە ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا بۆ منداڵی ئەوێ قۆناغێ نوێ بووە ئەوا لای ئەم زانراوەو لەنێو فەرهەنگەکەیدایە، بەڵام هێشتا وێڵە بەدوای وشەی نوێ و دەستەواژەوە، بۆیە دەبینین لەمیانی ئەم چیرۆکە هەڵبژێردراوانەدا، ئاشنای کۆمەڵێک وشەی نوێ دەبێت و دەیخاتە نێو خەرمانی وشەکانی، بەهۆیەوە ئەوەندەی تر فەرهەنگی زمانی و وشەیی منداڵی ئەم قۆناغە هەنگاو بەرەو کاملبوون دەهاوێژێت. سەبارەت بەوشە نوێیەکان، وەک:

( شیرو مەتاڵ، مرەمرِ، هەگبە، کچی قاقان، جلەو، قڕان، کاریتە، ڕبە، ئیکلام، منارە، قەرەواشان، دەگەچەڵێ، دەبزوێ، قەلۆش، سەرا، هەیبەت، حەرەمسەرا، ئاقڵمەندان، پلیکانە، شەڕاب، چل پەری، کوورە، کڵۆڵ، جوانوو، ئەسپی حدودی، شاگەشکە، دارۆغە، ڕەوەند، مۆڵەت، قاسید، سەرانە،شۆخ و شەنگ، پیلان، دەم زێ، شەوچەرە، چۆڵەوانی، گرفتار، مەقام، قوچاندی، تیمار، بوژانەوە، بەرداش، غەزنە، نۆکەر، لوقمان، میوەجات، خۆش ئاواز، قالیچە، حوجرە، حەمامچی، قازی). سەبارەت بەدەستەواژەی نوێی ئەم قۆناغە:

( شای ماران، ڕاست نابێتەوە، تەدارەک، شای مێرووان، هێلکەی باز، عاجبات، میرات، مەراق، ڕێی هات و نەهات، کل و کلدان، پەیمانی برایەتی، غەواس، شای عەجەم، ئاودێری، حەپەسا، تەماع، زەردەخەنە، پیر و کەنەفت، جەوەنە، سەرماوسۆڵە، درەندەی

کێـو، هەمبـانە، حوســن و ڕەزا، کەتـرە، جەنـجەڕ، گاســن، چـاوتێر، دڵـتەزێن، نەشــارەزا، غەریب، شای ئەجندان، سنگی پۆلا، سـەقا، مەزات، دارکێش، ئەمـانەت، مەیـتەر، سـەبوری، کەشکۆڵ، کاکۆڵ زێڕ).

# ئەنجام

## ئەنجام بەشێوەیەکی گشتی:

١- لەگێڕانەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ منداڵان، دانەرانی فۆلکلۆر وەک (تاک-کۆمەڵ) دەرکەوت، کە ڕەچاوی تەمەنەکانی منداڵیان کردووەو چیرۆکیان بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ داناوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی منداڵ لە هەموو قۆناغەکان بەشی خۆی لەچیرۆکی فۆلکلۆر بەرکەوێت.

٢- لەزمانی گێڕانەوەی دانەرانی چیرۆکی فۆلکلۆردا، بەپێی گۆڕانی تەمەن و قۆناغی منداڵێتی، زمانی گێڕانەوەو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکەش گۆڕاوە.

٣- بابەتی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاوە وەرگیراوەو بەپێی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵگا بابەتەکانیش گۆڕاون، وەک : سەردەمی ڕاووشکارو ژیانی گوند و چوتیاری و مەڕداری، هەروەها شارو پیشەسازی و شارستانیەت ڕەنگی داوەتەوە.

٤- کارەکتەرانی نێو چیرۆکی فۆلکلۆری بریتین لە :

أ-مرۆڤ و گیاندار

ب-گیاندارو گیاندار

ت-مرۆڤ و بێ گیان

پ-گیاندارو بێ گیان

٥-چیرۆکی منداڵان وەک بەشێک لە فۆلکلۆر هۆیەک بووە، بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی منداڵ بۆ ژیانی نێو کۆمەڵگاو بەشێوەیەکی گونجاوو ئامادەکردنی.

**ئەنجامی گێڕانەوە بەپێی قۆناغەکانی تەمەن:**

**قۆناغی یەکەم: تەمەن (٣-٦) ساڵ.**

١- گێڕانەوەی چیرۆک وا لەمنداڵی ئەم قۆناغە دەکات، زیاتر گوێگرو ئارامگر بێت، ئارەزووی گوێگرتنی بۆ چیرۆک زیاتر دەبێت و حەزدەکات هەمیشە چیرۆکی گیاندارانی بۆ باس بکرێت بەبێ ئەوەی لێی وەڕس بێت.

٢- گێڕانەوەی چیرۆک دەروازەیەکە بۆ ڕاهێنان و ئاراستەکردنی منداڵی ئەم قۆناغە لەسەر پاک و خاوێنی و گوێڕایەڵی و زمان پاراوی و خۆشویستنی گیانداران.

**قۆناغی دووەم: تەمەن (٦-٨) ساڵ.**

١- بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە، منداڵی ئەم قۆناغە فێری پرسیارکردن دەبێت و دەیەوێت زوو فێربێت، هەر بۆیە بەردەوام چاوەڕێی وەڵامی پرسیارەکەی دەکات و هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەدات.

٢- گێڕانەوەی چیرۆک وا لەمنداڵی ئەم قۆناغە دەکات شارەزاییەکی باشی لەسەر زمانەکەی خۆی هەبێت و هەروەها هۆکارێکیشە تا زمانی پاراو بێت و بتوانێت بەڕەوانی قسەبکات و بەرامبەرەکەی تێبگەیەنێت.

**قۆناغی سێیەم: تەمەن (٨-١٢) ساڵ.**

١- گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵی ئەم قۆناغە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی و دانەی وشەکانی قسەکردن، وادەکات لەڕووی یاسای ڕێزمانیەوە (ناو، جۆرەکانی ناو، کار، دەمەکانی کار، تەواوکەر... هتد) جیابکاتەوە.

٢- گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵی ئەم قۆناغە هۆکارێکە بۆ ناساندنی ژینگە و جوگرافیا و مێژووی وڵاتەکەی، هەروەها ئاشناکردنیەتی بەسەرکردە و پاڵەوانی نەتەوەکەی.

**قۆناغی چوارەم: تەمەن (١٢-١٥) ساڵ.**

١- گێـڕانەوەی چیـرۆک بـۆ منـداڵی ئەم قۆنـاغە هۆکـارێکە بـۆ دەرچـوون لەو گـرژییە دەروونـیەی کە بەهـۆی گـۆڕانی (فیـزیکیە)وە تووشـی بـووە، واتـا (بـالغ) بـووە، هەربـۆیە گێڕانەوەی چیرۆک بۆی هەست بەئارامی دەروونی دەکات و هێوری دەکاتەوە.

٢- گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵی ئەم قۆناغە هاوکارە بۆ دوورکەوتنەوەی لە کۆمەڵێک ئاکـار و خـوی خـراپ، کەڕووبەڕووی منـداڵی ئەم قۆنـاغە دەبێـتەوە، چـونکە گێـڕانەوەی چیرۆک وادەکات منداڵ فێری زۆر سیفەت و ڕەوشتی جوان و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی ببێت.

# پێشنیاز

بەهۆی ئەوەی ئێمە لە توێژینەوەکەماندا بەشێوەیەکی پراکتیکی چیرۆکمان بۆ ژمارەیەک لە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی خوێندەوە، هەستمان بەوەکرد کە قوتابییەکانمان زۆر بەگەرمی بەپیر چیرۆک خوێندنەوە هاتن و زۆریشیان پێخۆش بوو، هەر بۆیە پێشنیاز دەکەین :

١-دەتوانرێت بەشێک لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ چیرۆک تەرخان بکرێت بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان.

٢-خوێندنەوەی چیرۆک لە قۆناغی بنەڕەتی وەک وانەیەک بخرێتە نێو بەرنامەی خوێندنی هەفتانەیان.

٣-ئەو قوتابیانە هانبدەن کە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو چیرۆک دەخوێننەوەو ئەوانەشی بەهرەی چیرۆکنووسینیان هەیە.

# لیستی سەرچاوەکان

القران الكريم، مطبعة ملك فهد، المملكة العربية السعودية، ١٤٢٧هـ.

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**

**أ- کتێب:**

١-ابراهیم حەسەن حەمەد (٢٠١٢) ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢-ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٤) ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی (٣،٢،١)،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣-ئۆسکارمان، تحفەی مظفریە، پێشەکی و ساغکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی هێمن موکریانی (٢٠٠٦) چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر.

٤-بەسام قطوس (٢٠١١) دەروزاەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٥-بەهاددین جەلال مستەفا(١٩٩٠) شەوانی جاران، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.

٦-بەیدەبا، کەلیلە و دیمنە، و/ عومەر تۆفیق(٢٠١٠) چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٧-پەری ساڵح موفتی (٢٠١٢) گێڕانەوە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد اسماعیل)دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،

٨-پەرێز سابیر (٢٠٠١) بینای هونەری چیرۆکی کوردی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٩-پیرداود مەخموری (٢٠١١) سۆرێ چاوشین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٠-تانیا ئەسعەد محمد ساڵح (٢٠١١) بینای کات و شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ، ئەژدیها)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١١-حەمە سەعید حەسەن (٢٠٠٥) هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٢-حەمە کەریم هەورامی (٢٠٠٥) ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،.

١٣-حەسەن جاف (١٩٨٥) چیرۆکی نوێی کوردی، چاپخانەی عەلاو، بەغدا.

١٤-حسەین عارف (٢٠١١) نوسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا (وتار و لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٥-حسێن حاجی ئۆسمان (٢٠١٢) ڕۆڤێی فێڵباز (کۆمک ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان) ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١٦-جەلال خەڵەف ژاڵەیی (١٩٨٣) منداڵ لەقۆناغی دوا منداڵی و هەرزەکاریدا، چاپخانەی حسام، بغداد.

١٧–جەمـال بابـان (٢٠١٠) گـاڵتەوگەپ و دانسـقەی کـوردەواری ، چاپخـانەی شـڤان ، سلێمانی.
١٨–جەمیل محەمەد شێلادزێ (٢٠٠٥) چیرۆکێن میللیێن، چاپخانە شڤان، سلێمانی.
١٩–خالد جوتیار (١٩٨٤) بەرەو فۆلکلۆر، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا.
٢٠–خالد دێرەشی (٢٠٠٦) شەڤبێرییێن زارۆکان، چاپخانە حاجی هاشم، هەولێر.
٢١–خالیـدە قـادر فەرەج (٢٠١٣) چیرۆکـی منـداڵان لە ئەدەبـی کوردیـدا (١٩٧٠–١٩٩٠)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٢٢–ڕێبوار جەمال (٢٠٠٧) ختکە سوور، چاپخانەی ئاراس، هەولێ.
٢٣–ڕێبـوار بەکرەجۆیی (٢٠٠٨) چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری نـاوچەی پشدەر، چاپخـانەی ئاراس، هەولێر.
٢٤–ڕێبوار جەمال (٢٠١١) بازی زێڕین، چاپخانە کارۆ، سلێمانی.
٢٥–ڕێواس ئەحمەد (٢٠٠٥) سـەرەتایەک دەربـارەی سـەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی وەرزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٦–زاهیـر ڕۆژبەیـانی (٢٠٠٨) چیرۆکـی هـونەری کـوردی (شـێوە و شـێواز و بونیـاد)، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢٧–زیاد محەمەد ئەمین (٢٠١١) بووکێ خەمان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٢٨–سالح جاسم ئۆسمان (٢٠٠٨) شەڤبێر، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٩–سـەلام مەنمـی (٢٠٠٨) چەنـد چیرۆکێکـی فۆلکلـۆری پەنـد ئـامێز، چاپخـانەی ئـاراس، هەولێر.
٣٠–سەید مەولود بێخاڵی (٢٠١٣) ئەفسانە و داستان لەفۆلکلۆری کوردەواریدا، چاپخـانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.
٣١–سوارە فتووحی (٢٠١٤) ڕەسوڵ وەیسی، ڕاز، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٣٢–شـوکریە ڕەسـوڵ ئیبـراهیم (١٩٨٤) ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی، بەشـی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣٣–شوکریە ڕەسول (٢٠٠٥) حیکایەتی فۆلکلۆری گیانداران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٣٤–شـوکریە ڕەسـول (٢٠١٢) نـرخ و بەهـای لایـلایەی دایـک لە ئەدەب و فۆلکلـۆری کوردیدا، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٣٥–عبدالرحمن نقشبندی (١٩٨٠) هەبو... نەبو، مطبە دار الحریە، بەغداد.
٣٦–عەبدولڕەحمان بامەڕنی (٢٠١١) شەڤێن چلەیی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٣٧–عەبدوڵڵا ڕەحمان (٢٠١٤) بنیاتی گێڕانەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٣٨–عبدالواحـد الـوافی (٢٠٠٧) زانسـتی زمـان، وەرگێڕانـی: ئیبـراهیم عەزیـز ئیبـراهیم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٣٩-عەدنان بەرزنجی (٢٠٠٧) چیرۆکی فۆلکلۆری، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٤٠-عەزیز گەردی (٢٠١٣) هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٤١-عەلائەدینی سەجادی (١٣٩١) مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات کردستان، سنندج، ایران.
٤٢-عومەر ئیبراهیم عەزیز (١٩٨٤) ڕێوی گەرمیان و کوێستان، چاپخانەی الآدیب، بەغداد.
٤٣-عومەر ئیبراهیم عەزیز (١٩٨٦) کراشم دڕا و چم پێ نەبڕا، چاپخانەی حسام، بەغداد.
٤٤-عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم.
٤٥-کامەران موکری (محمد ئەحمەد تەها) ( ١٩٨٤) ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
٤٦-کەریم شەریف قەرەچەتانی (١٩٩٧) سایکۆلۆژیەتی منداڵ، بەشی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.
٤٧-کەریم شەریف قەرەچەتانی (١٩٩٨) سایکۆلۆژی منداڵ، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.
٤٨-کوردستان موکریانی (١٩٨٤) بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی ڕۆشنبیر ، هەولێر.
٤٩-کۆمەڵێک نوسەر (٢٠٠٩) سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٥٠-مەهدی بامەرنی (٢٠٠٩) دیتن هزارێ، چاپخانە ئاراس، هەولێر.
٥١- مەولود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٠) قەدەغە شکێنی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.
٥٢-مەولود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٢) گەڕان بەدوای نەمری دا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٥٣-مەولود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٦) هێلکەی نامێ ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم، چاپخانەی کشتوکاڵ ، هەولێر.
٥٤-مەولود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٦) هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی منارە،هەولێر.
٥٥-مەولود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٨) زیاتر لە عەشقێک ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر.
٥٦-مەولود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٨) تێرنەخۆرە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٥٧-محەمەد حمە سالح تۆفیق (٢٠٠٠) هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەوارییی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەژین، سلێمانی.

٥٨-مـحەمەد ڕەزا بـاتنی (٢٠١٥) دەربـارەی زمـان، و: ئـاکۆ عەبـدوڵا کەریـم، چاپخـانەی پەنجەرە، سلێمانی.
٥٩-محەمەد فەریق حەسەن (٢٠١٠) مەملەکەتی ماسی، چاپی سێ یەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٦٠-محمـد رحـيم رمضـان (١٩٨٤) منـداڵ و چیرۆکـی منـداڵان، چاپخـانەی زانکـۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦١-محمد کەمال (٢٠١٣) فینۆمینۆلۆجی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٦٢-مظفر مصطفى اسماعيل (٢٠١١) ڕوخسـار و نـاوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٦٣-موحسین ئەحمەد عومەر (٢٠١٢) فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
٦٤-نەجم خالید ئەڵوەنی (٢٠٠٤) بینای کات لەسێ نمونەی ڕۆمـانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٦٥-نەجـم ئەڵـوەنی (٢٠١١) سـێ لێکـۆڵینەوەی ڕەخنەیـی شـیکاری لەبـارەی ڕۆمـانی کوردییەوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٦٦-نەوزاد علـی ئەمـین (٢٠٠٦) منـداڵ ئەدەب و لێکـۆڵینەوە، چاپخـانەی ڕوون، چـاپی دووەم، سلێمانی.
٦٧-نوری عەلی ئەمین (١٩٦٥) کاکۆڵ زێڕین و دان مرواری، چاپخـانەی سلمان الاعظمی، بەغداد.
٦٨-هیمداد حسین (٢٠١٠) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپخـانەی بـاز، هەولێر.

**ب- فەرهەنگ:**

١-هەژار (١٣٨٨) هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، چاپی/٦، تهران.

**ج- گۆڤار:**

١-ئازاد عبدالواحید (١٩٨٠) منالْ و ئەدەبی منالانە، گ. نوسەری کورد، ژمارە (٣).
٢-جەلال سنجاوی (٢٠٠١) حەکایەتی خورافی لەدیوەخانەکانی کوردەواریدا، گ. ئاسـۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٥)، هەولێر.
٣-حەمە فەریـق حەسـەن (٢٠١١) تارمـایی نوسـەر لەپشـت حیکـایەتبێژەوە، گۆڤـاری نەوشەفەق، ژمارە(٨٤)، کەرکوک.
٤-ڕازاو ڕەشـید سـەبری (٢٠٠٦) کـاریگەری چیـرۆک لەسـەر توانـای ئەقڵـی منـداڵان، گ. سایک، ژمارە٦.

٥-ڕەوف حەسەن (٢٠١٥) بلاڤۆکی منداڵانی کورد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، پاشکۆی فەرهەنگ.
٦-سەلام سەعید مەولود (١٩٩٩) قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ و ئەدەب، گ. ئاینده، ژماره (٣)،سلێمانی.
٧-گۆڤاری نوسەری کورد (١٩٨٠) ژمارە(٣)، خولی دووەم.
٨-گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر (٢٠٠١) ژمارە(٥)، هەولێر.
٩-گۆڤاری سروه (١٣٦٥) ژمارە(٦)، ئێران، ئورمیه.
١٠-گۆڤاری سروه (١٣٦٧) ژمارە(٢٨)، ئێران، ئورمیه.
١١-گۆڤاری سروه (١٣٦٧) ژمارە(٢٩)، ئێران، ئورمیه.
١٢-عبدالستار طاهر شريف (١٩٨٦) وشە و ڕستە لای منداڵ (لەتەمەنی ١-٦) ساڵ، گ. گۆڤاری زانیاری عێراق، بەرگی،١٤، بەغدا.
١٣-عەبدولڕەززاق بیمار (١٩٨٠) سەرەتایەکی ئەدەبی منداڵان، گ/ نوسەری کورد، ژماره (٣)، بەغدا.
١٤-عەزیز گەردی (١٩٧٢) منداڵ و پەروەردە و چیرۆک، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە(١١)، هەولێر.
١٥-کەمال مستەفا- شادان جەمیل عەباس(٢٠٠٧) ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەشیعری منداڵاندا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە(٣٢)، هەولێر.
١٦-محمد فەریق حسن (٢٠١٠) منداڵ و چیرۆک، گ. ڕامان، ژ١٦١.

**د-نامەی ئەکادیمی:**

**نامەی ماستەر:**

١-بەهزاد فەتاح خورشید (٢٠١٥) هونەری مۆنۆلۆگ لەڕۆمانەکانی(ڕێواس ئەحمەد)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢-ڕازاو ڕەشید صبری (٢٠٠٧) چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣-ڕزگار عبدالقادر سعید (٢٠٠٨) بینای هونەری چیرۆکی منداڵان لەچیرۆکەکانی گۆڤاری هەنگدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤-سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم (٢٠١٥) هونەرەکانی گێڕانەوە لەڕۆمانەکانی ( خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥-محسن عارف ساڵح (٢٠٠٥) رەوشا چیرۆکێن زاروکان ل دەڤەرا بەهدینان (١٩٨٠-٢٠٠٤)، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی دهۆک.

**نامەی دکتۆرا**

١-فاضل مجيد محمود (٢٠٠٠) شيعری منداڵان لە ئەدەبی كوردی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

## دووەم: بەزمانی عەرەبی:

### أ- الكتب:

١- إبراهيم فتحى (١٩٨٦) معجم المصطلحات الأدبية، مطبعة التعاضدية العمالية، تونس.
٢- احمد عبدالمجيد خليفة الدندراوى (٢٠١٣) أدب لأطفال في العالم العربي، دار الهداية، بدون اسم المطبعة.
٣- أحمد نجيب (١٩٦٩) فن الكتابة للأطفال، مطبعة دار الكتاب العربي، مصر.
٤- ايمان بقاعي (٢٠٠٤) فن قعه الآطفال، مطبعه : دار الهادي، بيروت – لبنان.
٥- بتزنر، الطفل و دراسة ألأدب (١٩٤٨) ت: ماهر كامل، مطبعة لجنة البيان العربي، القاهرة.
٦- برو جودوين (٢٠١١) كتب ألأطفال (دراستها و فهمها)، ت: عائشة حمدي، مطبعة مجموعة النيل العربية، القاهرة- مصر.
٧- حاتم الورفلي (٢٠٠٩) بول ريكور (الهوية و السرد)، مطبعة التنوير، بيروت- لبنان.
٨- حميد لحمداني (٢٠٠٠) بنية البض السردي، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر، لبنان و مغرب.
٩- دورسن (١٩٧٢) نظريات الفلكلور المعاصرة، ت: محمد الجوهري-حسن الشامي، مطبعة بورسعيد، الأسكندرية، مصر.
١٠- شيماء الشاعر (٢٠١٣) بناء شخصية طفلك، مطبعة دار الكتاب العربي، دمشق- القاهرة.
١١- عبدالحميد يونس (٢٠٠٩) معجم الفلكلور، مطبعة الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
١٢- عبدالرحيم العلام (٢٠٠٨) من يحكي الرواية؟ السارد في المرايا نجيب محفوظ، طبعة الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
١٣- على الجزيري (٢٠٠٨) الأدب الشفاهي الكردي، ج٢، مطبعة خانى، دهوك.
١٤- محمد عزام (٢٠٠٥) شعرية الخطاب السردي، مطبعة إتحاد الكتاب العرب، دمشق.
١٥- محمود العبطة المحامي (١٩٦٣) الفلكلور في بغداد، مطبعة الأسواق التجارية، بغداد.
١٦- مريم سليم (٢٠٠١) أدب الطفل و ثقافته ، مطبعة : دار النهضة العربية ، لبنان .
١٧- معتز شاهين (٢٠١٤) طفلك من (٦ الى ١٢ سنة) و تربيته (ايمانيا، نفسيا، مجتمعيا، جنسيا، عقليا، فكريا) ، مطبعة بداية ، مصر .
١٨- نفلة حسن احمد العزى (٢٠١١) تقنيات السرد وأليات تشكيلية الفني، دار نميداء للنشر والتوزيع، الأردن.
١٩- هادى نعمان الهيتي (١٩٧٧) ادب الأطفال (فلسفتة، فنونه، وسائطه، مطبعة دار الحرية، بغداد.

٢٠- يان مانفريد (٢٠١١) علم السرد (مدخل الى نظرية السرد)، ت: أماني أبورحمة، مطبعة دار نينوى، دمشق- سورية.

**ب- رسالة ماجستير:**

١- احمد رحيم كريم الخفاجي (٢٠٠٣) المصطلح السردي في النقد الأدبي العربي الحديث، رسالة ماجستير، كلية التربية جامعة بابل، بابل.
٢- اريان عبدالقادر عثمان (٢٠٠٧) تقنيات السرد في روايات احمد خلف، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، اربيل.

**ج- مواقع انترنيت:**

١- بدون اسم الكاتب، نمو اللغوي للطفل ، انترنيت-www.educ-bejaia.blogspot.com/p/blog-page.html.
٢- محمد بلواقي، السرد والأسلوب (٢٠٠٩)، انترنيت،٥ ايار، ، www.diwanalarab.com/spip.php?artictei 8022.
٣- مفهوم أدب ألاطفال - ٢٠١٢/٦/٢٦، www.google.com.startimes.com/f.aspx.

# Abstract

This research is about ‘Narrative Art in Kurdish folklore stories, “for instance, children story”. It attempts to introduce the value and area of narrative in Kurdish folklore, because narrative is an ancient history and folklore is the same. Folklore exists because of narrative art. The research as a descriptive-practical analysis refers to the importance of this aspect and goes into the stories to specify the value of narrative.

**Reasons of selecting this topic:**

Despite the researches and studies in the area of academic arts, variety of new ideas discovered and written about it in the areas of the Kurdish folklore stories, particularly, children stories there are not much works done so far, or there are non-academic attempts from personal side such as articles. This pushed us to choose this area so we can works on it so that we can display the dark side to the readers that the Kurdish people has long history in the area of stories.

Narration is the only way to stay alive; we have also discovered that we can narrate our stories to present the realities to the readers.

**The scope of the study**

In this research (122) stories have been analyzed where they are from (25) books and and (5) well-known magazines. There were further stories published in the magazine as we could expand the scope of the research, but we have only selected this number of stories according to age range divided into four levels.

**Objectives on the research**

The objective of this research is to identify the value of the narration art and the value of of the folklore stories, especially children stories. Our object is that to show to what extend this art assists children in the way of developing their thinking and speeches in their live for the future and for the educational areas.

**Method of the research**

Descriptive - analytical method has used as a principle for identifying the narration art at the children stories.

**Problems of the research:**

As any research, ours has also faced problems such as lack of materials and sources, especially, Kurdish literatures and sources. The reasons is that there has not been any attempts to collect the folklore materials or the gather them from what they are narrated to be kept safe. The children stories were also neglected and no researches have conducted, it was limited from personal papers and articles only. Thus, this was one of the biggest problem we have faced, despite we have visited cities like Duhok, Sulaimania and Kirkuk, finally, we were able to collect some materials that we need however it has lack of resources.

**Research program**

The research consists of an introduction followed by three chapters, results, recommendations, list of references and abstract in Kurdish, English and Arabic languages. In the introduction, a summary about the research is presented following the reasons of selecting the topic and the applied method.

The research is divided into an area and three chapters. In the area, the definition and description of narrative and the gender of narrative art in story are clarified.

**Chapter One:** it consists of three parts. First part is to introduce the types of narrators, arising of this art and arising by the Kurdish. Second part is about the folklore and its structure. Third part focuses on the types of folklore stories, folklore story of children and its types according to some circumstances with considering the phases of age. Phase one (3 - 6), phase two (6 - 8), phase three (8 - 12), phase four (12 - 15) years.

**Chapter Two:** it consists of two parts. First part refers to the table of story of phases according to the specified ages. Second part focuses on taking opinions about different phases of the specified ages.

**Chapter Three:** it consists of two parts. First part is about the language and content of stories and adapting them with specified ages. Second part is about the art of narrative of story, telling the aim and language dictionary of story according to the specified ages.

In conclusion, the results and reference list are described with the abstract of research in Kurdish and Arabic languages.

زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
Salahaddin university- Erbil

# Narrative Art in Kurdish folklore stories “for instance children story”

**A Thises**

Submitted to the Council of the College of Language Salahaddin University - Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Lecturer

**By**

**Hemin Jasim Mohammed**

B.A in Kurdish Language and lecturer -2008

**Supervised by**

**Asst. Prof. Dr.Mauloud Ibrahim Hassan**

**Erbil, KURDISTAN**

**September 2015**